# بێدەنگی و شتی تر

ناوی کتێب: بێدەنگی و شتی تر
نووسینی: ڕەووف بێگەرد
بابەت: وتار
هەڵەچنی: سارا عەبدوڵلا
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن: ٨٧٨ ی ٢٠٠٧
نرخ: ٣٥٠٠ دینار
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٧
کوردستان -سلێمانی
www.sardamco.com

# بێدەنگی و شتی تر

رەووف بێگەرد

سلێمانی ٢٠٠٧

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە ( ٤٠٧ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# پێرست


| | |
|---|---|
| خوێنەری ئازیز | ٩ |
| تـــیرۆژ/ | ١١ |
| دیالۆگ لە ئاستی باڵادا | ١٣ |
| ئاگاداربە.. چیرۆکنووسێك بە دواتەوەیە! | ١٦ |
| گوێ بگرە پیاوە بچکۆلەکە | ٢٦ |
| (بێ دەنگی) و شتی تر | ٢٩ |
| نامەیەکی نائاسایی بۆ کەسێکی ئاسایی | ٣٦ |
| با ئێمەش جارێك سواری فڕۆکە ببین | ٤٢ |
| ئەدەب و سیاسەت و... ئۆرهان پاموك وەك نموونە | ٤٧ |
| بۆ تاوان و سزام کرد بە کوردی؟ | ٥٢ |
| سەردەمی دیکتاتۆرەکان | ٥٦ |
| میلان کۆندێرا | ٦١ |
| ئاو لێڵ نەکەین | ٦٥ |
| دوا ئاماژەکانی دیکتاتۆر | ٦٩ |
| ئەزموون و داهێنان | ٧٣ |

| | |
|---|---|
| دیوەکەی تری خوێندنەوە | ٧٧ |
| شەڕوخۆشەویستی | ٨١ |
| راوە کتێب ! | ٨٦ |
| مەسیح وەك خۆی | ٩٤ |
| ڕووناکبیر | ٩٩ |
| ڕێگا سەختەکان | ١٠٣ |
| گوێچکەی بەردین | ١٠٩ |
| چیخۆف... ١٠٠ ساڵ لە نەمریدا | ١١٦ |
| سدهارتا | ١٢٥ |
| شکۆمەندێکی بێ دەنگ | ١٢٩ |
| مینیمالیزم | ١٣٢ |
| مرۆڤی زیادە | ١٣٦ |
| سلاَو لە د. شاکیر ئەلنابولسی | ١٤٠ |
| مێژوو | ١٤٣ |
| پێش ئەوەی هاوار بۆ بەربەرەکان بەرین | ١٤٦ |
| ترس لە نووسین | ١٤٨ |
| (فروغ فروخزاد) و گوناهی شیعر | ٢٥٢ |
| خۆرو ڕەشەبا | ١٦١ |
| نامەیەکی کراوە بۆ کاك "نەبەز گۆران" | ١٦٣ |
| (فاتیمە)ی ئەویَ و.. باوکەکانی ئێرە. | ١٦٦ |

| | |
|---|---|
| **ڕۆمان /** | **١٧١** |
| **ڕۆمانی بارۆنی بان درەخت** | **١٧٣** |
| **(شاری مۆسیقارە سپییەکان )** | **١٧٨** |
| **ڕۆمانی.. وەك ئاو بۆ چوکلێت** | **١٨٤** |
| **ڕۆمانی... هەواڵی فڕاندن** | **١٩٠** |
| **ڕۆمانی  بەفر** | **١٩٦** |
| **ڕۆمانی ١٩٨٤** | **٢٠٠** |
| **ڕۆمانی... ناوم سوورە** | **٢٠٣** |
| **ڕۆمانی فڕینێك بەسەر هێلانەی واقواقدا** | **٢٠٨** |
| **گوڵی شۆڕان** | **٢١٤** |
| **چراوگ /** | **٢٢١** |
| **جەلیل قەیسی .. مرۆڤێك لە ئاوریشم** | **٢٢٣** |
| **چالاك... چراوگێکی تری هونەر** | **٢٢٩** |
| **٧٥٥٦٢٣٧** | **٢٣٥** |

# خوێنەری ئازیز

نووسین لە دواجاریدا هەوڵێکە بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ خوددا، گەڕانە بەدوای ئەو هەڵدێرو ویڵگانەدا کە چاوی ئاسایی نایان بینێت و تا نووسەر تێیان نەکەوێت نازانێت ئەمە چ بەستێنێکی هەرە نامۆو دژوارە کە خۆی و سروشت و دیاردە نەیارەکان پێکەوە دەگونجێنێت. کارێکی هێندە ئاسانیش نیە کە لێی نەترسیت و تەنانەت بەردەوام تەزووی ئازارت تیانەگیرێت و چێژێکی ئاسوودەیشت نەداتێ. گەلێك جار نووسین ڕاوەستانە لە پێش ئەو دەرگا داخراوانەدا کە لە سەرەتای دروست بوونەوە چاوی مرۆڤیان بە مۆلەق ڕاگرتووەو دڵەڕاوکێیەکی سەختی پێدەکەن، کلیلی کردنەوەیان لە ناو توونو توونی ئەو سەدان و هەزاران گریمانەو گەڕانانەدایە کە هزری مرۆڤ پەی پێ نەبردوون و هەر بەڵۆکی ماونەتەوە، جاری تریش ئاگر بەردانە لە درەختی هەقیقەتێکی بەرەگ و ڕیشە بۆ خستنەوەی پشکۆی گومان و پرسیارکردن، ئیتر ڕێژەکەی چەندە و چ پانتاییەك لە زەینی خەڵکیدا داگیردەکات بۆ خودی نووسەر مەسەلەیەك نیە، چونکە ئەوپێش وەخت نەئەو بڕیارەی داوەو نەپێویستی بە پلانێکی لەو جۆرەیە.

ئەم وتارانەی لە پێش چاوتایە زادەی هەلومەرجی ڕەخساوی ڕۆژگاری خۆیانن: تاسەی ژوانێك کە تەنیا شەماڵ تەتەری دیاریکردنی هەوارگەکەی بوە، گەڕانەوە بۆ ژێرسێبەری کەپرۆکەی عەشقێکی دۆڕاوو فرمێسك بۆ مەرگی هاوڕێیەکی خۆشەویستم، خوێندنەوەی ڕۆمانێك، حەسرەتی ئەو خەون و خولیایانەی یان هەر نە هاتوونە تە دی یان لە ناوەڕاستا پەراش پەراش بوون، وەستان لە سەردووڕیانێك کە

تەنیا گێژەڵووکەی ناهومێدی فریادڕەسیەتی. هاوارێکیش بۆ ئەو دەوروبەرە دەم هەراشەی کە چرکەیەك بێدەنگبوونی لە قومێك ژەهر پێ چاکتر نیە.

وتارەکان هەموو ئەو نووسینانە نین کە لە سالانی دوای ڕاپەڕینەوە لە گۆڤار و ڕۆژنامە جۆراوجۆرەکاندا بلاوم کردوونەتەوە. ئەمانەم ئاسان دەستکەوتوون و سەری گەڕان و سووسەکردنی ناو گۆڤار و ڕۆژنامەیان زۆر پێ شەکەت نەکردووم. زۆربەیان ئەدەبین، ئەمەیش قەدەری خۆمەو نکوولی لە زەحمەت و ئازاری ناکەم و بەزۆر عەشقی تریشی ناگۆڕمەوە، نووسەر لەنێو شەبەنگی نزا بێدەنگەکانی ڕۆح و فانتازیا سەرکێشەکانی خەیاڵ و میلۆدیەکانی ئاوازدا دەژی، کێ بە ئەندازەی ئەو هاوڕێی بەفر و نواڵەو ڕووباری بەهەڵپەو دەریای کپە! کێ دەتوانێت وەك ئەو خۆی لە گزنگی پەیڤ و پەیامی ئیرادە و خۆنەویستی هەڵبکێشێت و بەتریفەدا دوا هەواڵی سەرکەوتن بۆ شۆڕشگێرەکانی هاوڕێی بنێرێت؟ ئاخر خەیاڵ نەبێت نووسەر تارماییەکی لاڵە!

لای خەڵکانی لە خۆمان بە ئاوەزتر لەم جۆرە بەرهەمانەم دیوە. وەك چۆن شیعر و چیرۆك و شانۆ دوای بلاوبوونەوەیان لە چاپەمەنیەکاندا پاشان بەسەریەکەوە دەکرێنە کتێب، ڕەوایە وتاری ئەدەبی و ڕووناکبیری و ڕەخنەو ختووره چرکەساتیەکانیش وای لێبکرێت. بەو مەرجەی خەسڵەتە تایبەتیەکانیان لەبەرچاو گیرابێت و وەك زمان و ماناو ئەندازەگیریەکەیان گیانی تازەییان پاراستبێت. ئەمانەیش وەك داهێنانەکانی تر تۆماری تەمەنێکن لەبیرو هەڵوێست و ژیانی نووسەر لە قۆناغێکی دیاردا کە دەشێت بۆ ڕۆژانێکی دی ڕووناکیەك بن.

**-نووسەر-**

**ئابی ٢٠٠٧**

تـــیرۆژ

# دیالۆگ لە ئاستی باڵادا

دنیای ئەمڕۆ، دنیای ئاڵۆگۆڕکردنی ڕووناکبیری و چالاکییە فیکری و ئینسانیەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژاواییە کە لەژێر فشاری داواکاریە هەرە پێویست و هەنوکەییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەو شکاندنی دیواری خۆپەرستی ڕۆژ ئاوادا هاتۆتەدی. ئەگینا هەر لە سەدەی هەژدەوە هەندێك زانای کۆمەڵناسی ڕۆژئاوا، بەپێی داڕشتنی هەندێك پرنسیپ و ناساندنی ڕەگەزەکان مرۆڤی ڕۆژ هەڵاتییان فڕێداوەتە دەرەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە و بێجگە لە کلتورێکی فۆلکلۆری و وێنەیەکی دێرینەی مردوو دانیان بە چ شارستانیەتێکیاندا نە ناوە. ئەم ڕوانینە دەورێکی کاریگەری هەبوو لە دروستکردنی بۆشاییەکی گەورە لەنێوان ڕووناکبیریی میللەتانداو کەم و کاسیەکی فرەیشی خستە ناو شارستانیەتە جۆربەجۆرەکانەوە، ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکان دەوری کاریگەریان لە شێواندنی ڕووی ڕاستەقینەو ڕەسەنی کلتورو دابونەریت و چەمکە درەوشاوەکانی کۆمەڵگای ڕۆژ هەڵاتیدا هەبوو، ئەویش لەو گەشتە گومانلێکراوانەیاندا کە بۆ ڕۆژهەڵاتیان دەکردو لە ناساندنیاندا بە کۆمەڵگای ڕۆژاوایی. لە حاڵێکدا کە زمانی دۆستانەو لە یەکتری گەیشتن و پەیامی تێکەڵبوون و خەسڵەت و ئەدگارە پڕ بەهاکانی مرۆڤ و وەستان لەسەر ڕابردووی کۆمەڵگاکان ڕەوشێکی دەرئەنجام سەنگین و دەوڵەمەندکردنی کلتوری ئێستاو ئایندەی گشت مرۆڤایەتییە، چونکە مرۆڤەکان لەهەر جێگاو ڕەگەزێك بن پێکهاتەی کۆمەڵێك خەسڵەتی مرۆڤانەو هەل ومەرجی مێژووی و

بونیـادە ئـابوری و کۆمەڵایەتییـە تایبەتییـەکانن کـە لەسـەروو ئـیرادەو ویـستی خۆیانـەوە کاریگـەریان هەیـە، ئەمـەیش ناکاتـە ئـەوەی کۆمـەڵگایـەك بـە ڕەهـایی هەموو خەسڵەتێکی مرۆڤدۆسـتی و پێـشکەوتنی زانـستی و هونـەری و شارسـتانی پێ ببەخشرێ و کۆمەڵگاکەی تر دەوڵەمەندی بواری دواکەوتن و هەژاریی فیکـری و کۆتی خورافەو دیاردە میسالییەکان بێت، (ئەگەرچی بەشێکیش لەمانە ڕاست بـن، بەڵام ناتوانرێت بە ڕەهایی حوکم لەسەر ئەو دوو جەمسەرە بەو شێوەیە بدرێت)

سەدەی بیـستەم - بەتایبـەتی نیـوەی دووەمـی- سـەدەی شـکاندنی ئـەو چـەمکە نادروسـتەبوو، ڕۆژئاواییـەکان دوای گـەڕان و دۆزینـەوەو تێکـەڵاوبوون بەرچـاویان ڕوونـاکترو تەمومـژە خەسـتەکەیان تیـا کـاڵتربووەوە، بەتایبـەتی دوای ئـەوەی شارستانیەتی دێرینی چین و هیندو ئێرانی سەرسامی کردن و بڕوایان بەوە هێنـا کـە کلتووری ئەم گەلانە بەشێکە لەو میراتییە مرۆڤایەتییەی لە قۆناغە مێژووییەکانـدا درەوشـانەوەی لـە شارسـتانیەت و پێـشکەوتنی ئـەمڕۆی ئەوانـدا هـەبووە. بۆیـە بەناچاری دەرگایان لەسەر کلتووری ڕۆژهەڵات کردەوەو هەوڵی دیالۆگیان لەگەڵدا، گفتوگۆی نێوان ئەم دوو کۆمەڵگایە چـەندان سـیمیناری گـەورەی پـڕ لـە ئـاڵوگۆڕی فیکری و هونەری لێکەوتەوە. (یۆنسکۆ) یش دەوری سـەرەکی بینـی لـە سـازدان و پێك گەیانـدنی ڕوونـاکبیرو بیرمەنـدانی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژاوادا کـە لـە زۆربـەی ئـەو بەیەکگەیـشتنانەدا بـاس لـە کاریگـەری بـیری ڕۆژاوا لەسـەر ڕۆژهـەڵات و پێچەوانەکەی دەکرا، ئەو ڕێگایە کامە بوو کە دیالۆگێکی واقیعی لـەنێوان ئـەو دوو شارسـتانیەتەدا فەراهـەم بێـت و بکرێتـە پـڕۆژەی کارەکـانی ئاینـدە. هـەر بـۆ ئـەو مەبەستە گوڕی زۆرتر درایە بزوتنەوەی وەرگێڕانی بەرهەمی زانستی و فیکـری -لـە هەردوو لاوە- هەروەها گەلێك لـە وڵاتـانی ڕۆژ هـەڵات و ڕۆژاوا بنکـەو ڕێکخـراوو

دەزگـای ڕوونـاکبیری تایبـەت بـەو مەبەسـتەیان تیادامـەزرا، دیـارە ئـەم پرۆسـەیە پەیوەنـدی دینـامیکی بـە چـارەنووس و ئاینـدەی کۆمـەڵگای مرۆڤـەوە هەیـە لەهـەرجێگاو پێگەیەکـدا بـن کـە شارسـتانیەتێکی گـەورەتری لـێ دەکەوێتـەوە، دەشـێت سـنوری زاراوەی ڕۆژ هـەڵاتی و ڕۆژاوایـی ببـەزێنێت و ببێتـە بەشـێك لـەو بەجیهانیبوونەی  بۆتە خەون و ئەندێشەی هەمووومان.

ئێستا من لەبەردەم پرسیارێك دام: ئاخۆ کورد لەنێو ئـەم سیـستمە فیکریـەدا خـۆی چۆن و لە کوێدا دەبینێت؟ چی هەبووەو چـی کـردوە؟ ئـەی دەتوانێـت بـە ئەنـدازەی قەبارە خاکیی و سادەییەکەی خۆی بەشداری ئەم دیالۆگە بکـات؟ ئەگـەر نیازیـەتی لەو ڕەوتە دانەبڕێت چ پرۆژەیەکی بۆ ئایندەی دوورو نزیك هەیـە؟ ئەمانـە پرسـیاری ئایندەن لەئێستادا !! بەڵام هەمیشە وەڵام لە پرسیار سەختو دژوارترە.

١٩٩٩/٨/٢٦

# ئاگاداربە.. چیرۆکنووسێك بە دواتەوەیە!

نووسین لەسەر جۆرە ئەدەبییەکان لە بەرهەمهێنانیان گرانترە. کاتێك هەستم بەمە کرد کە لە گۆڤاری ئایندەوە بۆ ژمارەیەکی تایبەت ڕووی لەسەر نووسینی چیرۆکم لێنرا. زۆرجار ڕوویداوە بێ چ پێشەکیەك خۆم لە گێژەنی نووسینی چیرۆکێك بدەم و تا ڕادەیەکیش خۆم بە سەرکەوتوو بزانم، چونکە خودی پرۆسەی نووسین هەڵگری تۆوی ماناو بەدوادا کێشکردنی ڕووداوو پەرەپێدان و تێکرایش گونجاندنی توخمە پێکهێنەرەکانیەتی، ئەگەرچی ئەزموونکردنی ئەمە گرانە و لەبوونی بیرۆکەیەکی پێش وەخت و نەخشە بۆ کێشراو کە زۆربەی چیرۆکنووسانی دنیا پەیڕەوی لێدەکەن ئەستەمترە، بەڵام قازانجی ئەو ئامادەگیە ڕۆحیەی تیایە کە شکاندنی ترسی نووسەرو بە پیشەکردنی کارەکەیەتی.

کە ویستم بەڵێنەکە بەجێ بێنم هەستم بە لەشگرانی قەڵەمەکەم کرد، لەشگرانییەك تەنیا نووسەر لە گێنگڵە ناهەموارەکانی دەگات و تاڵییە خۆشەکانی دەچێژێت، لە دنیا ئاساییەکەی بەرەو دنیایەکی تر دایدەبڕێت کە بێجگە لە سەراسیمەیی و وێڵی و هەندێکجار نائومێدییەکی کوشندە لە ئایندەیەکی نادیار چیتر بەدیار ناکەوێت. کەچی لەپڕا ئاسۆیەك، پڕ بە پڕی پرشنگ و ڕووناکی دەرگا لەسەر چاوی بینینت دەکاتەوەو ڕوانگەی لەش و ڕۆحە تاریکەکانت بۆ دەبێتە چراخان. ئەمە ئەو کاتەیە کە ماندوویەکی ڕێگای دوور هەناسەی حەسانەوە دەدات و تاوێك بۆ پشوودانی کاروانی شەکەتی و ڕەواندنەوەی مەراقەکانی لاڕێ دەگرێت.

ئەمیان پرۆسەی ئەفراندنەو لەرزوتاکانی بەلەزن. بۆ ئەمی تریان گەڕامەوە سەر ئەو ڕایەی کە پێش ئەوەی شاعیر لەسەر شیعرو چیرۆکنووس لەسەر چیرۆك بنووسێت، دەبێت کەسانی دی، بەتایبەتی ئەوانەی سەرەو دەرەی ڕەخنەو لێکۆڵینەوە دەکەن لە سەریان وەدەنگبێن، چونکە لە کاری داهێنانی ئەدەبیدا ئەوەندەی خەیاڵ کارایە ئەوەندە لۆژیك دەستەوستانە، ئەوەندەی لەنێو دنیایەکی نائاساییدایت و بە زمانێکی دوور لە زمانی باو دەپەیڤیت ئەوەندە نەك خۆت بە دەوربەرو یاساو نەریتەکانیەوە نابەستیتەوە، بەڵکوو دەبێت تێکیشیان بشکێنیت، بە تیۆرەکردنی ئەم چەمکە کارێکە لە دەرەوەی خودی نووسەرەکەوە دروست دەبێت. بێجگە لەمە هەموو نووسەرێك بۆ بەرهەمهێنانی کاری داهێنان شێوازی تایبەتی خۆی هەیە کە دەربڕینی کەسایەتی ئەدەبییەتی و ئەو دەنگەیە لە هاوپۆلەکانی جیا دەکاتەوە. لەم حاڵەدا من کە بمەوێت لەسەر چیرۆك بنووسم ئەوەندەی لە شێوازی نووسینی خۆم دەدوێم ئەوەندە باسی شێوازی تر ناکەم، ئەمەیش بە بۆشایی هێشتنەوەی هەندێك کەلێنی ترە لە پێکهاتەی جۆرە ئەدەبیەکەدا، بۆ نموونە، من چ وەك نووسەرو چ وەك خوێنەر ڕەنگە ئەوەندەی کاراکتەری ناو چیرۆك بەخۆیمەوە ببەستێت و لەو ڕوانگەیەوە تەماشای تەواوی پێکهاتەکە بکەم ئەوەندە توخمێکی دی لە پشت دەستخۆشی کردنەکەمەوە نەبێت، کەچی یەکێکی دی چ نووسەرو چ خوێنەر ئەوەندەی ئارەزووی لە کێشەو تەکنیك و ڕووداوی ناو چیرۆکە بەو ئەندازەیە لەسەر کەسایەتییەکان ناوەستێت، لە کاتێکدا ڕەنگە هەردوو توخمەکە لای نووسەرێکی دی -بەتایبەتی لە ئەدەبی بێگانەدا- بایەخیان نەبێت. هەیە چیرۆك لە چاوی فەزایەکەوە تەماشا دەکات کە دوورە لەم ڕەگەزە -وەك ئەوان دەڵێن- تەقلید یانە. بەلای منەوە ئەم توخمانە ژیان بە چیرۆك دەبەخشن و پێگەی ئەم ئەدەبە لە بوارە

ئینسانییەکەیدا تونـدتر ڕادەگـرن. کەچـی (هنـری جیمـزی) نووسـەری گـەورەی ئەمریکی کە لەبارەی چیرۆکەکانییەوە ئەمـەی بـە گوێدا دەدەن، باسـی بـێ گیـانی هەنـدێك چـیرۆکی دەکـات و دەڵێـت:"ئەمـە ژیـان نیـە، ئەمـە چـیرۆکە" واتـا ئـەو بەرهەمهێنی کارێکە لە دەرەوەی پەیام، یان ئەو پەیامەی کە خۆی مەبەسـتیەتی و هیچ ناخاتە سەر ژیان بەو مانایەی ئێستا ئێمە مەبەسـتمانە. یـان ئـەو ئـەدەب بـە پەیامی گۆڕین نازانێت، بەڵکو چالاکییەکە لە خۆیەوە بۆ خۆی و لـە بابـەتی هونـەر بۆ هونەرە. ئەمەیش بۆ خۆی تێگەیشتنێکەو مەرج نییە کە من و تۆ بڕوامان پێـی نەبێت ئیدی کاریگەریی لەسەر تواناو بەهرەو بیری کەسانێك دانـەنابێت، بەتایبـەتی لای فورمالیستەکان، بۆیـە زۆر نزیکـە لـە باسـکردنی هـەر ژانرێکـی ئەدەبیـدا دوو نووسەری بوارێك بۆچوونی جیاوازیان لەسەر ئەو جۆرە ئەدەبە هەبێت کە پیـشەیانە، هەر لە نووسینێکی کورتی لەم بابەتەی مندا ئەگـەر بکەومـە نـاو نموونـە هێنانـەوە ڕەنگە ئەوەندە بڕیاری سەیری تێبکەوێت خەڵکانێك یان گاڵتەیان لێ بێت یـان -لـە چاکترین حاڵەتدا- بوەستن و گومان ڕێی بڕیاردانیـان لێبگرێـت. مـن هـەموو جـۆرە چیرۆکێك دەخوێنمەوەو گەلێك جاریش لەوانەم وەرگێڕاوە کە چێژیان داومـەتێ و تـا ماوەیەك لـە نـاو دۆخ و فەزایانـدا ژیـاوم. کەچـی نـاوی گـەورە هەیـە زۆر حـەز بـە چیرۆکی ناکەم و دنیاکەی بە وشك دەزانم. بۆ نموونە (خورخـە لـویس بـۆرخیس) لـەو نووسـەرانەیە کـە وتاربێـژی و هەنـدێك شـیعرو لێدوانـە فیکـری و فەلـسەفی و چاوپێکەوتنەکانیم خۆش دەوێت، کەچی بەو ڕادەیە چیرۆکی ڕامناکێـشێ و هەست دەکـەم کەسـایەتییەکانی بـە ئەتـەکێتن و نموونەیـەکی شـەفاف و زینـدووی ڕەوتـی گەشەسەندن و کاریگەری دانـان نـین، زۆرجـار دەبنـە کەسـانی زانـستی و وتاربێـژی

ڕووت. شێوازی چیرۆکنووسین لای بۆرخیس شێوازی نووسینی وتاری ئەدەبییە، ئەگەرچی هەڵوێستی بۆرخیس زیاتر پەسەندکردنی چیرۆکی کورتە وەك لە ڕۆمان.

لای من وایە ئێمە ناتوانین دەستنیشانی چیرۆکی باش بکەین بە کاراکتەری مردوەوە، مەبەستم لە مردوویی خاڵی بوونە لە ڕەهەندی فیکری و بزۆکی و خۆ بە نموونایەتی کردن کە مایەی لەسەر وەستان و تێڕامانن. بۆیە دەبێت سەری خۆشەویستی و پێزانینمان بۆ ئەو کەسایەتیانە دانەوێنین کە لەناو کۆڵانی باریکی ڕستەو دێراوی کورت کورتی دێڕو پەناو پەسێری سیحری وشەدا تریفەی مانگ بەخۆدا دەدەن و فرمێسك بە ڕووباری تووڕەی خەمەکانیان دەڕێژن. جارێك دەبنە نهێنی ناو بیابانی هەتەرو تاوێکیش فریشتە باڵسپییەکانی کەناری دەریان. تاوێك خۆیان لە زەردەی خۆراوا وەردەدەن و ڕووی نەگەڕانەوەیان بەرەو چیاو چوغردو لێرەوارە، تا لەگەڵ هەناسە نەرمەکانی خۆری دوا ڕۆژانی پاییزدا وەك باڵی پەپوولە هەڵدەوەرن و پاشان دەبن بە ئەفسانە. جارێکیش ئەو کچۆڵە باریکەلەو سپی ڕەنگە ڕاستەقینەیەیە کە زریانی شەوێکی ڕێگای دووری سیبریا کردویەتیە بووکەڵەیەکی بەفرینی ناو گالیسکەیەك و ڕێکەوت لە چاخانەیەکی سەر ڕێگاو لە پاڵ زۆپایەکی داریندا تا بەرەبەیانی جەژنی لە دایك بوون لەگەڵ پیاوێکی سەرهەڵگرتووی بێلانەدا گفتوگۆی سیحراوی دەکەن، بۆ سبەینێش کە پرچی سپی ڕێگا تا چاو هەتەر کات درێژەو زۆرجار لەناو قەدا پێچ دەخوات و لوول دەبێت و گۆرانی ترسی مەرگ بۆ چاو دەڵێت، وەك ئەو شەوە هیچ ڕووی نەدابێت، بە ماڵئاواییەکی هێورو دەست و چاوێکی پڕ لە ماناوە ئەو پیاوە پڕ لە حەسرەت و مەراقە جێدەهێڵێ و ڕوو لەڕێگای هات و نەهات دەکاتەوە. ئیدی لەبەردەم ئەم کەسانەدا، لە بەردەم دڵی بەفرین و دەستی پڕ لە نزایاندا یان هەناسەمان بەگیردێ و فرمێسکمان

دەتەقێت، یان پزیسکی شادییەکمان بەر ڕوو دەکەوێت و دەپرنگێینەوە. لە هەردووکیاندا ئەوان هەر زیندووی ناو ویژدانی ئێمەو گەڕیدەی ناو دنیایەکی لەوەی هەیانە چاکترن.

ژیان ڕێکەوتە سەیرەکانی ناو چیرۆکە، ئەو ڕێکەوتانەی خەڵکی بڕوای پێ ناکات، یان ئەوەندەی لێ دەترسێت کە بۆ بڕواپێکردنی چەندان پاساوو ئەفسانە دروست دەکات. کەسەکان لەوانەن کە بە بەردەمتا هاتوون و چوون، بە نائومێدی سەریان ناوەتەوەو کەسێك گوزارشتی لێنەکردوون. ئێستا -لەناو ئەم چیرۆکەدا- لەبەردەم ئاوێنەیەکی شکاودا کە تەواو لە خۆیان دەچێت، دەیانەوێت ئەندامە شێواوەکانی دەموچاویان بەیەکدی بلکێننەوە، کە خۆیان دەبیننەوەو ئەفسانە پیرۆزکراوەکە دەشکێنن ئەوسا بەکوڵ بۆ خۆیان دەگرین. یان ئەوەندە نیگەران دەبن کە ناتوانن لە دووڕیانی پێکەنین و گریاندا چی هەڵبژێرن. ئەرێ ئەمە منم بەم هەموو سەرکێشی و مەکۆلێدانی شەڕی ئەستێرەوە لە پیاوێکی گرگن زیاتر هیچی تر نیم! ئای... ئەمە چ ئاوێنەیەکی مەلعوونە منی تا ئاستی باڵای پێڵاوێکی تەڕی بە بەردێکەوە هەلسپێراوی بەردەم خۆرێکی لەناکاوی زستانە بەرز ڕاگرتووەو فەرمانی خودای سەرنەوی کردنی پێ سپاردووم! منیش... ئا... ئەمە منم، منی بێ دەنگ و داماوی کونجێکی تەریك کە چاوی بەزەییش نەیدەدواندم. ئێستا دەرگای هەموو دڵە جوانەکانم بۆ لەسەرپشتەو ناوم بەنێو چاوی هەر مێزو کتێبخانەیەك و سەر زمانەکانیشەوەیە. ئێستا من ئەو باڵندە ئازادەم بەسەر ئاسمانی هەر کیشوەرێکەوە هەڵدەفڕم و دەخوێنم، ئەوسا لە چیاکانی (کلیمانجارۆ)دا بە کۆڵەواریی دارشەقێکم لەبن باڵدابوو، لە پاڵ تاڤگەو تەلانی نیاگارایشدا کۆنە سەرۆك خێڵێکی کوێری بەجێ هێڵراو بووم، دەستێکم بە یاسای خێڵەوەو دەستەکەی ترم بە کۆڵەوژێکەوە

لمۆزو هەناسەی ئەو گورگانەم لە خۆم دەتەراند کە دوای کەمێکی تر دەبم بە پارویان. ئای لەم ئاوێنە یەزدانییەی داستانە بەوەفاکانی ڕۆح و چیرۆکە ئەفسانەییەکانی خودای دەریاو خۆشەویستی و ئاگر دەگێڕێتەو!، پیرەکان گەنج دەکاتەوەو زمانی ژنە لاڵەکان دەپژێنێت، چاوێکە زوو دەکرێتەوەو زوویش دادەخرێت، بەڵام چاوی ناو قەدەغەترین ژووری بەندیخانەو تەریکترین ئەشکەوت و گۆڕغەریبترین لاوی گومناوە، هەناسەی کچە قەیرەکانی سەر بەرماڵ و پیاوە بەتەمەنەکانی کونجی مەیخانەیە. ڕەنگی ئەو ژنە خۆر ئەنگازانەیشە کە بەدەم گریان و نزاوە زۆرگەکان دەیانپێچێتەوەو لە بیابانێکیان دەپسێون کە دەنگی خۆیان نەناسنەوە. چاوی پشت پەردەکانی فێڵ و نهێنی و ترسی توناو توونەکانی ژیانن. ئەم کەسانە زۆرجار مرۆڤگەلێکن بە زمانی خەیاڵ دەپەیڤن، کەچی گیانێکی ئەم سەردەمەن، بیر لە شاری خەون دەکەنەوەو تۆ دەخەنە سەر کەڵکەڵەی نەخشەکێشانی.

لای من یەکێك لە پێشەوا هەرە داهێنەرەکانی کورتەچیرۆك کە بەردەوام کەسایەتیەکانی زیندووی ناو یادەوەریمانن، ( ئەنتوان چیخۆف)ی ڕوسییە، چیخۆف ڕابەری بەرجەستەکردنی ئەو کەسایەتیانەیە کە بە گیانێکی ئینسانیانەوە گوزارشت لە خۆیان، لە ئاکاریان، لە دەروون و مەبەستیان دەکەن، چاوی چیخۆف چاوی دۆزینەوەی ڤایرۆسە بەدینەکراوەکانی ناو جەستەی کۆمەڵە لە ڕێی تاکەکانیەوە، دۆزینەوەی ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتی و ئاکاری و کەلتوریەیە کە چاوی ئاسایی نایانبینێت و بیری ئاسایی پەی بە بوونیان نابات. چیخۆف بەتەنیا پزیشکی ڕاستەقینەی هەناو نیە کە بەردەوام و بێ بەرانبەر نەخۆشەکانی بەسەر بکاتەوەو خۆی بەدوای نەخۆشی هەژارو نەداردا بگەڕێت، بەڵکو پزیشکی بێ ڕەچەتەی

دەروونـی هـەر خێـزان و توێـژاڵ و چـین و تاکـە کەسـێکە. ئەگـەر شـیکردنەوەیەکی سایکۆلۆژی لەسەر تاکی سەدەی نۆزدەی سۆڤێت بکـەیت، کەسـایەتی نـاو چـیرۆکی چـیخۆف دەوڵەمەنـدترین پـشکی بەردەکـەوێت. ئـەو مامۆسـتا نەخۆشـانەی لـە دوورترین گوندو ناوچەی ساردی وڵاتدا بەدەم کۆکـەی بـەردەوام و خوێنهەڵهێنانـەوە، برسـێیەتی و کـەم مووچـەیی و ڕێـز لـێ نـەگیران تۆیـشەبەرەی فەرهـەنگ و زانیارییەکانی ناو دەستیەتی بۆ منـداڵانی بـاوك جووتیـارو چەوسـاوە. ئـەو ژنانـەی بەخۆنوانـدنێکی دەسـتکردەوە دەیانـەوێت سـیمای نـوێترین و هۆشـیارترین کەسـی سـەردەم لـە خـۆبگرن ، کەچـی لـە خوێندنـەوەی نـاوەوەی چـیخۆفدا بێجگـە لـە گوندنشینێکی کەم سەواد چیتر نین. ئـەو لـە ڕێگـای کەسـایەتییەکانیەوە دەیـەوێت بڵێت لە سایەی سیستمێکی پیرو کەنەفتا تـەنیا نەخۆشـی و نـەزانین بەرهـەم دێـت، تەنانەت زۆر لەوانەی خۆ بە ڕووناکبیرو نووسـەرو هونەرمەنـد دەزانـن لـە مەیـدانی کارکردندا نەك بێکارەن، بەڵکو (مرۆڤی زیادە)یشن.

چیخۆف پەروەردەی نـاو هـیچ گـروپ و هێزێکـی سیاسـی نـەبووەو وەك لـە نامـەی نێوان خۆی و گۆرگیدا بەرچاو دەکەوێت حەزیشی لە سیاسـەت نـەکردووە، تەنانـەت هەنـدێکجار بـە پووچـگەرایش دراوەتـە قەڵـەم، بـەڵام لـەڕێی درکـی هوشـیارانەی خۆیـەوە کۆمەڵگاکـەی لـە باشـترین ئاقـاری فیکریـدا خوێندۆتـەوەو ڕەهەنـدە دەروونییـەکانی بەرجەسـتە کـردووە، بۆیـە کەسـایەتیەکانی زینـدوون و هـەروایش دەمێننەوە. وەك( تۆلستۆ)ش دەڵێت:"چیخۆف تەنیا موڵکی گەلی سۆڤیەت نیـە، بەڵکو موڵکی هەموو مرۆڤایەتیە"

مامەڵەکردنی چیخۆف لەگەڵ کەسـایەتیەکانیدا تـەنیا مامەڵەیـەکی ئایدۆلۆژیانـەی وشكو ڕووت نییە تا پاڵەوانێکی دوگما بخاتەوە، بەڵکو ئـەو هـەردوو تـوخمی بـیر -

هەست لـە ئەفراندنیانـدا بـەکار دەبـات، بۆیـە چیرۆکەکانی کـپ و دوور لـە هـەراو زەنان، ماتن بەڵام لە ناوەوەدا - ئەگەر هەسـتی پێبکـەیت- دەکـوڵێن، کەسـەکانی ئاسایی دێنە بەرچاو، کەچی لێوان لێون لە بەهای جوان و هەستکردن بـە دیاردەکـان و هەمیشە دڵیان لەگەڵ دڵی ژیاندا لێدەدات.

کـە تـوخمی بـیرو هەسـت تێکـەڵ بەیەکـدی بـوون، ئیـدی لـە لایەکـەوە دەبێتـە سەرچاوەیەکی مەعریفی لەسەر ئاستی گشت دیاردەو نهێنییە پـەی پـێ نـەبراوەکان و دۆزینەوەی ئەوەی ڕەنگە زانستیش تا ئەو کاتە نکوڵی لێکردبێـت، لاکـەی تـریش جوانکردنی ژیان بەو پەیوەندی و بنەمایانەی زۆرجار لـە ژیـانی ئاسـاییدا هەسـتیان پێناکەیت و لە ڕێگای ئەدەبەوە چێژ لە جوانییەکەی دەبینیت.

دۆزینەوەکانی چیرۆك لە هەڵگێرساندنی ڕووداوی سـەیری دوور لـە مانـاو دەلالـەتی قووڵدا نیە، بۆ نموونە تۆخۆت بە کەسێکی کامڵ دەزانیت و دەشـێت قەناعـەتت بـە خەڵکی تریش کردبێت، وایش دەزانیت یەکێکی لەو کۆڵەکانـەی بـاریگرانی ژیانیـان لەسەرەو تەنیا لەرێی تۆو کەسەکانی ترەوە - کە تـۆ وەك خـۆت لێیـان دەڕوانیـت- ڕەوتی مانەوە بەرێ دەچێت.

ڕەنگە بۆ خۆت لە دۆخێکی ئەفسانەییشدا بژی و بەڕەوای بزانیـت کـەس لێـت تێـك نەدات و بەردەوامیش بـەدوای ئـەو وێنەیـەوە بیت، بـەڵام کـە دەبیتـە پاڵـەوانێکی ڕاستەقینەی ناو چیرۆکێك ئەوسـا لـەوە دەگـەیت کـە وێناکـەت هەڵەیـە، هەڵەیـەك تاڕادەی نەفرەت لـەخۆکردن. دەشـێت چیرۆکنووسـەکە تـۆی بەچـاو نـەدیبێت، هـیچ پێویست ناکات، چونکە لـە مەیانـدا تـەنیا چـاو هەسـتی بیـنین بـەجێ ناهێنێت و دەشێت نووسەرێکی کوێری وەك بۆرخیس بێـت، کەچـی لـە چـاو سـاخێك چـاکترت بخوێنێتەوە، تۆ کاتێك بەئاگا دێیـت لـە چوارچێوەی وێناکردنەکەتـدا مرۆڤێکـی تـر

هەیـە، مرۆڤێکـە لـە وێنـە ڕاسـتەقینەکەی خـۆی هـەڵاتووەو چـووەتە وێنەیـەکی درۆزنەوە، فەزاو ئاڕاستەیەکی وای بۆ خۆی ڕەخساندووە چاوەکان بخەڵەتێنێت، تـەنیا چاوی چیرۆکنووس نەبێت کـە ناخەڵـەتێت و بـەردەوامیش بەدواتەوەیـە. تـۆ کاتێـك بەئاگادێیت لەبەردەم خەڵکێکی ئاپۆرەدا دەمامکەکانت فڕێدراون و تـەواو ڕووت و قوتیت، جەوهەرەکەت بەسەر لەپی خەڵکییـەوە گـۆرانی شـەرمەزاریت بـۆ دەڵێـت. ئیتر دڵنیا دەبیت کە ناتوانیت خۆت بشاریتەوە، دیکۆرەکەت لاچووەو تۆ لە شـوێنی ڕاستەقینەی خۆتای، بۆیە کرِدەبیت و ڕەنگە هەست بە گوناهیش بکـەیت. دەشـێت بۆ دواجار داوای پاکبوونەوە بکەیت، کە گەیشتیتە ئـەم قۆناغـە ئـەوە لـەبیر مەکـە یـەکێکت هـەر بەدواوەیـە، چـونکە تـۆی مـرۆڤ چـاوەڕوانی شـتی زۆر سـەیرت لـێ دەکرێت، وەلێ بەردەوام وێنـەی پێـشووی خۆتـت لەبەرچـاوە، وەك دەرزی خـوێن لـە جەستەت دەهێنێت. تۆ دەتەوێت بەزۆر وێنەکەت بسڕیتەوەو شوێنەواری نـەهێڵیت، چونکە چەند بکەیت جارێکی تر بە ڕۆحتەوە نالکێت، ڕەنگە ئێـستا منداڵییەکـەت بیەوێت لە ئامێزی خۆیت بگرێت و لەگەڵ ئەودا دردۆنگە، بەڵام وەك دەڵێن کـە تـۆ جارێك ژیانی خۆتت لە شوێنێکدا دۆڕاند ئیدی هەموو جێگاکانی تر دەبنە هـەرێزی سوتاوو زەوییەکی شۆری بێ کەڵك کـە زۆر بەزەحمـەت دێتـەوە سـەرخۆی - ئەگـەر بێت- ئەمـەیش جوانترین یاسای سروشتە ئەگەر ئاسایی ڕەوتی خـۆی تێـك نـەدات. وتم بەزەحمەت، مەبەستم ئازارکێشان و خـستنەگەڕی وزە ئینـسانییەکانتە - ئەگـەر تیاتدا مابێت- ئەوەیش بـە ڕووخانـدنی دیـواری نێـوان خـۆت و ئەوانـەی ویـستوتە فریویان بدەیت، بەو پەیوەندییـە تازانـەی سەرچـاوە شـلوێکەیان پڕکردۆتـەوەو ئیـدی چۆڕێك ئاویان لێنایەت - ئەمە زۆر زەحمەتە- دەبێت ئەو ڕابردووە ویـران بکـەیت و لێی نامۆبیت، لەبەرئەوەی ناشێت تاسەر لەنێوان دوو بەرداشدا بەدەم پەراشـبوونەوە

ئـازاری شـەوانت بدەیتـە دەم ڕۆژ. تـۆ تـازە ڕووت کراوەتـەوەو بـڕوای چـاوەکانت دۆڕاندووە. لەبەردەمی ئاوێنەیەکدا بێز دەکەیتەوەو دەشێت هەندێکجار بڕشێیتەوە. دەبێت ئاگات لەوە بێت - هەرچەندە پێویست بە وتنی من ناکات- ئەگـەر بەرگـەی ئازاری نەگریت ناگەیتە سنوری پاکبوونەوە، هەروەها کەسیش وا مـەدەرە قەڵەم کـە جوانییان لێزەوت کردبیت و ئەوان خەوشیان دابیتـێ، ئـەوە ئاڕاسـتەی لیبیدۆکەتـەو تۆیش مرۆڤێکی لاوازبوویت و خاوەنی ویستی خۆت نەبوویت.

بەهـەرحاڵ، تـۆ تـا ماویـت پاڵـەوانی نـاو چیرۆك و حیکایـەتیت، هەمیـشە سـەری یـەکێکت بەسـەردا شـۆڕبۆتەوەو ڕەفتارەکانـت دەبـژێرێت و هـەڵیان دەسـەنگێنێت، ناکاوگرێکە بێ وێنە، تەنانـەت ئەگـەر لـە ژوورێکـدا بەتـەنیایش بیـت ئـەو کەسـی دووەمە. هەرگیز لە بیری نەکەیت، لەبەرئەوەی تـۆیش ئـەو فـەرامۆش بکـەیت ئـەو هەر تۆی لە بـیرەو دەسـتبەردارت نابێـت، ئـەوە - ئەگـەر تـا ئێـستا نەتناسـیووە- چیرۆکنووسێکی هاوڕێتـە کـە تـۆ باشـی ناناسـیت، ڕەنگـە تائێـستا نـەتبینیبێت و بەچاکی لە زەمانەکەی تێنەگەیت، بەڵام ئەو لە بیستن بۆ گوێت و لە ڕوانین بۆ چـاوت لە تۆ نزیکترە، بۆیە واچاکە سەری گوێڕایەڵی بۆ دانەوێنیت و لە قسەی دەرنەچیت، کە دەرچوویت جارێکی دی دەگەڕێیتەوە بەرچاوی خەڵکی و ناو ئاوێنـە شـکاوەکەی خۆت.

ئەیلوولی ٢٠٠٣

# گوێ بگرە پیاوە بچکۆلەکە

هەموو بێ گوناهـ لە دایك دەبین، بێ گوناهـ دەبینە ئاشنای ژیان، ژیان بە هەموو جوانی و بەهاکانیەوە بەهیواو نائومێدیەکانیشیەوە. ئێمە (خۆمان) نەدەمان پەرژێتە سەرگوناهـ و نەبیری لێدەکەینەوە. ئیتر لە گوناهی لە ئاوکردنی کەوبارێکەوە بیگرە تا ڕوخاندنی هێلانەی کۆترێك، لە ترساندنی چۆلەکەیەکەوە تا سوتاندنی ماڵێك. کەچی وردە وردە لەو بێ گوناهیەوە دەکرێینە ئاشنای شەڕ، شەڕ دەبێتە دووڕیانی فێڵی ڕەوشتمان و کەمینی مەرگی ناوەختی زەردەخەنەکانی درۆمان، شەڕ دڵمان دەکاتە لانکەی ڕق و بڵێسەی خۆپەسەندی، هەر لەسەرخۆ شەڕ جێگای نان و ئاومان دەگرێتەوە. خەونەکانمان بەخوێن و تاریکی، بەلێڵکردنی کانی و ڕەشکردنی جوانی پەڵەپەڵە دەبن.

ئەوکاتە شەڕ پێدزە دەکاتە ناو دەروون و ڕەفتارمانەوە کە دایك و باوکمان بۆ یەکەم جار (شەیتان)مان پێدەناسێنن، شەیتا نێکی ڕووت و قووتی بێ ماناو پەیکەر، شەیتانێك نەلە خاڵی ڕەشی سەر ڕووبەری تابلۆیەکی سپی دەچێت و نە لە ڕەشەبایەك کە خاك و خۆڵ لە چاوت گەڕێنێت، نە زیندانیەکی کوت لە ئەستۆیەو نەتەمێکی کورتەبنە، کەچی دەچێتە خەوی هەموو پەیامبەرو پیاوچاکێکەوەو لە خشتەیان دەبات ، لای دایکت ئەوە گرنگە تۆ شەڕەنگێزێك بناسێت و پەیڕەوی لێنەکەیت، بەڵام چۆن؟ نایزانیت،، چونکە بۆت نیە بپرسیت شەیتانێك لە خودا یاخی بێت و پەیامبەران لەخشتەبەرێت من لە ڕوویا چیم پێ دەکرێت! شەیتانێك

بەرگریی لە پایەو کیبریای خۆی بکات و کڕنووش بۆ یەکێکی لە خۆی بچووکتر نەبات بۆ دەبێت ئەوەندە دزێو بێت! بۆیە لای تۆ ئەو هێزە گەورەیەی شەڕ هەر بە نادیاری دەمێنێتەوە، چونکە چەندان پرسیارت لە گەرودا دەخنکێنێت. دایکت و مامۆستای وانەکانیشت لەو جۆرە پرسیارە جاڕزن و بەسەرتدا دەکێشن. بۆیە هەر لەو سەرەتایەوە زەینت دەبێتە پیادەڕێیەك کە بێ گومان و پرسیارکردن هەمووشتێکی بەسەردا تێپەڕ دەبێت، هەمووشتێکی لە ئاگر وشکتر و لە قوڕ بێ جریوەتر. بەدترین شەڕیش ئەوەیە کە گیانی دزێوی تیایەو بێ بە خۆزانینی تۆ لێت جوان دەرکرێت، ئەوەی دایکت سەری منداڵێکی دراوسێتان پێدەشکێنێت و باوکت ئافەرینت لێدەکات، ئەو کاتەی مامۆستاکەت باسی خواردنە خۆشەکانی بەهەشتت بۆ دەکات و تۆ بەبرسێتی سەردەنێیتەوە، یان لە نیوەشەوێکی ئەنگوستەچاودا لە دەرگاکەتان دەدرێ، پێشمەرگەیەك شەلاڵی خوێنەو لەبەر ماڵەکەتاندا کەوتووە، هێشتا توانای خۆ بەکێشکردنی هەیە، بەڵام باوکت دەرگای لێ ناکاتەوەو وات لێدەکات بەدوژمنی وڵاتەکەتی بزانیت! تۆ گەورە دەبی و گەرای شەڕ لە دەمارو خوێنتا دەتروکێن، گەشەدەکەن و گەورە دەبن، تا وردەوردە تۆیش دەبیتە گیانێکی بەدو وانەی شەڕئەنگێزی دەڵێیتەوە، جوێن بەکەسانی لە خۆت پاکتر دەدەیت و دەتەوێت تروسکە جوانەکانی چاویان بدزیت. زەروەکانی ناو دەمت زاووزێی درۆ دەکەن و سوێندی ناهەقت پێ دەخۆن، فێڵ دەکەیت و ژەهری بن دانەکانت پڕتر دەبێت، پاساو بۆ ئەو ناپاکیانە دەهێنیتەوە کە حەز بەکردنیان دەکەیت، بۆ جێگایەك دەگەڕێیت پەنای ئەم کارانەت بێت. دەبیتە پیاوی دەسەڵات و نۆکەری سیاسەت، لە چاکترین حاڵدا دەبیتە دوو کەس، یەکەمیان دیوی دەرەوەتە کە بە دەمامك دایدەپۆشیت و یاریەکانتی پێ دەشاریتەوە، دوەمیان ناوەوەی

ڕاستەقینەتە، دەشێت هەندێکجار زەنگێکی ئاگادارکردنـەوە سـەرسمت پـێ بـدات، بەڵام قرخەی ئارەزووەکانی جەستەو کرمە ڕەشەکانی دەروونت دەنگی زەنگەکە کـپ دەکەن، پاشان ئەو ئارەزووانە دەبنە گەورەترین بەهای ژیانت، ئـارەزووی زمانـت بـۆ ماستاوکردن و خۆهەڵدان، ئارەزووی گوێـت بـۆ بیـستنی ناهەقیـەکان، دەسـتت بـۆ سواڵی حەرام و لەسەرسنگ دانان و وەستان لەبەردەم خوێنڕێژو نامەردەکانـدا. ئـیتر هەنگاو دەنێیت و زیاتر ڕادێیت، تا دەبیتـە پیـاوە نابووتەکـەی (ڕایـش) و قالۆنـچە (کافکا) ئەگـەر لەبـەردەمتا ستایـشی سـوتانی کتێـب بکـەن و ئاهـەنگی مـەرگی جوانەمەرگەکان بگێڕن تـۆ هـەر سـەرکزو لارەملیـت. دەشـێ ئەگـەر نووسـەر بیـت چیرۆکی خیانەت و دوو فاقی خەڵکی تر بنووسیت، ئەگەر شـاعیر بیـت پەیڤـەکانت بکەیتە چراوگی سـەرگۆڕی شـەهیدان، ئەگـەر ژیاننامـەنووس و بیبلۆگرافـچی بیـت هەتوانی گریێی بچووکی خۆت لە گەورەیی خەڵکا بدۆزێتەوەو بە خۆیـشت نـەزانیت، ئەگەر سیا سیش بیت سەد پەڵ بگریتە ئەوانەی بەر شەوارەی ئایدۆلۆژیاو دۆگمـا ی قەناعەت و بیری نەگریسی میکیافیلی کەوتوون. هەمـوو ئەمانە بۆ ڕاسـتکردنەوەی ئەو -چەوتیە-یە کە لەم وتەیەدا بەرجەستە دەبێت: (مـرۆڤ تـا دەمرێـت لـە هـەوڵی کوشتنی ئەو دڕندەیەدایە کە لەناو خۆیدا دەژی)

بەڵام ئەمە بەومـەرجەیەکە تۆ هەستت بەو -چەوتیە- کردبێـت، کـێ چـوزانێت؟ تـۆ خۆت دەناسیت؟ ئەگەر سروشت ئەم زانینـەی تیـا ڕسـکاندبیت -هیـوادارم وابێـت- ئیتر پێویستت بـە خوێندنـەوەی ئـەم نووسـینەیش نابێـت، مـنـیش بۆیـە ئەمـەم بـۆ نووسیت و ناوم نەهێنایت تا هیچ گرێیەکی تۆم لا نـەمێنێت کـە بـۆ کەسـانی تـری باس بکەم.

* ناونیشانی کتێبێکی (ویلهام رایش)ە — ئابی (۱۹۹۹)

# (بێ دەنگی) و شتی تر

کە خۆم تەنیا دەخەم و دەنووسم، ئیدی خەیاڵ ئۆقرەی گەڕان و خرۆشانم لێهەڵدەگرێت و بە جەستەیش لە جێگای خۆمدا مت دەبم، ئەوە ئەوکاتەیە کە دەبمە مرۆڤێکی جیاواز لە کەسە ڕاستەقینەکەم، ئەوکەسەی شنا سی ناو خەڵك و ژیانی ئاساییمە لەگەڵ دەوروبەرمدا. دەبم بە یەکێك لەوانەی پێیان دەڵێن پاڵەوانە ئەفسوناوییەکانی ناو حیکایەت و ئەکتەری ئەفسانەیی نێو داستانە خەیاڵە تەمەن درێژەکانی مرۆڤایەتی، لەو ساتەوەختانەدا ترپەی دڵم زیاد دەکات و سیمای دەموچاوم دەگۆڕێت، هەندێکجار هەناسەم تەنگ و تاڵی قژم بە دەستمەوە دێت، ڕوانینە ئاساییەکەی جارانی چاوم لە دوودڵی و مۆلەق بوونیدا لەچاوی کۆترێکی ترساوو مامزێکی پێکراوی بەردەم ڕاوچی دەچێت. هەستی بیستنم دەبێتە ئامێرێکی موگناتیسی و پەژارەی قۆستنەوەو ڕاکێشانی هەر زرەنگەیەکی دوورو جریوەیەکی ناوەختە. نیگام لەسەر لاپەڕە سپیەکە تەرەیەو دوور زۆر دوور، لە دەرەو لێرەوارێکدا، لە توناو تونێکی دوورە دەستا، کە بێجگە لە سیحری گوڵ و گیاو تەلیسمی ئاو چی تری تیا هەڵنەکەوتووە، خەریکی کۆکردنەوەی مرواریەکانی ناو دەریای سروشت و وردە شووشە شکاوەکانی کەنارە، لە داوێنی گوندێکدا جۆلانەی وردە شەپۆلی کانییەك ڕادەژەنێت و دەست بەسەر کاکۆڵی زەردەیەکدا دێنێت، وێڵی دوای پیاوە سەرسەخت و دلڕەقەکانی چیایە کە ئاهەنگ بۆ پێشوازیی تۆڵە دەگێڕن، یان لەو ماچانە کۆدەکاتەوە کە هێشتا بۆنی گێلاس و

گوڵەبەیبوونیان لێدێت. شەرابی ئەو نیگاو گەڕانانە ڕۆحم پڕدەکەن لە نوری خودایی و گۆرانییە حەسرەتییەکانی عەشق، لە شێتیی پێکگەیشتن و هەواری خاڵی.

لەو گەڕان و سووسەیەدا، لەو هەستان و کەوتنەدا، گیانم بە تاڤگەی گڕ دەسوتێت و کەسێك نیە دایمرکێنێت، ماندو دەبم و دەگریم، گریانی وشك و بێ دەنگ، سەرم لەنێوان هەردوو دەستمدا گوزەرگایەکی بێ ڕێچکەیە، چۆن دەڕۆیت هەر تەلان و هەڵدێرە، ڕێگایەکە تەژی بە ئەنگاوتن و ساتمە، لێوان لێو لە عەشقی دۆزینەوەو پەی پێبردن، هەندێکجاریش شوێن پێی هەنگاوی سادەی منداڵی و فیزی گەنجیمە، منداڵییەك لە هەتیوخانە دەچێت و گەنجییەك وەك گۆرە بێ شوێنەوارەکەی باوکم.

من لەو ساتانەدا، لەو حاڵەتی دابڕان و گومبوونەدا حەزناکەم خۆشەویستترین کەسم لە دەرگای ژووره نووستوەکەم بدات و لەو بێ دەنگییەم ڕابچڵەکێنێت. سروەیەك، یان گەڵایەکی سەرگەردان بە شووشەی پەنجەرەکەمدا بکێشێت و تەلەفوونەکە لێبدات، چونکە ئەو کاتانە من لەسەروبەندی کەسانێکی نادیاردام، ئەوانەی لە خەڵکی تر ناچن، تێکەڵن لە گزنگی بەیان و شەفەقی خۆراوا، لە پیلانەکانی یاگۆو خۆشەویستی فەرهاد، لە ناپەسەندی عوتەیل و لێبوردەیی دەیدەموونە، لە ڕەوانی چیخۆف و ئاڵۆزی جۆیس. لەگەڵ کەسانێکدام نیوەیان تارمایی و نیوەکەی تریان تریفەو شەبەنگن، جارێك فریشتەو تاوێك شەیتانێکی پڕ لە منداڵی یان گەورەیەکی شەڕئەنگێزن، هەیانە سۆزانییەکی پڕ لە نوری بەرائەتەو هەیانە خواپەرستێکی درۆزن. ئەزانن ئەو کەسانە زمانیان لە زمانتان ناچێت و ڕەنگیان لە ئێوە ناکات، هەمیشەیش لە گومانی وەستان و هەڵهاتنداندان، منیش وەك سێبەرەکەیان بە دوایانەوەم و جاری وایش هەیە پێشیان دەدەمەوە، ڕاویان دەنێم و دەیانگرم، ئەوان یاخی و سەرەڕۆن، بەڵام لە وەرشەکەی مندا ڕەفتاریان

بیراز دەکرێت تا دەبنە هزرو زمانیان زاخاو دەدرێت تا دەبنە شیعر، وەرشەکەی مـن کارگەی بەرهەمهێنانی بێ دەنگییە، ئاه... ئـەی بـێ دەنگییـە هـەرە دلۆڤانەکـەی رۆحـم، ئـەی ئـەو ئافەریـدە بـێ بۆنـەی لـە هـەموو عـەترەکان پـڕ هەلاڵـەو بـە بەرامەتریت، ئەو ڕەنگەی لە چ ڕەنگێکی دی ناچێت، تۆیت تاریکیەکانی تـەنیایی دەکەیتـە گیـانێکی چـراخان و هەناسـەکانی گۆشـەگیری دەدەیتـە دەسـت زریـانی ئەفراندن و جوانی، تۆ مەلاّسێکیت لە هێوری و نارنجۆکێك لە بروسکەو تیشك.

ئەو کەسانەی من لەگەڵیاندا لە سەرەگێژەی ژوان و تۆران و شەڕو مـاچ دام، هەیانـە کوڕی ڕەسەنی چیایە، گۆبەندی نـاو زریـان و شـەیدای تووڵـە ڕێگاکـانی سەرچڵی و بەرگریە ، هەیانە کچە شازادەیەکی ناو دەریایە، شەوانە لەبەر تریفەدا بـە بەرچـاوی ئەستێرەکانەوە خۆی ڕووت دەکاتەوە، بەدەم شەماڵەوە دەبێتە گەردو بڵاودەبێتـەوە، جارێك سورمەی چاوی پێدەشتەو تاوێك ڕەنگی گـوڵی چـیا دەدزێ و بـۆ سـەر لمـی کەناری ئاودیو دەکات. ئەم کەسە سـەیرانە تـەنیا لـە بـێ دەنگیـدا دەدرەوشـێنەوەو پێدەگەن، یان دەبنە ئەو سروودانەی لە وتنیاندا هەست بە نەمریی خۆمان دەکـەین، یان ئەو ئاوە لیخنانەی دەستیان پێناشۆین.

من لـەنێو ئـەم ڕۆمانسییەتی پـەیڤ و ڕەنگانـەدا هەڵـە نـیم گـەر بڵـێم: هـاوڕێ و خۆشەویستەکانم، ئەی ئەوانەی وادەزانن من تەنیا عاشـقی جـۆرە بادەیـەك و شـێوە گۆرانیـەك و ڕەنگێکـی شـەرابی ڕووتم، وا تێمەگـەن مـن لـەوکاتی بیرازکـردن و زاخاودانەدا هەموو ئەوانەم خۆش دەوێت کە لەو وەرشەیەدا پێدەگەن و بـاڵ دەگـرن، مـان دەگـرن و سەرکێـشی دەکـەن، لـە شـەیتانێکیانەوە بیگـرە تـا بودایـەك، لـە قولەڕەشێکەوە تا زەردو زواڵێك، لە چەنەبازێکەوە تا لاڵێك. ئەوانـە زادەی منێکـی هەرە ماندوون کە نەمتوانیوە هەموو توانـای خۆمیـان پـێ نەبەخـشم، نـەمتوانیوە

تەنیایی خۆمیان پێ ئاوەدان نەکەمەوەو لە بەهایان نەنۆشم، سەرنەکەم بە ماڵی نهێنی و ڕازە دوورەکانی نێو قەڵاو شەپۆلە شێتەکانیاندا، لەگەڵیاندا برسی نەبم و نەترسم، بێ خەو نەبم و لە مەرگ نزیك نەکەومەوە. من لەوکاتانەدا بە تەنیا لەگەڵ ئەواندا دەژیم، بۆیە هەموو دەنگ و نزیك کەوتنەوەیەکتانم لا نامۆیە. هەر جووڵە و سرکەیەکتان بیرم شلوێ دەکات و هێڵە هەرە باریك و ناسکەکانی زەینم دەپسێنێت، لەو خەڵوەتی تەنیاییەدا نە لە قسەتان دەگەم و نە وەڵامی ڕاستتان دەدەمەوە، هەتانە بە خۆی بزانێت یان نا دێت و خەیاڵم لێل دەکات، پاڵەوانەکانم دەتۆرێنێت، پلەی گەرمیم تا سەر سووتانی ئێسکم بەرز دەکاتەوە، بۆیە لەو ساتانەدا ناچارم هاوار بکەم و بقیژێنم، دەرتان بکەم یان خۆم هەڵبێم. پەڕە نووسراوەکانی بەردەمم بدڕێنم و تەنانەت شووشەی پەنجەرەکەیش بشکێنم. ڕەنگە هەندێکجار لە ناوەڕاستاندا دانیشتبم و قسەیش بکەم، بەڵام بڕوا بکەن هەر لەو کاتەدا خەون دەبینم، ڕادەمێنم و لە جێگایەکی ترم، بەنێو تەلان و شاری جوان و گوندی وێراندا هەنگاوی پڕ لە گومان دەنێم، گومان لە جوانی و لە وێرانە، لە خۆم و لە ئێوە، لە زمانی هەرزەو دڵی خامۆشتان. دەڕۆم و دەپرسم و زۆرجار ناگەمە هیچ، دۆستایەتی لەگەڵ عاشقە ڕووتەو لاوی نائومێدا دەبەستم، دەبمە هاوڕێی کچی قەیرەو ناشیرینترین کوڕی دنیا، هەستی هاوبەش من و ئەوان بەیەکەوە گرێ دەدا، کەچی لەناو دانیشتن و ئاپۆرەی ئێوەدا تەنیام، هەست بە نامۆییەکی قووڵ دەکەم، عاشقی ئاگری ناو ئەو کتێبانەم کە بەردەوام پاشماوەکانی بیری دوێنێم دەسوتێنن، لە گوماندا ڕام دەگرن و بەپێچەوانەی ئێوەوە لەگەڵما دەپەیڤن، لە باتی پێکەنین دەمگرێنن و شەڕی قێزەونترین قەناعەت و ناچیزەترین دەسەڵاتم پێ دەکەن. وەك ئێوە نین، دژی دەستەمۆبوون و ڕاهاتنن، خەونی وڵاتێکم پێ دەبینن

کە لێوان لێـوە لـە خـەیاڵ و خۆشەویـستی، دوورە لـە فرمێـسکی قوربـانی و بـزەی جەلاد، وڵاتێکە من دروستی دەکەم و ئێوە بەدەستان بێت دەیڕوخێنن.

خۆشەویـستان، تکاتـان لـێ دەکـەم کـە هاتنـە سـەردانی ماڵەکـەم بـە منـاڵ و هاوسەرەکەم مەڵێن چۆن دەتوانن لەگەڵ مرۆڤێکی وادا بژین کەلە وەرزەکاندا پـایزی زۆر خۆش دەوێت، لە دارستانیشدا ئەو دار لاولاوە تەنیایەی پرچی بـە سـەر شـانی کەندێکەوە داداوە و، تەنیا لەگەڵ بـێ دەنگیـشدا لـە چرپەدایە. تکایـە ئـەوانم بـە دنیاو ئارەزوە تایبەتیەکانی خۆتان لێ مەتۆرێنن. من ناتوانم باوکێکی ئاسـایی وەك ئێوەبم، نە پەنجەم شارەزای دارتاشی و بزمـار داکوتینـەو نـە هـزرم لـە دامـەزرانـدنی کارەبادا کاردەکات. سەرم لە بۆری شکاو دەرناچێت و باسکم لە ملی سـتێرندا بـێ گیـان دەبێـت، کەچی لـە نائومیدیـدا چـاوم فرمێـسکی ورە دەبارێنێـت و دەنگـم گۆرانی سەرکەوتن دەڵێت ، ئەوەی بە هەموو کەس ناکرێت.

ئێوەش هاوڕێ و کەسەکانی هەمیشەیی ماڵـەوەم، ئەوەنـدەم بـە چـاودا مـەدەن کـە نەخۆم لە کارتان دەگەیەنم و نە لـە تـامی قەناعـەتێکی خاکیانـەیش دەبێـزرێم، نـە دەزانم ناوبازاڕتان بۆ تالآن بکەم و نە دیارییەکی بەدڵی خۆتان بۆ بکـرم. ئـیتر ئەمـە منم، منی ئێستا، بەهەموو ئەو تەمەن و ڕابردووەوە کە کۆڵێکی گران بـوون و تـا ئێرەم بەکێش کردوون، تاشەبەردێك سەرم خستوەو هێناومەتەوە خوارێ و زانیومـە کۆتاییــەکی بــێ مانایــشە، بــەڵام وەك فروغــی شــاعیر دەڵێــت ژیــانم بەهــەموو ناشــیرینییەکیەوە خــۆش دەوێــت، چــونکە خۆشەویــستی تیایــەو ،ژیــانیش بــێ خۆشەویـستی وشـەیەکی بـێ مانایـە. خـۆ ئەگـەر تەمـەن وەك سـەعات میلـی گێڕانەوەی هەبوایە بەپەلە پێچێکی خێرام پێ دەداو بۆ خۆم لەسەر سێ شت میقـاتم دەکرد: بێ دەنگی، تـەنیایی، ژیـان لەگـەڵ تارمـایی و کەسـە نادیارەکانـدا. ئەمـە

خەونی بە پاشابوونی من و لە ئامێزگرتنی جوانییەکانی دنیایە. ئاواتی کەسێکە بێجگە لە ژوورێك و سروشتێك و دارستانێك، لە کتێب و قەڵەم و پەڕە کاغەز هیچ خەمێکی ئەم گەردوونەی بۆ نەماوەتەوە. ئەمە خەونی ملیۆنێرێکی بێ قاسەو گیرفان و ئیمپراتۆرێکی بێ وڵات و نەخشەیە.

لەنێوان دێڕەکانی ئەم بانگەوازو دانپیانانەدا بەوانەیش دەڵێم کە هێشتا تامی ئەم جۆرە ژیانەیان نەچەشتووە، ئەگەر بە تەمان لە ئایندەدا ساردیی لەشیان لە بە هاوسەریکردنی هونەرمەندو نووسەرێکدا گەرم بکەنەوە، هەر لە ئێستاوە دەستی نائومێدی لەژێر سەریاندا دابنێن. ئەگەر خەیاڵیان لایماڵێکی ڕازاوەو دنیای پڕ لە گەشت و پیاسەی سەر ئۆقیانووس و تاڤگە ناودارەکانی دنیایە، ئەوا پشت بەم جۆرە هاوسەرە نەبەستن، چونکە شاعیرو هونەرمەند پێش ئێوە مارەی خۆیان لە شۆخترین چیرۆك و بەلەزترین ڕۆمان و دلۆڤانترین تابلۆ و ئاواز بڕیوە. شەوانە هەر ئەو کاتەی لە پاڵتاندان ئاهەنگی دەیان خیانەتی جوان و سەدان ژوانی حەرام سازدەکەن. گەڕیدەی شەوو ڕۆژی ناو کۆڵان و شەقامی جیهانن. لەبەردەم هەر جوانییەکا کڕنووش دەبەن و کۆ لە تابۆکان ناکەنەوە. ئەو دەستانەی ئێوە بە پاکیزەو مولکی خۆتانی دەزانن دەستی گەردنی دەیان لووتکەی پڕ لە غرورو درەختی ڕووت و فریشتەی نێو خەیاڵی خۆیانن. ئەوان بە ڕووتی چاوی خەڵکی لە خۆیان توورە دەکەن، لە کەنار ڕووبارەکاندا شل دەبن و خۆیان دەبەخشنە ئارەزووە نەفرەتلێکراوەکانی شەپۆل. هەر لە پاڵتاندا، لەسەر دەستی گوڵئەستێرەو پەپوولەو گڤەی باو خوڕەی باراندا خۆیان لە حەرامترین پیاوو سۆزانیترین ژن مارە دەکەن.

خۆ ئەگەر گوێی نەبیستنتان بە کۆپلەیەك شیعرو کورتیلە چیرۆکێك خەڵەتاوە، دەبێت بڕیار بدەن بین بەوان. بڕیاری نەگەڕانەوەی شیر بۆ ناو مەمك و تیری دەرچوو

بۆ لای کەوان، ئەگینا چرای پێکەوە هەڵکردنتان زوو دەکوژێتەوەو خۆشی ڕوانینی ئەودیو پەنجەرەتان پێنابڕێت، چونکە تۆی مرۆڤی ئاسایی شەیدای دەنگ و ژاوەژاویت و ماڵی نووسەریش تەنیا بیٚ دەنگی لیٚ میوانە، تەنیا خەیاڵێك سەر بە ژوورەکانیدا دەکات کە بە کزەبایەکی نەرم قژی خاوی دەئاڵۆزێت و ڕێگای کرانەوەی گرێکانی بزر دەبن. (مارسیل برۆست) کە دەینوسی کون و کەلەبەرو بۆشایی ژێر دەرگاو درزی پەنجەرەکانی دەئاخنی تا گوێی لە جریوەی چۆلەکەو دەنگی با نەبێت، بۆیە تا ئێستایش دەستی داهێنانی (گەڕان بە دوای زەمانی لە دەست چوو) دای لە قژی پەلکەزێڕینە درێژترە.

تکایە بووکی بیٚ دەنگی لە ماڵی نووسەر مەتۆرێنن نەك تارا سپیەکەی بەری ببێتە بەرگی پرسە، داوای بازاڕی لیٚ مەکەن با ڕێگای چوون و هاتنەوەی ئەفراندنی لیٚ ون نەبێت، لە گیرفانە خاڵیەکەی دردۆنگ مەبن، چونکە هەمیشە چەند پسپۆڕێك دراوی قەناعەتی تیا چاپ دەکەن و قەناعەتیش لە دۆلارو یۆرۆ بەنرخترە.

تکایە هاوڕێکەم، هاوسەرەکەم، کە هاتیتە لام، بە بیٚ دەنگی وەرە ژووریٚ و بەئەسپایی لەدوای خۆتەوە دەرگاکە پێوە بدە، چونکە ئەو کەسە نادیارانەی بوونەتە هاودەمم کە شانیان لە ترپەیەك بکەوێت لەجێگای خۆیاندا دەتوێنەوەو منیش دەستی باوکەڕۆی ناوەوەی خۆم تا لای ئەستێرەیەك هەڵدەبڕم، ئەگەر بۆشتان دەکرێت لەگەڵ بیٚ دەنگیدا لە ژوورێکدا تا ساڵێك دەرگام لیٚ دابخەن. من بیٚ گومانم کە کچە ڕۆمانێکی چاو شووشەیی و کاکۆڵ سپیمان دەبێت و ئەوسا پێکەوە ناوی لێدەنێین (بیٚ دەنگی).

٢٠٠٢/٧/٢٦

# نامەیەكی نائاسایی بۆ كەسێكی ئاسایی

ڕۆژێك هەردێت من و تۆ یەكدی ببینینەوە. دەشێت لە شارێكی ئاپوورەی پڕ لە پارك و مۆزە و ڕیستورانتا بێت، یان لە گوندێكی تەریكی بناری چیایەكدا كە خودی (ڕێكەوت)یش لە بەرانبەرماندا چاوی سەرسام بوون هەڵبگلۆفێت، ڕەنگە لە شەوێكی هێند بەلێزمەو زریاناویابێت كە كەس پرکێشی ئەوەنەكات سەر لە ژوورەوە بێنێتە دەرێ تا دەرگای حەوشەكەیان داخات. یان لەپێچی كۆڵانێكدا كە بەدزییەوە ئاوڕ لەیەكدی بدەینەوە و وابزانین ئەمە دوا ماڵئاوایی لە شارو دوانیگای خۆمانە. كێ چوزانێت!!

من هەمیشە بەو خەونانە دەژیم كە بۆنی خەیاڵی منداڵیان لێدێت. خۆم بە گەشتیاری ئەو دوورگە چەپەك و چۆڵانە دەزانم كە شێتێك لە خۆوە ناویان لێدەنێت، منیش چۆنم بوێت، بەتەنیا، یان لەگەڵ ئەو كەسە دەگمەنانەدا كە هەڵیان دەبژێرم، بەناویاندا پیاسەدەكەم. بۆ تاقەشەوێك مانەوە، هەرە ئەفسوناویەكەیان هەڵدەبژێرم، لەگەڵ كچە خەونێكدا كە بۆ یەكەمین جارە لەوێ دەیبینم وپڕم دەكات لە ئارەزوویەكی پیرۆز تا بەرەبەیان بێجگە لە هەڵگێڕ و داگێڕی وشە ڕەنگاڵەییەكان هیچی تر ناكەین، دەپەیڤین و خەونەكانمان دەخەینە سەر لەپی یەكدی، لەگەڵ گزنگی بەیانیشدا هەریەكەمان دەكەوێتەوە سەر ڕێگا وێڵەكەی خۆی (ڕەنگە لەبەر ئەم جۆرە خەیاڵانەبێت كە تائێستا خەونێكم نەهاتۆتە دی، ئەگەرچی بۆ من تامی ماچە خەیاڵییەكان لە واقیعەكان خۆشترن). لەوانەیە من و تۆ لە یەكێك لەو

دوورگانەدا یەکتر ببینینەوە، یان لەبەردەرگای شارێکدا کە بۆنی مەرگ و خوێنی لێ بێت و شەڕکەرەکان بەردەوام زەنگی دۆزەخیمان بۆ لێبدەن، بێگومانم تۆ لەو شوێنانەیشدا، هەر بەلووت بەرزیەکەی جارانتەوە پێم دەڵێیت:" ها... کوڕە مەست و وێڵ گەردەکەی ناوچیا، بەم مۆمەکزەی دەستتەوە دەتەوێت چ دنیایەکی تاریک ڕووناك بکەیتەوە؟ لە ناو کامە ئاگرداندا چ میوەیەك بدۆزێتەوە تا گازی لێبگرێت؟ دڵداری لەگەڵ کام ئەستێرەی ناو تەمتومانـدا بکەیت؟ لەم دنیا سامناکەدا چۆن دەتوانیت قومێك شەرابی دڵنیایی هەڵدەیت! چۆن دەتوانیت لەگەڵ تریفەیەکدا ئاوێزان بیت کە بەسنگی ڕووتەوە خۆت و لووتکەکانت داگیردەکات!" من دەزانم تۆ ئەوسایش ناهێڵیت لاپەڕەیەکی گەرمی هەستە حەرامەکانت هەڵدەمەوە و وشەکانی بخەمە ناو گلێنەمەوە، ناهێڵیت لێوم بەو شیرینیەت تەڕبکەم کە تك تك ئارەزوویان لێ دەتکێت. دەزانیت بۆ؟ چونکە تۆ هەرحەزت بەوەیە خەونت پێوە ببینم، یان ئەمەندە لە ناسکی خۆت بێگومانیت وا دەزانیت بێجگە لە خەون هەرشتێکی دی دەتشکێنێت. بەڵام ڕاستیەکە ئەوەیە کە تۆ بەرۆحێك دەژیت بۆنی لەشی بزۆزتی گرتوە. لەشێك تاقە خەونی ئەوەبوو ببێت بە کۆیلە، لە ژێردەستی گەورەیەکدا، هەر گەورەیەك بێت، پەلوپۆی سست و بێ دەستەڵاتانەی خۆی ڕابکێشێت، تەنیا بۆ ئەوەی بەرهەمێکت لێبکەوێتەوە کە دەگمەنیەکانت دەکات بەژێر باری ئاسایی خۆت و باوی خەڵکەوە. بەڵێ، تۆ ویستت کتێبێك بیت بەلاپەڕەی سپیەوە بڕۆیتە ئاستانەی یەکەم خوێنەرت، ئاخر ئەوە چ ئارەزوویەکی سادیانەیە ئازیز! نهێنی کتێبی جوان لە خوێندنەوەی زۆریایەتی، وەك دەڵێن ناوازەترین کتێبی دنیا ئەوەیە کە بەرگی پیوەنەماوە و لاپەڕەکانی یەکەم و کۆتاییشیان دڕاوە. من یەکێك بووم لەو خوێنەرە شەیدایانەت کە بۆ دواجار

نەمتوانی دێڕێکت لێ بخوێنمەوە، نەك لەبەر مانای ئالۆز و پەیڤی گران و بیابانی بێ نوختەت، بەڵکو لەبەرئەوەی کە خۆم توانای خوێندنەوەی کاغەزی سپیم نیە.
من عاشقی ئەو کتێبانەم چرایەك لە دڵی تاریکیدا هەڵدەکەن، دێڕەکانی دەبنە ئەزموونی دۆزینەوەو زانین، گۆرانیی ئەو دەنگانەیش کە لە نێو بەستەڵەکی ڕێبەنداندا گەرمای ڕەزبەرت پێ دەبەخشن و خوێنت بە جۆش دێنن.
دەڵێن خۆشیی عەشق لە نەدرکاندنیایەتی، زۆربەی تەمەنی من بەم حیکمەتە گەوجانەیە خەڵەتاوە و تائێستایش فانتازیای شەوانی تەنیاییمە. لەڕاستیدا ئەو کەسانە گرەویان بردۆتەوە کە بەیەکەم پرسیار ئاگریان لە شەرمی بەرانبەرەکەیان بەرداوە و بەئاسانی چوونەتە ئامێزی یەکترەوە، ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان تۆ پرسیارێکی وات لە من کردبێت، یان ڕازێکت درکاندبێت، بەڵام من لەوە گێلتربووبم سەری ئەو حیکمەتە گەمژانەیەم بۆ درکەیەکی تۆ دابنەوێنم، یان بەهەموو ئەزموونە دۆڕاوەکانمەوە تەنیا خۆشەویستی لە نهێنی چاودابینم نەك لەبەیەك گەیشتنی لێودا، لە ئاماژەیەکدا کە خۆمی پێ تەفرەبدەم، نەك لە درکەیەکدا کەسەر و دەستمی تیاون بێت و ئەژنۆمی تیابشکێت. لەگەڵ هەمووئەمانەیشدا من زۆر بڕوام بەڕێکەوتە و چ گومانم لەوەنیە ئەوەی (هەرکەسێك و هەرشتێك بێت) کە نەی هێشت من و تۆ بەیەك بگەین، ڕۆژێك دێت خۆی پێکمان دەگەیەنێتەوە. پەنجەی بزۆکی تۆو شەرمنی من لەیەکتر هەڵدەپێکێت و بەگەرمیەك ڕامان دێنێت کە شەرم لە ئارەقەی نێوچاوانمان نەکەین.
نازانم چیرۆکی ئەو عاشقانەت بیستوە کە دوای چەند ساڵ لێك دابڕان ڕێکەوتێکی نائاسایی پێکی گەیاندوونەتەوە و بە حەسرەتەوە هەواڵی شەکەتی خۆیان بۆیەك گێڕاوەتەوە؟ ئەوە چیرۆکی دووکەس نیە بەتەنیا کەسەری خۆیان بەرەو تاراوگەو

توونـاوتوونــەکانی ئــەم گەردوونــە هــەڵگرتبێت، بــەڵکو و ســەفەری گــشت ئــەو عاشقانەیە کە ڕەگی تەنیاییان لە بوونی خۆیانـدا داکوتیـوە و نـاتوانن وەك کەسـانی تر بژین، بخۆن و بخۆنەوە، تەنیایی ئێستای من لـە بێتۆییـدا نیـە، بـەڵکوو لـە تـۆ و کەسـانێکدایە کـە بـوون بـەخۆم، خـۆم، لـەناو گەردیلـەو توخمـە هـەرە وردیلـەکانی جەستەمدا بووە بەڕووناکی بۆ ڕۆحێکی تەریك، بەڵام ئازاد. ئـەوە ڕۆحـی پاشـایەکە لەگەدایەکدا، یان ڕۆحی هەڵۆیەکە لە کۆترێکدا.

من ئێستا لەو تەنیاییەدا لە ماسی ناو گۆماوێك دەچم، ماسـیەك خـەونی گـەورەی ناو دەریـای قـووڵ و بـن کاچی مـەزنی نـەماوە، تـەنیا چۆمێکی گەرەکـە کـە بـە ئاسوودەیی هەناسەی تیابدات و لە شـوێنێکی چـەپەکیدا و لەگـەڵ هاوڕەگەزێکیـدا سەری سکاڵایان پێکەوەبنێن. ئەو خەون بە شەڕی تاڤگە و شەپۆلی سەخت بڕینـەوە نابینێت تا بگاتەوە هـەواری کـۆن و زادگاکـەی. خـەمی ئەوەیـشی نیـە ڕووبـەڕووی قرشێك یان نەهەنگێك بێتەوە، تازە ترس بۆ ئـەو قـەدەری ئـەو گۆماوەیـە کەوشـك نەکات. من وەك ئەو ماسیە بە چۆڕێك ئاوی نووسین دەژیم، نووسـین و چـیترنا. لـەم دنیا تاریك و پڕلەزامەدا، لەم ژیانەدا کە بە قاچە شەلەکانیەوە ناتوانێت هـەنگاوێك بەرەو جوانترکردنی خۆی بنێـت، ئەگـەر نووسـین نـەبێت دەمـرم. تـەنیایی دەمکاتـە داهـۆڵێکی دڵ پـڕ لـە پـووش و پـەڵاش و ئەگریجەیـەکی هەمیـشە ژاکـاو. دەبم بـەو ئارەقەی دەرژێتە سەرزەویەکی خۆڵ و ئیتر بەکەس کۆناکرێتەوە. بـەڵێ، ئـازیز، مـن و تـۆ ئەوەنـدە لەیـەك دوورکەوتووینەتـەوە، نـەدەنگمان پێـك دەگـات و نـەغروری کـەسمان سـادەبوونەوەی ڕۆحـی خـۆی قبووڵـە. وەلێ لـەبیرت نەچـێت هــەموو دووریـەکیش تـام و درەوشـانەوەی خـۆی هەیـە، تـا بڕۆیـت و سـەری سـەرگەردانیت نەگێڕیتەوە دواوە، دنیای جوانتر دەبینیت و خەونت گەورەتر دەبن. ئەوەی کە جـاران

تەنیا بەوێنا تابلۆکەیت دەکێشا، یان لەوە بچووکتر دەبێتەوە کە بیری لێبکەیتەوە یان سەردەکێشێتە ناو هەوری ئەندێشەکانت و دەبێتە لووتکەیەك کە هەمیشە چاوی دڵخوازانەی خۆتی تێ بڕیت. گەڕان قەڵەمێکت دەداتێ بۆ نووسینی مانیفێستی نائۆمێدیەکانت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەسخەرەیەك کە تیایدا هەڵسوکەوت دەکەیت و لەمانای تێناگەیت، یان هەرخۆی لە ئەسڵا بێمانایە.

دەڵێن دەفری شکاو لە دەفری بریندار بەختەوەرترە، کەسێکی مردوویش لە کەسێکی هەمیشە خەواڵوو چاکترە، من ئێستا تامەزرۆی ئەو زامانەم کە تاسەر ئێسك تامی خۆشەویستیەکی نائومێدانەم پێدەچێژن، تەواو وەك ئەو شۆڕشگێڕانەی بە ئومێدەوە چەپڵەی سەرکەوتن بۆ شەهیدبوونی خۆیان لێ دەدەن. دەزانم ژانی زامەکانم لەتێری کامە پەنجەو لەکامە هەناسەی تۆڵەوەدێت. لەوانەیە لە ڕەنگی ئەو گوڵاڵە سوورەیەوە بێت کە دەیدەیت لە پەلکەکانت و خوێنی دەمارە پچڕاوەکانی تەمەنی خۆمم پێدەهێنیتەوە یاد. یان لە پڵپڵەی گوارەکانتەوە کە تەنیا بۆ مەراق ڕۆحی خۆمم پێڕادەژەنێت، بەڵام لەبیرت نەچێت کە ڕێکەوت وەك چۆن بەیەکی ئاشناکردین و جیای کردینەوە، هەر ئاوایش جارێکی تر بەرانبەریەکمان ڕادەگرێت، چۆن: سەر لە ئێوارەیەك، لە خۆرنشیندا، لەو کۆڵانە تەنگەبەرەی پشت ماڵتانەوە کە —کوچەی عاشقان-ی پێدەڵێن و من هێشتا نەمدیوە، دێم و سڵاوێکت لێدەکەم، باوەشێك دیاریی بێ هوودەییم پێیە کە لەم ساڵانەی دووری تۆدا کۆم کردوونەتەوە و هەموو ڕۆژەکانی هەفتەت بۆ دەکات بە سروودی منداڵی، سروودی:"خوایە وەتن ئاواکەیت" و "کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە"، دیاریەکەم بە ئاستەم دادەنێم نەکا شەرمی ئیلتزامە ئەمبارەپۆکەی ئێستات بیانگرێت. تاقەدار هەناری حەوشەکەتان لێدەگرم بەشایەت کە هێشتا نەمدیوە، بۆ

ئەوەی لەمە زیاتر زوڵم و ستەم کاریەکانت نەکەیتە هەناسەی هەر چوار وەرزی ساڵم، سێبەرەکەیشت هان دەدەم هەواڵی گشت مانگەشەوەکانی خۆتم بەوردی پێ بگەیەنێت. ئیتر ئەمە دوا ڕازی عاشقانەی منەو ئاشکرایان دەکەم، هەموویان بەدەنگی بەرزدەڵێم. لەوانەیە دوای ئەم ڕێکەوتە ئەفسووناویە وەك گزنگێك بەدەم لووتکەیەکەوە پێبکەین، یان فرمێسك بۆ ڕۆژانێك ببارێنین کە وەك منداڵ هیچیان لێوە فێرنەبووین بێجگەلەم سادەییەی ئێستامان، هەرکامێکیان بێت ئەوە بۆ من چیرۆکێکی زۆرکورتەو بەسەر شەپۆلی ڕووبارێکەوە نووسراوە، بێدەنگ و ڕەنگ، هێدی هێدی، وەك ئەو شەماڵە فێنکەی ناتوانیت بینووسیتەوە، دەڕوات و گەشتی هەموو سەرئاو و قووڵاییەکان دەکات، کە دەگەڕێتەوە لەو دوورگە تەریکەدا لادەدا، ئێمە تەنیا هەردووکمانین و ئەو دەبێتە سێیەممان، بەڵام ڕەنگ و ڕووی گۆڕاوە و لەو چیرۆکە زۆرکورتەوە بوە بە شیعرێکی درێژ.

مایسی ٢٠٠٧

# با ئێمەش جارێك سواری فڕۆكە ببین

لێپرسراوێكی سیاسی لای خۆمان، لە گەڕانەوەی سەفەرێكی دەرەوەی كوردستانیدا باسی هاوڕێیەكی شاعیری بۆ كردم كە لەوێ دەرفەتی سەفەرێكی ئەدەبی لە وڵاتێكی تردا بۆ هەڵكەوتووە، بەڵام لە ترسی سواربوونی فڕۆكە داوەتەكەی ڕەتكردۆتەوەو بۆ وڵاتەكە نەچووە.

مـن لەسـەر قـسەی لێپرسـراوەكە بەرانبـەر بـەو هاوڕێیـە چ پـەراوێزێكم نییـە — هەرچەندە دەزانم شاعیرەكەی هاوڕێم پێشتر بە فڕۆكە زۆر لە وڵاتانی ئەوروپا گـەڕاوە و چەندین سەعات بەسەر ئۆقیانووسی ئەتڵەسییەوە ڕووی لـە وڵاتـی هەمـەنگوای و لنكۆڵن كردووە-، بەڵام وەك باسی دەكەن خودی سواربوونی فڕۆكە (بۆ مـن نـا كـە هەرگیز پێم تێی نەكەوتووەو لە ترسەكەی بەدگومانم) لـە دڵـەڕاوكێ و بـێ ئـۆقرەیی خاڵی نییە، چونكە وەك ئەوەی من لە نووسیندا خوێندومەتەوە لە كـاتی هەسـتانی فڕۆكـەدا نـەك هـەر سەرنـشین تەنانـەت فڕۆكـەوانیش نیـشانەی خـاچ دەكێـشێ و موسـڵمانەكانیش ئایـەتی چـاوەزار دەخـوێنن. نـازانم لـەم سـەرو بەنـدەدا ئـەو سەرنشینانەی وەك من بیردەكەنەوە دەكەونـە ڕامـان وچـوونە نـاو دنیـای تایبـەتی و ڕۆحی خۆیانەوە؟ یان ستایشی زانست دەكـەن؟ یـان بـیر لـەوە دەكەنـەوە بڵێـی ئـەو كچەی لەناو فڕۆكەكەدا میوانداریان دەكات چەندە جوان بێت!

(بیكاسۆ) دەڵێت:"من لە مردن ناترسم، بەڵام لـە فڕۆكـە دەترسـم." سـەیر ئەوەیـە هەموو ترسێك لەتاو لەدەستدانی گیانە، كەچـی ئـەو حاڵەتـە سـایكۆلۆژیە زۆرجـار

لەسەر بنەمایەك كۆنترۆڵ ناكرێت و دەشێت ئـەو كەسـە لـە شـوێنی تـردا زۆر ئـازاو بوێر بێت، ئەگینا نـە مـشكێك و نـە كوللەيـەك و نـە مارمێلكەيـەك كـە هەنـدێك كەس زۆريان لێدەترسن بـە ئەنـدازەی ئـەو دڕكـە كاريگـەر نييـە كـە (مـاركيز) لـە چيرۆكی (پەڵە خوێنە كانی سەربەفر) يدا تازە بووكێكی پێ دەمرێنێت.

بيكاسۆ وا دەڵێت، كەچی نووسەرانێكی وەك (ئەنـدرێ مـالرۆو سـانت ئـەكزوبيری و جورج ئەمادۆ) شەيدای گـەڕانی نـاو ئەسـتێرەو شـەڕی دەسـتەويەخەی ئـەو هـەورە ڕەشانەن كە دزی لە خۆر دەكەن.

لـە سـەرەتای سـالآنی پـەنجادا كـە بـە پاسـی تەختـە هاتوچـۆی نێـوان سـلێمانی و كـەركوكمان دەكـرد، كۆڵەكـە دارەكـانی سەرشـەقام‌وكۆڵانەكانی چەمـچەماڵمان بـە خۆيـان و فانۆسـە هەڵواسـراوەكانەوە دەژمـارد كـە شـەوانە دايـان دەگيرسـاندن، لـە يەكێك لەو جارانەداو لە گەڕانەوەماندا ژنێك لەناو پاسەكەدا چەند پارچە پەڕۆيـەكی دەرهێناو بە ژنێكی تری وت چـاوی ببەسـتێتەوە. ژنەكـە وەك تـازە پـۆليس بێـت و بيەوێت زوو فەرمانەكە بەجێ بێنێت چاوی بەستەوە. گەورەكان لەيەكتريان ڕوانـی و ئێمەی منداڵيش سەرمان سوڕما، كە لە ژنەيان پرسـی وتـی سـەری گێـژدەخوات و دەڕشێتەوە، بـەڵام كـە چـاوی بەسـترايەوە هێوردەبێتـەوە. نـەنكم پێـی وت:" پـێش ئـەوەی سـواری ئۆتۆمبيـل بيـت ماوەيـەك بـۆن بـە بەنزينـەوە بكـەو وەك جـارانی منداڵيش بكەوەرە باوەخولێ.)

ژنەكە وتی:" هەردووكيانم كردوە، ئەمەندەم باوەخولێ كرد كـەوتم و لايـەكی سـەرم قرنجا. شۆفێرەكە وتی: بە سواری گوێدرێـژيش وايـت؟ ژنـە وتـی :دە سـەعات پێـی بڕۆم بە خەياڵما نايەت. شۆفێرەكە وتی: كەواتە ئەو باجيـە ڕاسـت دەكـات، لووتـت

بەو بۆنە ڕاهاتووە، تکایە بۆ لەمەودوا هەوڵبدە هەر بەو هاتوچۆ بکەیتو ئەم بۆنو پیسیە مەخەرە ئۆتۆمبیلەکانمانەوە."

بەهەرحاڵ پێدەچێت ترسی ئۆتۆمبیل لە فرۆکە زۆر کەمتربێت و، زیانەکەیش نەکەوتنە ناو جەنگەڵستانی ئەفریقاو نە بەپاروی چەوری نەهەنگەکانی ئۆقیانوسی بێت.

ساڵی (١٩٥٩) تیپێکی تۆپی پێی جەزائیر بۆ یاریکردن هاتنە سلێمانی. یاریەکە کەوتە ڕۆژێکی باران و تۆفەوە، یادیان بەخێر مامۆستا(قالەڕەشی )گۆڵچی بوو، مامۆستا (قادر خەلیل )داوەرو مامۆستای شەهید (یاسین حەمەساڵح)ی جوانەمەرگ لە یاریزانە دیارەکان بوو. پێش دەستپێکردن تیپەکە ئاڵای جەزائیری بەرزکردەوەو بە دەم چەپڵەی گەرمی بینەرانەوە ئەم سەرو ئەو سەری گۆڕەپانەکەیان کرد. جەزائیر حەوت گۆڵی کردو داوەریش بۆ گۆڵی شەرەف پەنارتییەکی بۆ سلێمانی ڕەخساند کە گۆڵچییەکە خۆی بۆ تێك نەدا. ئەو یاریە هەمووەمانی سەراسیمە کرد. یەکەمجار بوو هونەری دابەشکردن و هێرش و گەڕانەوەی گشتی بەو جۆرەلەیاریدا ببینین. من خۆم وام هەست دەکرد تەنیا تیپێك لە گۆڕەپانەکەدایە، چونکە هەڵبژاردەی سلێمانی دەرنەدەکەوت و تا ڕادەیەك وەك ئێمە بینەر بوو. یەکەم جار بوو چاومان لە شووتی بەرزو درێژ ببڕێت و گوێمان لە هاوارو شەڕە جوێنی بێنەوبەردەی پاس نەدان و گۆڵ نەکردن بێت. هەرچۆنێ بوو یاریەکەی جەزائیر تا ماوەیەکی زۆر ئێمەی مەستی هونەر کردو تۆپی لا خۆشەویستر کردین. زانیمان لە دەرەوەی ئێمەدا یاری جوان و خەڵکی جوان و هونەری جوانتر هەیە.

کە تیپەکە گەڕایەوە، دوای ماوەیەك بیستمان هەموویان لە فرۆکە کەوتوونەتە خوارێ و گیانیان لە دەست داوە. تا ماوەیەك من وێنەی یاریکەرەکانم لەناو

یاریگاکەوە دەگوێزایەوە بۆ شوێنی سووتانەکەیان و، ئەو فڕۆکەیەی لە باتی ماڵ بۆیان بووبوو بە دۆزەخ. لەبەرئەوە بۆیەکەمجار نەفرەتم لە فڕۆکە کرد. حەزم گەڕایەوە لای ئەو پاسە تەختەیەی بزماری سەر کورسی دانیشتنەکانی لە پڕا هەڵدەتۆقێن و لەشیان بریندار دەکردین ، نرکەو هەراو زەنای هەوراز بڕینی بێ هەندل و بێ دابەزینی هەمووومان سەری نەدەگرت.

ئێستایش کە سلێمانی لە شارێکی هێورو ئاسوودەوە بووەتە گەڕاجێکی گەورە بۆ هەموو ئۆتۆمبیلێکی کڕاوو دزراو، تا دەگەیتە شوێنی مەبەست ئەوەندە ئارەقەی وەستان و لادان و سەرپێچی دەردەدەیت هەزار خۆزگە بە عەرەبانە دوو ئەسپییەکەی کاکە حەمە (حەمە زلە)ی گەڕەکی خۆمان دەخوازیت کە بە سێ فلس لە چوارباخەوە بە هەموو کۆڵان و شەقامی ناوشاردا بێ وەستان و لادان تا پیرمەسورو تاقە خەستەخانەکەی شاری دەبردین، کە کرێکەیشت دەدایە وەك سەربازێك مۆڵەتی چەند ڕۆژێکی وەرگرتبێت و بگەڕێتەوە لای تازە بووکەکەی و سڵاو بۆ فەرماندەکەی بکات، ئەویش وا دەستی پێزانینی دەخستە سەرچاوی و بە دەم گەڕانەوەوە قامچییەکەی چەند جارێك حەواڵەی ئەو منداڵە چەتوونانە دەکرد کە لە دواوە خۆیانیان پیاهەڵدەواسی. ئەمە کە من دەیڵێم خۆزگەی ئەو شەشاڵانەیە کە تەکنەلۆژیا کونی هەناسەکانی بڕیون و تۆ لە بەردەم جوانی و ناشیرینییەکانیدا سەرسام و حەیرانیت. باشتریشە بگەڕێینەوە سەر دەستکەوتە گەورەکانی کە زۆرگیانی جوان پێك دەگەیەنێت و ڕێگا هەرە دوورەکان نزیك و کارە قورسەکان ئاسان دەکات.

(گارسیا مارکیز) لە وتارێکیدا کە ئیلهامی ئەم نووسینەی دامێ دەڵێت:"سوێندم خوارد سواری فڕۆکە نەبم، تا دە ساڵ سوێندەکەم نەشکاند، ئەگەرچی من

قـەرزاربارى فڕۆكـەم، چـونكە هـەموو دنيـاى پێگـەڕاوم و شـوێنە هـەرە دوورەكـانم بـەهۆى ئـەوەوە بينيـوە" كەچـى (نـەجيب مـەحفوز)ى ڕۆمـان نـووس لـە ترسـى سـواربوونى فڕۆكـە خـۆى نەچـوو بـۆ سـتۆكهۆڵم بـۆ وەرگرتنـى خـەڵاتى نۆبلەكـەى (محەمـەد عەبـدولوەهاب)ى هونەرمەنـديش بـە ئەنـدازەى خۆشەويـستييەكەى بـۆ مۆسيقا ڕقى لە فڕۆكە بوو.

ئەوانـەى تـا ئێـستا سـوارى فڕۆكەنـەبوون - ديـارە گـەلێك لـەو نووسـەرو شـاعيرو هونەرمەنـدە كوردانـە دەگرێتـەوە، كـە نـەك لـە ترسـى سـواربوون، بـەڵكو لـەتاو نەگەڕانەوەى ناو وڵات و تامى دۆلارو تەمەڵى كە زۆرێكى ديلكردووە، ئەمان لـەناو جەنگەى تاريكى و زەحمەتەوە تامێكى خۆشتريان چەشتوەو نايانـەوێت لـە دەسـتى بـدەن - پێويـستە هـەر بـۆ ئـەزموونى خۆيـان و دەوڵەمەنـدكردنى بەرهـەميان سواربوونى فڕۆكە تـاقى بكەنـەوەو بزانن بـە ڕاسـتى دەترسـن يـان نـا؟ خـۆ ئەگـەر ترسان، ئەوا ئەوجۆرە لێپرسراوانە هەقيانە بڵێن:" ئێـوە بـۆ پاسـى تەختـە چـاكن و ئێمەيش بۆ گەڕانى ناو ئەستێرەكان"...

تەموزى ٢٠٠٣

# ئەدەب و سیاسەت و... ئۆرهان پاموك وەك نموونە

دەرچوون لە نەریتی باوو ئەو ئاکار و سیستمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی دەیەوێت مرۆڤ لە سەردەمەکەی خۆی دابڕێت و بیکاتە کۆیلەی ترادسیۆنەکانی، کارێکە تەنیا هزری هاوچەرخانە دەتوانێت بێ سڵکردنەوە و ڕاڕایی لە ڕێگای شیکردنەوەو بەراورد و ڕەخنەکانییەوە لە مانای هاوچەرخایەتیان بەتاڵ بکاتەوەو ڕوانینی نەوەی نوێ بە لێڵاوەکانی ئاشنا بکات. پرۆسەی بەگژداچوون و بەتاڵ کردنەوەیش پێکهاتەیەکی ڕووناکبیری و فەلسەفی و سیاسییە کە لەگەڵ ڕووداوو ئەزموون و ئەنجامگیریەکانی سەردەمدا بەدەست دێن. لە حاڵێکدا کە هێشتا لە هەندێك کۆمەڵگادا داب و نەریتی کۆن کاریگەریان ماوەو زۆرجار تا سنووری پەرستن و پیرۆزکردن پەیڕەوییان لێدەکرێت. بزوتنەوە ڕوناکبیری و پیشەسازیەکانی ئەورووپاو، دۆزینەوە بەربڵاوەکانی سەدەکانی پشکنین، ڕۆڵی سەرەکیان هەبوە لە دروست بوونی ئەم کلتوورە تازەیە و پێکهاتە ناوازەکانی کە ئێستا ئێمەی گەیاندۆتە قۆناغێك کە باس لە مۆدێرنیتە و چەمکەکانی یەکسانی و دیموکراتی و ئازادی و هەڵکردن لەگەڵ ئەوی تر و مافی هاووڵاتی و پاراستنی مافی تاك بە گشتی دەکەین. ئەمانە هەمووی بە پێچەوانەی کلتووری کۆنەوەیە، چونکە پایەی ئەم یاسا نوێیە لەسەر بنەمای ئەقڵ داڕێژراوەو دوورە لە بنەما غەیبی و ئەفسانەییەکان کە هزری سەردەم ڕەتی دەکاتەوەو لەگەڵ شارستانیەتی نوێدا وێك نایەتەوە. لە سایەی ئەم یاسا و ڕێسا تازەیەدا گشت چالاکی و هەڵوێستەکان

بنـەمای زانـستیانە لـە خـۆدەگرن و لـۆژیکی هاوچـەرخ دەیاننرخێنێـت. بێگومـان تەمـــەنی ئـــەو ئایـــدیا و ڕەهەنـــدە فیکریانـــەی توانـــای پـــێ بـــەپێ ڕۆیـــشتنی هـــزری سـەردەمانەیان نیـە کورتـە، زۆر نابـات ژینگەکـەیان تـەواو لـێ بـە تـەنگ دێـت و ئـەنگێزەی مانـەوەیان نامێنێـت. بەرئـەنجامی خۆگونجانـدن لەگـەڵ ئـەو ڕەهەنـد و پرنسیپانەدا کە سەرچاوەکەیان ئەوروپایە. ئەم هەمـوو دەستکەوتانەیە کـە مـرۆڤ لـە سایەی تەکنـەلۆژیا و تـۆڕە جۆراوجۆرەکـانی پێکگەیـشتندا گـەردوونی بـۆ کراوەتـە گوندێکی چکۆڵە و هاوارێك بە ئاسانی ئەمسەر ئەوسەری تیا دەکات.

ئەمە بە پێچەوانەی ڕابووردووەوە کە مرۆڤ وڵاتێکی گـەورە و بـەرفراوانی لێدەکرایـە مەنجەڵێك تا بە ئاسانی تیایدا خەفە بکرێـت و هـیچ هـاوارێکی مرۆڤانـەی بەکـەس نەگات. خـاڵێکی هـەرە درەوشـاوەی تـری ئـەم سیـستمە تازەیـە ئەوەیـە کـە مـرۆڤ تەنانـەت لـە ماڵەکـەی خۆیـدا سـێدارەی تـرس و بـێ دەنگکردنـی بـە سـەرەوە هەڵنەواسراوە کە چاوی ڕەزامەندی هەموو نەریت و یاسـا و ڕێـساکانی رابـووردووی پێ قبوڵ بکات و نەوێرێت خەون و خەیاڵێکی ئازادانە بۆ خـۆی فەراهـەم بهێنێت. مرۆڤ توانای ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن و پرسیاری هەیـە. لـەناو هەقیقـەتی چەسـپاوو نەگۆڕدا ناژی و توانای ئەوەی هەیە لە ڕێگای گومانەکانیەوە بگاتە ئەو گریمانەیـەی کە ڕەنگە خۆی بە چەقی گەردوون بزانێت و متمانەیـەکی ئاسـوودەکەریش بۆخـۆی دروست بکات.

لێرەوە جیاوازیـەك لـە نێـوان ئـەدەب و سیاسـەتدا دەکەوێتـە ڕوو کـە سـەرەکیترین دەلاقـە و لەیـەکتر ترازانـە لـە بیرکردنـەوەو کارکردنیانـدا. بەتایبـەتی لای ئێمـەی خۆرهەڵاتی کە هەژموونی سیاسـەت بـۆ کـۆنترۆڵ کردنـی بـوارە جیاوازەکـانی ژیـان هەمیشە لە کاردایە، تا ڕادەیەکی زۆریش توانیویەتی لە بوارەکەیدا کاریگەر بێت.

سیاسەت زۆر جار ڕێز لەو یاسا و نەریتە کۆنانە دەگرێت کە نە گیانی سەردەمیان تێدایە و نە بە ڕەسەنی هاتوون یان ماونەتەوە. بە پێچەوانەوە ئەو یاسا و ترادسیۆنانە ڕێگر بوون لەبەردەم گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگاداو، تەنانەت مێژوویەکی شێواو یان ڕەشیان لەگەڵ خۆیاندا نووسیوەتەوە، کەچی سیاسەت تەباییان لەگەڵدا دەکات و گەلێك جار دەبێتە دڵداریان. چونکە مانەوەی ئەو پەیوەندی و دابونەریتە نەزۆکانە لە بەرژەوەندیاندایە و مافی دەسەڵات و حوکمڕانیان دەپارێزن. بەڵام ئەدەب شەرمن نیە و ئەو سنوورانە دەبەزێنێت کە ئەقڵ و سیاسەتی باو بیەوێت بە ئارەزووی خۆی مێژووی پێ تۆمار بکات، ئەم وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەو ڕابووردوەو کۆمەڵگاکەی دەکێشێت بە هەموو خەوش و جوانیەکانیەوە. بۆیە دەبینین لە نووسینەوەی مێژوودا، ئەدەب و سیاسەت ناتەبان و هەریەکەیان ڕەهەندی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە لە تازەترین ڕووداودا کە وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتە لەلایەن گەورە ڕۆماننووسی تورك (ئۆرهان پاموك)ەوە، ئەگەر پامۆك بەپێی نەخشەی سیاسی ئێستای تورکیا، یان ئەو داب و نەریتەی بە میراتی بۆی ماوەتەوە ڕەفتاری بکردایە و یاساکانی نەبەزاندایە و بە قەناعەت و ویژدانی ئەدەبی و مرۆڤانەی خۆیەوە لەسەر مەسەلە گرنگ و هەستیارەکانی تورکیا قسەی نەکردایە، ڕەنگە نەبوایەتە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ. پامۆك بە ڕاشکاوی لەسەر سیاسەتە تەقلیدیەکەی تورکیا قسە دەکات کە لە سەرەتای سەدەی ڕابووردوەوە ئەو ڕێبازە سیاسیە چەوتەی پیرۆز کردووەو ناکرێت دەستی هەڵوەشاندنەوەو ڕەخنە لێگرتنی بۆ ببرێت. پامۆك دەڵێت: تورکیا سی هەزار کورد و ملیونێك ئەرمەنی لە تورکیادا سەرنگوم کردووەو کەچی دان بەم ڕاستیەدا نانێت، سیاسەتی تورکیا پامۆك بەوە تاوانبار دەکات کە ئەم قسەیە

(سوکایەتی کردنە بە نەتەوەی تورك و شێواندنی شناسیەتی) بەلاّم پامۆك گوێ لە سانسۆری دەوڵەت و تابۆکانی ناگرێت، ئەو بڕوای وایە دەبێت ڕووناکبیر نموونەی زیندووی بەدەنگ هاتن بێت بەرانبەر بە هەموو ستەم و چەوساندنەوەیەك کە لە دنیادا ڕوودەدات.

هەرچەندە ئورهان پامۆك پەروەردەی ناو خێزانێکی ئەستەموولە و هەر لەوێ خوێندوویەتی، بەلاّم کاریگەریی کلتووری ئەوروپا گیانی ڕاشکاوی و هەقیقەت وتنیان تیا دروست کردووە ، ئەمەیش بەشێکی گرنگی کلتووری خودی ئەو گەلانەیە لە ئەنجامی ئەزموونێکی گەورەو مێژوویەکی دوورو درێژی بەرەنگاری و قوربانیدانەوە دەستیان کەوتووەو سامی تابۆکانی سیاسەت و ئاینیان ڕەواندۆتەوە. پاموك لە ئەنجامی تێگەیشتنی ئەو هەقیقەتانەوە گەلێك لە لاپەڕە سیاسیەکانی ڕابوردووی تورکیا بەتاریك دەزانێت و هەوڵی ڕاستکردنەوەیان دەدات. وەلێ ئەمە کارێکی ئاسان نیە و خۆیشی بەم ڕاستیە دەزانێت. بێجگە لەمەیش، لە سەرەتای ساڵەکانی هەشتای سەدەی ڕابووردووەوە، دوای بلاّوبوونەوەی ڕۆمانی ئایەتە شەیتانیەکان، ئایەتوڵلاّخومەینی خوێنی سەلمان روشدی نووسەری ڕۆمانەکەی حەلاڵ کرد. پامۆك لە هەڵوێستێکی جوامێرانەیدا دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی ئەو نووسەر و ڕووناکبیرە پێشکەوتن خوازانەی بەرەنگاری فەتواکەیان کرد و نەیانویست کێشەی سیاسی بکرێت بە کێشەی ئەدەب و فیکر. پامۆك لەو هەڵوێستەدا گوێی بە سیاسەتی ڕەسمی تورکیا نەداو وەك خۆی هەڵوێستی وەرگرت. بۆیە بە هەموو ئەو گرتن و زیندانی کردنانە قایلە کە دەسەلاّتدارانی تورکیا لە دژی دەیکەن و بەردەوامن. بەلاّم پامۆك لە هەموو ئەو سیاسیانە دڵسۆزترە بۆ وڵاتەکەی و میللەتەکەی خۆیشی لەوان خۆشتر دەوێت، ئەوان مێژووی ڕاستەقینەی گەلەکەیان

دەشێوێنن و راستیەکان دەکەن بەژێر خۆڵەوە، ئەوان هەزاران مرۆڤ و هاونیشتمانی خۆیان ئاوارە و سەرنگوم کردووە و دەیشارنەوە. بەڵام پامۆك خۆی بەرانبەر بە کارەساتەکان بە بەرپرسیار دەزانێت، ساڵ و سەدە دەبەزێنێت و درۆکان دەخاتە ڕوو. ئەمە پەیامی تەواوی هەر ئەدیب و ڕووناکبیرێکە کە دەسخەڕۆی بەرژەوەندی تایبەتی و ترسی دەوروبەرەکەی نەبێت.

شکۆمەندی ئەدەب تەنیا لەوەدانیە کە راستیە شێوێنراوەکان سەقامگیر بکاتەوە و مرۆڤەکان لەگەڵ ئەو دردۆنگیانەدا ئاشت بکاتەوە کە سیاسەت نەخشەی کێشاون. بەڵکوو لەوەیشدایە کە چەندە مێژوو دەیەوێت ناوی بوارەکانی تری ژیان لە یادوەریدا بهێڵێتەوە، ئەوەندەیش ئەدەب ناوە پەراوێزکراوەکانی ناو دنیای واقیع پیرۆز دەکات و بەرگری لەو جوانیانە دەکات کە نەریت و یاسا باوو کۆنەکان پەنجەی ڕسوایی یان تاوانباری بۆ ڕاکێشاون. واقیع ناوی ناپلیۆن و ئەسکەندەرو پاپا و گالیلۆ و کریستۆف کۆڵەمبسی لا بەرجەستە کردووین. بەڵام ئەدەب ئەو ناوانەی لامەزن کردووین کە هیچ لەو ناوانەی پێشوو ناچن، نە وڵاتگیر و جەنگاوەربوون و نە زانا و خوێنڕێژ، نە کیشوەری تازەیان دۆزیوەتەوە و نە پەیامەکانی ئاسمانیان گەیاندوە. بۆ نموونە( سانچۆ پانزا)ی نۆکەری دۆنکیخۆتە، (سۆنیا)ی سۆزانی ڕۆمانی تاوان و سزای دۆستۆیفسکی،( ئاناکارنینا)ی قوربانیی خۆشەویستی و ناپاك بە پەیوەندی هاوسەری( زۆربا)ی نەخوێندەوار و( سانتیاگۆ)ی ماسی فرۆشێکی ئاسایی و( لالۆ تۆم)ی کۆیلە و( ئەیوهان مورتیز)ی ڕۆمانی سەعاتی بیست و پێنج و( تولگنا)ی زەوی دایك و (جریتا)ی ئارسکین کالدویل و( جریبەر)ی ڕۆمانی تافێك بۆ خۆشەویستی و تافێکیش بۆ مردن و دەیان ناوی دی.

# بۆ تاوان و سزام کرد بە کوردی؟

من زۆر دەمێك بوو خەونم بە وەرگێڕانی ڕۆمانی تاوانو سزاوە دەبینی بۆ زمانی کوردی، نەك تەنیا بە وەرگێڕانی خۆم، بەڵکوو یەکەم ڕاستەوخۆ لە زمانی ڕوسیەوەو دوەم لەلایەن قەڵەمێکی بە تواناو کارامەی پڕ لە عەشقەوە. لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابوردوودا کە بۆ یەکەمجار وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانەی ڕەوان شاد (سامی دروبی)م خوێندەوە نەمتوانی چەند جارێکی دی دووبارەی نەکەمەوەو هەموو جارێکیش لە جاری پێشوو سەرسامو بە ئەنگێزەو لێوان لێو نەبم لە هەتەری ڕۆحو تای ئەندێشەو بۆ ماوەیەکیش سام داگرتنو بێدەنگی. هەندێك جار وەك ڕاسکۆڵنیکۆف لەبەردەم سۆنیایی ئەوینو ئازاری هەموو مرۆڤایەتیدا بەچۆکدا دەهاتمو داوای لێبوردنم لە خودای نووسین دەکرد، جاری تریش لە ئاست مەستیو جەستەی بەخوێن شەڵاڵی مارمیلادۆفدا ڕۆحی ئەفسوردەو پەرێشانم کڕنووشیان بۆ هەناسەی حەسرەتو چاوی بەجووڵەو سووسەکەری پێش گیانەڵای دەبرد. ئەوە ئەو کاتانە بوو کە منیش وەك ڕاسکۆڵنیکۆف بەدوای خۆمدا دەگەڕام، نەم دەزانی بۆ تاوانی خوێندنەوەو نووسینم بۆ خۆم هەڵبژارد، کێ فێری کردمو بۆ؟ نەمدەزانی بۆ دەبێت هەمیشە لەشەوانی پڕ لە کوێرەوەریو کارەساتی ئەم بستۆکە زەویەی ناو دڵو ڕۆحمدا، خەمی هەموو گەردوون هەڵبگرم، هەناسەم بە تەنگ بێتو فرمێسکی درشت بڕێژم! بۆ لەم بستۆکە زەویەی دەوروبەرمدا کە تیری چاوێکی بە ئەندێشە بە ئاسانی ئەمسەر ئەوسەری دەکات، دۆستۆیفسکی پێم بڵێت: گیلە, تۆ هەزارانی وەك سۆنیاو مارمیلادۆفو کاترینات لە بەردەمدایە، دراوسێتن، لەگەڵیاندا دەخۆیتو دەخۆیتەوە، هەموو شەوو ڕۆژێك دەیان بینیت، ئەی بۆ نایان

ناسیت؟ ئەمە کارەساتە هاوڕێیان، لە کارەساتەکانی ئۆدیبو هاملێت بەسوێ ترە، کارەساتی نووسەری گەمژەی خۆنەناسو کەس نەناس، ئەوانەی نزیکترین کەسی لای خۆیان نابینن‌و لە دوورەوە، لەوپەڕی بێ کۆتایی دەریاو نەدیویی ئاسۆکانەوە، پەیامبەرەکانی داهێنان ئاماژەیان دەدەنێ. تومەز (هەرچەندە ئەمەیش درەنگ تێگەیشتنە) هەموو بستۆکە زەویەکانی سەر ئەم ئەستێرەیە قەڵای سەخت‌و زیندانی هەستی پاکیزەو ئومێدەکانی مرۆڤایەتین، مرۆڤەکانیش — دواجار - لەگەرۆویەکەوە هاواردەکەن‌و بەسیەك هەناسەدەدەن. ئیتر هەر کەسەو لەناو ئەم وێڵگەیەدا بەتەمای فریاد رەسێکە، تاقە فریادرەسی من چەند پەڕەیەکی نێو ئەو بەرگانە بوو کە تا دوا تەڕایی شیرینیی تاڵیان پێ دەچێشتم، قیژەیەکی بێ دەنگیان لەگەروومدا گیردەداو، خوداو ئەهریمەنیان لەپێکهاتەیەکی کیمیاویدا تێکەڵ بەیەك دەکردو دەیان وت: فەرمو، خۆت جیایان بکەرەوە، نە بە قسەی رابوردوو بکەو نە ئێمەیش.

سیحری داهێنانەکەی دۆستویفسکی لەوەدا نییە کە تۆ چیرۆکێکی پڕ لە رازو نهێنی‌و بەسات‌و پاتی رووداوی خرۆشان‌و کەمەن کێشی دەخوێنیەوە. یان دوو مرۆڤی بێ تاوان کوژراون‌و تۆ بەدوای تۆڵەدا بڕگە بە بڕگەو لاپەڕە بەلاپەڕە چاوەڕێی سزایەکی خودایی یان مرۆییت، نا، بەڵکوو لەوەدایە کە ویژدانی مرۆڤانەی تۆ دەکەوێتە شەق ژن‌و لەبەدحاڵی بوونەکانت وە ئاگا دێیت، تێ دەگەیت مرۆڤەکەی ناوەوەی تۆ مردووە، لەنێو بەستێنی بێ دەنگیدا بەردێکی ساپ‌و لاکەوتەیە، چاوی دنیا بینیت کزو نزیك بەکوێریە. لەوە بە ئاگادێیت کە تەواوی ئەم گەردوونە لە ژێر گوشارێکی سەختی پرسیارو گوماندایە، بەردەوام لەبەر پلووسکی رازگەلێکدا تەراتێنی گەیشتن‌و نەگەیشتنیەتی، گەیشتن بە هەوارێك کە ئاسوودەیی مرۆڤی تیا مەحاڵەو، نەگەیشتنیش هەلا هەلابوونێکی بەردەوام. تۆ لەوەهمی هەقیقەت تێ دەگەیت‌و لەپووچی ڕواڵەتە چاو خەڵەتێنەکان. لە تویێ

دەموچاوەگەش و بێگەردەکاندا ئەو پەڵەڕەشانە دەبینێت کە شوێنەواری ئاوڵەی ڕق و خەمخۆرکی ئێستای کرمیّ بوونن.

بەداخەوە ساڵ بەرە بەرە گلۆڵەی تەمەنی پێچایەوەو ئەو وەرگێڕانەم نەدی. لە حەزی خۆیشم بەولاترەوە، هەستم بە گەلێك لەونیگا شەرمنانە کرد کە بێجگە لە زمانی دایکیان چ زمانێکی تر نازانن، هەر لەبەر ئەوەیە تا ئێستا لایان وایە کۆشك و تەلاری فەرهەنگی ئێمە سەری لەنێو هەوردایەو، ڕووباری بیرو داهێنانمان دەتوانێت ئاودێریی گەلێك لە زەویە دێم و قاقڕەکانی خەڵکی تر بکات! بۆیە دەبێت لەڕێی ئەم شارە بە ئاوو ئاوەدانانەوە تێ بگەن ئێمە لە چ وێرانەیەکداین و گوندی ئەفراندنی ئێمە بە درەخت و مرۆڤیشیانەوە چەند لە خشتی کاڵ دەچن. ئەمە نائومێدی نییە، بەڵکو هەقیقەتێکی تاڵە.

دوای ئەو چاوەڕوانیە تەمەن درێژەی گەیشتبوە سنووری نائومێدی، دیسانەوە تاسەی ئەو دیدارە لەگیانمدا جۆشی سەندەوە, بەتایبەتی پاش خوێندنەوەیەکی تری تاوان و سزاو برایانی کارامازۆف لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤دا، ئەو وەرگێڕانانەی لەبەردەستمدابوون بریتی بوون لە وەرگێڕانە عەرەبیە دڵگیرەکەی د. سامی دروبی کە لە فەرەنسیەوە ساڵی ١٩٨٥ کردبووی. وەرگێڕانە عەرەبیەکەی فایز کم نقش کردی کە لە ئینگلیزیەوە ساڵی ١٩٧٩ کرابوو لەگەڵ دەقە رووسیەکەیشدا بەراوردکرابوەوە. وەرگێڕانی سێیەم بۆ زمانی فارسی ساڵی ١٩٨٢ لەلایەن مهری ئاهی راستەوخۆ لەدەقی روسیەکەوە کرابوو، من ئەمەیانم پەسەندکرد، لەبەرئەوەی یەکەم لە دەقە ئەسڵیەکەوەیە ، دووەم وەرگێڕان لەزمانی فارسیەوە بۆ کوردی خۆشترەو ڕەوانتر دێتە دەست. بەڵام دوای هەندێك بەراورد زانیم هەردوو وەرگێڕانە عەرەبیەکەیش، بەتایبەتی وەرگێڕانەکەی د. سامی دروبی گەلێك درەوشاوەن و ویژدانی ئەدەبی خۆیان و ڕۆحی دۆستۆیفسکیان شادکردووە. بۆیە نەمتوانی دەست بەرداریان بم، چونکە بە ئەزموونی خۆم لە وەرگێڕاندا گەلێك جار لەنێوان دە

قێكی دوو وەرگێڕدا جیاوازی ترسناكم دیوەو منیش لەڕادەبەدەر بەو كارەساتە دڕدۆنگو قەڵس دەبم. بۆیە ئەوەم بە چاكتر زانی. - هەرچەندە كاتی زۆری لێ گرتمو ماندووتریشی كردم - كە بەردەوام لەگەڵ هەر فەسڵو بەشێكدا، بۆ تەواو دڵنیابوون لە رۆحی دە قەكە، پەنایان بۆ بەرم ، بەتایبەتی وەرگێڕانەكەی دروبی كە وەك بیستم لەلایەن لیژنەیەكی تایبەتی كە لە مۆسكۆ بۆ بەراوردكردنی لەگەڵ دەقە روسیەكەدا دروست كراوە، زۆریان پێ پەسەند بوە. هەرچەندە من جیاوازی زۆرم بەدی نەكرد، بەڵام هێشتا هیچیان لەوە خاڵی نەبوون كە پەرەگرافیان تێدا پەڕیبێت، مانا لە هەندێكیاندا شاراوەترو ئەمیان لەوی دی رەوانو بەداروبارتر بێت.

بێگومان من پشتم بە دە قە فارسیەكە بەستوەو ئەو سەرچاوەی سەرەكیمە، بەڵام دەشێت بەو دەقانەی دی دەوڵەمەندو خۆش دەست تر هاتبێتە گۆ.

وەرگێڕانەكە لە خەرمانانی ٢٠٠٤ وە تا پووشپەڕی ٢٠٠٦ی خایاند. هێشتا گومانی ئەوەم هەیە كە درزو بۆشایی تێ نەكەوتبێت، چونكە ئەوەی شارەزای دنیای وەرگێڕان بێت ئەم راستیە دەسەلمێنێت. بەتایبەتی بۆ ئێمەی كوردی كەم ئەزموونو كەم پسپۆڕ لە بواری وەرگێڕاندا، هەرچۆنێك بێت ئەمە لەو كارانەیە كە بەدڵ خۆشم دەوێتو بەدیهێنانی خەونێكمە، دڵسۆزترین كەسیش ئەوەیە كە نایەوێت خەوش لە خۆشەویستی هاوڕێكەیدا هەبێتو بۆ جوانتركردنی خەوشەكانی لادەدركێنێت.

( بە بۆنەی دەرچوونی ڕۆمانەكەوە بە كورتی لە پێشە كیەكەیەوە وەرگیراوە)

# سەردەمی دیکتاتۆرەکان

رۆمان نووسی ناوداری ئەمریکایی (جۆن شتاین بێگ) دوای گەڕانەوەی سالّی ١٩٤٧ی لەیەکێتی سۆڤیەت، لەیاداشتەکانی ئەوێیدا وا باس لە ستالین دەکات: (لەولاّتی شورەویدا، هەمووشتێك لە ژێر چاوە برونزی و چیمەنتۆی و شێوە کاری وبەدەستچنراوەکانی ستالیندایە، وێنەی ستالین لە مۆزەخانە، ژووری ساختمانە گشتیەکان، فرۆکەخانە، وێزگەی شەمەندە فەروماشین، پۆلی خوێندندا هەلّواسراوە، گەلێك جارلەدوو دیواری بەرانبەربە یەکی ژوورێکدا ڕووی وێنەکان لە یەکترین، پەیکەری ستالین لە بەردەم گشت بینا دەولّەتیەکاندا هەیە، لە پارکەکاندا لەسەر کورسیەکی لە چیمەنتۆ دروست کراو دانیشتوەو لە گەلّ لینیندا وت و وێژیەتی، منداڵانی قوتابخانە وێنەی دەچنن یان دەکێشن، ئەو لە هەموو شوێنێکدا هەیە، هەموو شوێنێك دەبینێت،هەرگیز بڕواناکەیت قەیسەری ڕۆمایش لەهەموو تەمەنیدا بەئەندازەی ستالین لەستایش کردنی خەلّك و ئەو دەسەلاّتە یەزدانیەی بە خۆی بەخشی بوو، بەهرە گیرتر بووبێت.

لەڕۆمانی (ڕۆژێکی درێژ تر لە سەدەیەك) جەنگیز ئیتماتۆف باسی ئەوە دەکات کەلەو سەردەمەدا لە پۆلی یەکی سەرەتای و لە کتێبی ئەلفبادا، بۆئەوەی منداڵ بۆ یەکەم جار فێری پیت بکرێت چۆن لەناوی ستالینەوە دەست پێدەکەن، واتا لەو پیتانەوە کە ناوی ئەو پێك دەهێنن، بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە کرابێت کە دەشێت ئەو پیتانە قورس بن و لەگەلّ توانای فێربونی قوتابیەکاندا نەگونجێن.

له کتێبی (ستالینیەت) و(هونەر لەسەردەمی ستالیندا) دەیان نموونەی سەرسام کەر هەن لەسەر ئەو بڕیارو فەرمانە سەخت و نا ڕەوایانەی بەسەر کەسانی سیاسی، ئەدیب، هونەرمەند، دەزگای ڕووناك بیری و هونەریدا دراون، ڕێگای داهێنان و چالاکیان لێگرتوون، بانگەشەی بە حیزبی کردنی ئەدەب و هونەر، بیری ئازادی لەناو کۆمەڵێك دەزگاو سەندیکا دا کۆنترۆڵکرد کە سەر بە دەوڵەت بوون و لە ژێر چاودێری وبە ڕێنمایی ئەوان کاریان دەکرد و ئیلهامیان لە ڕاو بۆ چوونی حیزب وەردەگرت.

لەسێپتەمبەری ساڵی**١٩٣٢**دا جوزێف ستالین، کە ئەوکاتە سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی جەماوەری شورەوی سوسیالست بوو، ئەو دەزگاو کۆمەڵە هونەریانەی هەڵوەشاندەوە کەسەر بەخۆبوون، ئەوبڕیارانەی پەسەند کرد کەدە بوو هونەر بکرێتە پاشکۆی سیاسەت و وەفاداریەکی ڕەهای بۆحیزب هەبێت، بەوتەی (ماتیوکالرنباون) کەڕەخنەگرو نیگارکێشێکی ئینگلیزیەو ماوەیەك لە مۆسکۆ ژیاوەو تێکەڵ بەنووسەرو هونەرمەندان بوە، پاشان کتێبێکی لەسەرهونەر لەسەردەمی ستالیندا لە نێوان ساڵانی **١٩٣٢_١٩٥٣** نووسیوە، لەگەڵ دروستبوونی فۆرمالیستەکانی شورەویدا زیاد لە دە هونەرمەند لەمۆسکۆ بەبیانوی ئەوەی لەبەر هەمەکانیاندا مەیلی بۆرژواییان هەبوە کوژراون، بێجگەلەوەی کەچەندانی تریش تاوانی سیاسی درۆیان داوەتە پاڵیان و دەسگیرکراون. دیارە هەرلەناو خودی نووسەرو ئەدیبانی ئەوسای شورەویدا کۆمەڵێك بوونەتە داردەست و گوێ ڕایەڵی ڕژێمەکەو چاڵیان بۆئەوانە هەڵکەندوە کە یان لەبەرەی ئۆپۆزسیۆندا بوون یان نەچوونەتە ژێر ڕکێفی ئەو قوتابخانە وەهمیەی بە ناوی ڕیالیزمی سۆسیالیستەوە ئەدەب و هونەری بۆخزمەتی

ئایدۆلۆژیایەكی دیاری كراو قۆرخ دەكرد، ئەو ڕژێمە توانیبووی كەسانی وەك ژدانۆف بكاتە پۆلیسی بەئەنجام گەیاندنی سیاسەتی ڕوناكبیری ستالین و چەندان نووسەری گەورەی وەك باسترناك وئانائاخماتۆفا و سۆلجنستن وئوسیب ماندلشتام بەناپاك و دژبەبەرژەوەندی چینی كرێكار بدەنە قەڵەم و بەرهەڵستی داهێنانیان بكەن، كەشیعری ماندلشتام دەخوێنیتەوە، سەرت لە مەزنی ئەم شاعیرە سووڕدەمێنێت، بەڵام لەئەنجامی دوورخستنەوەو گرتنو برسی كردنیدا، لە تەمەنی چل و حەوت ساڵیدا گیانی لەدەستدا. لە یەكەم كۆنگرەی نووسەرانی سۆڤیەتدا كەساڵی١٩٣٤ بەسەرۆكایەتی مەكسیم گۆركی بەسترا، كە بێجگە لە نووسەرانی هەموو كۆمارەكانی سۆڤیەت لەهەموو دنیاوە نووسەرانی دی ئامادەی بوون. (ژدانۆف) كە ئەو كات ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی پارتی كۆمۆنیستی سۆڤیەت بوو، وتارێكی دورو درێژی لەبارەی سیاسەتی فەرهەنگیی حیزبەوە خوێندەوە، وتارەكە وەك بەرنامەی كار وابوو بۆ نووسەران، بەزاندنی ئەو خاڵانەی تێیدا دیاری كرابوو، دەبوە مەترسی بۆ سەر ژیان و ئایندەی نووسەران، لەوانە خۆ بەستنەوە بە قوتابخانەی ڕیالیزمی سۆشیالستی و ڕێنماییە كانی ستالینەوە، ژدانۆف چەند جارێك ناوی ستالین وەك ڕابەرو بلیمەت و سەرۆك ومامۆستای گەورە دەبات، هەموو دستكەوتی سۆشیالیستی بە (هاوڕێ ستالینەوە) دەبەستێتەوە.

خودی دیكتاتۆرەكان و سەردەمەكەیشیان لەزۆر ڕووەوە لەیەكتر دەچن، بەتایبەتی بەقسەی ماركیز ئەوگومانەی لەسەر بوونی باوكی ڕاستەقینەیان هەیە. لەسەردەمی بەعسدا دەیان نووسەرو هونەرمەند پەیدابوون بەئاشكرا بانگەشەیان بۆ بیرو باوەڕی ئەو حیزبە فاشستەو سەرۆكەكەی دەكرد، گەلێكی وەك عەبدولڕەزاق عەبدول واحید وعەبدول ئەمیر معەلە و سامی مەهدی و داوود قەیسی و زۆری

تریش، بەهای وشەو هەڵوێستیان لەبازاڕی پێدا هەڵگوتن و بەرز ڕاگرتنی یاسا و بڕیارە دزێوودژ بە مرۆڤایەتیەکاندا ڕسواکرد. گەلێکی لەبابەتی ئەمیرئەسکەندەری میسری و فواد مەتەری لوبنانی سەدامیان کردە بیرمەند و تێکۆشەرو پیاوی مەسەلەو ئایندە. لەشەڕی ناڕەوای ئێراندا گەلێك لە نووسەرو ڕۆژنامە نووسی کوردو عەرەب ڕۆژانە شیعرو نووسینی ئاگراویان بەسەر ڕۆڵێت و فڕۆکەو تانکە تۆپ هاوێژە مرۆڤ کوژو وڵات وێران کەرە کاندا دەوت و ئاگری قڕکردنی هەزارانیان خۆش دەکرد. لەم لایشەوە، لەسەر بەرهەڵست کردنی ئەو سیاسەتەو پیشاندانی ڕووی ڕاستەقینەی بەعس و نیازە پۆخڵەکانی دەیان هونەرمەندو نووسەر دەگیران و هەڕەشەیان لێ دەکراو سانسۆر دەخرایە سەر بەرهەمیان و شەهید دەکران، عەبدولخالق مەعروف وشاکیر فەتاح ودڵشاد مەریوانی نموونەی زیندووی ئەو شەهیدانەن.

حەزدەکەم لێرەدا نموونەی بەسەر هاتێکی خۆمتان بۆ باس بکەم لە گەلێك نموونەی ترکەلام ماونەتەوە، ساڵی ١٩٨٩ بەڕێوەبەری ئاسایشی ئەوسای سلێمانی (خەڵەف) بۆ یەکەم جار بانگی کردم و نزیکەی سەعاتێك کەوتە ئامۆژگاری و هەڕەشەو بەو هاونیشتمانی کردنەم کە خۆی دەیویست، پوختەی ڕاکانی لەوەدا کۆدەبوەوە کەئەو هەمووشتێك لەبارەی منەوە دەزانێت، ئاماژەی بەو ڕاپۆرتە زۆرانەدا کەلەسەرم کەڵەکە بوون، من نکوولیم لەوزانیاریانە کرد کە ئەو وتنی و بە هەقیقەت هەموویشیان ڕاست بوون، بۆنموونە من لەناو چاپەمەنیەکانی پێشمەرگەدا بەناوی خوازراوەوە دەنووسم و هەر لەوێ کتێبم چاپ کراوەو ئێستا نوسخەی لای ئەو هەیەو ئەگەر بمەوێت پیشانم دەدات، شەوانە کەلە یانە دادەنیشم و سەدام لە تەلەفزیۆنەوە دەردەکەوێت من چی دەڵێم، چیرۆکەکانم ڕەمزین

ومەبەستی شاراوەیان تێدایە، لەلیستی موعارەزەدا یەکەم ناوم و بەپێی ڕاپۆرتەکان ئەگەر من بۆ قادسیە بنووسم زۆرکەسی ترلەدوای منەوە دەنووسن، شاعیرو نووسەرانی کورد تەنیا بە ڕووکەش لەبەرهەمیاندا ناوی فەلەستین دەهێنن و لەڕاستیدا مەبەستیان شۆڕش و پێشمەرگەی کوردە. گەلێك باس و خواسی تریش کەتا ئێستازوربەیانم نەنووسیوەبەڵام هەموویانم لای هاوڕێ نزیکەکانم گێڕاوەتەوە.

ئەوانەی ئەوڕاپۆرتانەیان دەنووسی یان خۆیان بەڕەسمی بەعسی بوون یان باوەڕپێکراوو لێیانەوەنزیك بوون، بۆئەوەی پاکانە بۆ خەجالەتیەکەیان بکەن و تاوانە قورسەکەیان لەگەڵ خەڵکی تردا بەش بکەن، دەیان ویست ئەو کەسانە بەتەنگ بێنن و مل کەچیان بکەن کەلەبەرەی گەلدابوون و نموونەی خۆ گری و بەرگری نێوەندەسیاسی و ڕووناکبیریەکە بوون. خوێندنەوەی لایەنی دەروونی ئەوجۆرە کەسانە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کەئەوان پێیان خۆشبوو هەموکەسێك وەك خۆیان بێت وقەبارەی گرێ ئۆدیبیە کەیان کەمێك سووکتر و باریـنەخۆشیە دەروونیەکەیان هێورتر بێت، تەنانەت لەگەرمەی تەنگ پێ هەڵچنین و شەڕپێ فرۆشتنی بەعسدا، ئەگەر لەگەڵ هاوڕێیەکی وەك خۆتدا بۆ قسەیەکی خێر پەناتان بۆکەسێکی بەویژدان ببردایە، ئەوانە هەوڵیان دەدا کەسەکە پەشیمان بکەنەوە و پێیان دەگوت:

**(وازیان لێ بێنن با بڕوخێن.)**

# میلان کۆندێرا

کـە سـاڵی ٢٠٠٢ رۆمـانی (ئاهـەنگی ماڵئـاوایی) ڕۆماننووسـی چـیکی مـیلان کۆندێرام وەردەگێڕا، بۆ گـەلێك سەرچـاوە لەسـەر ژیـان و کارنامـەی ئـەم نووسـەرە بەتوانایە گەڕام، پێشتر ڕۆمانە بەناوبانگەکانی (گاڵتە) و(ژیان لـە جێگایـەکی تـرە) و (پێکـەنین و لەبیرچـوونەوە) و (سـووکەڵەیی ئـەو بوونـەی کـە بەرگـەی ناگیرێـت)م خوێندبوەوەو سەرسامیان کردبووم، بۆیە حەزمدەکرد لە نزیکـەوە بیناسـم. کۆنـدێرا لە ژیانی تایبەتی خۆیـدا تووشـی گـەلێك هەڵکشان و داکشانی سیاسـی بـوە کـە بوونەتە مایەی قەیرانی ڕۆحی و بێزاربوون لـە ژیـانی نـاو وڵاتەکـەی کـە پاشـان لـە ساڵی ١٩٧٥دا بەکۆچ کردن بۆ فەرەنساو ژیان لە تاراوگەدا شـکاوەتەوە. بەتایبـەتی لە ساڵی ١٩٦٨دا کە سوپای شوورەوی وڵاتەکەی داگیرکـردو دەسـەڵاتی سیاسـیو سـەربازی خـۆی بـە زۆر سـەپاند، دەنگـی ئۆپۆزسـیۆنو بـیری کـەسو لایـەنی تـری قەدەغە کرد، گەورەترین هێدمەی دەروونی بۆ کۆنـدێرا داگیرکردنـی وڵاتەکـەی بـوو لەلایەن سۆڤیەتەوە کە وڵاتێکی گەورەی سۆشیالستی بـوو، وڵاتێـك بانگەشـەی بـۆ ئازادی و برایەتی گەلان و نەهێشتنی چەوسانەوە دەکرد(کۆندێرا ماوەیـەك ئەنـدامی پـارتی کۆمۆنیـستی چـیك بـوو)ە، ئـەم ڕێکەوتـە مەترسـی و نائومێدیـەکی زۆری لێکەوتەوە کە پاشان بە کارەساتی(بەهاری پراگ)نـاودێر کـرا، کۆنـدێرا لـە هەنـدێك ڕۆمانیدا زۆر دەست لە سەر ئەو کێشەیە دادەگرێت، پەنجـەی تاوانبـارکردن بـۆ ئـەو کۆمۆنیستە چیکیانە درێژ دەکات کـە بـە ئاسـانی دەرگایـان لـە سـەر داگیرکردنـی

وڵاتەکەیان بۆ ئەو سوپایە کـردەوەو وەك فریادڕەسـێك بـۆ دانیـشتوانیان لـە قەڵـەم داو لـە ڕاسـتیدا وا نـەبوو. کۆنـدێرا ئەوانـە بـە ناپـاك دادەنێـت و داوای دادگـایی کردنیان دەکات، تەنانەت لە ئۆدیب بە کەمتریان دادەنێت کـە دوای ئـەوەی زانـی چ تاوانێکی ئەخلاقی لەگەڵ دایکیـدا کـردوە هەردووچـاوی خـۆی دەرهێنـا، بێگومـان کۆندێرا خۆیشی لە ژێر سایەی ئەو ڕژێمەدا بـەر شـاڵاوی گـرتن و بێکـاری و تـەنگ پێهەڵـچنین وقەدەغـەکردنی بەرهەمـەکانی کـەوت. کۆنـدێرا بـە گـشتی لـە ڕۆمانەکانیدا باس لـە فەلـسەفە و سیاسـەت و دەروونناسـی دەکـات بـەڵام نـە وەك فەیلەسوف و نە زانایەکی سایکۆلۆژی و نـە دیپلۆمـاتێکی پرۆفیـشناڵ، ئـەو بـەپێی ڕاو بۆچوونی تایبەتی خۆی بەرانبەر بەو مەسەلانەو وەك ڕۆماننووسـێك کاریـان تیـا دەکات، لە دیدی خۆیەوە دەست بۆ کێشە مرۆڤایەتیەکان دەبات و کاراکتـەرەکانی دادەڕێـژێت. لـە چـاوپێکەوتنێکیدا دەڵێـت :( گـەلێك کێـشەی میتـافیزیکی هـەن پەیوەندیان بە بوونی مرۆڤەوە هەیـە و فەلـسەفە ڕێگایـان پێنابـات , تـەنیا ڕۆمـان دەتوانێت ڕووناکیان بخاتە سـەر)، بۆنموونـە لـە ڕۆمـانی (ژیـان لـە جێگایـەکی تـرە) کاراکتەری جارومیل کاراکتـەرێکی بزۆکـی پـڕ لـە هـەڵس و کەوتـە و بـەردەوام لـە گۆڕاندایە، دەبێت بە(گەزافیە) و هەقیقەت دەبێت بە خەون و خەیاڵ، مـردوو زینـدو دەبێتەوەو بە پێچەوانەیشەوە، لە فەزای ئەو ڕۆمانەدا وەك دادگای سیاسی ئـازاردان و کوشتن و برین و وەحشەتگەری هەیە، لە هەمان کاتدا هەرزەکاری و خۆشەویـستی و شـیعر و سـەمایش هەیـە، شیعر لای کۆنـدێرا بـەهێزترین دژە بـۆ ئـەو ژەهـرە ئایدۆلۆژییەی کە مرۆڤ ئیفلیج دەکات و لە گیانە مرۆڤایەتیەکەی دادەبڕێـت، هـەر لەو ڕۆمانەدا کە بە ڕووکـەش سـێکس تـەوەری سـەرەکیەتیو هەروایـشە ، زۆرجـار دیمەنەکان خوێنەر دەوروژێنن، بەڵام کۆندێرا حاڵەتـە سێکـسیەکان بـەو نهێنیانـەوە

دەبەستێتەوە کە لە خودی مرۆڤەکاندا هەن و تا ئەو کاتە هەلومەرجی سەرهەڵدانیان بۆ نەڕەخساوە. لە ڕۆمانی (پێکەنین و لەبیرچوونەوەدا) ژیان دەبێتە شانۆیەکی گاڵتەجاڕی، پێکەنین و گۆڕانی مرۆڤەکان لە حاڵەتێکەوە بۆ جۆرێکی دی، ئارەزوو نەکردن وهەڵنەبژاردنی هەڵوێستێك و خۆ ناچارکردن لەسەری. سیاسەت و داگیر کردنی وڵاتەکەی.

کۆندێرا لەسەر قەیرانە ڕۆحیەکانی مرۆڤی ئەوروپایی زۆر دەوەستێت، بەتایبەتی هۆکارە تاك ڕەهەندییەکانی کە تا ڕادەیەکی کاریگەر لە ژیانی ئاسایی دووری دەخاتەوەو بەدوای ئەو حاڵەتە دەروونیە تایبەتیەوەیە کە بەتەنیا ئاسوودەیی خۆی تیا دەبینێتەوە دوور لەهەر بەهایەکی جوان و ئاکاریی مرۆڤانە، بۆیە دەبینین کاراکتەرەکان لەناو دنیای دوالیزمیدا دەژین و خۆیشیان لە هۆکارەکەی بە گومانن, لەلایەکەوە مرۆڤدۆست و لێوان لێوی خۆشەویستین و لەلاکەی ترەوە شەڕئەنگێزن، جارێك ئیرۆسین و بەجۆرێکی دی بکوژن. بۆنموونە لە ڕۆمانی (ئاهەنگی ماڵاواییدا) کاراکتەری (یاکوب) نائومێدە و لە ئەنجامی تێکشکانە فیکریەکەیەوە بڕوای بە هیچ بەهایەکی ئینسانی نەماوە، کۆمەڵگا بە مێگەل دادەنێت و بێئەوەی پێ بزانێت خۆیشی بەشێکە لەو مێگەلە، تەنانەت بڕوای بە پیرۆزی بەها ئینسانیەکانیش نەماوە و نکۆلیان لێدەکات، بۆ نموونە کچی هاوڕێیەکی کەپێشتر هاوبیر بوون و پێکەوە لە زینداندا بوون و ئەو شەهید کراوە، ئەم دوای بەربوونی کچە منداڵەکەی ئەو دەگرێتە لای خۆی و تا گەورە دەبێت بەخێوی دەکات و وەك کچی خۆی لێی دەڕوانێت، هەموو خەسڵەتێکی باوك و کچیان تیایە، کەچی ئەو شەوەی یاکوب بۆ دواجار وڵاتەکەی بەرەو هەندەران بەجێدەهێڵێت کە خەونی سەرەکییەتی، لەو باوکە میهرەبانەوە دەبێتە پیاوێکی

چلێسی هەوەسباز و لەگەڵ کچەکەدا جووت دەبێت و بەیەکێك لە چرکەساتە خۆشەکانی ژیانی خۆیشی دەزانێت. مەیلی تایبەتی و بەرژەوەندیە زاتیەکان کە هەندێك جار قەیران و کارەساتی گەورەی ئینسانی لێدەکەوێتەوە لەم ڕۆمانەداو لای کەسانی تریش دووبارە دەبنەوە.

کۆندێرا بە دیارترین ڕۆماننووسی فانتازی دادەنرێت، وەك خۆی دەڵێت: خەون پاکەتێکە لەناو پاکەتێکی تردا و ئەویش پاکەتێکە لەناو یەکێکی تردا و هتد...ئەو، ڕۆمان بەکلتووری ڕاستەقینەی ئەوروپا دادەنێت و باشترین بەڵگەی ڕۆمانی دۆنکیخۆتەی سیرڤانتسە، ئەمەندەیش سەرسامە بە کافکا بەردەوام لە بەرهەم و چاوپێکەوتنەکانیدا بە مەزنی ناوی دەبات. لای کۆندێرا ڕۆماننووسی هەڵوێستێکی ئاکاریە بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیاسەت و ئاین و ئایدۆلۆژیاو ئاکارە سونەتیەکانی کۆمەڵ، کە لێی دەپرسن کۆندێرا تۆ کۆمۆنیستیت ؟ دەڵێت نەخێر من ڕۆماننووسم. ئەی جیاواز خوازیت؟ نەخێر من ڕۆماننووسم . ئەی چەپڕەویت یان ڕاستڕەو؟ نە ئەمیانم و نە ئەویان، من ڕۆماننووسم. ڕۆمان بۆ کۆندێرا دۆزینەوەی ئەو نهێنیانەیە کە لە ژیاندا هەیەو ئەگەر وا نەبێت ئەوە ڕۆمانێکی نائەخلاقیە، ئەمەیش پەیڕەوی کردنە لە وتەیەکی بیرمەندو ڕۆماننووسی دیاری ئەڵمانی هیرمان بروخ.

# ئاو لێڵ نەکەین

گیانە پاکژو سادەکەی سوهرابی سپیهری، لەناو گزنگی شیعرەکانیەوە مرۆڤ لە تریفەی پاکبوونەوە هەڵدەکێشن، دەیدەنە بەر شەستە بارانی دۆستایەتی و گونجان و تەبابوون، ئەو لە هەر رەگەزێکی ناو گەردووندا خەسڵەتە ناوازەکان بۆ دواندن و کردنەوەی رازەکان هەڵدەبژێرێت. نهێنیەکانی ئاوو پەیڤە بێدەنگەکانی گوڵ و درەخت و ڕەنگە هەرە شینەکانی ئاسمان و دەریا. باس لە بەخشندەیی سروشت و ئەو تەباییەی دوور لە دەستی مرۆڤ لە پەیوەندی توخمەکانیدا هەیە:( نە نارەوەن لقی خۆی بە قەلەڕەش دەفرۆشێت و نە دوو سنەوبەر دژایەتی یەکتر دەکەن، داربیەکیش سێبەرەکەی بە زەوی نافرۆشێت، ئەم دنیایە تا دڵ بیەوێت هەتاوە، تا حەز بکەیت یەك بوون) سوهراب هەمیشە پڕە لە چرا، لە رووناکی، لە سێبەری گەڵای ناو ئاو، لەرێگا، لە ڕوبار، لە شەپۆل، لە باڵ و پەڕ، لە ئاسمانی شین و گیای شینتر. ئەو مانا بە هەموو شتەکان دەبەخشێت، مانایەکی ڕۆحیی کەجەمسەری بەستنەوەی هەموو رەگەزەکانی گەردوونە بە یەکترەوە، نەك پەیوەندیە فیزیکیەکان کە خاڵیبوونەوەیان بەردەوام لەهەناسە نزیکترە. ئەو خۆبینینەوەیە لە گیانی هەموودا پرشنگێکی وجودیانەی تیا دەپشکوێنێت کە بە زمانی شیعرو پەیڤی سادە و مانا قووڵەکانیەوە دیارن. بۆ ئەمەیش تا بێ کۆتایی دەشت و بەرزترین دوند دەگەڕێت، بەدوای شتێکدا وێڵە کە خۆیشی نازانێت چییە، ڕەنگە خەونێك بێت یان تەنیا زەردەخەنەیەك. دەڕوات بەسەر وەختی خوداوە تا پێی بڵێت: حەوزی ماسیەکان بێ ئاون. بە چاوێك لە گیا دەڕوانێت کە لە خەونی خودا سەوزترە.

نایەوێت ڕوانینەکانمان ئاسایی بێت، بەڵکووچاومان بشۆین و بە جۆرێکی تر بڕوانین، وشەکانمان بشۆین تا خودی وشەکان ببن بە باو باران. ئەو هەواڵگری بۆ ڕێگرەکان دەکات و پێیان دەڵێت: کاروانێک بەڕێوەیە باریان پڕە لە زەردەخەنە. سوهراب شێوەکارە، ڕەنگی تابلۆکانی دەداتە دەست باران و تریفەو باو سامالی شیعر تا بیخەنە سەر باڵی کلوو بەفرێك کە بەسەر گیایەکی تەڕەوە دەتوێتەوە. ئەو نایەوێت ئاو لێڵ بکەین :

"لەوانەیە لە خوار رووبارەکەوە کۆترێك ئاو بخواتەوە، یان لە بێشەڵانێکی دووردا ڕەنگاڵەیەك پەڕی بشوات، یان لە گوندا گۆزەیەك پڕ بکرێت لە ئاو.

ڕەنگە ئەم ئاوە ڕەوانە بڕواتە ژێر دارچنارێکەوە، بۆ ئەوەی خەمی دڵێك لابەرێت.

ئەشێ دەستی هەژارێك نانێکی وشکی بە ئاوەکەدا کردبێت.

ژنێکی جوان هاتۆتە کەنار رووبارەکە

جوانیەکەی دوو قات بوەتەوە"

با ئێمەیش ئاوەکە لێڵ نەکەین:

لەوانەیە لە کەناریا

کوڕێکی عاشق, قۆز و گیرفان خاڵی جێ ژوانی گرتبێت،

تەماشای ئاوەکە بکات و بێ منەت بێت لە ئاوێنە.

یان مانگ تریفەی تێ بڕژێنێت و

بۆ وڵاتی تاریکستانی بنێرێت.

کێ لە نهێنی ئاو دەگات؟

ڕەنگە بۆ چاو خەڵەتاندنی دوژمن، چەندان گۆرانی خوڕەو

سروودی وردە شەپۆلی لە روونیەکەیدا حەشار دابێت و

بۆ شۆڕشگێڕانی چیای ڕەوانە کات.
یان دڵنەوایی غەریبێك، لانەوازێکی پێبکات
کە هێشتا دڵداری لەگەڵ سادەییدا دەکەن.
ئاو لێڵ نەکەین:
دەشێت ئەم ڕووبارە بەلای زیندانێکی تەریکدا تێپەڕێت
لە درزێك، دەلاقەیەك، ڕۆچنەیەکەوە
ببێت بە دڵداری هەمیشەیی زیندانیەك و هۆگری وردە شەپۆلەکانی بێت.
دەشێت بەلای دەروێشێك و قەلەندەرێکدا بگوزەرێت
کە خودایش لە یادی کردوون.
یان شاعیرو موسیقارێك لە کەناریا دانیشتبن و
ئاهەنگی خەم گۆڕینەوە بگێڕن.
ئاو لێڵ نەکەین:
ڕەنگە دارهەناری سەرووی گوندەکە
ڕەنگی گوڵێکی سووری خۆی فرێدابێتە ئاوەکەوە
بە دیاری بۆ قژی بوکێکی غەمگینی بنێرێت
دەشێت ئەم ڕووبارە وەرزە ڕووناکەکانی تەمەنی دەشت و چیای لەبەربێت
کە لێڵ کرا یادەوەری و خۆیشی بمرن.
یان پەیامی باکانی کوێستان بەرەو بیابانەکانی خۆراوا بەرێت
تك تك ساردی بڕژێنێتە ناو گۆڕی ئەنفال کراوەکانەوە
پێیان بڵێت:
شەو باش هاوڕێیانی نوستوو

تەنیا بەفرو ئاو لەیادی نەکردون
هاژەی ئەو دڵانەیش کە شەوگخوونی بەدیار بێدەنگیتانەوە دەکێشن.
ئاو لێڵ نەکەین:
ڕەنگە پەڕەسێلکەیەك بێت و بڕواو بزریوێنێ
تا لە ڕوونترین شوێنی ئاوەکەدا خۆی بشوات و
باڵی سەوزی سەوزتر بێت.
یان گوڵە هێرۆیەك بە چلکێوکە پەمەییەکەی
چاوی پەڕەکانی خۆی بکات بە ڕەنگی مرواری.
دەشێت لەو خوارەوە، ڕۆحێکی ئاڵۆز، خنکاوی بێهودەیی بێت
ئەم ئاوە ڕوون و زوڵاڵە , گۆرانی ڕێگای سەخت و بێ کۆتایی بۆ بڵێت و
کاسکێتە شینەکەی بۆ هەڵبڕێ
ماندوو نەبوونی لێبکاو پێڵووی تەڕکات بە بۆنی عەشق
ئەوسا ئەویش گریانی خۆی بداتە دەست
لەوانەیە...

# دوا ئاماژەکانی دیکتاتۆر

لەکاتی لە سێدارەدانی سەدام حسێندا. ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشام و هەژاندمی، چاولێکنان و کرانەوەیەکی کتوپڕی ئەو زەلامە بوو کە دوور لەو شتانەی پاشان خەڵکی قسەیان لەسەر کردو هەرایان بۆ نایەوە تووشی شۆکی کردم. ئەو جوولەیە، بردمیەوە بۆ حەشارگا نهێنیەکانی دیوی ناوەوەی مرۆڤ کە تا ئێستا پەی بە کەمی براوەو زۆربەی هەرە زۆری لە نەدیویدان، لە چرکەساتێکی وا تراژیدیدا گرانە- ئەگەر فریودەرێکی لێوەشاوەو رۆحێکی پڕ لە خۆپەسەندی ونەرجسیت نەبێت- بتوانیت لە زمانی ئاسایی بگەڕێیت و پەنا بۆ زمانی چاو بەریت، کە بۆ ئەو ساتەو لەو برگەیەدا شیاوترین هەڵبژاردن بوو بۆ ئەو. ئەو چەند ترپەیەی لە چاولێکنان و هەڵبڕینیدا بینیمان تەنیا جوولەیەکی فیزیکی جەستە نەبوو بە ڕووتی، بەڵکوو هەڵگری مانایەکی سایکۆلۆژی و ئایدۆلۆژیش بوو کە بەتەواوی مانا ئاساییەکەی مەرگی ئەو ساتەی هەڵوەشاندەوەو بە رەهەندی تری بارگاوی کرد،ئەمەیش تەنیا لە دیکتاتۆرێکی گەورەو لێزانی ئەم سەردەمە دەوەشێتەوە. ئەوان لە کاتی وادا دەشێت نە بکروزێنەوەو نە لە چاویاندا مانای ترس و دوودڵی بەدی بکرێت، بەڵکو ڕەنگە پێبکەنن یان بێ بایەخانە پرسیاری نرخی پێڵاوی جەلادەکەیان بکەن، تەنیا بۆ ئەوەی خۆیان لە خەڵکی ئاسایی جیابکەنەوەو خەسڵەتی کاراکتەری سوپەرمان لەخۆبگرن. بەڵام چاوتروکاندنەکەی سەدام، بەو مەرگەساتەیەوە کە دەبوو سەدان دیمەنی تراژیدیم بیربخەنەوە، کەچی لە ناو جەرگەی کۆمیدیایەکی زۆر ڕسوادا

ڕایگرتم، کۆمیدیایەك زەردەخەنەیەکی هێند بە ژاروژەنگت دەخاتە سەرلێو کە پڕە لە ژەهری گەمەیەکی نەگریسانە. ناتوانم بڵێم پێشتر ئەو پیاوە چی لەسەر سات و هەڵوێستی لەو جۆرەی خۆی خوێندۆتەوە کە دوا وێستگەی ژیان و بەهەدەرچوونی تەواوی ئاوات و خەونەکانیەتی، بەڵام تاقە چەکێکی کاریگەر کە بۆ ئەو چرکەساتە لەدەستیدا مابوەوە بەکارهێنانی دوا هونەرو دوا داهێنان بوو بۆ گەیاندنی پەیام و مانەوەی لە زەین و بیری کەسانێکدا کە خۆی چاك شارەزای سایکۆلۆژیەت و کەسایەتیانە. ئەو بۆ ئەو چرکەساتە زۆر خێرایە دوو زمانی فریودانی بەکارهێنا. یەکەمیان تەنیا بۆ خەڵك و دوەمیان بۆ خەڵك و خودا، زمانی خەڵك ئەو چاوتروکاندنە نەرم و بەرائەت ئامیزە بوو کە لە نمایشکردنێکی بەرجەستەدا بۆدواجار وروژاندی و ئیدی هەرگیز دووبارە نابێتەوە. ئەو بەو جووڵەیە خۆی خستە بەرگی فریشتەیەکەوە کە بە بێدەنگی هاوار دەکات ودەڵێت: بڕوانن, من چەندە بێ تاوانم؟ چ زوڵمێکی گەورەم لێ دەکرێت؟ لەبەردەم ڕقی دوژمن و داگیرکەردا چ قوربانیەکی بێ دەسەلاتم؟ ئاخر خۆ من جوێن فرۆش نیم تا لە زەلکاویان هەڵبکێشم، شەڕئەنگێزیش نیم تف بە رویاندا هەڵدەم،ئاخر من جەلاد نیم رۆماننوسم! چاویشم وێنەیەکی راستی دەست و زمانمە، گەر وێنەی ئەو رۆژانەیشتان دێتە بەرچاو کە شمشێرم هەڵدەکێشاو بەتاقە دەستێك قۆناغی تفەنگم لەسەر ئەژنۆم دادەناو دەمتەقاند، ئەوە گەیاندنی پەیامی عەرەب و ئیسلام بوو کە هەر بەو شێوەیە راگەیەنراوەو, منیش بەرگری لە کلتوورێك دەکەم کە ئێوەی گەیاندۆتە پلەو پایەی گەلانی دی و زیاتریش. ئەو کە دەیوت هەر بەعسییەکی باش لە عومەری خەتاب چاکترە بانگەشەی بۆ ئاینزایەك دەکرد کە هەڵگری ئایدۆلۆژیەتێکی سیاسیشەو ئەو خۆی لە پەنایدا هەرچی بکات پارێزراوە، کە

قەلاچۆی کوردی بە سورەتی ئەنفال ناودێرکرد هیچ گومانێك نەما کە لەپشت بیروبۆچونی ئەم پیاوەوە کلتورێك هەیە بارگاویە بە تێکەڵکردنی ئاین و سیاسەت، بۆ بەئەنجام گەیاندنی دەستێکی کارا هەیە لێوانلێو لە گیانی دەمارگیری نەتەوەیی و خۆپەسەندی.

سەدام لە چاوتروکانێکدا ئەم نیشانانەی پێکا، هەرکەس پێشتر لە نزیکەوە دەستی ئەوی نەدیبێت زوو بڕوای بە چاوی دەهێنا،هەربۆیە هێشتا گەرمایی لەشی سارد نەبووبووەوە کە عەرەب و دەسەڵاتدارەکانی فرمێسکیان بۆ ڕشت و پرسەیان بۆ گرت، جارێك کرا بە پاکیزەترین مرۆڤی بە ناهەق کوژراوو جارێکی دی بوو بە هاوڕێو هاوسەنگەری شۆڕشگێڕێکی مەزنی وەك عومەری موختارو پاشانیش بە شەهید. ئاخر سیاسەت چییە بێجگەلە زوڵمو تەفرەدان! بێجگە لە شۆردنی دەست بەپیسی! بێجگە لەناهەقیەك کەلەبەها جوان وپیرۆزەکانی مرۆڤایەتی دەکرێت!

زمانی دوەمی سەدام کە دوا قۆناغی فریودانەکەی بوو، ئەو ساتە هاتە گۆ کە بۆ دواجار رووی لە خودا کردو شایەتمانی هێنا، گەرمی دانپێدانانی وشەکان پەیوەندی بەبڕواو ئیمانی قوولیّ ئەوەوە نەبوو بەڵکو بە ئازارە دەروونیەکانەوە، ئەو بە درێژایی تەمەنی لەگەڵ خودادا تەباو راستگۆ نەبووە، قورئانەکەی دەستی و نوێژو و چوونە کەعبەی فریودانێکی سیاسی و رێگا ونکردن بوو لە هۆش و گۆشی خەڵکی. ئێستا کە گشت دەرگاکان داخران و ئەو راستەوخۆ بەرامبەر بە خوایەکە کە ئاگاداری هەموو تاوان و نهێنیە دزێویەکانیەتی، ئیتر هیچی دی نەماوە بێجگە لە هاوارێك، ناڵەیەك، پاڕانەوەیەکی دڵکارانە بۆ لێبوردن و پاکبوونەوە، ئێستا دەزانێت رۆڵی دوفاقی کردن لەگەڵ خودادا بەسەرچووەو لە نێوان ئەم وئەودا تەنیا موویەکی زۆر باریك ماوەتەوە، بۆیە دەبێت دان بەو تاوانانەدا بنێت کە تەنیا

خۆی و ئەو دەیزانن و کەسی تر لە بەینا نەماوە، ئەو گوناهانەی ڕەنگە لە ژیانیدا لە رووی نەهاتبێت تەنانەت بیر لە هەندێکیان بکاتەوە یان بهێڵێت بە زەینیدا گوزەر بکەن، چونکە رسواترین نامەردی و خەجاڵەت ترین کار بوون. ئەو لە رۆژی (تورەبوونەکانی خۆیدا) دەیان بێ ئاگاو بێگوناهی لەناو بردووە، پیلانی بۆ نزیکترین و خۆشەویسترین کەسی خۆی داناوە،ئەی ئێستا چی ماوەتەوە لە شایەتمانێکی بێدەسەلاتانە زیاتر کە بێگومانە لەدوای خۆیەوە رووپێوی جەنگەڵستانەکەی پێ فراوانتر دەبێت و مەوداکانی خۆشەویستی و لێکبووردن بەرتەسکتر دەکاتەوە، ئەمەش وەك ئەنجام تەواوکەری پەیامی راستەقینەی خۆی بووە بۆ وشك کردنی ماناجوانەکانی ژیان.

# ئەزموون و داهێنان

**(ئاقڵترین پیاو کە بە درێژایی تەمەنم ناسیبێتم نە خوێندنەوەی دەزانی نە نووسین.)**

**"ساراماگۆ"**

ژیان ئەزموونێکی بەردەوامە و مامۆستای زانینەکانە، توانا قاڵبووەکانی ئەزموون لە هەموو بوارو هەلومەرجەکاندا چاوی کراوەو ئاوەزی رەخنەو هەڵسەنگاندنی شتەکانە، گەلێك لە ناوە درەوشاوەکانی مێژوو، قوتابیە بەهرەمەندەکانی ئەو ئەزموونانەن کە پاشان بوونەتە سەمبولی رابەری و پەیڕەوی لێکردنی کەسانی دی. لە بواری ئەدەبدا ناوە هەرە دیارەکان ئەوانەن کە باڵای ئەزموونی ژیانیان کەڵەگەتەو گەرمایی کارەسات و بەسەرهاتەکانیان تا سنووری سوتان هەستی خرۆشاندوون و رەگاژووی ئەو بەستێنانەن.

یەکێك لەو نووسەرە بە بەهرەو پڕ لە ئەزموونانە ژوزە ساراماگۆی پورتوگالیە کە ساڵی ١٩٩٨ خەڵاتی نۆبڵیان پێبەخشی. ساراماگۆ کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەی وتەیەکی گرنگی لەبەردەم لیژنەکەدا خوێندەوە کە سەرتاپا تژی بوو بە ئەزموونی ژیانی تایبەتی خۆی، لە وتەکەیدا باس لەوە دەکات کە ئەو قوڕاوی ئەو ئەزموونانەیەو کارە ئەدەبیەکانی لەوێوە سەرچاوەیان گرتوە. ئەو، وەك خۆی باسی دەکات لە گوندا ژیاوە، تا تەمەنی چواردە ساڵیش هەر بەپێی پەتی سوڕاوەتەوە، نەنك و باپیرە نەخوێندەوارەکەی تاقە مامۆستای بوون، هەر لە گوندا بەرازی لەوەڕاندوە کە بۆ دەستەبەرکردنی ژیانی رۆژانەیان بەخێویان کردوون، تەنانەت لە

شەوە هەرە ساردەکانی زستاندا نەنك و باپیری بزەڵەکانیان وەك منداڵی خۆیان لە باخەڵیاندا نواندوە، بێل کاری کردووەو بوە بە پاسەوانی کێڵگەی گەنمەشامی، داری بۆ زۆپا هێناوەو چەرخە ئاسنینەکانی خستۆتەگەڕ. شەوانیش گوێی بۆ ئەو چیرۆك و ئەفسانانە ڕاگرتووە کە باپیری بۆی گێڕاوەتەوە، لە کارەساتە سامناکەکانی ترساوەو شەو خەونی پێوە دیون. هەر لە زمانی نەنك و باپیریەوە لە مانای مردن تێگەیشتوە، درکی بە خۆشەویستی مرۆڤ و سروشت کردوەو بە پێی کات و هەلومەرجەکان لە رەفتاری جیاوازی خەڵکەکە تێگەیشتوە.

ساراماگۆ پاشان یادوەری ئەو سەردەمانەی بە رەنگی ئەدەب وێنەکێشاوە، بەڵام مرۆڤە ئاساییەکانی کردۆتە کەسایەتی و بە ئارەزووی خۆی هەڵی سوڕاندوون، ئەوانەی لە رۆژانێکی تەمەنیدا مامۆستای بوون و رەگ و ریشەی ئەمیان لە قووڵیدا داکوتاوە و هەوڵی سەختی ژیانیان بە دژوارترین شێوە فێرکردوە.

ساراماگۆ کە دەڕواتە لیشبوونە و ئەدەب و مێژووی وڵاتەکەی دەخوێنێتەوە، لق و چڵی درەختی ئەزموونەکانی زیاتر باڵادەکەن و بڵند دەبن، ئەو بێ فێرکەرو رێنما هەرچیەکی دەست دەکەوێت دەیخوێنێتەوە، دەریاوانێکی سەرسامەو بە هزرو هۆشی خۆی شتەکان دەدۆزێتەوەو بە ئاسوودەیی لە بەندەرەکان لادەدات. کە شیعرەکانی گەورە شاعیری وڵاتەکەی (فرناندو پسوا) بە ناوی ریکاردۆ ریسەوە دەخوێنێتەوە و پاشان دەزانێت ئەوە ناوی خوازراوی ئەوە, هەر بەو ناوەوە رۆمانی (ساڵی مەرگی ریکاردو ریس) دەنووسێت، ئەوسا لە تەمەنی حەڤدە ساڵیایە و هێشتا لە ئەزموونی داهێناندا قاڵ نییە. بەڵام وردە وردە لەناو ئەم ژیانەیشدا زانینی باڵا دەکاتو لەوە دەگات کە هەموو شتێك دوو ڕووی هەیە، تا هەردوو روەکە نەبینیت ناتوانیت هیچیان لەبارەوە بڵێیت. بەتایبەتی نابێت مێژوو فەرامۆش بکەیت، بەڵام

دەبێت هەمیشە بە چاوی رەخنەو هەڵسەنگاندنەوە لێی بڕوانیت، چونکە مێژوو زۆرجار مەکۆی چەواشەکردن و شێواندنی راستیەکانە. بۆ نموونە لە رۆمانی "مێژووی گەمارۆدانی لیشبوونە" دا گفتوگۆ لە نێوان خۆی و مێژوونووسێکدا هەیە کە پوختەی راکانی ئەوەیە ئەدەب و مێژوو دوو شتی جیاوازن. وەك دەڵێت هەر شتێك ئەدەب نەبێت ژیانە، مێژوویش هەروایە. مێژوو ژیانی راستەقینەی خەڵك نییە، بەلام ئەدەب، بەڵێ.

لەناو جەنگەی خوێندنەوەو ئەزموونندا ساراماگۆ گومان لە یەقینەکان دەکات و رۆمانی "ئینجیل بە گێڕانەوەی عیسا" دەنووسێت. بەلام ئەم ئینجیلە کتێبی ئاسمانی نییە، بەڵکو ئەم رووناکی خستنە سەر هەموو شتەکان و شوێنە تاریکەکانە. دەیەوێت پەناو پەسێرەکان لەبەر ئەو رووناکیەدا بدۆزێتەوە و ئەفسانەکان بخاتە بەر لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی هزر. ئەو سەر لەوە دەرناکات کە بۆ دەبێت لەناو خودی ئاینەکاندا شەهید هەبێت؟ یان چۆن دەبێت خودا پەیام بە کوڕەکەیدا بنێرێتە سەرزەوی بۆئەوەی لە تاوانەکانیان خۆش بێت؟ بۆیە وەك ئەنجام ئینجیلەکەی ساراماگۆ نابێت بەو ئینجیلەی کە مرۆڤ فێری ئەفسانەو یەقینە چەسپاوەکان دەکات، یان خوا بە خەڵکی بناسێنێت, بەڵکو ئەم ئینجیلە چیرۆکێکە مرۆڤ فێری ئەوە دەکات سەر بۆدەسەلات دانەنەوێنێت و تا بتوانێت شەڕی لەگەڵدا بکات.

کە ساراماگۆ شەڕە ترسناکەکانی سەدەی شانزەی نێوان پروتستانت و کاسۆلیکەکان دەخوێنێتەوەو ، دەزانێت بە چ دەمارگیری و نائینسانیەتێکەوە خوێنی یەکتر دەڕێژن ، نمایشنامەی (ئۆیەم رۆژی بەفرانبار) دەنووسێت، لەوێدا گوزارشت لە توندڕەوی مەزهەبەکان دەکات و دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە مەزهەب تەنیا ئەوە فێری

مرۆڤ دەکات کە بکوژێت یان بکوژرێت، ئەو شەڕەکان بەبێ هودە دەداتە قەڵەم و بە درۆیەکی گەورەیان دادەنێت کە بە ناوی خوداوە دەکرێن, ئەوەیش سووکایەتی کردنە بە گیانی پڕ لە میهرەبانی و لێبووردوویی یەزدان, چونکە ئەوە شەڕ نییە لەسەر تاکگەرایی خودا بەڵکو ئەوان هەریەکەیان خوایەکی تایبەتیان بۆخۆیان دیاری کردووە کە پەیڕەوی لێدەکەن و ئەمەیش وەك ئەنجام وێلگەیەکە بۆ لادان و دوورکەوتنەوە لە هەقیقەتەکانی پەیامی پیرۆز.

خەیاڵی ساراماگۆ هێند درەوشاوەو بەرینە کە پەی بە دۆزینەوەو داهێنانی تر دەبات و دنیایەك لە هزرو تێڕامان بەرجەستە دەکات. لە رۆمانی (کوێری) دا دانیشتوانی شارێك بە تەواوی دەکاتە کوێر، بێگومان مانای مەجازی کوێربوونی هەموو چین و توێژەکان تێنەگەیشتنە لە ژیان، چونکە ئەوان رێزی یەك ناگرن و سووکایەتی بە یەکتر دەکەن. بەتایبەتی رووی دەمی لەوانەیە کە کتێب دەخوێننەوە، پێیان دەڵێت بە سووك تەماشاکردنی ژیان لادانە لە ئاوەزو بەرهەمهێنانی تاریکستانێکە کە هەموو خەڵکیی تیا ونن و چاك و خراپ تێکەڵ بەیەك بوون و راستیەکان شاراونەتەوە.

# دیوەکەی تری خوێندنەوە

خوێندنەوە گەشتێکی بەرفراوان و ڕەنگالّەیە بە نێو دنیای زەمەنێکی نموونەییدا، نموونەیی بەو مانایەی دەشێت ئەو جۆرە گەشتە هەرگیز لە ژیانی ڕاستەقینەی خوێنەردا نەیەتە دی، یان خەونێك بێت و هەر بە لۆکی بمێنێتەوە. ئەوەیش کە ئەو دنیایەت دەگێڕێت و بەهرەو توانا جۆربەجۆرەکانی مرۆڤەکانیت لا بەرجەستە دەکات، خوێندنەوەی کتێبە جوانەکانە کە وەك باسترناك دەڵێت: لاپەڕەی یەکەمیان پێوە نەماوە. ئەو کتێبانەی چێژت پێدەبەخشن و ڕادەی زانست و هوشیاریت واڵاتر دەکەن، خۆتت پێ دەناسێنن کە لەهەر ناسینێکی دی پێویست ترەو، گیانی بەراوردکاری و جوان ناسیت پێدەبەخشن. ئەوکەسانەی عەشقی خوێندنەوە پەیدا دەکەن و بەتەواوی شەیدای دەبن، وەك ئەوانەن کە خەون و خەیاڵیان لای دڵخوازێکە، ئیتر ئەو دڵخوازە ژنە، دەریایە، چیایە، گوڵە، یاریە، یان خودایە. کەس ناتوانێت کات و توانای ڕۆحیی خۆی و ئارامیی جەستەی لەپێناوی شتێکدا بەخت بکات کە خۆشی نەوێت، یەکێك لە ڕەگەزەکانی خۆشویستن چێژ لێوەرگرتنە، چێژ وەرگرتنیش پرۆسەیەکی ڕێژەییە و وابەستەی کەسەکەو هەلومەرج و ژینگەکەیەتی. ئەوەی شاعیرێك و نووسەرێك لە خوێندنەوەدا بۆی دەگەڕێت و هەستی پێدەکات جیاوازە لە خوێنەرێکی ئاسایی کە تەنیا بۆ کات بەسەربردن دەخوێنێتەوە. نووسەرو داهێنەری دڵکار گشت خوێندنەوەیەکی تازەی کتێبێك لە خوێندنەوەکەی پێشووی جیاوازە، خۆیشی هەر بەو مەبەستەوە دووبارەی دەکاتەوە.

زۆر نووسەری ناودار هەن باس لەوە دەکەن کـە لـە خوێندنـەوەی تاقـە بەرهەمێکـدا هەمیشە بەردەوامن و سـاڵانە دووبـارە و سـێ بـارەی دەکەنـەوە، مـیلان کۆنـدێرای ڕۆماننووسی چیکی بەردەوام ڕۆمـانی دۆنکیخۆتـەی سـرڤانتس و مەسـخی کافکـا دەخوێنێتەوە، هەر جـارە تـوخمی تـازە بـۆ لەسـەردوان و نووسـین دەدۆزێتـەوە. ئـەو گـەورەیی دۆنکیخۆتـە لـەوەدا دەبینێـت کـە چـەردەیەك شـێوازی داهێنەرانـەی بـە ڕۆمانی نوێی ئەوروپایی بەخشیوە، بـووە بـە سەرچـاوەی ڕەگـەزێکی هـەرەدیار کـە کۆندێرا پێی سەرسامە، ئەویش ڕەگەزی گاڵتەجاڕیە. ئەگەرچـی هەنـدێك ئەمـە بـە کەرەسەی پێکەنین و کات بەسەربردن دەزانن، بەڵام بـە ڕاسـتیی مایـەی تێفکـرین و دۆزینەوەی تایبەتمەندیـەکانی ژیـانی مـرۆ و بـەهاکانی سـەردەمن.(خـودی کۆنـدێرا ڕۆمانێکی ناوازەی هەر بە ناوی گاڵتەجاڕەوە هەیـە) ئـەم ڕەگـەزی گاڵتەجاڕیـە لای شاعیری گەورەی مەکسیك (ئۆکتافیوپاز) بە مەزنترین دۆزینـەوەی سـەردەمی نـوێ ناودێر دەکرێت و سەرچاوەکەیشی بە سـرڤانتس دەزانێـت. هـەروەها کۆنـدێرا هێنـد سەرسـامە بـە کافکـا کـە بـە (پەیامبـەر) نـاوی دەبـات، لـە کتێبـی (وەسـیەتە شێوێنراوەکان)یدا دوو بەشی بـۆ تـەرخان کـردوە، لەوێدا دژ بـە (بـرود)ی هـاوڕێی کافکا دەوەستێت لەسـەرئەوەی (بـرود) لـە چـەند شـوێنێکدا لێکدانـەوەی ناجۆرو نادروسـت بـۆ کـاری کافکـا دەکات،هەرچـەندە بـرود وەسـیەتەکەی کافکـای بـە سووتاندنی بەرهەمـەکانی بـە ئـەنجام نەگەیانـد و پاراسـتنی. گۆنتەرگراسـی خـاوەن خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب هەموو ساڵێك ڕۆمانی مەسخی کافکا دەخوێنێتەوە، سـادقی هیدایەتی فارسیش لەو نووسەرە ناودارانەیـە کـە ئـەم ڕۆمانـە زۆری سەرسـام کـردو وەریگێڕایە سەر زمانی فارسی، ڕۆمانەکەی خۆیشی(کوندەبەبوو) سێبەری مەسـخی لەسەرە.

نووسەری مەزنی بەرازیلی (خورخە لویس بۆرخیس) چەندان جار هەرسێ بەرگەکەی کۆمیدیای خودا وەندەکانی(دانتـی)خوێندۆتـەوە، لـە سـەردەمێکدا کـە لێپرسـراوی کتێبخانەیەك بوە لە نزیك بۆینس ئایرسەوە بەردەوام یـەکێك لـەو سـێ بەرگـەی لـە گیرفـانی پاڵتۆکەیـدا دانـاوەو لـە رێگاوبانیـشدا لـە خوێندنـەوەیان نەکـەوتوە. لەهەرجارێکدا رەگەزێکی تازەی ئەو داستانە شیعریانەی کردۆتـە تـەوەری بـاس و لێکۆڵینـەوەو گوتـارو وانـە وتنـەوەکانی زانکـۆی. لەیەکێکیانـدا تـەنیا وەك شـیعر لەسەر(دۆزەخ)قسە دەکات و لە خوازەو وێنەو درکەکانی دەکۆڵێتەوە، ئەمە بێجگـە لە ناوەرۆکی بەرهەمەکە کە لێوان لێوە لە ئەفسانەی گریك و میتۆلۆژیـای یۆنـان و جێگاو شوێنە مێژووییەکانی فلورەنساو رۆما، دیمەنـە تراژیدیـەکانی نـاو دۆزەخ کـە هـەزاران قەشـەو یـاخی و دزو ناپـاك و شـەیتانی تێدایـە و(ڤیرجیـل)ی هاوسـەفەرو مامۆستای سەراسیمە دەکەن .

بۆرخیس لەبارەی ئەو خوێندنەوانەیەوە دەڵێت: من کۆمیدیای خواکـانی دانتـیم زۆر خوێندۆتـــەوەو بـــەردەوامیش نوســـخە ئەســـڵیە ئیتالیەکـــەم لەگـــەڵ وەرگێڕانـــە ئینگلیزیەکەیدا بەراورد کردوە، لە نوسخە کۆنەکاندا زیاتر لێکدانەوەکان تیۆلـۆژین، لەســەدەی نـۆزدەدا باسـە مێژووییـەکانی تیـا هاتۆتـە گـۆڕێ، ئێـستایش لایەنـە ئیستاتیکیەکەی کە پەیوەندی راستەوخۆی بە خودی شیعرەکانەوە هەیە.

پـۆرخیس لەبەرئـەوەی زۆر (هـەزارو یـەك شـەوە)و (دۆنکیخۆتـە)ی خوێندۆتـەوە، بـەردەوام لـە دیـدارو دیمانەکانیـدا باسـیان لێـوە دەکـات و تـوخمی تازەیـان تیـا دەدۆزێتەوە. لە رۆمانی (دۆنکیخۆتە)دا لەسـەر تـەکنیك دەوەسـتێت کـە داهێنـانی خۆیەتی و بریتیە لە دۆزینەوەی وێنە لەناو وێنەی تـردا. واتـا سـرڤانتس لـە خـودی رۆمانەکەوە چەندان رۆمانۆچکە دەخاتەوە کە مایەی گەشەپێدان و چێژی خوێنەرن.

لەبیرمان نەچێت کە (ئەسکەندەری مەکدۆنی) لە هەموو پەلامارو لەشکرکێشیەکانی خۆرهەڵاتیدا بەردەوام (ئەلیازە)ی هۆمیرۆسی لەژێر سەردا بوەو خوێندیەتیەوە. سیاسیە بە فڕوفێڵەکانی دنیایش هەمیشە کتێبی(میر)ی میکافیلیان بەدەستەوەیەو دەیخوێننەوە، بە تایبەتی بۆ سوود وەرگرتن لەوەی کە دەڵێت: بۆ گەیشتن بە ئامانج هەموو ڕێگایەك دروست و ڕەوایە. ئەو وتەیەی هەزاران تراژیدیای مرۆڤایەتی و کاول کردنی لێکەوتەوەو نموونەی بەسووك تەماشاکردنی بیرو ئاکارەکانی مرۆڤە.

# شەڕوخۆشەویستی

لەڕۆمانەکانی نووسەری ئەڵمانی (ئریك ماریا ڕیمارك)دا بەردەوام دوو تـوخمی سەرەکی ناوەرۆکی کارەکان پێك دەهێنن، ئەودوانەیش شەڕو خۆشەویستین کە چەندە بەیەکدی دژو نامۆن، ئەوەندەیش یەکتری تەواو دەکەن وتەوەری مل ملانـێ و بەرەوپێش چوونی ڕووداوی ناو ڕۆمانەکانن، لەجەرگەی هەریەکێکیاندا تۆوی ئەوی تردەڕوێت. هەرچەندە ڕۆمانی ئەم نووسەرە بەتوانایە زیاتر دەربارەی جەنگە، بەتایبەتی جەنگی دووەمی جیهانی، بەلاَم بلێسەی ئەوین وخۆشەویستیەکی پاکیزەیش لەناو هەناوی ئەو جەنگەدا دەدرەوشێتەوەو بزاوتێکی گەورە بەڕۆحی مرۆڤەکانی دەدات. ڕیمارك لەو ڕۆمانانەیدا کە بەئەدەبی جەنگ ناودێرکراون: شەوێك لەلیشبۆ نەدا، لەبەرەکانی خواراوادا هەمووشتێك هێورە، خۆشەویستی لەکاتی خۆیداو مەرگیش لەکاتی خۆیدا، بەردەوام ئەودووتوخمە دەوروژێنێت، لە لایەکەوە دەیەوێت بڵێت زمانی ئەم دوو هێزە لەیەکتر جیاوازن و هەریەکەیان لە بۆ سەی لەناو بردنی ئەویتردا یە، وەلێ لەهەمان کاتدا مرۆڤ ئەو بەد بەختەیە کە زۆر جار بەعەشقەوە مومارە سەی هەردووکیان دەکات، یان لە وپەڕی نائومیدیدا بەرانبەر یەکێکیان ئەوی تریان هەڵدەبژێرێت.

لەڕۆمانی (شەوێك لە لیشبۆنەدا ) کات سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانە. هیتلەر بەتەمای قووتدانی هەموو ئەوروپایە، ولاَتانی دەوروپشتی ئەڵمانیا (فەرەنسا، ئیسپانیا، پورتوگال، سویسرا) لەبەرانبەر نیازە بەدکارەکانی هیتلەردا ترسیان لێ

نێشتوە، هیتلەر بەهۆی توانای لەڕادەبەری ماشێنە سوپاییەکەی و گستابۆی داردەستیەوە هێزێکی تۆقێنەری ناو ولاتەکەی وەدەرەوەیە. هەزاران ئەڵمانی لە ترسی زەبروستەمی نازی و فڕێدانە ناو فڕنی غاز وسانسۆری فیکریەوە هەڵدێن، بەتایبەتی بۆ وڵاتە دراوسێکان، دووکەس لەو هەڵاتوانە شەوێك بەڕێکەوت لەبارێکی شاری لیشبۆنەدا پێکدەگەن, هەردووکیان چاوەڕێی کەشتیەکی گواستنەوەن بۆ ئەمریکا، یەکێکیان ناوی خوازراوی (شفارتس)ی هەڵگرتوە کە پەساپۆرتێکی ساختەی کابرایەکی مردووی جوولەکەیە، کەسی دوەم - چیرۆکەکە بەزمانی ئەوەوە دەگێڕدرێتەوە - لەسەرداواو ناچارکردنی (شفارتس ) لەسەر مێزەکەی دادەنێشێت، شفارتس پەساپۆرتی ئەمریکای دەداتیٚ و ئیتر ئەو شەوە تابەرە بەیان چیرۆکی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، لەو ڕۆژەوەی کە لە ئەڵمانیای وڵاتی خۆیەوە - هێلین - ی ژنی هێناوە و پاشان بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەویٚ هەڵاتوە، دوایی بە دزیەوە گەڕاوەتەوە بۆ بەرلین وژنەکەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە,وا ئێستایش ژنەکەی مردوەو لەناو تابووتێکدا یە لەژوورێکی ئوتێلەکەدا.

دۆخی ڕۆمانەکە پڕە لەمل ملانێی نێوان خێروشەڕو هەوڵی مرۆڤ لە پێناوی خۆشەویستی ومانەوەوژیاندا، هەوڵی بەردەوامە لە بەزاندنی سنووری سیاسیدا بۆ گەیشتن بە ئامانجێك کە هەندێك جار بۆ خۆشەویستی ژنێکە کە هی خۆیەتی، بەرەوڕوو بوونەوەیە لەگەڵ سەدان مەترسیدا بۆ ڕزگاربوون لەداوی ڕژێمی تۆقینەری نازی، شفارتس گەلێك جار بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە سەرکێشی دەکات وپشت بەڕێکەوت دەبەستێت وتیایشیدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، لەڕۆمانی (خۆشەویستی لەکاتی خۆیدا ومەرگیش لە کاتی خۆیدا ) دیسانەوە رووداوی جەنگی دوەمی جیهان و پەلاماردانی ڕوسیایەلەلایەن هێزەکانی هیتلەرەوە، ریمارك

بەوردیوهەستیاریەوەباس لەکارە ساتە هەرەکاریگەرەکانی جەنگ و تراژیدیە مرۆڤایەتیەکانی دەکات، کە چۆن هەزاران شاروگوند وملیونان مرۆڤ لە ناو دەبرێت، کاراکتەری سەرەکیی ناو ڕۆمانەکە ناوی (جریبەر)ە کەسەربازێکی بەزۆر گیراوی ئەڵمانیەو لە ناو خاکی رووسیادا شەڕدەکات, کارەسات و دیمەنە هەراس هێنەکان نائومێدیان کردوەو بڕوای بەهیچ نەماوە، دەزانێت ئەو لەشەڕێکی نارەوادا بەشدارە کەتەنیا ویستی هیتلەرو گستابۆ هەڵیگیر ساندوەو پەیوەندی بە بەرژەوەندی ئەڵمانیەکانەوە نیە، جریبەر دوای بریندار بوونی بۆ حەسانەوە مۆڵەتی دەدەنێ بگەڕێتەوە شارۆچکەکەی وکەس وکاری ببینێت، بەلاّم فڕۆکەی ڕووسی ئاسەواری شاری نەهێشتوەو هەمووی بوەتەکەلاوە، نەماڵ ونەدایك وباوکی دیارنەماون، چەند رۆژێك دەگەڕێت تا تووشی (ئەلیزابیت)ی کچەناسیاوی گەڕەکەکەیان دێت، ئەوپێی ڕادەگەیەنێت کەباوك ودایکی جریبەر نەماون و باوکی ئەمییش لەزینداندایە، خۆی بەتەنیایەو ژنێکی گستابۆ یش وەك سیخوڕ چاودێریی لێ دەکات، جریبەرو ئەلیزابیت دوای چەند خۆدزینەوە یەك لە ژنەکەو چوونە دەرەوەیان حەزلە یەکدی دەکەن وخۆشەویستیان لەژێر سێبەری تۆپ بارانی فڕۆکەدا بلێسە دەسینێت, جریبەر داوای بەهاوسەر بوونی لێ دەکات، بەلاّم ئەلیزابیت دوو دڵە لەئایندەی جریبەر لەناو شەڕدا وسەرەتا نایەتەسەر ڕێ، بەلاّم جریبەر، قەناعەتی پێ دەکات کە ئەگەر ئەو بیش کوژرێت باماڤی خوێنەکەی بەرئەلیزابیت بکەوێت چونکە بەرەسمی ژنیەتی وبەمەیش زیان بەودەوڵەتە دەگەیەنن کەهەردووکیان رقیان لێیەتی، دوو هەفتەی ژن ومێردایەتیان بەخۆشیەوە بەسەردەبەن، شەو لەبەرتریفەی مانگە شەودا دلّداری دەکەن وشەڕو کارەساتەکانی لەبیرخۆیان دەبەنەوە، ئەمە ئەوکاتەیە کەبێجگە لە خۆشەویستی هیچی تر نامێنێت وبڕگەیەکی گرنگی

ڕۆمانەکەیە، جریبەر دوای ئەورۆژە هەنگوینیانە بۆ بەرەی شەڕدەگەڕێتەوە، ڕووسەکان تەنگیان بەئەڵمانیە داگیر کەرەکان هەڵچنیوە و لە بە رەکاندا دەیان شکێنن، لەوماوەیەدا چوار کۆماندۆی رووسی - دووژنو دووپیاو - کەدزەیان کردۆتە ناوچە داگیر کراوەکان لەلایەن نازیەکانەوە دەسگیر دەکرێن، لە خانوویەکدا دادەنرێن وجریبەر دەکەنە پاسەوانیان، جریبەر بڕواناکات ئەوانە کۆماندۆبن، بۆیە بەردەوام دڵخوشیان دەداتەوە، خواردنیان بۆ دەبات وتەنانەت جگەرەی خۆیان دەداتێ، دوای چەند ڕۆژێك لەکاتی کشانەوەی ئەڵمانەکاندا هاوڕێیەکی جریبەر بەناوی (شتاین برنەر)ە وەدێتە لای، هەواڵی دەداتتی کەدەبێت لە وناوچەیە بکشێنەوەو لەوحاڵە تەدا دەبێت چوار کۆماندۆکە بکوژرێن، بەلاّم جریبەربەرانگاری ئەوڕایە دەکات و لەگەڵ هاوڕێکەیدا دەبێتە کێشەیان، هاوڕێکەی ڕووی چەك دەکاتە کۆماندۆکان بۆ کۆشتنیان، بەلاّم جریبەر زووتر دێتەدەست و هاوڕێکەی خۆی دەکوژێت، دیلە ڕووسەکان بەردەدات تابڕۆن، ئەوان بڕاوناکەن، بۆ دەڵنیا کردنیان جریبەر چەکەکەی خۆی فڕی دەدات و دەڕواتە سەرلاشەی هاوڕێکەی و بیر دەکاتەوە، کەسەر هەڵدەبرێت دەبینێت یەکێك لە ڕووسەکان چەکەکەی ئەمی هەڵگرتوە، ئەوسادەزانێت ئەمانە کۆماندۆن، لاوە ڕووسیەکە ڕووی چەکەکەی دەکاتە جریبەر و دەست ڕێژی لیّ دەکات، جریبەر دەکوژرێت و لەناوگژوگیاکەدا بۆ دواجار چاو لێك دەنێت. بەلاّم ڕۆمانی سیّ هاوڕیّ تاڕادەیەك دەچێتە خانەی ئەدەبی ئیرۆتیکیەوە کە لێوان لێوە لە سۆزو خۆشەویستی و پەیمانی نێوان کچ وکوڕێك بەناوی (ڕۆبی) و (بات)ە وە، بات کچێکی جوانە و نە خۆشی سیلیەتی، ڕۆبی بۆ نەخۆشخانەیەکی دووری دەبات کەتایبەتە بەو نەخۆشیەوە،

ژوورێك بۆ خۆیشی دەگرێت تاهەموو ڕۆژێك خۆشەویستەكەی ببینێت، بەلاّم بات دەمرێت.

كۆتایی ڕۆمانەكە گفتوگۆی نێوان بات ورۆبیە لەسەر خۆشەویستی وژیان ومەرگ، بات دەلّێت: ئەگەر لەنێوان مەرگێكی بەتەنیاوخێراو بێ ئازارداو، مەرگێكی بەئازاروناخۆشدا بەلاّم لەگەلّ خۆشەویستەكەمدا سەرپشك بم، بێگومان مەرگی دووهەمیان هەلّدەبژێرم.

ریمارك دەلّێت : **(مرۆڤ بۆئەوەی بژی پێویستی بە چەك نیە، بەلّكوو پێویستی بە تیرۆژێك ڕووناكی ناوەوەی خۆی هەیە، تا ڕێگای ڕاستی بۆ ڕووناك بكاتەوەو ڕێنمایی ژیانی بكات )**

رەووف بێگەرد

# راوە کتێب !

گەڕانــەوە بــۆ مێــژووی دوورونزیکــی هەرنەتــەوەو کۆمەڵگایــەك هــەر لەســەرەتای بەمێــژوو بــوونی رووداوو وبەســەرهاتە کانیــەوە تائێــستا, ئەوەنــدەی درەوشــانە وەو بەخشندەگی تیا دەبینیت، دەشێ لەوەزیاتر شکست وتاریکیــشی تیابــەدی بکــەیت: ئەم (سەرکەوتن وشکستانە) وابەستەن بەهۆشیاری کۆمــەڵ وئــەو قۆناغــە مێــژوویی یانەی کەپیایدا تێ پەڕیون وئەو پەیوەندیانەی بوارەکانی پێکــەوە گــرێ داون. دیــارە مێژووی هــەر نەتەوەیــەك خەسڵەتی تایبــەتی خۆی هەیــە و، هــەر ناوچــەیەکیش بەپێی هــەل ومــەرجی بــۆ ڕەخساوی کەوتۆتــە نــاو گێــژەنی ئــەو شکــست وســەرکە وتنانەوە.

مێژووی رۆژهەڵاتی خۆمان لێوان لێوە لەبۆچڕوکی سووتان وفرمێسکی کــەوتن و رەهێلەی مەرگ و وێران کاری وتالآن و برۆ، ئەمە دیمەنی هەرە دیــارو سەردەســتەی ئەوانی دین. سیمای بەکۆمەڵ کوشتنی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤی برایەوە لە ســەردەم و رۆژانی کۆن و نوێدا هەندێك جار وات لێ دەکات کە بڵێیت: مــرۆڤ گــورگی گیــانی مرۆڤی ترە، نەخشەی ئەم جانەوە ریەش لە رۆژانی نیمچە وەحشیەتەوە دەســت پــێ دەکات تائەم چەرخەی کەناوی (سەردەمی شارستانیەت)ی لێ نراوە.

کۆمــەڵگاکانی رۆژهــەڵاتی هەمیــشە ئــەوقی ئــەو چوارچــێوە دژوارە بــوون، لەبــەر ئەمەیشە کە هەنــدێك لەرۆژهەڵاتناســانی ئــەوروپاو ئــەمریکا بــەم مێــژووە دەڵــێن، (باری سروشتی) و(نەبوونی باری مێژوویی)واتا بزاوتێکی بازنەیی مێژوو کــەگۆڕان و

پێشکەوتنی وەك خولانەوە بەدەوری خۆدا وایە. بەڵام بەمێژووی رۆژاوا دەڵێن، (سەقام گیری باری مێژوویی)واتا بەردەوامی رۆیشتن وگۆڕان وپێشکەوتن لەباری ئابووری، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی، شارستانی وبوارەکان تری ژیانی کۆمەڵگاکەدا، لەسەر نجدانێکی ئاسایی وگەڕانەوە بەرەو مێژووراستی بۆچونەکە بەئاسانی دەردەکەوێت. ئەمەیش هۆی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە هەر دیاردەیەك بەندە بەکۆمەڵێك فاکتەرەوە، کەئەگەر بەدیدی روون وبابەتیانەوە لێی نەڕوانیت ناگەیتە پڕاکتیزەی گونجاو. وەستانی مێژووی رۆژهەلاتی پابەندی هەموو ئەو کارەسات و قەیرانانەیە کە لە ئەنجامی ناهۆشیاری و دواکە وتوویی کۆمەڵگاکەیەوە بەسەری هاتووە، ئەمەیش لەچاکترین پێناسەدا بێجگە لە وەحشەتگەری چی ترنییە، بەدرێژایی ئەم مێژووە جەنگ سەرداری بزاوتەکانی دی بووە، وێران کردن و سووتاندنی خاك وبنە مای ئابووری وچەمکە فیکری و فەرهەنگیەکان بوونەتە سووتووی ئەو ئاگرە، سەدەکانی (٨- ٩ز)و بەرەو خواریش روویەکی تاڵی کارەساتەکانە کە نە یتوانیووە گوزارشت لەبزاوتێکی درەوشاوەی ئەم ناوچەیەبکات. لەکاتێکدا کەرۆژاوا بەردەوام بەپێیێ قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی کۆمەلایەتی هەنگاوی فیکری وفەلسەفی وزانستی وشارستانی خۆی ناوە,کە لە دەورکردنەوە وپۆلێن کردنی ئەو گۆرانکاریانەدا سیمای راستە قینەی هەر قۆناغ وسیستەمێکی کۆمەلایەتی وئایینی هەر ولات و ناوچەیەکیت بەئاشکرا بۆ دەردەکەوێت، کە زۆربەی ئەمانە لای ئێمە ون دەبن وتێك دەچن.

ئێمە لەم نووسینە کورتەدا نامانەوێت لە سەرجەم مێژووی هەرلایەك یان تاقە لایەك بدوێین, ئەمەیان ئەرکی مێژوو نووس و ئەوانەیە کە کاری لێکۆڵینەوەو بەراوردیان لە ئەستوگرتووە، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە تەنیا دیاردەیەکی

ناشارستانی روژهه‌لاتیه‌ که‌تازه‌ به‌تازه‌ ده‌یه‌وێت سه‌رهه‌ڵبداته‌وه‌ و له‌م کۆتایی سه‌ده‌ی بیسته‌ مه‌داو لای خۆمان ودراوسێکانمان بنه‌مایه‌کی نادروستی بۆ داده‌نرێت, ئه‌وه‌یش ده‌ست وه‌شاندنه‌ له‌کتێب وکتێبخانه‌کان وقه‌ده‌غه‌کردن یان سووتاندن یان به‌رهه‌لستی کردنیانه‌، باس کردن له‌م دیارده‌ فه‌رهه‌نگیه‌یش خۆی له‌خۆیدا هه‌ڵسه‌نگاندنی بواره‌کانی تری هه‌مه‌ لایه‌نه‌ی ژیانی هه‌ر کۆمه‌ڵگایه‌که‌, چونکه‌ کلتوور ته‌رمۆمیتری سه‌رجه‌م هه‌ڵکشان و داکشانی ئه‌وانی تره‌.

له‌مێژوودا لێشاوی په‌لاماری یه‌ك به‌دوایه‌کی خێڵ و تیره‌و ده‌وارنشین وبیان گه‌ڕو بێگانه‌کانی رۆژهه‌لات، بوون به‌هۆی هه‌لکه‌ندنی بنه‌ ما شارستانیه‌کان و له‌ناوچوونی ده‌یان شارو مه‌ڵبه‌ندی ئاوه‌دانی وبژێوی، ئیتر هه‌ر له‌په‌لاماری ئه‌سکه‌نده‌ره‌وه‌ (٣٣٤ پ.ز) بیگره‌ تا هێرشی به‌رده‌وامی مه‌گۆل و ته‌ته‌رو عه‌ره‌ب و تورکان، ئه‌م په‌لامارانه‌ بێجگه‌ له‌کاول کردنو ڕه‌شه‌ کوژی خه‌ڵکی وکوێرکردنه‌وه‌ی شوێنه‌وارو په‌رستگاکان و له‌ناوبردن وئاواره‌کردنی زاناو روناکبیران به‌هه‌زاران کتێبیشیان سووتاندوه‌و ده‌یان کتێبخانه‌ یان بێ شوێنه‌ وار هێشتۆته‌وه‌. ئه‌سکه‌نده‌ر له‌ئێراندا (که‌ به‌ شێکی کوردستانی به‌رکه‌وتووه‌) هه‌زاران که‌سی کوشت, ته‌نیا له‌ (سفد)دا سه‌دوبیست هه‌زار که‌سی له‌ناوبرد، هه‌زاران کتێبی فه‌لسه‌فی وئه‌ستێره‌ناسی وپزیشکی وئه‌ده‌بی سووتاند (گردیزی) له‌ باره‌ی یه‌کێك له‌ وکتێبخانانه‌وه‌ ده‌نووسێت .

(...کتێبخانه‌یه‌ك که‌ چه‌ندان کتێبی زانستی، ئایینی زه‌رده‌شتی، فه‌لسه‌فه‌ وبیرکاری وئه‌ندازه‌و ئه‌ستێره‌ناسی وهه‌رزانستێکی تری تیابوو، به‌فه‌رمانی ئه‌سکه‌نده‌ر هه‌موو ئه‌و کتێبانه‌ یان گۆڕیه‌ سه‌رزمانی یۆنانی و ناردنی بۆ رۆماو له‌ (مه‌کدۆنیا) داینان، پاشان کتێبخانه‌که‌ی به‌هه‌موو کتێبه‌ کانه‌وه‌ سووتاند).

لـــە دەورەی ساســـانیەکان دا(٨١٩ز-٩٩٩ز) شـــاری (بوخـــارا) مەڵبەنـــدێکی هـەرەگرنگی زانـست و فەلـسەفەبوو، کتێبخانـەی ئـەو شـارە زەخیرەیـەکی مـەزنی لـەکتێبی بـەنرخ و دەگمـەن تیـابوو، وەك-ئیبنـسینا- دەڵێـت، لـەم کتێبخانـە گەورەیەدا چەندان بەرگی کتێبە سەرە تایبەکان هەبوو کـە خـودی ئـیبن سـینا زۆری سوود لیّ بینیون، بەڵام سەرکەوتنی تورکانی غەزنەوی و

شکستی ساسـانیەکان (٣٩٠ك - ٩٩٩ز) جـارێکی تـر ئـەو کتێبخانەیـەی کـردە پێخـۆری ئاگروتـاڵان کـردن، فەیلەسـوف و رووناکبیرەکانیـشی سـەر لیّ شـێواو و ئاوارەبوون.

سوڵتان مەحموودی غەزنەوی دوای شکستی (مجدالدولـەی دەیلـەمی) و داگیرکردنـی شـاری (رەی) (٤٢٠ك - ١٠٢٠ز) بێجگـە لەرەشـە کـوژی خـەڵك و وێـران کردنـی شارەکە (١٥،٠٠٠) پانزە هەزار کیلۆ لە کتێبی فەلسەفەو ئەستێرەناسـی و کتێبـی موعتەزیلەکانی لەکتێبخانەی گەورەی شار کۆکردەوە و سوتاندنی .

تورکە سەلجوقیەکان ساڵی (١٠٥٩ز) کەشـاری (شـاپوور) یـان داگیرکـرد دەهـەزارو چوارسەد کتێبی دەست نووسی بەرگ تیّ گیراویان سووتاند، هەروەها لە پـەلاماری تورکـانی (غـز) بـۆ شـاری نەیـشاپور حـەوت کتێبخانـەی گـەورەی ئـەم شـارەیان سووتاند، لەوانە کتێبخانەی عـەقیل یان. (عقلا) کـە پێـنج هـەزار کتێبـی جۆرەهـا زانستی تیابوو، هەروا کتێبخانەی (دار الکتـب جـامع منیعـی) بەتـەواوی نـابووت کرا.

یاقووتی حەمەوی کەچەند مانگێك پـێش رەشـە کـوژی و وێـران کردنەکـەی شـاری (مەرو) لەلایەن مەگۆلەکانەوە (١٢١٨ز) لەویّ بووە دەنووسێت:

لەم شارەدا دەکتێبخانەی بەنرخ هەبوو، تەنیا لەکتێبخانەی (خزانەی عزیزیە) دا نزیکەی دوانزە هەزار بەرگ کتێب هەبوو، چوون و کەڵك وەرگرتن لەو کتێبخانانە زۆر ئاسان بوو، بەجۆرێك کەمن هەمیشە دووسەد بەرگ کتێبم بەئەمانەت لەماڵدا بوو(معجم البلدان ٥٩٠ص١١٤) چاپی فارسی .

کتێبخانە ناودارەکەی خەلیفەی مەئمون (بیت الحکمە)ی سەدەی نۆی زایینی, کەبە هاوکاری گەورە نووسەرانی ئێران و وەرگێرە ناسراوەکانیان دروست کرابوو، هەزاران کتێبی دەربارەی زانستی پزیشکی وئەستێرە ناسی و فەلسەفەی رووناکبیرەکانی یۆنان و رۆمی و هیندی تیابوو، لەپەلاماری مەگۆلەکان دا بۆ سەر بەغدا (٦٥٦ك =١٢٥٧ز) نابود کراو بەفەرمانی هۆلاکۆ کتێبە فەلسەفی و زانستیەکانیان فرێ دایە ناو رووباری دیجلە وەو, هەرچی کتێبی تەجلید کراویش بوو لەباتی خشت بۆ دروست کردنی ئاخوڕی ئەسپەکانیان بەکاریان هێناو سندوقی کتێبەکانیشیان کردبە کادان (جورجی زیدان- شارستانیەتی ئیسلام). شاری (بوخارا) کەلەهێرشی مەگۆلەکاندا چەند رۆژ لە ناو ئاگردا سوتاو پاش چەند ساڵێك ئاوەدان کرایەوە, لەرووی دانیشتوان و رەونەقی زانست و خوێندکارەوە هیچ شارێکی تری پێ نەدەکەیشت، لەهەردوو قوتابخانەی (خانی) و(مەسعودیە)دا رۆژانە هەزار قوتا بی فێری خوێندن و زانست دەبوون, ساڵی (١٢٧٢ز) جارێکی تر ئەم شارە تووشی داگیرکردن و خاپووربوون هاتەوە و هەردوو ئەو کتێبخانانە کە گەورەترین قوتابخانەی ناوچەکە بوون ئاگریان تێ بەردراو چاکترین و بەنرخترین کتێبیان تیا سووتان, ساڵی (٧١٩ك= ١٣٢٠ز) کتێبخانە ناودارەکەی (ربع رشیدی) ی تەورێز لە سەردەمی سوڵتان سەعید بەهادوری ئیلخانی تاڵان کراو زۆر کتێبی گرنگی تیا سووتا. لەساڵی (٧٦٠ك- ١٣٦١ز) ئەمیر محمد موزەفەری حاکمی فارسی

بەبیانووی بەهێزکردنی ئا ینەوە لە دەوروبەری فارس، کرمان، یەزدو سەفاهان نزیکەی سێ چوار هەزار بەرگی کتێبی فەلسەفی بەئاو شۆردەوە.
هێرشی عەرەبە موسولمانەکانیش (١٦ك) بۆ سەر ئەم ناوچانە.
بەبیانووی ئەوەی کە (قورئان بەتاڵ کەرەوەی هەموو کتێبە کانە وەك چۆن دینی ئیسلام بەتاڵ کەرەوەی هومو دینەکانە) و هیچ زانستێك نیە لە قورئان دا نەبێت (لارطب ولایابسة الا فی کتاب مبین) زۆربەی ئەو ولاتانەی بەناوی فتوحاتەوە دەیان گرتن کتێبەکانیان دەسووتاندن, بۆ نمونە لە دەوری خەلیفە عومەردا کە عەمری کوڕی عاصی میسری داگیرکرد.
بەرهەمی فیکری و زانستی وفەرهەنگی هەزاران ساڵەی ئەو میللەتەی کێشایە ناو توونی حەمامەوە, بۆ ماوەی شەش مانگ حەمامەکانی میسر بەو کتێبانە گەرم دەکران، یاقووتی حەمەوی لە کتێبی (معجم البلدان)دا ژمارەی حەمامەکانی ئەوسای میسری بەچوار هەزار حەمام داناوە، دەبێ ژمارەی ئەو کتێبانە چەند بووبن کە بۆ ماوەی شەش مانگ لەچوار هەزار حەمام دا سووتێنرابن؟ هەروەها لە پەلاماردانی عەرەبەکان دا بۆ شاری (رەی) و (جندی شاپور) و لە سەر سیاسەتی ئاگر رۆیشتن، هەرچی کتێبیان دەستگیر بووایە دەیان سووتاند، چونکە خەلیفە عومەر وەك پێغەمبەربڕوای وا بوو کە قورئان هەبێت موسوڵمان پێویستی بەهیچ کتێبێکی تر نیە، (بروانە تاریخ علوم عقلی درتمدن اسلامی، زبیح اللە صفا، ٩ص٣٣- ٣٤+ تاریخ تمدن اسلام جورجی زیدان ٣٩٠ص٤٣٤- ٤٣٦ بەفارسی) .
بەکورتی عەرەبەکان بەچاوی سووکەوە تەماشای فەرهەنگ وفیکرو زانست و تەنانەت شارستانیەتی میللەتانی تریان کردووەو، نەیان ویستووە شوێنەواری شارستانیەتیان بمێنێت. بۆ نموونە (عبد اللە بن **طاهر**) کەلە سەردەمی

عەباسییەکاندا کرابوو بە میری خوراسان (٢١٤ك= ٨٢٦ز) ڕۆژێك کە لە بارەگاکەیدا دەبێت، یەکێك کتێبێکی بۆ دێنێت، میر لێی دەپرسێت: ئەم کتێبە چی یە؟ پیاوەکە دەڵێت: ئەمە چیرۆکی (وامیق وعەزرا) یەو حیکایەتێکی خۆشەو داناکان بەناوی ئەنەو شیروانەوە کۆیان کردۆتەوە.

میر دەڵێت: ئیمە مرۆی قورئان خوێنین و بێجگە لە قورئان و وتەی پێغەمبەر هیچی تر ناخوێنینەوە، ئێمە کارمان بەم کتێبانە نیە، چونکە نووسراوی موغەکان (زەردەشتیەکان) لای ئێمەوە ڕت دەکرێتەوە، پاشان فەرمانیدا کتێبەکەیان خستە ناو ئاوەوەو، فەرمانی دەرکرد لە قەڵەمڕەوی ئەودا لە هەر شوێنێکدا کتێبێك کە عەجەم و موغەکان نووسیبێتیان بەردەست بکەوێت بیسووتێنن (**تذكرة الشعراء** ص**٢٦** فارسی) دەبێ ئەوەیش بزانین کەقەڵە مڕەوی حوکمەتەمەی (**عبد الله بن طاهر**) واتا (خوراسان و **طبرستان**) هەموو شارو ئاوەدانیە گرنگە کانی وەك نەیشاپوور، مەرو، هەرات، بلخ، بیهق، طوس، رەی، دامغان، قەزوین، ئامل، گورگان و ....دەگرێتەوە.

لەم ماوەیەدا هەندێك کەوتبوونە کتێبخانەکانی کوردستانەوەو کتێبی (ڕشتەی مرواری) مامۆستای نەمر (علاء الدين سەجادی) یان کۆ دەکردەوەو دەیان کڕی ودەیان سووتاند, وای لێهات کەنرخی بەرگێکی ئەو کتێبە گەیشتە (٣٠٠) دینار، دیارە هەموو خەڵکی کوردستان نرخی ئەوکتێبەو نووسەرەکەی دەزانن، چونکە بەرهەمەکە نووسینەوەو کۆکردنەوەی ئەو ئەدەبەزارەکیەی خەڵکە کە بەدرێژایی مێژووی بوارێکی ژیانی بۆتە میراتێکی کەلە پوری وتەعبیر لە سەردەم و قۆناغێکی ئاینی و کۆمەلایەتی و عەقڵی باوی کۆمەڵگاکەدەکات، سووتاندنی ئەم بەرهەمە نیشانەی دواکەوتوویی عەقڵی لەکار وەستاوی جێبە جێ کەرانیەتی.

هەر لەم سالانەداو لە سەر ئاستی ولاتانی عەرەب کۆمەڵێك کتێب قەدەغە کران کەباس لەفیکری ئاینی دەکەن یان بەشێوەیەکی زانستی لەبارەی ژیانی ئافرەتەوە دەدوێن, وەك نموونە (**ما وراء الحجاب**) و(**المرأة في الاسلام**)ی ژنە نووسەری مەغریبی: **فاطمة المرنيسى**.

لە ئێرانیش دوای دەیان ساڵ مردنی نووسەری گەورەی ئازەری (صمدی بهرنگی)تا ئێستا بەر هەمەکانی لە کتێبخانەکان دا قەدەغەیە.

*بۆ نووسینی ئەم وتارە سوودی زۆرم لە کتێبی (**ملاحظات** در تاریخ ایران ا سلام و ا سلام راستین)ی **علی میر فطروس** بە زمانی فارسی وەر گرتوە .

*سەرچاوەی مەتنەکان کە بە زمانی فارسین، هەر لەلایەن نووسەری کتێبەکەوە ئاماژەیان بۆ کراوە.

# مەسیح وەك خۆی

ڕۆماننووسە دیارەکانی دنیا، بەتایبەتی ئەوروپاییەکان زۆرجار خودی عیسای مەسیح، یان ئاینەکەیان کردۆتە تەوەری کارو بەرهەمیان، بۆچوونی خۆشیان هەرچۆنێك بووبێت لەبارەی یەسوعەوە بە ڕاشکاوی دەربڕیوە، ئەمە نەك تەنیا لە ئەدەبدا، بەڵکو لەبواری ترداو بەتایبەتی لە هونەری شێوەکارییشدا کراوە، بۆ نمونە (دواشێو)و(قەدیس چیرۆ)ی (داڤنشی).

وەلێ ئێمە لێرەدا تەنیا لە ڕوانگەی ئەدەبەوەو بەتایبەتی هونەری ڕۆمانەوە ئاماژە بە دیاردەکە دەکەین. باسکردن لە مەسیح تەنیا لەو لایەنەوە نا کە پەیامبەرە یان کوڕی خودایە یان لەدوای لەخاچدانی زیندوو کراوەتەوە، وەك لە خودی ئاینەکەو ئاینی ترو مێژودا هەیە، بەڵکو گەلێك جار لەسەر ئاکارەکانی، وەك مرۆڤێکی ئاسایی ناو کۆمەڵگا، خۆنەویست و لێبوردەو خاوەن بیروباوەڕو تژی بە گیانی سۆزو مرۆڤدۆستی و چاکەخواز بۆ خەڵکانی دەوروبەرو هاوڕێو کەسانی دی. کەس نییە هەڵوێستی مەسیح بەرانبەر بە (مریەمی مەجدەلیە) نەزانێت، کاتێك دانیشتوانی (ناسرە) لەبەر ئەوەی سۆزانییە دەیانەوێت بەردبارانی بکەن، لە تاوا مریەم پەنا بۆ عیسا دەبات و ئەویش بەرگریی لێدەکات و بەخەڵکە تووڕەکە دەڵێت: "کام لە ئێوە بێ تاوانە با ئەوەتان پێش ئەوانی دی بەردی پیا بکێشێت"، بێگومان ئەوان کەسیان بێتاوان نین، بۆیە بەو قسەیە هەموویان پەشیمان دەکاتەوەو لە بڕیارەکەیان پاشگەز دەبنەوە، هەروەها کاتێك (پیلاتۆس)ی شای (ئۆرشەلیم) و نوێنەری ڕۆم

فـەرمانی کەنیـشتەی یـەهوودی بەجێـدەهێنێت و دەیـەوێت لـە بیروباوەڕەکـەی پەشیمانی بکاتەوە، مەسیح پێی دەڵێت: "ئەگەر خۆر لەسەر شانی ڕاستم دابنـێن و مانگیش لەسەرشانی چەپم لەوەی پەروەردگار پێـی ڕاگەیانـدووم پەشـیمان نابمـەوەو ڕێبازەکـەم بـەرنادەم". هـەر ئـەویش دەبێتـە هـۆی لـە خاچـدانەکەی. (جـەنگیز ئیتماتۆفی ڕۆماننووسی قەرغیزی فەسڵێکی گرنگی بۆ ئـەو گفتوگۆیـە لـە ڕۆمـانی خەونەکانی دێڵە گورگێکدا تەرخان کردووە).

(دۆستۆیفسکی) لە ڕۆمانی( تـاوان و سـزا)دا وابەسـتەی کەسـایەتی مەسـیحەو لـە تەنگانەدا پاڵەوانەکانی پەنا بۆ کتێبی ئینجیل دەبەن، بەتایبـەتی (ڕاسـکۆڵنیکۆف) کـە ژیـانی نـاو زینـدانی سـیبریاکەی بەرجەسـتەی ژیـانی تایبـەتی خـودی دۆستۆیفسکییە. لە ڕۆمانی (برایانی کارامازۆفیش)دا زۆرجار دەگەڕێتەوە سەر ئـەو نەریتەو بەتایبەتی لە کۆتایی ڕۆمانەکـەدا چـەند لاپەڕەیـەکی هـەر بـۆ یادکردنـەوەو خوێندنـەوەی پەیڕەوییـەکانی تـەرخان کـردووە. ڕۆمـانی (کـۆدی داڤنـشی)ی (دۆن براون) کە هەرایەکی زۆری لەسەر ئاستی سیاسی و ئاینی لە ئـەوروپادا هەڵایـساند، تەنیا باس لە ڕێکخراوێکی نهێنی مەسیحیی نییە کە بـۆ ئاسـودەیی‌و چـێژوەرگرتن بڕوایان بە ئازاردانی خۆیان هەیە نەك خەڵکی ترو ئەمـە بـە پـەیڕەوی لـە مەسـیح‌و ئاینەکەی دەزانن. بەڵکو بە پێچەوانەی هەمو ڕێنمایی‌و دەقـەکانی ئینجیلـەوە لـەو ڕۆمانـەدا (مریـەمی مەجدەلییـە) ژنـی عیـسایەو منـداڵی لێـی هەیـە، هـەروەها مەسیح لە خاچ نادرێت‌و لەگەڵ مریەمدا هەڵدێن. لە (دوا شێو)ەکەی داڤنشیـشیدا مریەم لەگەڵ هاوڕێکانی تریاندا لە تەنیشت عیساوە دانیشتووە.

لـە ڕۆمـانی (نـان و شـەراب)دا (ئینیـا تـسیوسیلانە) لـە ڕێگـای کاراکتـەرە سەرەکییەکەیەوە کە قەشەیەکە بانگەشە بۆ مەسیح و ئاینەکـەی دەکـات، تەنانـەت

ناونیشانی ڕۆمانەکەیشی هەر لە وتەیەکی مەسیحەوە وەرگرتووە،( ئارسەر میلەر) لە ڕۆمانی (ئینجیلی کوڕ) و (هیرمان هیسە) لە هەندێك لە ڕۆمانەکانیداو (ساراماگۆ) لە ڕۆمانی (ئینجیل بە ڕیوایەتی عیسا) دەستیان بۆ ئەم مەسەلەیە کێشاوە، بەڵام لە هەموو ڕۆماننووسەکان زیاتر( نیکۆس کازانتزاکیس) لەسەر ئەو مەبەستە وەستاوەو لە کارەکانیدا ڕۆی ناون، لە ڕۆمانەکانی (براکوژی) و (مەسیح جارێکی دی لە خاچ دەدرێتەوە) و (سەرگەشتەی ڕێگای هەق) و پاشانیش لە ڕۆمانی (دوا وەسوەسەکانی مەسیح)دا ئەو باسە دەکاتە تەوەر، لەم ڕۆمانەدا کازانتزاکیس مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ مەسیحدا دەکات کە پێچەوانەی ئەو کەسایەتیەیە کە لە ڕێگای تێکستە ئاینیەکانەوە گەیشتۆتە بەر زەینی خەڵکی. مەسیح لەوێدا کوڕی مریەم و یوسفی دارتاشی شاری ناسرەیە. وەك هەر پیاوێکی ئاسایی ژن دەهێنێت و منداڵی دەبێت، دارتاشی دەکات و لە کێڵگەو بێستانەکاندا میوە دەڕنێتەوە، ئەو لە تەمەنی سی و سێ ساڵیدا بانگەوازی پەیامبەری دەکات و بە دروشمی (برایەتی، خۆشەویستی، مەملەکەتی خودا، یەکسانی) خەڵکی دەهێنێتە جۆش و لەدەوری خۆی کۆیان دەکاتەوە. چەند شاگردو هاوڕێیەکی بۆ پەیدا دەبن (تۆما، مەتی، پوتروس، یەهودا، یوحەنا، نەسنائیل، فیلس، ئەندراوس، یاقوب) کە هەمیشە لەگەڵیدان و دەبنە ڕاوێژکاری. مەتی پەیامەکانی دەنووسێتەوەو مریەمی مەجدەلیەش کە پێشتر سۆزانی بووە دەبێتە شاگردو خۆشەویستی. مەسیح دەیەوێت ئۆرشەلیم پاك بکاتەوەو خۆی و هاوکارەکانی دەسەڵات بگرنەدەست. بەنی ئیسرائیلییەکان کە ڕۆما حوکمیان دەکات بەرەنگاری دەکەن و دنەی فەرمانڕەوای شاری (پیلاتۆس) دەدەن کە فەرمانی لە خاچدانی بدات، بەڵام پێش لە خاچدانی (وەك لە ڕۆمانەکەدایە) فریشتەیەك دێتە لای

مەسیح، (لەڕاستیدا ئەوە فریشتە نییەو شەیتانە) فریوی دەدات و لە بیروباوەڕەکەی پەشیمانی دەکاتەوە، پاشان دەیباتە گوندێك و لە کۆنەماڵەکەی (ئەلیازەر)دا کە کاتی خۆی بە مردوویی مەسیح زیندووی کردۆتەوە نیشتەجێی دەکات، لەوێ هەردوو خوشکی ئەلیازەر (مریەم و مارتا) دەکاتە هاوسەری خۆی، منداڵی لێیان دەبێت و وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی بۆ بژێوی خۆی و منداڵەکانی تێدەکۆشێ و ماندوو دەبێت. کۆنە هاوڕێکانی دوای چەند ساڵێکی تەمەن کە هەموویان پیربوون دێنەلای و بەرەقی لەگەڵیدا دەدوێن، گوایا ئەو ناپاکی لەگەڵدا کردوون و وازی لە پەیامبەریەکەی هێناوەو ئەوانیشی سەرگەردان کردووە. دەبوو ئەو لە خاچ بدرایەو نەگەیشتایەتە ئەم چارەنووسە. یەهودا زۆر بە تووڕەییەوە لەگەڵیدا دەدوێت، بەڵام مەسیح نکوولی لەو پەیامەو ڕابردووی خۆی دەکات، بە پۆلس دەڵێت:"من یەسووعی ناسرەم، هەرگیز لە خاچ نەدراوم، هەرگیز زیندوو نەبوومەتەوە، من کوڕی مریەم و یوسفی دارتاشم، کوڕی خودا نیم، من کوڕی مرۆڤم، وەك هەر مرۆڤێکی تر) کە ژنەکەیشی دەمرێت وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی دەگری و دەکرۆزێتەوەو تووشی خەم و ئازار دێت، بەمەیش چ سیمایەکی خوایەتی نامێنێت و تەواو بەرگی مرۆڤ لەبەر دەکات.

کازانتزاکیس ڕۆمانەکەی بە دیمەنێکی فانتازی دوایی پێدێنێت، ئەم وەرچەرخانە فیکریەی مەسیح بە خەون و خەیاڵی ڕووت ناودێر دەکات، گوایا مەسیح هەر ئەو کەسەیە کە لە خاچ دراوەو لە شەڕی نێوان جەستەو ڕۆحدا بەرندە بووە، وەلێ ئەمە پاساوێکی چاوخەڵەتێنە کە هەندێکجار نووسەر وەك هونەر بۆ خۆدزینەوە لە چورتمی دەسەڵات یان فشاری ئاین و نەریتە سونەتیەکان پەنای بۆ دەبات، ئەگینا ئەو ختوورەو خەونانە هەقیقەتی بیروباوەڕی نووسەرە نەك ئەفسانە ئاین کردەکە کە

بەهۆی هەندێك تێكستی ناهاوچەرخانەی دواكەوتووەوە دەیانەوێت بۆ ئادەمیزادی بكەنە واقیع و ڕاستییەكی نكوولّی لیّ نەكراو، بەڵام ئەفسانەكە ئەمەندە لە زانست و لۆژیكەوە دوورە كە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ بۆچوونی ئەقڵانیدا یەك ناگرێتەوە. هەر ئەم بیروباوەڕانەی كازانزاكیس بوو كە بوو بە هۆی ئەوەی دوای مردنی هەمو كەنیسەكانی مەسیحی بە گومڕاو بێدینی بدەنە قەڵەمو نەهێڵن لە گۆڕستانەكانیاندا بنێژرێت.

# ڕووناکبیر

بەپێی پۆلێنکردنی گرامشی ڕووناکبیران بەسەر دوو گروپدا دابەش دەبن: یەکەمیان ڕووناکبیری ئاساییە کە تەنیا لە بوارێکی دیاریکراودا کاردەکات و بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵگا ناگرێتەوە، وەك مامۆستاو قەشەو بەڕێوەبەرانی دەزگای تر. دووەمیان ڕووناکبیری ئۆرگانیکە کە پەیوەندی لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا هەیە، بۆ ژیان لەگەڵ کێشەو قەیرانەکانیدا کە لەسەر ئاستە جیاوازەکان دەردەکەون، زیاد دەکەن و مەترسیان لێ دەکەوێتەوە، ئیتر ئەو کێشانە لەسەر ئاستی هەوڵە ناجۆرەکانی سیستمی دەسەڵات بێت وەك نەمان یان کەمبوونەوەی ئازادییە گشتیەکان وچەمکی دادپەروەری و یەکسانی و فشاری ستەمی چینایەتی و ڕەگەزپەرستی و نکوولێکردن لە مافە سروشتیەکانی مرۆڤ، یان پەیوەندی بەو شێوازی کارکردنەوە هەیە کە لەبەر گیراوە بۆ پیادەکردنی سیاسەتێکی نادروست لە بوارە گرنگ و هەستیارەکاندا، لەم لایشەوە کار لەسەر ئەوە دەکات کە بیرە چەقبەستووەکانی ناو کۆمەڵگاو ئەوەی لەناو زەینیدا کراوەتە ئاسایی یان پیرۆز کراوەو لەڕاستیدا لەناو هەلومەرجی ڕەخساوی ئەو سەردەمەدا نەزۆکن، بەرەنگاریان بێتەوەو ئەڵتەرناتیڤی گونجاویان بۆ وێنا بکات، بەم مانایە ئەو ڕووناکبیرە لە گۆڕینی بیروباوەڕی کۆمەڵگادا کارایەو بۆئەوەی لە گشت بوارو چالاکییە مرۆییەکاندا ئەو گۆڕانانە بێتەدی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا گوێبیستی دەبن.

ئەمجۆرە ڕووناکبیرە دژ بەدەستەڵاتی داپڵۆسێنەرو تۆتالیتار کاردەکەن و هەمیشە بە گومانەوە لە سیستەمە سیاسیەکان دەڕوانن، تەنانەت لەپێناوی پەردەلادان و ڕسواکردنی گەندەڵیەکانیدا گیان و ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە، چونکە ئەو ڕووناکبیرە خاوەن پەیامێکی ئاکارییی و فیکرییەو نوێنەری هەموو خەڵکە، هەڵگری پرۆژەیەکی ئەزموونکراویشە کە بە جیهانبینییەکەیەوە بەستراوەتەوەو لە هەناوی پرۆژەیەکەیدا بەهای مرۆڤ هەیە کە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو بێ نرخییەی هەر دەستەڵاتدارو ڕژێمێکی سیاسی و دیکتاتۆری بە مرۆڤی ڕەوا دەبینێت. ئەمە نەك تەنها بە نووسین و هاندان، بەڵکو بە کردەوەیش، بۆ نمونە لە ساڵانی شەستی سەدەی پێشتردا لەسەر کێشەی جەزائیرو ڤێتنام (سارتەر) لەگەڵ خەڵکی ئازادیخوازی فەرەنسیدا دەهاتە سەر شەقامەکانی پاریس و ڕێپێوانی دەکرد، گەلێك لە نووسەرو ڕووناکبیرانی دنیا بەشداریان لە شۆڕشی ساڵی( ١٩٣٦)ی ئیسپانیادا کرد کە لەنێوان (کۆماری ویست) و (شاپەرستەکانی فرانکۆ)دا هەڵگیرسابوو، لەوانە هەمەنگوای و ئەندرێ مارلۆو کالڤینۆو دەیان ناوی درەوشاوەی تر. (ئیسماعیل بێشکچی) لە دژی چەوساندنەوەی کورد لە تورکیادا لەسەر نووسینەکانی چەندان جار هەڕەشەو زیندانی کراوە.

لە مێژووی دوورو نزیکی ڕۆشنگەریشدا زۆرن ئەو ڕووناکبیرانەی بەهۆشیارییەوە لەگەڵ پەیامەکەیاندا گونجاون و چرایان لە مێشکی تاریکی کۆمەڵگاکەیاندا داگیرساندوەو وەك ئەنجام بوون بە سمبولی ڕووناکبیرانی ناو گەلانی دی. (ڤۆلتێر) لە شیکردنەوەی بیروبۆچوونە کۆمەڵایەتییەکاندا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەر دیاردەو حاڵەتێك وابەستەی هەلومەرجی بابەتی خۆیەتی دوور لەو سیستم و ڕێسایانەی کە ئاین یان دابونەریت یان ڕژێمێك نەخشەی بۆ کێشاون و

دەیانسەپێنێت. بۆیە حوکمدان بەسەر هەر حاڵەتێکدا دەبێت پابەندی ئەو هەلومەرجە بێت و وەك ئەنجامیش بە قازانجی چالاکییە مرۆڤیەکان بشکێتەوە نەك پێچەوانەکەی. ڕاستە لای ڤۆڵتێر درۆ کارێکی قێزەونە، بەڵام ئەو درۆیە لە کوێ و بۆ کێ دەکرێت و ئەنجامەکەی بەچی دەگات؟ یان ئەوەی ئاین حەرامی کردووە ئایا بۆ هەموو سەردەمێك و لە هەر جێگایەکدا ڕاستە؟ ئەگەر نەسلی نەتەوەیەك لە جووت نەبوونی دوو حەرامکراودا کۆتایی بێت، دەشێت پابەندی بەو ڕەوشەوە بکرێت و لێیگەرێی جوانیەکانی دوای ئەو بەبا بچن!؟ ئایا دەبێت( گالیلۆ) لەبەر ڕەزامەندی کڵێساو دەسەڵاتی ئەو سەردەمەی پەتریارکی لە بیروباوەڕی زانستیانەی خۆی پەشیمان ببێتەوەو ڕەوتی پێشکەوتنی ئەقڵی مرۆڤ بۆ هەزاران ساڵی تر بگێڕێتەوە بۆ دواوە؟

بوونی ڕووناکبیری ئۆرگانی لەناو جەستەی کۆمەڵگادا نیشانەی تەندروستی ئاوەزی خەڵك و سیستمی فەرمانڕەواییە، بەرجەستەکردنی حەقیقەتێکە کە ناشێت مێژووی بیر لێی بێ دەنگ بێت و لە بژارکردن و هەڵسەنگاندندا نەکەوێتە ناو مێژووی بزوتنەوەی فیکری ئەو گەلانەو سەرجەم مرۆڤایەتییەوە. دیارە لە پێناسەکردنی ڕووناکبیریشدا هەندێکجار هەڵە یان تێکەڵییەك دروست دەبێت کە ڕەنگە جیاکردنەوەی جۆرەکانی زۆر ئاسان نەبێت، بەتایبەتی لەنێوان ڕووناکبیری ئاسایی کە کارەکەی سنوردارو تا ڕادەیەك بە پیشەو بوارێکەوە بەستراوە، تا ئەو ڕووناکبیرە ئاکتیڤەی کە تەواو بە کۆمەڵگاکەیەوە نووساوەو دەربڕی هەست و داواکارییەکانیەتی. پێناسەی (ئەدوارد سەعید) بۆ ئەم جۆرە ڕووناکبیرە ئەوەیە کە ئەو کەسێکی ڕەخنەگرەو خەوش و ناجۆرییەکانی ناو کۆمەڵگا دەستنیشان دەکات و هەڵیان دەبوێرێت، بژاریان دەکات و ئەوەی لەگەڵیانداو بەو هەلومەرجەوە کە

بەختەوەری مرۆڤەکانی تێدایە دەگونجێت دیاری دەکات کە مەرج نییە ئەوە جێی پەسەندکردنی دەسەڵات و نەریتە سونەتیەکان بێت. سەرچاوەی ئەم کارە ڕووناکبیریش لە ئارەزووی خۆیەوە دێت کە بێ ترس و ڕاشکاوانە بانگەشەی بۆ دەکات و بوونی خۆی وەك کەسایەتییەکی شایستە دەسەلمێنێت.
لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هەموو دەسەڵاتێك لەسەر ئاستی دەوڵەت بێت یان گروپ و ئایدۆلۆژیا، ڕووناکبیری تایبەتی خۆی هەیە کە بانگەشەی بۆ دەکات و کاروبارەکانی بەرز دەنرخێنرێت و بە شان و باڵیدا هەڵدەڵێ، بەلام ئەم جۆرە ڕووناکبیرە ئاکاری خۆیان لەو شوێنەدا فەرامۆش کردووە کە نە دەسەڵاتەکەو نە ئایدیۆلۆژیای ئەو نابێتە نوێنەری بیروباوەڕی هەموو خەڵك تا تەعبیر لە خواست و ئارەزوویان بکات، ئەمە چ لەسەر ئاستی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بێت کە هەریەکەو بەرژەوەندییەکی تایبەتی و ڕەنگە دژبە یەکیشیان هەبێت، یان لەسەر ئاستی ئەو بیروباوەڕو ئایدیا جیاوازانەوە بێت کە کۆی بۆچوونەکانی کۆمەڵگا پێك دەهێنن. وێڕای ئەوەی کە ئەم ڕووناکبیرە وازی لە کەسایەتی و تاکایەتی خۆی هێناوە، چونکە گۆڕاوە بۆ بڵندگۆیەکی دەستەجەمعی کە وابەستەی پۆلێکی ترەو ناتوانێت لە دەرەوەی ئەوان بە ئازادی بخوێنێت، دەنگێکە لە سەرووی ئیرادەی خۆیەوە فۆرمەلە کراوە کە لە بچووکترین جیاکردنەوەدا گەلێك جیاوازە لەو ڕووناکبیرە ئۆرگانیەی ناتوانێت هەیبێت و شکۆی پەیامەکەی لەبەر چەقۆی دیاردەیەکی ناجۆرو باوەڕێکی دۆگمادا پاساو بدات کە لە یاسای ویژدانی کۆمەڵگاکەیەوە سەرچاوەی نەگرتبێت و وەك ئەنجام لە بەرژەوەندی ستەمکارو نەیارانی جەماوەردا بێت.

# ڕێگا سەختەکان

(ئەو کوختەی منی تیا دەژیام هیچ جۆرە پێویستیەکی بە مانای خۆراوایی تیا نەبوو. من لەسەر حەسیر دەنووستم، زەوی کوختەکە هیچ ڕاخەرێکی بۆ دانیشتن تیا نەبوو، تا ماوەیەکی زۆریش نەمدەزانی سەرین چییە! خواردنمان تەنیا ئەو شتانە بوو کە خۆمان بەرهەممان دەهێنا، دایکم خۆی گەنمەشامی دەچاندو درەوی دەکرد. لە تەمەنی پێنج ساڵیدا بووم بە شوان، لە دەشتا چاودێریی مەڕو ماڵاتم دەکرد، هەر لەو دەشتانەدا وانەی تازە فێربووم: ڕاوی تەیرو تواڵ بە قۆچەقانی، کۆکردنەوەی هەنگوین و میوەو ڕیشەی خۆراك، خواردنەوەی شیری گەرم و شیرین لە گوانی مانگا، مەلەکردن لە ڕووبارەکانداو ماسی گرتن بە قولاپ. منیش وەك هەموو منداڵەکانی تیرەی (خوسا) تەنیا لە ڕێگای بینینەوە هوشیاریم پەیداکردو فێری زانست بووم، ئێمە زانیاریمان بەهۆی چاولێکردنەوە بەدەست دەهێنا نەك لە ڕێی پرسیارکردنەوە، پرسیارکردن لەناو خێزانی ئێمەدا گەلێك زەحمەت بوو، کە بۆ یەکەمجار لە ماڵی یەکێك لە سپیپێستەکاندا منداڵەکانم بینی چۆن پرسیار لە باوك ودایکیان دەکەن سەرم سوڕما، باوکم و دایکم ئەوەیان پێ ناخۆشبوو، دەبوو ئێمە ڕێز لە هەموو دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی بگرین و حەرام و حەڵاڵ بزانین، خەڵکی پەیڕەویان لە باوباپیرانیان دەکردو ژنانیش هەرچیەکیان بەمیراتی بۆ مابۆوە ملکەچی بوون و لێیان لانەدەدا. ئەگەر یەکێك، بەهەر شێوەیەك، بێ ڕێزی بەرانبەر باوباپیرانی کردبا، دەبوو بەرانبەر بەو تاوانە بڕواتە لای سەرۆك یان

جادووگـەری خێـڵ تـا داوای لێخۆشـبوون بکـات. ئەمانـە لای مـن ئاسـایی بـوو، سەرەتای ژیانی من وا دەستی پێکرد).

ئەم کوڕەی کە بەمجۆرە چیرۆکی خۆی دەگێڕێتـەوە کاتێـك دایکـی لـە گوندەکەیـەوە (کیونو)بۆ خوێندن دەیبات بـۆ گونـدێکی پێـشکەوتووتر (مـەکهکزون) و لـەوێ لـە ماڵی سەرۆك خێڵێکدا کە هـاوڕێی بـاوکی بـووە دەمێنێتـەوە، هەسـتی منـداڵێکی گوندیی تێدەگەڕێت کە چووبێتە شارێکی گەورەوە. لە ئەنجامی تێکـەڵبوونی لەگـەڵ سپیپێست و قەشەو مەسیحیەکاندا بەتـەواوی خۆی وەك لادێییـەك دێتـە بەرچـاوو شەرم دایدەگرێت. بەناچاری خەمی ئەوەی لێدێت کە چۆن لەگەڵ ئەو دۆخە تازەیـەدا ڕابێـت و هەسـت بـە دواکـەوتوویی نـەکات. لەگـەڵ (ڤینـی) کـچە قەشـەدا میانـە دەبەستێت. پیاسەی لەگەڵدا دەکـات و دەیـەوێت دڵـی بـە دەسـت بهێنێـت، بـەڵام خوشـکە گەورەکـەی ڤینـی گاڵتـەی بـەو خۆشەویـستییە دێت و دەیـەوێت بەهـەر شێوەیەك بێت خوشکەکەی پەشیمان بکاتـەوە، چـونکە بـەردەوام پێـی دەڵێـت ئـەو کوڕە گوندیی و کێوییە، دواکەوتوەو هیچ لە ئەتەکێتی شارسـتانێتی نازانێـت، هـەر بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە ڕۆژێك بۆ نیوەڕۆ ژەکردن داوەتی کوڕەکە بۆ ماڵی خۆیـان دەکات. کوڕە پێش ئەوەی دەست بە خـواردن بکـات دەکەوێتـە سووسـەو چـاودێری ئەوانی دی تا بزانێت ئەوان چۆن و بە چ شێوەیەك نان دەخۆن. ئـەو هـەروا فێربـووە کـە بـە دەسـت نـان بخـوات، بـەڵام کـە دەبینێـت میوانـەکانی دی چـەقۆو چـنگاڵ بەکاردەهێنن ئەویش چاویان لێدەکات و هەر بەو دەسـتوورە دەکەوێتـە گیـانی باڵـە مریشکێك، بەڵام چەند دەکۆشـێت ئـەوکارەی بـە چـاکی بـۆ ناکرێـت، ئەمەنـدەیش چەقۆو چنگاڵ بە قاپەکاندا دەکێشێت کە ئەوانی تـر لـە تەقەتەقەکـەی ڕادەمێـنن و دەکەونە تەماشاکردنی. خوشکی گەورە لە خوشـکی بـچووك ڕادەمێنێـت وەك پێـی

بلێت:"پێم نەوتیت چ گوندییەکە؟" بەڵام کوڕەکە وەك خۆی دەڵێت من هەر ئارەقەم دەڕشت و نەمدەویست دان بە شکستەکەمدا بنێم و بەدەست باڵە مریشکەکە بخۆم، بۆیە تارادەیەکی زۆر ئەو ڕۆژە بە برسێتی مامەوە، پاشان خوشکی بچووك دەڵێت:"ئەگەر تۆ عاشقی کوڕێکی وا دواکەوتوو بوویت هەموو ژیانت بەبێ هودەیی دەگوزەرێت".

ئەم لاوە کە دەگاتە قۆناغی زانکۆ ئەوسا فێردەبێت بیجامە لەبەر بکات، لەسەرەتادا پێی قەڵسەو پاشان وردە وردە لەگەڵیا ڕادێت، تەنانەت تا ئەو قۆناغە نەیزانیوە فلچەو دەرمانی دان چییە؟! چونکە پێشتر لە ماڵدا بۆ سپیکردنەوەی دانی تەنیا خۆڵەمێشی بەکارهێناوە، هەروەها گەرماوو تەوالێتیشی هەر لا تازە بووە.

کە دوای تەواوکردنی زانکۆ دەگەڕێتەوە گوندەکەی و دەیانەوێت بە زۆر ژنی بۆ بهێنن لە تاوا هەڵدێت و ڕوو لە ژوهانسبۆرگ دەکات کە ئەوسا سەنتەری دەسەڵات و چالاکی سیاسی و ئابووری ڕێکخراوە جۆر بە جۆرەکان بووە. دەیەوێت لەوێ ببێتە کارمەندو لیسانسی یاسایش بخوێنێت.

لەوێ ئەو دیمەنە نامۆیانە دەبینێت کە مانای ڕەگەزپەرستی سپیپێستەکانە بەرانبەر بە ڕەشپێستە ڕەسەنەکانی ئەو وڵاتە. لەوە دەگات کە سپیپێستەکان ڕەشپێستی خاوەنی ڕەسەنی وڵاتەکە بە نۆکەری خۆیان دەزانن، تەنانەت بەو پەرداخ و پیاڵانە چا ناخۆنەوە کە ئەوان دەمی تێوە دەدەن. هەروەها دەسەڵاتی تەواوی کارگەو کۆمپانیاکانی تر لەژێر دەستی ئەواندایە کە بە ئارەزووی خۆیان یاری بە چارەنووسی ڕەشپێستەکان دەکەن، بەڵام لاوەکە بە ویژدانەوە باس لە هەستی مرۆڤانەی ئەو سپیپێستانە دەکات کە گیانی ڕەگەزپەرستیان تیا نییەو لەگەڵ

ڕەشپێستەکاندا بەخۆشەویستی دەژین. بەتایبەتی ئەو لاوانەی بیری کۆمۆنیستیان تیایەو دەیانەوێت ڕژێم و کۆمەڵگاکە بگۆڕن و کێشەی ڕەگەزپەرستی نەهێڵن. هەرچەندە ئەم بەشێوەیەکی فەرمی وابەستەی پارتی کۆمۆنیست نییەو لە دیدێکی ترەوە بۆ چارەسەری کێشەی گەلەکەی دەگەڕێت، بەڵام بەهۆی هاوڕێ کۆمۆنیستەکانییەوە ئامادەی گەلێك لە دانیشتن و گفتوگۆیان دەبێت و تا ڕادەیەکی باشیش لە فەلسەفەی مارکسیەت دەگات.

ئەم لاوە ڕەشپێستە وەك لە منداڵیدا بەبێ بەشی ژیاوە لە لاوێتیشدا هەروابووە، کاتێك لە شارۆچکەی (ئەلکساندرا) لەسەر کار دادەمەزرێت پارەی ئەوەی نییە چرایەك بکرێت و لەبەر گڕی مۆمدا دەخوێنێتەوە. لە شارۆچکەکەوە تا ئەو ماڵەی بە کرێی گرتوەو تیا دەژی نزیکەی شەش میلە، زۆرجار ئەو ڕێگا دوورە بەپێ دەبڕێت، چونکە ناتوانێت کرێی ئۆتۆمبیل بدات. ڕۆژانە لە خواردنی چاك بێ بەشەو تەنیا قاتێك جلی هەیە، تەنانەت هاوڕێیەکی کە هەمان قەدو باڵای ئەوی هەیە قاتێك چاکەت و پانتۆڵی کۆنی خۆی دەداتێ، ئەو بۆ ماوەی چەند ساڵێك بە پینەوپەڕۆ لەبەری دەکات.

کە لە ژوهانسبۆرگ دەبێت بە کارمەندی کۆمپانیایەك. ئیتر لەوێوە دەکەوێتە ناو کۆڕی سیاسەتەوە، چونکە وەك خۆی دەڵێت هەموو هاونیشتمانییەکی باشووری ئەفریقیا هەر بە منداڵی هەست بەوە دەکات کە لەژێر ستەمی ڕەگەزپەرستیانەی سپیپێستەکاندا دەژی و جیاوازی ئەو دوانە لە ڕووی یاسایی و مامەڵەی ڕۆژانەوە ئەوەندە زۆرە کە ناتوانێت چاوپۆشی لێبکەیت، چونکە ئەو منداڵە ڕەشە لە خەستەخانەیەکدا لەدایك دەبێت کە تایبەتە بە ڕەشپێستەوە، لە قوتابخانەیەکدا دەخوێنێت کە تەنیا بۆ ئەوانە. ناتوانێت سواری ئەو ماشێنە بێت کە هی

سپیپێستەکانە. ئاو خواردنەوە لە یەخچاڵی سپیپێستتا بۆ ئەوان حەرامە، ناتوانن بە کەنار رووبارێکدا تێپەڕن کە تایبەتە بە سپیپێستەوە، سەعات یانزەی شەو پیاسەی سەرشەقام بۆ ڕەشپێست نابێت، بێ کاری تاوانەو کارکردنیش لە هەندێك شوێندا بۆ ڕەشپێست هەر تاوانە. ڕەشپێست چەندە یاساناسێکی بەتواناو بەهرە بێت، بەڵام هەرگیز ناکرێتە دادوەرو قازی، چونکە ئەوە پلەوپایەی ڕەنگی پێستە نەك بڕوانامەو لێهاتویی. سپیپێست بۆی هەیە لە جێگایەکدا داوای شوناسنامە لە ڕەشپێست بکات یان بیخاتە زیندانەوە، بۆیە ئەو منداڵە بەناچاری بیەوێت یان نا لە سیاسەت دەگات و دەزانێت ئەوەی لەگەڵیدا دەکرێت شتێکە لە دەروەی هەستی مرۆڤایەتی و کەسانێکیش ئەو کارە دەکەن کە بێجگە لە ڕەنگی پێست هیچ جیاوازییەکی مرۆڤانەیان لەگەڵ ئەمدا نییە.

ئەم لاوە بەم هەستە پڕەوە بەگژ بیروباوەڕی ئاپارتیدا دەچێت کە بەپێی ئەو ئایدیایە دەبوو سپیپێست لەسەرووی ڕەشپێستەکان و هندییەکان و ڕەنگ پێستەکانی ترەوە بن، واتا دەبێت هەمیشە سپیپێست بە سەرۆکی بمێنێتەوە ئەگەرچی کەمینەی دانیشتوانی ولاتەکەیشن. ئەم تێکۆشەرە لە ڕێی چالاکییە سیاسیەکانیەوە دەبێتە سەرۆکی کۆنگرەی میللی ئەفریقیا کە گەورەترین ڕێکخراوە لەسەر ئاستی هەموو کیشوەرەکەو داوای یەکسانی و نەهێشتنی نەژادپەرستی و ئازادی ولاتەکانی دەکات، بەڵام دەسەڵاتدارە ڕەگەزپەرستەکان هەست بە مەترسی ئەو لاوە ڕووناکبیرو ئازادی ویستە دەکەن و بۆ ماوەی بیست و حەوت ساڵ، لە بەهاری لاوێتییەوە دەیخەنە زیندانەوە. ساڵی (١٩٩٠) لە تەمەنی حەفتاو دوو ساڵیداو لەژێر فشارێکی نێودەوڵەتیدا ئازاد دەکرێت. دەبێتە سەرۆك کۆماری ولاتەکەو خەلاتی نۆبڵی ئاشتی پێ دەبەخشرێت.

ئەم پیاوە مەزنە دوای ڕزگاربوونی  لە بەندیخانە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە داوای سەردانی ئەو وڵاتەی لێکرا، بەڵام ئەو بەتوندی داواکەی ڕەتکردەوەو بە دەسەڵاتدارانی تورکی وت:"من نایەم بۆ وڵاتێك خوێنی کورد بە چیاکانیدا بڕێژرێت."

سڵاوی ئازادیخوازانی کورد لە (نیلسۆن ماندیلا)ی سمبولی تێکۆشان.

# گوێچکەی بەردین

"بۆ کەسێك وەك بروسکە هاتو وەك خەون تێپەڕی"

لەو پێدەشتەوە، ئەوەندەی چاو بڕبکات، بەرەو داوێنی لێژی چیاو بەردوخزی بە کەندو لەندی، تەمێکی خۆڵەمێشی بۆتە متیلێکی تەنكو خۆی بەسەر لاشە کۆماوەکەی چیادا داوە، ئەم دوکەڵێکە بە دەوری جگەرەی باریکی لوتکەدا گێژ دەخوات، خۆی تێهەڵئەسوێو تەنك تەنك بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێت، هەر لە خەمی دوورکەوتنەوەی دوو خۆشەویستو هەڵفڕینی ناچاری پەپوولەی سەرگوڵێك دەچێت، دەڕوات تا لە بەرزاییدا بە سووکە بایەك -کە بنار هەستی پێناکات- تەواو شی دەبیتەوەو، لە نێوان دەلاقەی بە ڕێکەوتی خۆرەتاوەکەدا ون دەبێت. چیا، ئاسمان، درەختو گیانداره بزێوەکانیش تەمێکی خەستی بێدەنگی لە ئامێزی گرتوون، کرن، وەك لە ئەفسونێکی ئەزەلیدا بەر شەپۆلی زریانێکی نەفرەت کەوتبن وایە، هەموو شتێك لە بەستەڵەکی بەردینی خۆیدایە، هەموو شتێك..

سروشتی وڵاتی چیا لە ورك گرتنی منداڵ دەچێت، زوو هەوره تریشقەی زریکەی دەکەوێتە بروسکەدانو دەستو پێی خۆتی تیا ون دەکەیت، لەو زووتریش دوا چۆڕی فرمێسکی دێتو لە باخەڵیا دەبێتە کورکورێکی خۆ ماتکردوو، لەو ماتیەدا کچێك، کە ڕەنگی لە گوڵی هەنار دەچێتو چاوی لە هەنگوین، لەو پێدەشتەوە بەرەو بنار ئاڵای سەرکێشیی هەڵکردووە، نوقمی غروری خۆیەتی، دەیەوێت بە

لەشی وردو ناسکی نەمام ئاسای جەستەی بەستەڵەکی چیا گەرم بکاتەوە، نازانێت چیا هەر ئەوە نییە بە چاوی ڕووت لێی بڕوانیت، تەمەنی دڵڕەقیو سەختی ڕەوەزو هەڵدێرەکانی ئەفسانەی هەزاران کارەساتو تێکشکانە، چاو ئەندازی نواڵەو لێرەواریش کاروان کوژەی سەدان لەشکری سەرکێش بووە، زایەڵەی لە هێوری ڕامانیەوە دەستپێدەکاتو زەنگی مەترسیەکانیش لە گۆرانیەکانیەوە، هەموو نەفرەتە خواییەکان لە ئۆڵەمپەوە داکشانو، باڵای بەرزی ئاراراتیش شکستی بە تۆفانی نوحدا، ئیتر چ بورکانێك زەفەر بە جەستەی دەباتو بەستەڵەکی لێ دەکاتە ئاو!

کام ڕەشەبا گەردنی ڕکەکانی ڕادەژنێتو کێ پەنجەی نەرمی بۆ گەرووی عەزیایەکانی دەبات!!

ئەی کچی گڕ.. تۆ بە دەسرۆکەی گوڵداری گەردنو بلووزی نارنجیتەوە تەنیا دەتوانیت بە شەقامو کۆڵانەکانی شاردا تێپەڕیت، شەقامی نەخۆشو پەککەوتەکان، کۆڵانی دڵداری ترسنۆكو سواڵکەرە شەرمنەکان. کەی دەتوانیت شمشێری ڕقو خەنجەری خۆشەویستیت لە ڕووی چیادا هەڵکێشیت! من دەزانم لە نێوان تۆو دیوارەکانی ساردبوونەوەدا چەند دەستی پشکۆ هەیە، لە نێوان شەونمی سەرگەڵا وردە هەناریەکانی ڕووتو پەنجەرە شکاوەکانی خۆردا چ دنیایەکی سوتماك هێلانەی کردووە. ئەمەی تۆ دەیکەیت سەفەری بێدەنگی خۆتە بەرەو بەندەرێکی بە خورپە، بۆ لای ئەو پاپۆڕەوانانەی دەستی نائومێدیان بە دەوری ئەژنۆی تەزیویاندا هەڵپێچاوە، چاویان لە دوا تارمایی کەشتی شکاویان بڕیوە، بەرەو ئەو سەنگەرانەی لە گەردو گوڵی بەیاندا دوا پێشمەرگەی برینداری تیا شەهید دەبێتو

به دەنگیا ناگەیت، بۆ ئەو گێژەنی دەریایەیش کە بە درێژایی تەمەنی چەند هاوارێکی بێدەنگو چەند نیوە باسکێکی بەرزکراوەی تیا بینراوەو، پاشان بۆتە تیکەی چەند دەمێکی هەمیشە کراوە. ئیتر ئەم غروری شمشێرو خەنجەرە لە دەستو بەرۆکی سەرت بکەرەوەو بەرەو دوا بکشێوە، بۆ لای ئەو کانیاوانەی هەموو کەسێك دەمیان تێدەنێت، ئەو خانوانەی شەبەق ئامێزی کڵپەو شەوانە باوەشی بەفرن، ئەو ڕێگایانەی هەناسەسوار ناکەنو ئەو درەختانەیش سێبەریان بۆ لەشی نوستوو خۆشە. تۆ چیت لە چیایەك داوە کە ئەشکەوتەکانی پڕن لە جانەوەری جەستەی بەردینو شەڕو گولەزی خواکان، دەماری تاشەبەردیان ڕووبارە خوێنی نهێنی گەردوونی پیا تێدەپەڕێتو هەرگیز تێرنابن، لەوە ناترسیت بە دەردی ئەو پەیکەرە بەردینانە بچیت کە سیمایان کاڵ بۆتەوەو هەنگاوی مردوویان بەسەردا دەنرێت! یان چیا ڕەشەبای هەناسەیت تێبەرداو لەژێر گەڵای تەڕی درەختەکانیدا ببیتە لاشەیەکی مۆمیا کراو! چۆن ناترسیت؟ تۆ شەڕەنگێزیت کردۆتە دەسرۆکەو لەسەر چۆپی کێشانی مەرگی خۆتدا بە دەم سەماوە ڕایدەوەشێنیت.

-من خەنجەری یاخیبوونم ناکەمەوە بە کێلانی ڕاهاتنو دەستەمۆییدا، ئەمە سەری نەگەڕانەوەی خۆمە بە دەست سەرچڵییەکی خۆشەویستیمەوە، من نازانم بۆ ڕێژنە بارانم خۆشدەوێتو بۆچی لە عەشقی لێزمەدا دەسووتێم! کە بەسەر لوتکەی ئەندێشەکانی خۆمەوە، تاریكو ڕوونم لێدەبێتە دەریاو شەپۆلە شێتەکان بەر کەناری بەیان دەکەون من مەست ئەبم، مەستیی مناڵێکی چەتوونی نێو جۆلانە حەوا دراوەکانو فەرماندەی لەشکرە سەرکەوتووەکان. کڕنوش بۆ ئەو ئەسپانە دەبەم کە

لــەکاتی تاودانــدا کلــك‌و گــەردنیان دەبێتــە دوو ڕمــی بەرانبــەر بــە یــەك‌و سوارچاکەکانیان هەڵدەگرن، ئەو درەختە باڵابەرزانەیشم خۆشدەوێت کـە بـە سـواری بە ژێریاندا تێدەپەڕم‌و گەڵاو چلەکانی ڕێگا لە شان‌و مەمکم دەگرن.

-ئـەی کـچی گـڕ.. تـۆ سـکاڵای کۆچـێکیت بـە دوای هـەواری خۆتـدا وێڵیـت، پروشـەیەکیت پـێش ئـەوەی بگەیتـە سـەر زەوی ڕەشـەبا پـەلی ناسـکت دەگرێت‌و دەتفڕێنێت، شار بە شـارو بیابـان بـە بیابـان، تـا نـوقمی ئـاوارەیی دەبیـت‌و سـەری کڕنوشـت بـە چـەمێکی تـەریك‌و ڕووبـارێکی هـەتیودا دەکـەیت، نەکـەی خـەونی سەرەڕۆییت بدەیتە دەست ئارەزووەکانی دوو گرێ‌و نیوی کلاڤـەی درێـژی تەمـەنت، ئەمە لافاوی نائومێدییەکانی ئەم سەردەمەن، جوانن، بەڵام دەتکوژن، منیش حەزم لە ڕەنگی تووڕەییەکەتە، خۆشم دەوێـت، وەك چـۆن ڕقـی دەریـاو، زایەڵـەی هـەورە بروسکەو، زریانی چیاو چاوی سوورداگەڕاوی بێخەویی پێشمەرگەیەکم خۆشـدەوێت. بەڵام لەو دەستانە دڵنیامەبە کە بە لـەرزۆکی دێنـە لات، ئـەو هـەتاوەیش مەکـەرە دۆست کە پەڵەهەورێك لە پاڵیا کروشکەی کردووە.

-من ئەم جەستەیەی خۆمم لە گۆڕستانەوە هێناوەتەوە، چ مەبەسـتمە جـارێکی تـر بمرێتەوە، ئەوە بۆنی ساردی ناو لەپم، ئەوە بەرامـەی خـۆڵی سـەر سـنگم، ئەمـەیش ئەو دڵەی کە زەنگی ترس لە لێدانی ناخات، هاتووم ئاگری ڕقم لەوانـە بەربـدەم کـە لە چلەی هاویندا پشکۆی دوژمن دەخەنە سەر سنگیان‌و تـام لـە دووکـەڵی گۆشـتی سـووتاوی خۆیـان وەردەگـرن، کەچـی لـە بـەفری چـیاکانیان بێـزارو لـە پێکـەنینی فریشتەکانیان بە هەراس دێن.

-ئای کە خۆنەویستن!!

-لە باخەڵی گەندەڵی سۆزانیەکانی دەروازەی خەڵکا خەونی ڕەنگاڵەیی دەبینن‌و، بە بۆنی گوڵجاڕەکانی خۆیان لوتیان دەگیرێ‌و چاویان ئاودەکات.

-ئای کە عاشقن!!

-لە بەرۆکی پڕ لە خۆڵیاندا توولەماری ڕق دەکەنە ئەژدیهاو منداڵی یەکتری پێ قووت دەدەن، پاشان کە بوو بە عەزیا کانی‌و ڕوباری وڵاتی خۆیانی پێ قۆرخ دەکەن.

-ئای کە میللەت خۆشەویستن

-وەك کوڕو کچی تازە دەستگیران ژەهری کڵۆ شەکر بە دەمیەکەوە دەکەن‌و فرمێسکی شادی بۆ مەرگی یەکدی هەڵدەڕێژن.

-ئای کە جوامێرن!!

-ئەمە وڵاتی پاڵەوانانی بەردە.

-هەموو پاڵەوانەکانیش بۆ دۆزەخ.

شەوە..

پاسەوانەکان خەویان لێکەوت‌و دزەکان بە ئاگا هاتن، بێوەژنە بە سۆزانی کراوەکان ئەوەی بە ڕۆژ دەستیان کەوتبوو منداڵەکانیان پێ ژێر کردو پێکەوە نووستن، ماڵە شەهیدەکان بۆ جاری سێیەم نان‌و خورمای ئەو ڕۆژەیان خوارد، مەلای مزگەوت کە هەفتەیەك بوو هەواڵی مانگ گیرانی ئەو شەوەی بە درۆ دەخستەوە پێشنوێژی مانگ گیرانەکەی بۆ خەڵکەکە کرد، مەفرەزەی کچانی شاریش کە زمان هەراشیی

کچی گرِیان لە پەردەی دراوی کـچێنیی خۆیـان پـێ سـووکتر بـوو، چـەقۆی شـەرەفی تکاویان خـستە سـەر هەسـانی تۆڵـەو بـە دوای بـڕینی زمانەکـەدا کەوتنـە گـەڕان، فەرماندەی شاریش گاڵی مـەفرەزەکانی ئاسایـشی دا، کـۆڵان بـە کـۆڵان شـەقام بـە شەقام، بە دوای کچی گرِدا بگەڕێنو خۆڵو دۆی بێحورمەتی بەسەردا بکەن.

-ئەی کچی گرِ تۆ دەزانیت میللەت کێیە؟

-بێگومان، ئەوانەی بێدەنگن.

-چی تر؟

-ئەوانەی خوێنو فرمێسکو مـەرگی خۆیـان ئەدەنـە دەسـتی ئـەو سیاسـیانەی کـە گوێیان بۆ پرِدەکەن لە هەواو مشتی خێرای پیادەکێشن.

-چی تر؟

-ئەوانەی پیاوکوژو پێشمەرگە لە یەکتر جیاناکانەوە.

-چی تر؟

-ئەوانەی بە ڕۆژ گۆرانی بۆ خۆر دەڵێنو بە شەو بۆ تاریکی هەڵدەپەڕن.

-چی تر؟

-ئەوانەی بە زمانی ئێستگەو تەلەفزیۆنەکان دەدوێن.

-چی تر؟

-ئەوانەی بەزەیی سەرشۆڕی کردوونو بێجگە لە گریان چیتر فێر نەبوون.

-چی تر؟

-ئەوانەی لەسەر لاشەی مەسیح وەستاونو، بە پەیژەی شانو ملیاندا سیاسیە درۆزنەکان سەردەخەن، تا لەسەر تەختی سەریان تاجی درۆیان لەسەر بکەنو، بەڵێنی سەدان جارەی خەیاڵیان بەسەر هەژاراندا ببەخشنەوە.

-چی تر؟

-ئەوانەی وەکو منو تۆ دەڕێسنو ئەوانەیش کە گوێیان لێناگرن.

١٩٩٥/٣/٢٥

# چیخۆف... ١٠٠ ساڵ لە نەمریدا

ئەمساڵ یادی سەدساڵەی دوا کۆچی نووسەری داهێنەری رووسی ئەنتۆن پاڤلۆڤیچ چیخۆف (١٨٦٠-١٩٠٤)ە، بەداخەوە ئێمەی نووسەرانی کورد، چ وەك خۆمان یان وەك دەزگاکانی رووناکبیریی و ئەدەبی، یان لەسەر ئاستی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی تایبەتن بە ئەدەب و کلتوورەوە، لە ئاست ئەم جۆرە بۆنانەدا خەم سارد و بێ هەڵوێستین. نەوەك خەڵکانی دی دەتوانین یاد لە خودی ئەو مرۆڤە مەزنانە و پەیامی پیرۆزیان بکەین و کۆڕ و میهرەجانی چەند رۆژەیان بۆ ساز بدەین، نەوەك تاکە کەسیش کتێب و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەین و کارە ناوازەکانیان وەربگێڕینە سەر زمانەکەمان و نەوەی نوێیان پێ بناسێنین. لای ئێمە ئەو مامۆستا و پسپۆڕ و زمان زانانەی چەند ساڵێك لە سۆڤیەت ژیان و بڕوانامەی ئەدەبییان لە زانکۆکانی ئەوێ وەرگرتووە و خۆیشیان نووسەر و ئەدیب بوون کەم نین، رەنگە زۆر جار سەردانی ماڵ و مەزار و کتێبخانەی چەندانی وەك چیخۆف و پۆشکین و دۆستویفسکی و گۆرکی و تۆلستوی و تۆرژنێفیان کردبێت و یادوەری ئەودیدەنیانەیان لای خۆیان تۆمار کردبێت، یان ئاگاداری ئەو سمینار و کۆنگرانە بن کە هەر لە خودی سوڤیەتدا بۆ ئەو بۆنانە سازدراون و ئەو چاپەمەنیانەی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە بە جوانترین بەرنامەی کار و داهێنان و زانیاری تازە و لێکۆڵینەوەی نوێوە تەیار کردووە، نابێت لێرەدا ناوی قەڵەمێکی رەسەنی وەك جوانەمەرگ (جەلال تەقی) نەبەم کە دوور لە پسپۆریەکەی خۆی وەك ئەندازیاری تەلارسازی

چەند بەرهەمێکی شیاوی چیخۆف و دۆستویفسکی و گۆگۆل و پوشکینی لە رووسیەوە بۆ کردوینەتە کوردی.
زۆرن ئەو نووسەرە نەمرانەی سۆڤیەت کە تا ئێستا ئامادەگیەکی زیندووی ناو کلتووری جیاوازەکانی دنیان و بەردەوام خوێندنەوەی تازەیان بۆ دەکرێت و کارەکانیان چاپ دەبێتەوە و شانۆکانیان بە زۆر شێوازی جیا نمایش دەکرێنەوە. کەچی لای ئێمە کارو بەرهەمی هەندێك لەو نووسەرانە تا ئێستایش رێگای نمایشکردنی نەکەوتۆتە کتێبخانەی کوردییەوە، لە کاتێکدا کە گەلێك خوێنەرمان هەیە زمانی تر نازانێت و چاوەڕێی قەڵەمی وەرگێڕ و زمانزانەکانە. من لە ساڵی (١٩٨٠)دا بە بۆنەی یادی سەدوبیست ساڵەی لەدایکبوونی ئەم نووسەرە داهێنەرەوە کتێبێکی ١٣٩ لاپەڕەییم هەر بە ناوی (ئەنتۆن چیخۆف)ەوە بلاوکردەوە کە بریتی بوو لە پێشەکیەك لەسەر ژیاننامە و کارنامەکانی نووسەر و ڕێبازی نووسین و ئەو هەل و مەرجە سیاسی و ئابووری و فیکریانەی کاریگەریان لەسەر کارو داهێنانی هە بووە، ئەو پێشەکیە بۆ ئەو کاتە تا ڕادەیەك ناساندنی چیخۆف بوو بە خوێنەری کورد و دەربڕینی خۆشەویستی و ڕێزی زۆری خۆیشم بوو بۆ ئەو ناوە پرشنگدارەی کە هونەری کورتە چیرۆك قەرزاریەتی و مرۆڤایەتیش دەستی ستایشو قەدر زانی بۆ بیر و بۆچوونەکانی بەرز دەکاتەوە، هەر لەو کتێبەدا شەش چیرۆکی دەگمەنی چیخۆفم لە فارسییەوە کردبووە کوردی کە تا ئەو کاتە زوربەیانم بە عەرەبی نەخوێندبوەوە، ئەمەیشیان لەو هەستەوە کە خوێنەری ئێمە زیاتر بە زمانی عەرەبی شارەزایەنەك فارسی. کتێبەکە دەبوو ساڵی ١٩٨٠ بەو بۆنەیەوە بلاو بکرایەتەوە، بەلاّم دەستی رەقیب و خەم ساردیی دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ئەوسا تا ساڵی (١٩٨٤) گیریداو لەو ساڵەدا بلاوکرایەوە.

ئەم ساڵ لەم بۆنەیەدا لە زوربەی پایتەختەکانی دنیا و گەلێ شاری تردا یادی دوا کۆچی چیخۆف بەرزو پیرۆز ڕاگیرا. یونسکۆ ساڵی (٢٠٠٤)ی بە ساڵی چیخۆف ناودێر کرد، چونکە تا ئێستا بەرهەمەکانی بە هەموو زمانی دنیا دەخوێنرێتەوە و شانۆگەریەکانی نمایش دەکرێن و وەرگێڕانی کارەکانی بەردەوامە. لە ولاتەکەی خۆیدا ئەم بۆنەیە بە ئاهەنگ و ڕێوڕەسمی جیاجیا بەڕێکرا، لە ئۆکرانیا کە خودی چیخۆف ماوەیەك لە شاری یالْتا ژیاوە ئاهەنگ سازکرا، لە ئەڵمانیادا کە دوا ڕۆژەکانی تەمەنی بە نەخۆشی لەگەڵ (ئۆڵگاکنیپ ەر)ی هاوسەریدا لە شاری (بادن ڤایلەر) بەسەر برد، ئەو ئوتێلەی لێی دابەزیبوو جارێکی دی چاککرایەوە و کارە وەرگێڕاوەکانی بۆ زمانی ئەڵمانی پیشاندرا، لە شاری (تاگانرۆگ) کە شوێنی لەدایکبوونیەتی، لە ڕۆژی چواردەی یولیودا هەر لە بەیانیەوە لە کڵێسەکانی ئەو شارەدا درووود بۆ گیانی نەمری ئەو گەورە نووسەرە نێردراو، دانیشتوانی گوندەکەی چەپکە گوڵیان لەبەر پەیکەرەکەیدا دانا، لە ماڵەکەی چیخۆفدا کە کراوەتە مۆزەخانە ئاهەنگێك کراو هەندێك لە نامەکانی و یاداشتی لەگەڵ ئۆڵگا کنیبەردا پیشاندرا، شانۆگەریی (خانم و سەگەکەی) کە لە چیرۆکێکی کورتی خۆیەوە ئامادە کرابوو نمایشکرا. لە مۆسکۆی پایتەختدا ڕۆژنامە ئەدەبی و سیاسیەکان وتاری بەنرخیان لەسەری بلاْوکردەوە، گەورە پسپۆڕانی ئەندازیارییش نەخشەیەکیان بۆ ماڵی شانۆی مۆسکۆ لەسەر (٦٥) هەزار مەتری چوار گۆشە لەسەر شەرەفی چیخۆف دامەزراند کە گەلێك هۆڵی نمایش و مۆسیقای تیایە، لە گۆڕستانی (نوڤی دیڤتیش) کە گۆڕی چیخۆفی لێیە خەڵکانێکی زۆر بە چەپکە گوڵەوە سەری مەزارەکەیاندا. هەر لەسەر شەرەفی چیخۆف لە گوندی (میلیکوفا) کە نزیکە لە مۆسکۆ و حەوت ساڵ نووسەری تیا ژیاوە و چاکترین بەرهەمی شانۆیی خۆی وەك

"مەلی دەریا" و چیرۆکی "راهیبی رەش"ی تیانووسیوە، بەردی بناغەی پەیمانگایەکی نوێی شانۆ دانرا. هەر لە مۆسکۆ زوربەی شانۆگەریەکانی نمایشکرانەوە، لە شاری "ساماری"یش پەیکەرێکی نوێی بۆ دروست کرا، ئەگەرچی چیخۆف لەم شارەدا نەژیاوە و نەیشی بینیوە، بەلاَم ساڵی ١٨٩٨ کە نەهاتی و قات و قڕی ڕوو لە شارەکە دەکات، چیخۆف هەوڵێکی بێ وێنە بۆ رزگارکردنی منداڵە برسیەکانی دەدات و سەدان منداڵە جووتیار لە چنگی مەرگ دەسێنێتەوە.

چیخۆف لە ئەدەبی رووسیدا ناوێکی هەرە درەوشاوەی دنیای کورتە چیرۆك و شانۆیە. یەکێکە لەو سێ ڕابەرەی کە بناغەی چیرۆکی کورتی هونەریان دامەزراند (ئادگار ئالان پۆ، جی دی مۆپاسان، ئەنتۆن چیخۆف) بەلاَم جیاوازیی چیخۆف لە دوانەکەی تر ئەوەیە کە ئەم مەبەستی چیرۆکی لە دنیای خەیاڵی رووت و رووداوی پڕ لە سەمەرە و هونەری بایەخدان بە گرێ و لووتکەوە گوێزایەوە بۆ ناو هەقیقەتی ژیان و واقیعی کۆمەڵگەکەی کە لێوان لێو بوو لە تراژیدیا و کارەساتی هەرە تاڵ و دەگمەن. نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە کە زۆربەی نووسەرە گەورەکانی رووسی بەبەرهێنا، سەدەی چەوسانەوەی جوتیار و کرێکار و مامۆستا و پزیشك و مووچە خۆر و رووناکبیرانە. جوتیار کۆیلەی زەوی و نۆکەری دەرەبەگ و کۆنەپەرست، لە ناو سیستمێکی دواکەوتوی تزاریدا چ خەونێکی مرۆڤایەتیانەی نەدەهاتە دی، مامۆستاکانی گوند پێش بڕکێی مەرگی ناوەختیان لەگەڵ نەخۆشیی سیل و نەبوونی و کەم مووچەییدا دەکرد، وەك خودی چیخۆف لەم بارەیەوە بە مەکسیم گۆرکی دەڵێت: ".. مامۆستاکانی لای ئێمە کرێکارن، رووناکبیرییان کەمە، کە مامۆستا دەنێرن بۆ فێرکردنی منداڵانی گوند وەك بۆ تاراوگەی بنێرن وایە، مامۆستا برسیە، غەمبارە، لە تیکەنانەکەی دەترسێت.. پۆلیس و فرۆشیاری

دەوڵەمەند، کوێخا وبەڕێوەبەری قوتابخانە وبەڕێوەبەری ناحیە، هەموو ئەمانە سووکایەتی بە مامۆستا دەکەن.. ئەو کەسەی پەروەردەکردنی گەلی پێسپێراوە گەمژەییە مووچەی کەمی بدەیتێ، نابێت بەوە قایلبین مامۆستا بەرگی دڕاو بێت، لە قوتابخانە سارد و رووخاوەکەیدا لەسەرما هەڵبلەرزێت و دووکەڵی زۆپا خراپەکان هەڵمژێت، لە تەمەنی سیساڵیدا نەخۆشی سنگ و روماتیزم و سیل بگرێت، ئەمە ئابڕوو چوونە.. پاشان چیخۆف زۆر بە سۆزەوە بە گۆرکی دەڵێت: " من کە مامۆستایەك بەو جۆرە دەبینم تەریق دەبمەوە".

نووسەر و رووناکبیران لەناو شپرزەیی ئەو جیاوازی چینایەتی و تەوژمی چەوسانەوە و نا سەقامگیری باری سیاسی و ئابووریەداو لە ئەنجامی تێکشکانی هەندێك لە بزوتنەوە چاکەخوازەکانی ئەو سەدەیەدا، نا ئومێد ببوون و سەریان کردبووە سەر بێهودەیی وکات بەفیڕۆدان وپشتگوێ خستنی دەوری کاریگەری خۆیان، بەرجەستەکردنی ئەو دۆخە سیاسی و هەلومەرجە نا سروشتییە لە گەلێك کاری گۆگۆل و تورگێنیف و چیخۆف و دۆستۆیفسکی و تۆلستویدا رەنگیان داوەتەوە.

چیخۆف لەناوجەرگەی ئەو گەرداوە پڕ لە تەوژمەدا، لە ١٧ی کانوونی دووی ساڵی ١٨٦٠دا لە شاری (تاگانرۆگ)ی سەر دەریای ئازۆف لەدایك بوو، باپیری کۆیلە بوو، باوکی چیخۆف لەگەڵ هەر پێنج منداڵەکەیدا دڵرەق و ستەمکار بوو، باشترین نموونەی منداڵیی چیخۆف و خوشك و براکانی لەم دیمەنەدا دەردەکەوێت کە خۆی وێنەی کێشاوە: "کوڕی بەندەیەك کە لە دووکانی باوکیدا وردە فرۆشی دەکات، هەمیشە بە ڕێی کلێساوەیە، بە پێی پەتی گەڕاوە، لەناو دوو ڕوویی گەورەکاندا پێگەیشتوە، دەستی قەشەی ماچ کردوە و ئازاری بە گیانداران گەیاندوە، زۆر جار

دارکاری کراوە، بێ لێکدانەوە بیروڕای خەڵکی وەرگرتوە، دوو ڕوویی بەرانبەر بە خواو خەڵکی کردوە".

لای چیخۆف مرۆڤ بە هەموو ڕەهەندەکانی ژیان و گوزەران و بیروباوەڕیەوە تەوەریی گشتی مەبەست و بەدیهێنەری چالاکیەکانە، وەك خۆی دەڵێت: "پیرۆزترین شت لای من مرۆڤە، ئەوەی مەبەستمە بۆ مرۆڤ بێتە دی: زرنگی، تەندروستی، بەهرە، خۆشەویستی، ئازادی و رزگار بوونیەتی لە زۆر و ستەم".

چیخۆف وەك مرۆڤ و وەك پزیشك بەردەوام لە هاوکاری کردنی کەسانی هەژار و گوندنشینانی بێ دەرامەت وجوتیاراندا بووە، ڕۆژانە دەیان نەخۆشی بینیوە وچارەسەری کردوون وپارەی لێنەسەندوون، هەر لە گوندی میلیکوفا بە پارەی خۆی قوتابخانە و خەستەخانەیەك دروست دەکات. وەك لە هەندێك چیرۆکیدا ژیانی تایبەتی خۆی و هاوپیشەکانی دەردەکەوێت، پزیشك ڕێزی گەورەی نە لە ناو کۆمەڵداو نەلای فەرمانڕەواکانی ئەوسا نەگیراوە، وەك کرێکارێك لێیان ڕوانیوە کە دەبێت هەمیشە خۆپڕوکێن بێت و لە ناوەختا حەسانەوە و خەو و ژیانی تایبەتی خۆی بکاتە قوربانی ئەوانی دی، بە تایبەتی دەرەبەگ و ئەرستوکراتیەکان.

تێکەڵی چیخۆف لەگەڵ جوتیار و مامۆستا و نەداراکانی تردا تارادەیەك بووە کە هەمیشە چوەتە لایان و ئەوانیش دیدەنیان لێکردووە. گوێی لێگرتوون و لە بارەی ژیانی تایبەتی و گەلێك باس و خواسی روناکبیری و سیاسیەوە لەگەڵ مامۆستایاندا دواوەو باری سەرنجی خۆی پێ وتوون (لە دیدەنیەکدا کە مەکسیم گۆرکی بۆ گوندی "کۆشکوك کوی" کردوویەتی کە ئەوسا چیخۆف لەوێ بووە بە درێژی گۆرکی باس لەو جۆرە دانیشتنانە دەکات کە چیخۆف لەگەڵ دانیشتواندا

کردوویەتی و ئەویش بەشداری تیا کردووە) چیخۆف پێش مردنی بەسێ ساڵ ئەم ڕاسپێریانەی بۆ ماشای خوشکی کردووە کە نموونەیەکی زیندوە لە گیانی خۆشەویستی و مرۆڤ دۆستی و بەتەنگەوە هاتنی بەرژەوەندیە گشتیەکان.

"ماشای ئازیزم، هەتا ماویت تۆ بۆت هەیە سوود لە ماڵەکەی یالتام و لەو دەرامەت و پارانە وەربگریت کە دەستکەوتی دراماکانمە، ماڵەکەی گورتسوف و پێنج هەزار ڕۆبل بۆ ئۆلگای هاوسەرم. ئەگەر ویستت خانوبەرەکانیش بفرۆشە، سێ هەزار بدەرە ئەلەکسەندەری برامان، ئیڤان پێنج هەزار، میخائیل سێ هەزار، ئەلیکسی دوتشینکو هەزار و ئەلیناتشیکوف کە شووی کرد هەزار روبڵ، دوای مردنی خۆت و دایکم هەموو موڵکەکان بێجگە لە دەرامەتی شانۆ دەدرێتە بەڕێوەبەری شارەوانی لە شاری تاگانروگ بۆ ڕاژەی فێرکردنی گشتی، بەڵام دەستکەوتی شانۆگەریەکان دەدرێتە ئیڤانی برامان، دوای مردنی ئەویش دەدرێتە بەڕێوەبەریەتی شارەوانی لە تاگانرۆگ بۆ هەمان مەبەستی پێشوو، بەڵێنم بە جووتیارەکانی گوندی میلیکوفا داوە کە سەد ڕۆبڵیان بدەمێ بۆ چاککردنی ڕێگای گشتی، بەڵێنم بە جافریل ئەلیکسیفتش کرتشنخو داوە کە خەرجیی کچە گەورەکەی تا دواناوەندی تەواو دەکات لەسەر من بێت، یارمەتی هەژاران بدە و چاوت لە دایکم بێت و بەخۆشی بژی.

**ئەنتون چیخۆف**

**٣ی ئابی ١٩٠١**

دەربارەی چیخۆف گەلێك نووسەری گەورە دواون و پلەی ئەدەبی ئەویان هەڵسەنگاندووە و دەورو کاریگەریان لەسەر ڕەوتی ئەدەبی، بە تایبەتی کورتە چیرۆك و شانۆ نامەکانی بەرز نرخاندووە، تۆلستۆی یەکێك بووە لە دۆستە خۆشەویستەکانی

و زۆر جار یەکیان دیوە و بە چیرۆکەکانی چیخۆف سەر سام بووە، لە بارەیەوە دەڵێت: "چیخۆف هونەرمەندێکی بێ وێنەیە، هونەرمەندی ژیانە، نرخی داهێنانی لەوەدایە کە تێیدەگەیت و پەسەندی دەکەیت، ئەمە نەك تەنیا لای یەکێکی رووسی، بەڵکو لای سەرجەم مرۆڤایەتی"

هەروەها دوای مەرگی چیخۆف تۆلستوی دەڵێت: "چیخۆف شێوازێکی نوێی هونەری نووسینی بۆ گشت جیهان دروست کرد، من ئەو جۆرە نووسینەم لە هیچ شوێنێکی تردا نەبینیوە، دوور لە هەر خاکیەکی ساختە، بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە چیخۆف زۆر لە من پلە و پایەی بەرزترە"

بەرناردشۆی نووسەری دیاری ئینگلیزیش لە بارەی شانۆگەریەکانییەوە دەڵێت: "چیخۆف وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ناوەڕاستی گەورە شانۆ نووسانی ئەوروپادا دەدرەوشێتەوە"

مەکسیم گۆرکیش لە نامەیەکیدا کە بۆ چیخۆفی نووسیوە دەڵێت: "گەلێك کاتی خۆشم لەگەڵ بەرهەمەکانتا بەسەر بردووە، زۆرم فرمێسك بە دیاریانەوە ڕشتوە" کە شانۆگەریی "خاڵ ڤانیا" دەبینێت دەڵێت: "دوێنێ خاڵ ڤانیام بینی و وەك ژن گریام، هەرچەندە من لە سۆزیشەوە دوورم" ئەگەرچی چیخۆف لە نووسینی هەموو بابەتە ئەدەبیەکانیدا سەرکەوتوو بووەو زۆر نووسەر گوێیان لێگرتووە و لێوەی فێربوون و لەگەڵ بەهرەمەندترین نووسەری ئەو سەردەمەدا ناوی هاتووە، کەچی ئەو هەرگیز پیاهەڵدان و ناو هێنانەکانی خۆی لا مەبەست نەبووە و خۆی بە داهێنەر نەزانیوە و ئارەزووی لە خۆدەرخستن نەبووە. لەو بارەیەوە دەڵێت: "من لە چاو نووسەرە سەرکەوتوەکانی روسیادا زۆر بێ بایەخم، کۆمیدیایەکم نووسی، تاڵەموویەکی لەسەرم نەبزواند" کە پێی دەڵێن ئەو لە ریزی پێشەوەی نووسەرانی ئەو سەردەمەیە. ئاماژە

بۆ (چایکوفسکی) دەکات و دەڵێت: "لە پوترسبورگ و مۆسکۆدا، دوای تۆلستۆی ناودارترین نووسەر چایکۆفسکیە، بەلاّم من لە ناوبانگا بە پلەی ٨٧٧ دێم)

ژیانی تایبەتی چیخۆف تراجیدیایەکە فرمێسك لە چاودا ڕادەگرێت، بەلاّم بەرهەمە ناوازەکانی بەرەو ڕووی ژیانێکی خۆشترت دەبەن. لەگەڵ ئەو تەمەنە کورتەیدا (٤٤ ساڵ) دەزگایەکی بلاّوکردنەوە بوو بۆ خۆی، ویستوویەتی ئەوەی لە دەستی دێت و لە بەرژەوەندی خەڵکانی تردایە زوو بیگەیەنێت، وەك لەوە بێگومان بێت کە مەرگ زوو بەرۆکی دەگرێت و ئەوەی بە نەمریی دەیهێڵێتەوە تەنیا ژیانە هەرە جوانەکەی خۆیەتی کە بۆ بەختەوەری مرۆڤایەتی تەرخانی کردووەو، بەرهەمە ناوازەکانیەتی کە بۆ هەموو سەردەم و نەوەکان خۆ تازە دەکەنەوە و خەون و ئارەزوەکانی مرۆڤیان تیا بەرجەستە دەبێت.

ساڵی ١٩٠٤ کە نەخۆشیەکەی تەواو بڕستی لێ دەبڕێت ئۆلگا کنیبەر دەیبات بۆ ئەڵمانیا و لە شاری (بادن ڤێلەر) ماوەیەکی کەم دەمێننەوە، تا لەبەرەبەیانێکدا کە تازە سروشت چاوی ڕووناکیی دەکاتەوە، مەلەکان گۆرانیی ماڵئاوایی دەڵێن، زەنگی کڵێسە دوورەکە بەدەم شەماڵەوە شەپۆل دەدات و مرۆڤ هێورە، جوانی و بێدەنگی و مەرگێکی ناوازە باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشاوە، چیخۆفی مەزنیش بۆ دوا جار چاولێك دەنێت.

٢٠٠٤

**سەرنج:**

بۆ ئەم نووسینە بێجگە لە زانیاری و سەرنجی خۆم کە لە ئەنجامی خوێندنەوەی زۆری بەرهەمی چیخۆف لام ماونەتەوە:

١-کتێبی ئەنتۆن چیخۆف. ڕەووف بێگەرد ١٩٨٤..

٢-اخبار الادب. پاشکۆی ڕۆژنامەی الاخباری میسری ژمارە ٥٨٣ سبتمبەری ٢٠٠٤ کە ژمارەیەکی تایبەتە بە چیخۆف و یادەکەی.

# سدهارتا

بودا یان بوزا، کە نـاوە ڕاسـتییەکەی (سـد هاتـا) یـان (سـد هارتـا)یـە. رابـەرێکی ئایینی دووهەزارو پێنج سەد ساڵ لەمەوبەرە، باوکی میری(سـاکیا)بـوە لـە ناوچـەی نیپـالی ئێـستا، بـودا شـازادە بـووەو تـا تەمـەنی بیـست و نـۆ سـاڵی لـە کۆشـکی پاشایەتیدا ژیاوەو کوڕێکی هەبووە بە ناوی (راهولا) کە لـە ژیـانی پاشـایەتی بێـزار دەبێت و بەرامبەر پرسیارەکانی ژیان و مـەرگ و ئـازارو ئاسـودەیی مـرۆڤ وشـیاری پەیدا دەکات, واز لە پاشایەتی دەهێنێت, سەری خـۆی هەڵـدەگرێت و ڕوو لـەژیانی قەلەنـــدەری و زاهیـــدی دەکـــات و لەگـــەڵ نـــەبوونی و برســـیەتیدا ڕادێـــت، دوای بیرکردنەوەو گەڕانی زۆر پەیامی کردارو گوفتاری باش و ئاکـاری چـاك دەگەیـەنێت، بانگەوازی دوورکەوتنەوە لە نەزانین و ئـارەزووی چـڵێس و ڕکـو کینـەو خۆپەسـەندی دەکات، مرۆڤ بۆئەوە هەڵدەنێت کە بۆ پێشکەوتنی هزریو دۆزینەوەی هەقیقەت لـە گوماندا بژی، ئەوەی ئەقڵی نەیبڕی وبەڕاسـتی نـەزانی بـڕوای پێنـەکات و بەقـسەی هەموو کەسێك تێنەکەوێت. لای بودا سەرچاوەی هەموو گوناهو تاوانێـك نەزانینـە، بەڵام مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە بەسەریدا زاڵبێت، چونکە خـۆی گـەورەی خۆیـەتی و کەسێك لەسەرەوویەوە نییە کە چارەنووسـی دیـاری بکـات. لای بـودا (مـرۆڤ خـۆی پەنای خۆیەتی، کەسی تر توانای ئەوەی نییە ببێت بە پەنای ) بڕوای بەئازادی بـیری مرۆڤ هەیەو بەپێویستی دەزانێت، چونکە ئازادی بیروبـاوەڕ بـۆ مـرۆڤ پەیوەنـدی بـە تێگەیشتنی هەقیقەتەوە هەیە نەك خەڵاتێکی خودایی بێت یان لەبـەر گوێڕایـەڵی و

کاری چاکە لە هێزێکی دەرەکیەوە پێی بەخشرا بێت، بودا بڕوای بە هەقیقەتی ڕەها نییەو بە ڕێژەیی دەزانێت،  مرۆڤ بۆی نییە تەنیا ئەوە بە هەقیقەت بزانێت کە خۆی بڕوای پێیەتی و خەڵکانی تر بە ناهەق دابنێت (ئەمە بە پێچەوانەی ئاین و ئایدیاکانی ترەوەیە کە هەقیقەت تەنیا بە موڵکی خۆیان دەزانن و نابێت کەس لە کۆنترۆڵیان دەربچێت )بودا لە ڕاگەیاندنی پەیام و پەیڕەویەکانیدا هەرگیز بانگەشەی بۆ پەیامبەری خۆی نەکردوە, مرۆڤێکی سادەو ئاسایی بوە, لەوە نەدواوە کە سروشی لە یەزدانەوە بۆ هاتبێت یان نوێنەری ئەو بێت لەسەر زەوی , لای ئەو مرۆڤ تەنیا بە هەوڵ و توانای خۆی پلەی مەزنی بەدەست دێنێت, هەموو کەسێکیش دەتوانێت بودایەك بێت بۆ خۆی، ئەو بەردەوام لەگەڵ بهیکو ( ڕاهیب)ە هاوڕێ و قوتابیەکانیدا باسی ئەوەیان بۆ دەکات کە بەچاکی و ڕاستگۆییەوە لە شتەکان بگەن، چونکە ئەوە داناییەو تێگەیشتنە لەو چوار هەقیقەتەی کە بنەمای بیرو باوەڕەکانیەتی و بریتین لە:

١- دوکها:مانای ئازارو خەم و نەگبەتیەکانە کە بەرەو ڕووی مرۆڤ دەبێتەوە

٢- سامودایا: دەرکەوتنی دوکهایە. ئەمەیش بریتیە لەو حەزو ئارەزوانەی مرۆڤ بەرەو خۆپەسەندی و چێژە ناپەسەندەکانی جەستە بەکێش دەکەن .

٣- نیروزا: وەستان یان نەمانی دوکهایە و ئازادبوونە لە ئازارو کێشەکان

٤- ماخا: ئەوڕێگایەیە کە مرۆڤ دەگەیەنێتە هوشیاری و ڕامان و قووڵبوونەوە لە ڕوانین و بڕیارداناو دووركەوتنەوە لە دوکها, ئەمەیش گەیشتنە بە نیرڤانا.

(نیرڤانا) واتا گەیشتن بەو هەقیقەتەی هیچی تری لەدواوە نیەو لووتكەی گەیشتنە بە ئاسوودەیی ڕۆحی و بەختەوەری، ئازادبوونە لە نەزانین و ڕق وخۆپەرستی وئەوتینوێتیەی مرۆڤ بۆ حەزوئارەزوە پۆخڵەكان ڕادەكێشێت
چركەساتی گەیشتنە بە ئەقڵی تەندروست و هزری باڵا، حاڵەتی قایلبوونە بە ژیانی پاكژو دووركەوتنەوە لە وەهم و بەرژەوەندیە تایبەتیەكان كە مرۆڤ دەكەنە كۆیلەو هزری لەكاردەخەن, چركەساتی تژی بوونە بە خۆشەویستی و سۆزو گیانی لێبووردن و مرۆڤدۆستی، ئەوەیش لووتكەی بەختەوەری و ئاسوودەیی گیانی مرۆڤە كە سەرەكیترین ئامانجی بوودابییە.
یەكێك لەو شاكارانەی بە تێرامانێكی قووڵەوە ژیانی بوودای تێدا بەرجەستە كراوە، ڕۆمانی (سد هارتا)ی گەورە نووسەری ئەڵمانی (هیرمان هیسە) یە، ناوی كەسی سەرەكی ڕۆمانەكە (سد هارتا) یە، هەر لە منداڵیەوە لەگەڵ هاوڕێیەكیدا بەناوی گوفیندا گفتوگۆ لەسەر گەردون و نهێنیەكانی و ژیان و مەرگ و ئازادی و بەختەوەری مرۆڤ دەكەن و هەردووكیان لە دوو خێزانی ئاینین، پاشان سەری خۆیان هەڵدەگرن و لەگەڵ كۆمەڵێك (ساماناتا)دا كە بریتین لە زاهیدی ڕووت و برسی دەكەونە ڕێ و بە ژیانی دەروێشی و برسیەتی قایلن، بەڵام لە ڕێگادا سد هارتا و گوفیندا لەیەكتر جیادەبنەوەو بە دوو بۆچوونی جیاوازەوە هەریەكەو ڕێگایەكی تر بۆ خۆی لەبەر دەگرێت. سد هارتا لە شارێكدا دەگیرسێتەوە، حەز لە (كامالا) دەكات و دەیهێنێت و دەكەوێتە ناو ژیانێكی زۆر خۆشەوە، لە كۆشكێكدا دەژی چەندان نۆكەرو كەنیزەكی تێدایە، سد هارتا خۆی دەداتە دەست تێركردنی ئارەزوەكانی و سەر دەكاتە قومارو خواردنەوە، كوڕێكی لە كامالا دەبێت، پاشان لەو ژیانەیش بێزار دەبێت و دەڕوات، لای كەڵەكەوانی سەر ڕووبارێك كار دەكات,

له کوخێکدا دەژی و ڕێبوار دەپەڕێنێتەوە، تاپیر دەبێت و ڕەنگ و ڕووی دەگۆڕێت، ڕێکەوت دوو جاری تر تووشی دەکاتەوە بە گوفیندای کۆنە هاوڕێیەوە کە بەردەوامە لەسەر زوهدو دەروێشیەکەی، کامیلای کۆنە ژنیشی کە دەیەوێت کوڕەکەی بگەیەنێتە لای پیرێکی پیرۆز مار پێوەی دەدات و لەبەردەم سد هارتادا گیانی دەردەچێت, کوڕەکەی بە تەنیا لای دەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی بەو ژیانە ڕانەهاتوە بێزار دەبێت، تا ڕۆژێك هەلی بۆ هەڵدەکەوێت و هەرچی پارەی باوکی هەیە دەیدزێت، کەڵەکەکە دەڕفێنێت و دەڕوات. جارێکی دی سد هارتاو گوفیندا بەیەك دەگەنەوە،  دوای گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر ئاین و ئاینزا سد هارتا قەناعەت بە گوفیندا دەکات کە ئەو لەسەر هەق بوە کە هەردوولایەنەکەی ژیانی تاقیکردۆتەوەو خۆشیو ناخۆشیەکانی ئەزموونکردوە تا بەو ڕاستیە گەیشتوە کە ئێستا تێیدایە، لە کۆتاییدا وەك هەر پیرو موریدێك  گوفیندا دەچەمێتەوەو پێی سد هارتا ماچ دەکات. ڕۆمانەکە گەلێك لەو پرسیارە وجوودیانەی تێدایە کە بەردەوام خودی هیرمان هیسە بەدوای وەڵامیاندا دەگەڕێت و لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا دەیانوروژێنێت.

# شکۆمەندێکی بێ دەنگ

هەموو دەستێك دەتوانێت ئەو هەڵبگرێت، فڕێی بدات یان بە خۆشەویستییەوە لەئامێزی خۆی بنێت، بیخاتە ڕووبارێکەوە تا دوادێڕی تەمەنی بشواتەوەو بێجگە لە جەستەیەکی سپیو گرمۆڵە هیچی تری نەمێنێتەوە، یان لەبەردەم زریان و ڕەشەباو دڕندەدا دایبنێت تا ئاسەواری نەهێڵن، یان بەپێچەوانەوە لە باخچەی دڵیدا ئاهەنگی جوانترین دڵدارو دڵۆڤانترین بوونەوەری بۆ بگێڕێت. ئەومنداڵێك پێی دەوێرێت، شێتێك, تەنیایەك, غەریبێك, میرێك, سەرۆك خێڵێك, ژنێك, پیرێك, کەم ئەندامێك, هەموویان لەکاتی بێزاری و تووڕەبووندا بەم شکۆمەندە دەوێرن و لەبەردەستیاندا لە کۆترێکی باڵشکاو بێدەسەڵات ترە. هەرچەندەلە دێڕەکانی دەماریداخوێنی هەڵچوون و یاخیگەری وعەشق وبەخودا گەیشتن پلەدەدات و دەتوانێت سەدان شۆڕش هەڵگیرسێنێت. هیچ خوێنڕێژ وستەمکارێك نیە لێی نەترسێت و سڵ لە شکۆمەندیەکەی نەکاتەوە, بەڵام ماتی و بێ بزاوتیەکەی جەستەی کردوویەتی بە هەویری دەستی گشت کەسێك. ئەو سەری لەهەموو زانست و هونەرەکانی دنیا دەردەچێت, جێگا نیە لیێ نەبێت, ڕۆحی باڵدارێکی سپی و باخێکی هەمیشە سەوزە. تواناکەی دەگمەنە, دەتوانێت لە چرکەساتێکدا نائومێدت بکات و دەستت بخاتە خوێنی خۆتەوە, یان بتکات بە ڕێبواری ڕێگای دورو چیای سەخت و دەرەو لێرەوار و هەست بە شەکەتیش نەکەیت. دەشێت بتگەیەنێتە لووتکەی خەمۆکیەکی سۆفیگەرانە, یان

سیاسیەکی زۆر بلێو منداڵێکی سادە لەوحی خۆش باوەڕ, نووسەرێکی پڕبەهرە و دەربەست و پووچگەرایەکی وێڵ وبێ هیوا.

ئەم شکۆمەندە بێدەنگە کە بە درێژایی مێژوو لەبەردەم ڕق و هەڕەشەی داگیرکەرو نەزان دۆستاندا بووە، زۆرجار وەك قەقنەس سوتێنراوە و زیندوو بۆتەوە، وەك حەللاج پەل پەل کراوەو سەری هەڵداوەتەوە، لەپاڵ درەخت و لەناو کێڵگەو ئەشکەوت و تەلارو پەرستگاکاندا بەدوایدا گەڕاون و راویان کردوە. شوێنە هەرە تەریك و سەختەکانیان بۆ پشکنیوە، کە گرتویانە تێزابی رقی ئەستوریان بەسەریدا رشتووە.

زانای گەورە (ئیبن سینا) دەڵێت من زۆرم سوود لەو شکۆمەندە بێگیانە دیوە، خۆم شایەتم لەساڵی (٩٩٩ز) کە غەزنەویەکان بەسەر ساسانیەکاندا سەرکەوتن هەزارانیان لەو شکۆمەندانە سووتاندو ماڵیان وێران کردن. تورکە سەلجوقیەکانیش کە ساڵی (١٠٥٩ز)شاپوریان داگیرکرد دە هەزارو چوارسەدیان لێ سوتاندن. لە پەلاماری مەگۆلەکاندا بۆ سەر بەغدا چەند هەزارێك لەو بێدەنگانە لەناوبران و بە فەرمانی هۆلاکۆ فڕێدرانە رووباری دیجلەوە. لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتابدا کە عەمری کوڕی عاس میسری داگیرکرد بۆ ماوەی شەش مانگ چوار هەزار حەمامی لەو وڵاتەدا بەو شکۆمەندە بێگیانانە گەرم کرد. جارێکیش میرێکی عەباسی لە خۆراسان کە یەکێك لە مانەیان بردە بارەگاکەی و لەبەردەمیدا رایان گرت، میر پرسی ئەمە چییە؟ وتیان ئەمە چیرۆك خوێنێکی زەردەشتیەو حیکایەتی خۆش و ناوازەی لایەو هەموو بەسەرهاتی دنیایشی لەبەرە. میر وتی ئێمە گوێ لە هیچ حیکایەتخوان وچیرۆکبێژێکی تر ناگرین، بێجگە لەو حیکایەتخوانەی لە ئاسمانەوە بۆمان هاتووەو هەموو شتێکی لایە. هەر لەوێشدا فەرمانی دەرکرد فڕێیبدەنە رووبارێکەوە.لە شاری

(ئەسکەندەریە)ی میسریشدا هەزاران لەو شکۆ مەندانە کرانە خۆراکی بڵێسەی ئاگری نەیاران و بوون بە خۆڵەمێش.

ئەم شکۆمەندە بێدەنگە تەنێکە لە هەر توخمێکی بایەلۆژی و فیسیۆلۆژی بێبەشە، نە کەڵبەی گەستنی هەیە نە چڕنووکی زبرو تیژ، نە سێبەری قورس دەخاتە سەر لەشی خەڵکانی بلیمەت وداهێنەرو نە فیتنەو ئاژاوەگێڕە. بەڵام زۆرجار بووە بە هۆی زیندانی کردنی خۆی و تەنانەت لەناوبردنی بیرمەندو داهێنەرانی دنیا لەلایەن ستەمکارانەوە.

لەبیرمان نەچێت گەلێك ناویشی گەورەو پیرۆز کردوە, یان بۆتە سەرچاوەی داهات و خۆشگوزەرانی ژیانیان، بۆ نموونە (ئایات شەیتانیە)کەی سەلمان روشدی و (منداڵی گەڕەکەکەمان)ی نەجیب مەحفوزو (دانپێدانان)ەکانی جان جاك رۆسۆ و (ئافرەت لە کۆمەڵگای ئادەمیزادا)ی عەبدولخالق مەعروف و سەدانی تر.

ئەم شکۆمەندە گەورەیە هاوڕێی بەردەوامی شەو گریان و نامۆیی ناو ماڵ و جێگاکەمە، رۆژ نییە لەبەر چاوو دەستمدا نەبێت، شەو نییە لەژوور سەرمدا هەناسەی خۆشی و ناخۆشی بەدیارەوە هەڵنەکێشم. لەوپەڕی سەختی و نائومێدییەکانمدا فریادرەسم بووە، چاوی گەشبینی و ئاییندەی جوانتری پێ کردوومەتەوە. هەر کەلاپەڕەکانی دەکەمەوە دێڕەکانی لەگەڵ گلێنەمدا دەکەونە زەردەخەنەو دڵداری و تك تك ماناکانی بە رۆحمدا رۆدەچنەخوارێ، لە وکاتانەدا دنیا نەگریسەکەی خۆم فەرامۆش دەکەم, دەچمە ئەو بەهەشتەوە کە سیحری وشەو ئەفسانەی رێگای هات و نەهاتەکانی مرۆڤی رەندی ئەو پەیڤانە پێم دەبەخشن. کە دەیشخەوم هەر دێڕی ناو ئەو (کتێب)انەیە فریشتەم پێدەناسێنن و لەگەڵ جوانترین کیژی ئەم دنیایەدا ئاهەنگی سەماو خواردنەوەم بۆ ساز دەکەن، ئەو دورگە دوورانەیشم دەگێڕن کە تامەزرۆیانم و هەرگیز لە چاوکردنەوەدا نایانگەمێ.

# مینیمالیزم

لـه سـالآنی حـەفتای سـەدەی ڕابـردوودا، هەنـدێك لـه چیرۆكنووسـانی كـورد، لەژێركاریگەریی مۆدێلێكی نوێی چیرۆكی خۆراواییدا، بەتایبەتی چیرۆكەكانی ژنـه نووسەری فەرەنسایی ناتالی ساروت (هەڵچوونەكان)، كەتازە بـه زمـانی عـەرەبی بڵاوببوونەوە، دەستیان بەنووسینی ئەو جۆرە چیرۆكەزۆر كورتانه كـرد كـه هەنـدێك جار ژمارەی وشەكانی له بیست تا سی وشه تێناپەڕێت، زۆرجاری دی لەوە زۆرتـرە، بەڵام زیـاد بوونەكـه ناگاتـه ڕادەی چیرۆكی بـاو كـەخۆمان نـاوی كورتـه چیرۆكمان لێنـاوە,عـەرەب پێـی دەڵـێن (قـصه قـصیرە) وفـارس بـە(داسـتان كوتـاه ) و هەموویـشمان لـه ((short story ئینگیلـزەوە وەرمـان گرتـووە، ئەوسا لەچیرۆك نووسـە عـەرەبـه عیراقیـەكان (ئیـبراهیم ئەحمـەد)دیـارترین نووسـەری ئـەم چیرۆكانه بوو .

ئـەم مۆدێلـە چـیرۆكە كەبـە(مینیمـالیزم) نـاودێر كـراوە، ڕەگـەزە سـەرەكیەكانی چیرۆكی كورتی بەتەواوی تیا نیە, بەو مانایە كە كە شوهەواو كەسایەتیو تـەكنیكی جۆراو جۆرو هونەری گەڕانەوە و گۆڕینی كات و شوێن و هەندێك شێوازی تریان تیـا بەرجەستە بكرێت، بەڵكو ئەو ڕەگەزانە ئەگەر هەیشبن زۆر بە چڕی و لـه قـاڵبێكی تەنگەبەردان، بۆ نموونه نووسەر ناتوانێت نـاخی كاراكتـەر بـه قـوڵی هـەڵبكۆڵێت و خوێنەر له خەون و هەسته فرە لایەنەكانی ئاگادار بێت، ڕووداوی سەرەكی بەر ئـەو خاڵانە ناكەوێت كە دەشێ پەلو پۆی تـر پەیدابكـەن و خوێنـەر لەبـەردەم كۆمـەڵێك

پرسـیاری بـێ وەڵامـدا بمێنێتـەوە، مـەودای گفتوگۆکـان بەرتەسـکن و فەزاکـەی سنووردارە.

ئێمە ئەوسا بـەپێی تێگەیـشتنی سادەی خۆمـان لـە پـەیام و فـۆرمی ئـەم کـارە، هەریەکەو ناوێکی لەو جۆرە چیرۆکە نا, وەك کورتیلە چیرۆك، چیرۆکی زۆر کـورت، بروسکە چیرۆك، رۆژانە چیرۆك، پۆسـتەرە چـیرۆك و چـەخماخە چـیرۆك و....هتـد، من لای خۆمەوە بە رۆژانە چیرۆك ناودێرم کردن، بـەو مانایـەی بەرهـەمی سوسـەو چاودێری کردنی رۆژانەی واقیعن، نووسەر لە رێی بینین و کونپـشکنی وردی ژیـانی رۆژانـەی خەڵکـەوە دەتوانێـت لەسـەر دیـاردەو رووداوەکـان بوەسـتێت و بـەو ژانـرە گوزارشـتی لـێ بکـات. لەبەرئـەوەیش کـەوەك چـیرۆکی کـورتی ئاسـایی خـۆی بـە کۆمەڵێك پرنسیپ و چەمکی چەسـپاوەوە نابەسـتێتەوە کـە مایـەی وەسـتانی زۆرو کـاتی فـراوان بێـت, بـەڵکوو تـەنیا رووداوێـك و بیرۆکەیـەك راهێڵـی چـنینەکەی بەیەکەوە دەبەستێت و باری خۆی بە گفتوگۆو چەندو چونی فیکریەوە گـران ناکـات، بۆیە نووسەر دەتوانێت رۆژانە لەو جۆرە چیرۆکە بنووسێت، مەبەستم ئـەوە نییـە لـە بایەخی کارەکە کەم بکەمەوەو ئاسان بیدەمە قەڵەم، چونکە ئەو چیرۆکانەیش هـەر بارگاوین بە ئایدیاو جیهانبینی نووسەرەوە کە دەتوانێت مانایـەکی درەوشـاوەی تیـا بەرجەستە بکات.

تایبەتمەندی ئەم ژانرە ئەدەبیە لەوەدایـە کـە سـاختمانەکەی کـۆك و تەلارسـازانەیە، خشتەکانی ئەو تـەلارە بـە وردی و لـە جێگـای گونجـاوی خۆیانـدا دانـراون، لادانـی یەکێك لەو خشتانە زیان بە بونیادی کارەکە دەگەیـەنێت، زیادکردنیـشی هەروایـە، وشەی کەمەو رستەکانی چڕو بروسکاوین، دووبارە بوونەوە لە وێنەو وشـەو هێمـادا زیادەیەو لە جوانی پەیکەرەکە کەم دەکاتـەوە, بـە کـورتی ڕەگـەزە پێکهێنـەرەکانی

بەتەواوی گوشراون، بە پێچەوانەی چیرۆكی ئاساییەوە كە نووسەر بۆ ئاسانكردنی گوزارشت و ڕاكێشانی هۆشی خوێنەر لە ڕێی وەسف و بەرجەستەكردنی دەوروبەرو دیمەن و هونەری بڕین و تەكنیكی دیالۆگ و مەنەلۆگەوە جەستەی چیرۆكەكەی ڕەنگاڵە دەكات. نووسەری ئەم جۆرە چیرۆكە پێویستی بە پێشەكی نییە بۆ ئامادەكردنی زەینی خوێنەر یان دەستنیشانكردنی كات و شوێن. بەڵكوو ڕاستەوخۆ دەچێتە ناوجەرگەی بەسەرهاتەكەوە تەنیا بە ئاماژە یان لە سەروبەندی گێڕانەوەدا دەتوانێت هێمایەكی سەرپێی بەو ڕەگەزانە بدات، یان باس لە كەسایەتیەكە بكات كە لە كام ڕەگەز یان چ شتێكە، هەروەها دەتوانێت لە سەرەتاوە بە هۆی ڕازێكەوە خوێنەر بە ڕووداوەكەوە ببەستێتەوە، بۆ نموونە وەك ئەم سەرەتایە: (لێزمە بارانەكە توانی دوا توانای پەڵەهەورەكان هەڵمژێت و خاڵی ڕەشی خەڵكە بێ ئەژمارەكە بسڕێتەوە، بەلاَم لە پێش سەری منداڵە بچوكەكەدا كڕنووشی برد)

بچووك كردنەوەی ئەو لێزمەبارانە لەبەردەم گەورەیی منداڵێكی بچووكدا مایەی سەرسووڕمانە، مایەی پرسیارو چۆن ولەبەر چیە؟ .بێجگە لەوەی كەنووسەر لەم پەرەگرافە بچووكەدا وەرزوئەندازەی خەڵكەكەی دەست نیشان كردوە. ئەم ڕازە كلیلی بەسەر هات و مەبەستێكە كەتا كۆتایی خۆێنەر كەمەندكێش دەكات و پاشان دەبێت بەقفڵی چرۆكەكە. لە چیرۆكی كورتی ئاساییشدا هەندێك جار ئەم ڕەگەزە ڕەچاو دەكرێت و پاش ماوەی كلاسیكیاتی چیرۆكی مۆباسان و ئالان پۆو ئۆهنریە .

دەشێت كۆتاییەكەبیرۆكەیەكی درەوشاوەی سەر بە ئایدیایەكی دیاری كراوبێت كەخاڵی نیە لەمانای پرو جەدەلیەتی ژیان، بۆ نموونە پەیوەندی نێوان هێزی چاكە

وخراپە لە بوونی پەینێکدا کەکراوەتـە نێوباخی ماڵێکـەوە، لەلایەکـەوە زەویەکـە بەپیت دەکات بۆ گەشە سەندنی گوڵ و درەختەکان، لەلاکەی ترەوە مێـشوولە پەیـدا دەکـات کەبێجگــە لــە بێــزار کــردن ڕەنگــە داینــشتوەکان تووشــی نەخۆشــی بکـات.تایبەتمەنـدیی ئـەم بیرۆکەیـە ئەوەیـە کەنووسـەر وەك شـێوەکارێك وێنەکـەی بەرجە ستەکردوە ،بەلاٚم بە وشەو بیٚ ئەوەی راستەو خۆ دەری ببڕێت. بەڕای من لـەم جۆرە چیرۆکەدا تازمانی شیعری زاڵی بێت و زمانی ئاسـایی وڕاسـتە وخـۆ بـەلاوە بنرێت ئەوەندە تایبەتمەندیەکە کۆك ولەبارتردەبێت , دیارە لەوزمانەدا خەیاڵ کـاراو چێژی خوێنەریش باڵاتردەبێت . دەشێت بۆزیاتر لێکدانـەوەو قـووڵ کردنـەوەی مانـا لای خۆێنەر کۆتاییەکـە کـراوەیش بێـت، بـەکورتی خوێنـەر لەوحاڵـەدا سەرپـشکە لەهەڵبــژاردنی ئەنجامێکـدا کـەخۆی مەبەسـتیەتی، ئەمــەیش کرۆکـی مومارەسـە کردنی ژیانە بەهەموو دژایەتی و ڕەهەندەفیکریە فراوانەکانیەوە.

رووی بیرگرد

# مرۆڤی زیادە

لە سەدەی نۆزدەی روسیای تزاریدا، بەشێك لە توێژی خوێندەوار و رووناکبیران، لە ژێر کاریگەریی باری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، رەشبین و نائومێد بوون و نەهلیستیانە بیریان دەکردەوە، کە زیاتر سەر بە چینی وردە بۆرژواو خێزانە ئوروستوکراتیەکان و خوێندکارانی زانکۆ بوون، ئەمانە لە تەواوی بێباوەڕییەوە خۆیان دابوە دەست خۆشیە کاتیەکانی ژیانی رۆژانەی وەك خواردنەوە، ئافرەت، قومار و ئەو کارانەی تەنیا بۆ کات بەسەربردنن. دوور لە کێشە وروژاوەکانی ناو کۆمەڵگا کە لە گرفتی چەوساندنەوەی چینایەتی و سیستمی کۆیلایەتیدا خۆی دەنواند، تەوژمی بێهودەیی و بەسووك تەماشاکردنی ژیان، بێ دەربەستی و نکوولی کردن لە هەموو دابو نەریت و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، بنەمای بەیەك گەیشتنیان بوو. رووداوە کارەسات ئامێزەکانی ئەو سەدەیە، لە پەلامارەکانی ناپلیۆن، شکستهێنانی راپەڕین و بزوتنەوە میلییەکان، وەستان لە دووریانی بەخۆرئاوایی بوون و مانەوە لەسەر سلاڤیەت و رەسەنایەتی، فاکتەری سەرەکی دیاردەکەن. ئەو کەسانە توانای گفتوگۆو چەند و چون و قسەی بەتوێکڵیان زۆرە، بەزاندنیان لەو لایەنەوە ئەستەمە و خەڵکی گوێیان بۆ رادەگرن. بەڵام لە بواری کارو بەئەنجام گەیاندنی وتەو تێزەکانیاندا بێ دەسەڵات و شکست خواردوون. بەو مانایەی کە تەنیا قسەیان پێیەو لە پراکتیزەکردندا دەست کورتن، تۆرگنیفی رۆماننوس ئەمانەی بە (مرۆڤی زیادە) ناودێر کردوە.

ئەم مرۆڤە زیادانە بوونەتە کاراکتەری نێو گەلێك رۆمان و چیرۆك و کاری هونەری ئەوسا، لەو بەرهەمانەدا خەسڵەتی بێ دەربەستی و گوێ پێنەدان و نائومێدیان تیا بەرجەستە کراوە، بەتایبەتی لە هەندێك رۆمانی تورگنێف و لیرمانتۆف و گۆگۆل و چیرۆکەکانی چیخۆفدا، سیمای سەرەکیان لە بۆشاییدا ژیان و بێتوانایی گۆڕینی واقیع و تەنانەت خۆیشیانە. لە رۆمانەکانی (باوکان و کوڕان) و (رۆدین) و (پاڵەوانێکی ئەم سەردەمە)دا ئەم نموونانە کاراکتەری سەرەکین. لە باوکان و کوڕانی تورگنیفدا (بازارۆف) وێنەیەکی بەرجەستەی روناکبیرێکی ئەو سەردەمەیە، قوتابی کۆلیژی پزیشکییە و سەر بە خێزانێکی ئوروستوکراتییە. لای ئەو هەموو شتێك یەکسانە بە هیچ و بڕوای بە بەها کۆمەڵایەتیەکان نییە. سێ ساڵە نەچوەتە لای دایك و باوکە پیرەکەی کە تەنیا ئەویان هەیە. کەچی دوای سێ رۆژ لە هاتنەوەی بۆلایان بێزار دەبێت، باوك و دایکی لەبەردەم سەرسامی و ئازاردا رادەگرێ و بەجێیان دەهێڵێت و دەڕوات. بێئەوەی نە بەزەیی بە باوك و دایکیدا بێتەوە نە پاساوی بۆ رۆشتنەکەی هەبێت. کاتێك لەگەڵ (پاڤێل پتروڤیچ)ی مامیشیدا قسە لەسەر هونەر دەکات، دەڵێت: هونەر بۆ بەدەستهێنانی سامانە، یان باشترین چارەسەرە بۆ مایەسیری. لەبارەی زانستیشەوە دەڵێت: زانست چییە؟ بەگشتی زانست هەر نییە. لەناکاوێکیشدا بە (ئەرکادی) هاوڕێی دەڵێت: خۆشەویستم، لەم دنیایەدا زۆر شتی بەنرخ هەیە، بەڵام ئەوانیش بێزارکەرن. کەواتە با لەیەکتر جیابینەوە.

لە رۆمانی (رۆدین)دا کاراکتەری رۆدین وێنەیەکی تری ئەو جۆرە رووناکبیرەیە، کە قسە دەکات هەموو دەوروبەرەکەی بێدەنگ گوێی لێدەگرن، خاوەن راوبۆچوونی زۆرە. بەڵام چەندە لەو لایەنەوە بەهرەمەندو سەرنج راکێشە، ئەوەندە لە مەیدانی

کاردا دەسەوسان و ناکردەیە. کە (ناتالیا)ی جوان حەزی لێدەکات و ئامادەی هەموو شتێکە بۆی، ئەو نازانێت چی بکات، توانای کێشانی نەخشەی پاشەڕۆژی خۆی نییەو سەری دنیای لێدێتەوە یەك. بۆیە ناچار ناوچەکە بەجێدێڵێت و هەڵدێت. دەبێت بە مامۆستاو سەرناکەوێت، هەموو پرۆژەکانی تریشی شکست دێنن. کە تەواو پیر دەبێت و لە مردن نزیك دەبێتەوە ئینجا بەو راستیانە دەزانێت، بە (لیجنیف)ی هاوڕێی منداڵی خۆی دەڵێت:"بەراستیی قسە ماندووی کردم، فەوتاندمی، نەمتوانی تا کۆتایی وازی لێبهێنم... ئێستا هەموو شتێك تەواو، چراکە نەوتی تیا نەماوە، تۆ بڵێ هەر شکاویشە، لەوەدایە پلیتەکەیشی بسووتێت... هاوڕێی ئازیز، تەنیا مردنە ئاسوودەم دەکات"

لە رۆمانی (پاڵەوانێکی ئەم سەردەمە)ی لیرمانتۆفدا (بیتچورین) ئەفسەرێکی بێ بڕواو لە ژیان نائومیدەو رێکەوت چۆن ژیانی بۆ بڕەخسێنێت پێی قایلە. نە خۆشەویستی تاسەری هەیە و نە لەگەڵ دۆست و هاوڕێیدا بەوەفایە، زوو لە پەیوەندیەکان بێزار دەبێت. تەنانەت لەگەڵ ئەوانەیشدا کە سەرەتا زۆری خۆش دەوێن، وەك شازادە (ماری) کە بەزۆر لە دەستگیرانەکەی دەسێنێت و بۆ خۆی داگیری دەکات. کەچی زوو لێی دەبێزرێت و وازی لێدەهێنێت. یان (بیلا)ی کچە جوانی چەرکەسی کە بیتچورین خۆشی دەوێت و بە زۆر دەیکاتە هاوسەری. پاشان کە دەیفرێنن و دەکوژرێت، ئەم خەمی پێ ناخوات و تا رادەیەکیش پێی خۆشە.

بیتچورین لە ئاڵۆزییەکی فیکرییەوە پەنا بۆ هێزی نادیار دەبات، گرەو لەسەر کاریگەری و هاتنەدی مەرجە وەهمیەکانی دەکات، ئەو خۆی دەداتە دەست قەدەرێك کە دوورە لە ویست و دیدگای کەسێکی خاوەن باوەڕو مرۆڤ دۆستەوە، بۆیە کۆتایی ژیانیشی هەر بە کارەساتێکی کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراو دێت.

لە ناوەندی رووناکبیری ئێمەیشدا ئەم کەسە زیادانە زۆرن، ئەوانەی دەستەمۆی واقیعن و ناتوانن بە کردەوە رووبەرووی کێشەو گرفتەکانی ناو کۆمەڵگا ببنەوە، یان دەستبەرداری بەرژەوەندی و خۆشیە تایبەتیەکانی ژیانی خۆیان بن. بەڵام لە لێکدانەوەو تیوریزەکردنی دیاردەو ململانێکاندا بەپێی تازەترین میتۆدی ئەپستمۆلۆژی بڕیاردەدەن و کێشەکان هەڵدەسەنگێنن. بەداخەوە ئەدەبی کوردیمان لە بەرجەستەکردنی ئەم جۆرە مرۆڤەدا دەست کورتە، لە دەقەکاندا ئەوەندە سەنگی بەو جۆرە کەسایەتیانە نەداوە، تا لە ئایندەدا ببنە دیاردەیەك لە پێکهاتەی کۆمەڵگابۆ قۆناغێکی دیاریکراو.

# سڵاو لە د. شاکیر ئەلنابولسی

عەرەب لە مێژووی کۆن و تازەیدا، بەردەوام پێی لەسەر ئەو ناهەقیانە داگرتووە کە خۆی کردوونی، بە تایبەت بەرانبەر بە میللەت و مەزهەبە جیاوازەکانی تر، زوڵم و ستەم و کارە نامرۆییەکانی خۆیان بەڕەوا داوەتە قەڵەم و پاساوی نابەجێیان بۆ هێناونەتەوە. جارێکی تر بە ناوی (مێژوو)ەوە هەندێك لەو کارو ڕووداوانەم باس کرد وە کە بەرهەمی پەلامارە سەرەتاییەکانی عەرەب بوون بە ناوی ئیسلامەوە بۆ سەر وڵات و نەتەوەکانی دی. کە زیاتر لە کوشتن و کاول کردن و تواندنەوەی کلتوور و سووتاندنی کتێب و کتێبخانەو مەزار و شوێنەوارە مێژووییەکاندا خۆ دەنوێنن. ئەو باسانە پێویستیان بە نووسینی کتێبی قەبە هەیە نەك وتارێکی بچووك و سنوور دار، بۆ ئەوەی روونتر و لەبەر رووناکی هۆکار و ئەنجامەکاندا زیاتر ئەو کارەسات و ڕەفتارانە هەڵبسەنگێنرێت و ڕاشکاوانەتر قسەیان لە بارەوە بکرێت. پەردە پۆش کردن و بە پێچ و پەنابردنی ئەو تاوانانە لەلایەن مێژوونووسانەوە لە بەرژەوەندی چینی دەسەڵات دار و ئەو حوکمڕانە عەرەبیانەدا بووە کە نەیانویستووە دەنگی ناڕازیبوون و بێزاری بەرزبێتەوەو بەرگوێی خەڵکی بکەوێت، نەوەك پلە و پایەی خوا پێداویان بکەوێتە لەرزەو بەرتانەو گومانی خەڵکی. مێژووی کپکردنی ئەو دەنگانەو بە ئاگر وەڵامدانەوەیان زۆرەو بەڵگەنەویستە. هەوڵی سڕینەوەی شوناس و زمان و کلتووری نا عەرەبیش لەو وڵاتانەدا کە بە ناوی بڵاوکردنەوەی ئاینەوە داگیر و وێران دەکران مەودای زۆر و هەراوی هەیە. باشترین نموونە هەوڵی خەلیفەی ئەمەوی عەبدول مەلیکی کوڕی مەروان بوو لە سەرووی ئەفریقاو

حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی بوو لە ئێران. کە بە زۆر زمانی عەرەبیان کردە زمانی یەکەم و تۆمارگاو ئیدارەو دەزگاکان هەموو بەو زمانە دەنووسران. ئەوەی زمانی عەربیی نەزانیایە لەسەر کار دانە دەنرا. بێجگە لەوەی بە ئاشکرا شەڕی نەتەوەکانی تری نا عەربیان دەکرد و بە موسڵمانی راستیان نەدەزانین و هەمیشەیش خۆیان بە گەورەتر دادەنا، مێژوونووسێکی ئێرانی دەڵێت: ئەگەر عەرەبێکی نەزان و بێ نموودی لە نیوە دوورگەوە هاتوو باری کەرەکەی بکەوتایە دەستی بۆ نەدەبرد، تا یەکێك لەو موسڵمانە ناعەرەبانە دەهات و بارەکەی پێ ڕاست دەکردەوە، چونکە ئەوی بە خزمەتکاری خۆی دەزانی. سەیر ئەوەیە دوای ئەم هەموو سەدەو ئەزموون و ئاڵوگۆڕانەی بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هاتووە، کەچی هێشتا سەهۆڵ بەندانی مێشکی حوکمڕانەکانی عەرەب، تاڕادەیەکی زۆر ڕووناکبیرەکانیشیان، ئەم خۆری گۆڕان و کرانەوەو هەوڵی راستکردنەوەی مێژووە، نەیتواندۆتەوەو لە قاوغە تەسك و داخراوەکانیان نەهاتوونەتە دەرەوە. بۆیە تراژیدیەکانی نەتەوەی عەرەب تا بێت روو لە زیادیە، تا هەنگاوێك بۆ پێشەوە دەنێن دوو هەنگاو دەگەڕێنەوە دواوە.

مەبەستم لەم پێشەکیە ئاماژەیەکی ئیجابیە بۆ نووسینی ڕووناکبیرێکی دیاری عەرەب کە لە ئەمریکا دەژی، هەفتانە وتارێك بۆ رۆژنامەی کوردستانی نوێ دەنووسێت و باسێکی فیکری و سیاسی دەوروژێنێت. لە یەکێك لەو وتارانەی کوردستانی نوێدا (ژمارە ٤٢٢٤ رۆژی ٢٠٠٧/٣/٢٥) د. شاکیر ئەلنابولسی ڕاشکاوانە هەندێك لەو راستیانە دەڵێت کە پەیوەندیان بە ئەقڵی عەرەب و مێژووەکەیەوە هەیە. بێگومان وتارەکە دڵخۆشکەرە، لای من سەرەتایەکە بۆ شکاندنی شەختەی بێدەنگیەکە لەلایەن ڕووناکبیرانی عەرەبەوە. کە دەشێت زیاتری بە دوادابێت. وتارەکەی د. شاکیر تەرخانە بۆ باسی ڕووداوەکەی هەڵەبجە

(١٩٨٨/٣/١٦) ئـەو کارەسـاتەکە بەهۆلۆکۆسـتی جوولەکـە دەچـوێنێت و داوای لێبوردن لە کورد دەکات. ئەو ڕاستیەیش دووبارە دەکاتەوە کە لەمێژووی عەرەبدا، پـێش ئیـسلام و دوای ئیـسلام، تـاوانی دوورو درێـژی کوشـتن و بـڕین بەرانبـەر بـە نەتەوەکانی تر کراوە. بەلاّم ڕووداوەکەی هەڵەبجە لـە هـەموویان وەحـشیانەتر بـووە. بۆیــە داوای لێبــوردن دەکــات و دەڵێــت: "ئــەمڕۆ ئێمــەی عــەرەبــە ڕۆشــنبیرە لیبرالیستەکان چی بە برایانی کورد بڵێین؟ کەمترین شت کـە بوترێـت ئەوەیـە: ئێمـە دەرهەقتان تاوانبار بووین، سەرەڕای ئەو تاوانە گەورەو چـەپەڵە، کەچـی ئێمـە یـەک وشـەی داوای لێبـوردن لـە برایـانی کوردمـان، لـە هـیچ بەرپرسـێکی عـەرەب یـان موسوڵمان یان عیراقی، نەبیست. خودا یا لەم عەنجەهیەت و خۆ بـە زل زانینـە پـڕو پووچە، کە لافی ئەوە لێ دەدەین ئێمە نەتەوەیەکی شارستانین، باشترین نموونەیـشین کە بۆ خەڵکی هاتبینـە کایـەوە، (خـیر أمـە اخرجـت للنـاس) کەچـی مـەرجی ئـەم هەڵبژاردنە خوداییە فەرامۆش دەکەین..."

لە کۆتاییدا د. شاکیر دەنووسێت: "پێویـستە هـەموومان لـە بەرەبـەیانی سـاڵیادی هەموو ساڵێکی هۆلۆکۆستی هەڵەبجەدا بەڕووتی و پێی پەتی و پۆل پۆل، لـە بـەردەم هەقیقەتی ئەوەی دەرهەق بە کوردمان کردووە، ڕاوەستین. ئەڵمانەکان لەسەر ئـەوەی هیتلەری نازی بە جوولەکەی کرد، هـەتا ڕۆژی زیندووبوونـەوە، هـەر داوای لێبـوردن لە جوولەکە دەکـەن. ئایـا ئێمـەی عـەرەب دڵۆپێـك لـەو مـرۆڤ دۆسـتیە ئـەڵمانی و ئاکارە ئەڵمانیەمان هەیە کە خاوەنی بەهاگەلێکی بـەرزن! ئایـا ئێمـە هێـشتا ڕێـزی پێشەوەمان هەیە بێ ئەوەی زانامـان هـەبێت! ئـای چ نەتەوەیـەکی جـێ پێکـەنین و سەرسەخت و زۆردارو خاوەن فیزی وشکین و پێویستمان بە خۆناسینی زیاترە".

# مێژوو

مەبەست لە مێژوو تەنیا تۆمارکردن و نووسینەوەی کارەسات و رووداوەکان نییە بە رووتی لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، تەنیا دەستنیشانکردنی ئەو هەوڵانە نییە کە لە پێناوی مەبەستێکدا دراون و سەرکەوتوون یان شکستیان خواردوە، بەڵکو مەبەست لە مێژوو پەیامێکە بۆ ئاینده، گەیاندنی ئەو ئەزموونانەیە کە بەرئەنجامی چالاکیە مرۆڤایەتیەکانە، خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی ئەنگێزەو هەلومەرجەکانە کە لە پشت سەروەری یان نشوستیەکانەوە بوون و، لەبەر رووناکی هۆکاری دەرەکی و ناوەکیدا کاریگەریان هەبوەو ئاسەواریان بەسەر دەرئەنجامەکەوە هەیە. بەرئەنجام مێژوو وەك زانست قوتابخانەی وانەی گەورەی ژیان و ئاییندەی نەوەکانە بە هەموو ئەرێ و نەرێکانیەوە، بە ڕاو بۆچوونی جیاوازو قۆناغی جیاجیاوە، بۆیە گرنگە وەك خۆی چۆنە وا بنووسرێتەوەو بۆ هەر مەبەستێك بێت یاری بە رووداوەکانی نەکرێت، نووسەرەکەی بێ دەمارگیری و سۆزو ئارەزوە تایبەتیەکانی راستی و دروستی هەمەلایەنەی فاکتەرو ئەنجامەکان بپارێزێت، بەم کارەی ڕێگا لەبەردەم ئاییندەو نەوەکانیدا خۆش دەکات. کە زۆرجار دڕدۆنگی و نیگەرانی لەسەر زانیاریەکانی مێژوو دروست دەبێت، لەو روانگەیەوەیە کە راستیی تیا ون دەکرێت و دەشێوێنرێت، بە ئاشکرا ئارەزووی دەسەڵاتدارو حەزی گوماناوی تێدەکەوێت. بێگومان سیاسەت دەوری سەرەکی هەیە لەو بەدگومانی و قبوڵ نەکردنانەدا کە هەمیشەو بە درێژایی مێژوو دەستی لە چەواشەکردنی بیری خەڵك و

گـۆڕینی راسـتیەکاندا هـەبوە، ئـەم دیـاردە نامۆیـە بـەپێی سـەردەم و ژیـاری کۆمەڵگاکان و سیستمی دەسەڵاتەکان دەگۆڕێت، لەناو کۆمەڵگای دواکـەوتوودا کـە وابەستەی سـتراکتۆری نـەگۆڕو ئاکـارێکی رەگـاژووی داب و نەریتـە سـونەتیەکانە، دەشێت مێژوو نووسەکەیشی شەرمنانە دەست بـۆ ڕاسـتی بـەرێت، وابەسـتەی ئـەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانە بێت کـە لـە زەمینـەی واقیعـدا کارایـەو ئازادیەکـەی ئـەو دەلـەرزێنێت، بـەو مانایـەی هێڵـە سـوورەکانی داب و نـەریت و پەیوەندیـە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە لەمپەری نووسین و مێـژونووس توانـای بەزانـدنیانی نییـە، هەرچـەندە رووداوەکـانی مێـژوویش شـایەتی ڕا پێـچەوانەکەی بـن، ئـیتر ئـەو مێژوونوسە یـان گـوێ لەمـستی دەسـەڵاتدارو سیاسـەتی بـاوی سـەردەمەکەیە یـان دۆگمای ئایدۆلۆژیەتێکی دیـاریکراوو بەرژەوەندیـەکی تایبـەتی خۆیـەتی. مەترسـی ئەم هەڵوێستە لەوەدایە یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی مێژوو کـە ناسـینی کلتـورە جیاوازەکـانی دنیایـە لـێڵ دەکرێـت و بەتـەواوی ناگـات. باشـترین نموونـە نکـوڵی لێکردنـەکانی ئێـستای دەوڵـەتی تورکیایـە لـەو هـەموو دۆکیۆمێنـت و بەڵگـە زیندوانـەی لەسـەر قڕکردنـی ئەرمـەن و کوشـتن و ئـاوارەکردنی کـوردانی هەیـەو دەیـەوێت مێژووەکـە بەتـەواوی هەڵبگێڕێتـەوە، یـان نکـوڵێکردنی نـازی بـاوەڕو عەرەبـەکان لـە پرۆسـەی هۆلۆکۆسـتی جولەکـە، کـە هـەردوو کارەسـاتەکە حاشـا هەڵنەگرن و نزیکترین رووداوە مێژوویـیەکانی ئـەم سـەردەمەن. بـۆ چەواشـەکردن و تەفرەدانی بیری خەڵك تەنانەت پەنا بۆ وێلگەیەك دەبـەن کـە وتنـی راسـتییەکان لـە شاردنەوەیان گەلێك مـاقوڵترە. نموونەیـەکی تـر ئـەبو عـەباسـی سـەفاحی خەلیفـەی عەباسیە کـە بێجگـە لـە نـەیارەکان تەنانـەت دەسـتی چـوە خـوێنی ئەوانـەیش لـە دامـەزراندنی دەوڵەتەکـەدا لـە لووتکـەدا بـوون و هـەر لەبـەر ئـەو دڵڕەقـی و تونـدو

تیژیەی نازناوی (سەفاح)ی لێنرا، کەچی لە کتێبی مێژووی قوتابخانەکانی عێراقدا
مانای سەفاح بە دڵنەرم لێکدراوەتەوەو کارەکانیشی بە چاك دراونەتە قەڵەم. ئەمە
لە دەمارگیریەکی نەتەوەییەوە هاتووە کە سەرچاوەکەی ئاشکرایە، ئەو هێرش و
وەحشەتگەری و رەشەکوژیانەی لە خۆرهەڵاتدا و لە پەلامارەکانی ئەسکەندەر و
مەگۆل و عەرەب و تەتەر و تورکدا روویان داوە و هەزاران ئاوەدانی و مرۆڤ و
کتێب و شوێنەواری مێژوویی و کلتووری گەلانی تیا وێران و نابوودکراوە، لە کتێبە
مێژووییەکاندا سەرکردەکانی ئەو هێرشانە قارەمان و خاوەن پەیام و جوامێرن!

من لە مێژووی خۆمدا تەنیا رۆڵەی شۆڕش و خوێنی سوور نیم وەك دەڵێن،
عالەمیش شایەتی فەزڵو هونەرم نییە، وەك شاعیرێك دەڵێت نە کەس قەرزاری
شارستانیەتی منە و نە کاوەو کەیخوسرەو فەریادرەسی دواکەوتویی و نەزانینم
بوون، قسەی ئەو رۆژهەڵاتناسەم زۆر لا چاکە کە سەدەیەك لەمەوبەر هاتۆتە
کوردستان و بە قەناعەتەوە نووسیویەتی کورد کێویە، جەردەیی دەکات و ئەگەر لە
ناوچەیەکەوە بچیت بۆ شوێنێکی تر چەندان مەفرەزەی رێگرو تاڵانچیت تووش
دەبێت. بەدەگمەن خوێندەواریان تیایەو لەناو بیری کۆنەخوازی و خورافەدا دەژین،
خێڵو تیرەکانی دژبەیەکدین و بۆ خاتری بێگانە برا ناپاکی لەگەڵ برادا دەکات. ئەم
قسانە لەوانە چاکترن کە زەردەخەنەی رابووردویەکی دەست هەڵبەستی خۆمم
دەخەنە سەرلێو و تەفرەی درۆم دەدەن، دەمەوێت ئەم هەستەم ئەوەندە قووڵ بێتەوە
کە شانازیی گەوجایەتی رابووردوم ببێتە گرییەکی زیندوو بۆ پێداچوونەوەو داهێنان
و دنیایەکی روناکتر، من ئەو کەسەم خۆش دەوێت کە بەزۆر لەو خەوی دەبەنگیە
رام دەتەکێنێت نەك ئەوەی دڵنیام دەکات و لەسەر فەرشی ئەو رابووردوە نەگریسە
دەمخەوێنێت.

# پێش ئەوەی هاوار بۆ بەربەرەكان بەرین

شاعیری گەورەی یۆنانی (كۆنستانتین كافافی) لە قەسیدە هەر ناودارەكەیدا — لە چاوەڕوانی بەربەرەكاندا- پەنای ڕزگاربوون بۆ ئەوانە دەبات كە ناوبانگی دڕندەیی و داگیركردنیان تا ئێستاش وەك نموونە دەهێنرێت، بۆ ئەوەی بێن و خەڵكی و تەنانەت فەرمانڕەواو لێپرسراوانی ولاتیش ڕزگار بكەن، وەك لە شیعرەكەدا باسی لێوە دەكات خەڵكی شار بە تاسەو ئارەزوویەكی پڕەوە لە چاوەڕوانی بەربەرەكاندان، تا بێنە ناو شار و داگیری بكەن وئەمان ئازادبن، ئەم هاوكێشەی داگیركردن- ئازادیە تەنیا لە دەروونی ئەوانەدا خۆ دنوێنێت كە ئیرادەی زاتیان نەماوە و لە بێ هوودەییدا دەژین. چاوەڕوان كەران هەر خەڵك نین، بەڵكو ئەنجومەنی پیران و جەنابی ئیمپراتۆری ولاتیش هەر چاوەڕێن، هەموو لە دڵەڕاوكێ و ترسدان. بۆ پێشوازی بەربەرەكان لە ماڵ هاتوونەتە دەرو تەیارن، هەموویش ترسی ئەوەیان هەیە كە نەكا بەربەرەكان نەیەن، ئەوسا وەك خۆیان دەڵێن چیان بەسەردێت؟ چونكە بەربەرەكان جۆرێكن لە چارەسەر بۆ دانانی دەستوور و سەپاندنی ڕژێم و ڕزگاركردنیان لە نائارامی و ئاژاوە.

(كافافی) شاعیر لەم قەسیدەیەدا ڕەخنە لەگەل و سەركردە سیاسیەكانی دەگرێت كە لەگەڵ نەبوونی داگیركەریشدا ناتوانن كاروباری خۆیان بەڕێوەبەرن و بەسەربەستی بژین، ئەوان بێگومانن كەبەربەرەكان داگیركەرن، كەچی لەبەر بوودەڵەیی و بێ ئیرادەیی خۆیان چاوەڕێی داگیركەر دەكەن تا بێت و لەو قەیرانە — قەیرانی حوكمڕانی خۆیان- ڕزگاریان بكات. ئەوان ئازادیان ناوێت، دەیشزانن

چەوساندنەوە و داگیرکردن چمکی دایکێکن، کەچی ئەوەندە لە خۆیان بەتەنگ هاتوون و، لەدەستەلاّتدارەکانیان بێزارن کە ئەو نەفرەتە بەخۆیان رادەبینن، ولاّتی بێ یاساو رژێم، کە فەرمانرەواکانی نوێنەری راستەقینەی گەل بن، لەبەردەم داواکانی خەلّکیدا ئەوانیش بێزاردەبن و پاشان بەناچاری وەك خەلّکەکە دەچنە پێشوازی داگیرکەر، تەنیا بۆ ئەوەی داگیرکەران خەمی لێپرسراویەتیان لە کۆلّ بخات، ئەمە رووی هەرە سامناکی مەسەلەکەیە، ترسناکترین هەولّە بۆ ژیانی کۆیلایەتی، بۆیە ئەم شیعرە تەنیا پابەندی گەلێکی دیاریکراو نیەکەئەوەی بەسەر هاتبێت، بەلّکوو دەتوانین روە سیاسیەکەی بگشتێنین و هەر وایشە. ئەی لێرە.. لە کوردستان گوێتان لە خەلّك و هەندێك لێپرسراو نیە کە هاواری هاتنەوەی گەورەترین بەربەر و خوێن رێژترین کەسی ئەم سەردەمە دەکەن! ئەمە بە هەموو یاسایەکی شارستانی و ئەخلاقی و ویژدانی هەرەسی رەوشتەو ئەوپەری دابەزینە بۆ زەلکاو، ئەی بۆ؟ کێ هەیە حەز بە ئازادی نەکات؟ ئەوەی هەزاران قوربانی داوە بۆ رزگار بوون! ئەم پرسیارە پێش هەرکەسێك روو لەو لێپرسراو و فەرمانرەواو دەسەلاّتدارانە دەکات کە ئارامیی خەلّکیان نەهێشووە، تالاّوی برسیەتی و بێ بڕوایی و چارەنووسی نادیاریان پێ دەچێژن، شەڕ هەلّدەگیرسێنن و یاسایان لە ژێر پێ ناوە، خۆیان تێرن و چاوی ئاگا بوونیان لە خەلّکیی هەمیشە نووقاوە، لەم حالّەتەدا خەلّکی لەسەرما تەزیوی ئەم دەڤەرە ناچارە هاواری نەوت بکات، لەکاتێکدا کە دەبینێت لێپرسراوەکەی بەئاشکرا لێی ئەدزێت، ئەم دەلّێت با بەربەرەکان بێنەوە، ئەویش دەلّێت با بێنەوە ئێمەش تاقەتی داواو سوالّی ئێوەمان نەماوە، باجی ئەم چاوەڕوانیەش تەنیا ئایندە تاریکی و دلّە راوکێ و پاشا گەردانیە.

مارتی ۱۹۹۷

# ترس لە نووسین

بەگشتی ترس بارێکی سایکۆلۆژیەو بەرێژەیەکی جیاواز لە هەموو مرۆڤ و گیانداریێکدا هەیە. هەندێك جار دەبێتە نەخۆشی و لەهەر هەڵوێست و پێش هاتێکدا ئامادەگی خۆی هەیە. تا ئەو ڕادەیەی کەسانێك بەترسنۆك ناوزەد دەکرێن و خۆیشیان لاریان لەو ناوە نیەو دانی پێدادەنێن. هەیە ترسنۆکیەکەی لە بوار و کایەیەکدایە کە ئەگەر بگەڕێیتەوە سەر فاکتەرەکانی دەشێت هەر لە منداڵیەوە بەهۆی کاریگەری پەیوەندیەکانی ناوخێزان یان دەوروبەرەوە تۆوی ترسی هەڵگرتبێت و لە گەورەیشدا — لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەستی پێ دەکات- ناتوانێت لە خۆی بڕەوێنێتەوەو بەسەریدا زاڵ بێت. ڕەنگە سەرچاوەی ترسەکە لە کارەساتێکی نائاساییەوە هاتبێت کە لەکات و شوێنێکی دیاری کراودا لێی هەڵکەوتووەو بۆتە زەبرێکی دەروونی بۆی. دەشێت ئەو کەسە لەپێشدا مرۆڤێکی ئاسایی بوبێت و چ جۆرە جووڵەیەکی ناجۆری دەرونی کە پەیوەندی بە ترسەوە هەبێت گەرای تیا نەخستبێت. کەسانێك هەن لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانداو بەتایبەت لە هەڵوێستی پڕ لەمەترسیدا گەلێك جەسوورو چاو نەترسن کەچی ناتوانن شەوێك بەتەنیا لە ژوورێکی تاریکدا بخەون، ئەگەر خەویشیان لێ بکەوێت دەیان خەونی هەڵەت و پەڵەتی پڕ لە کابووس دەبینن. هەیە ناوێرێت بۆ چاك بوونەوەی لەنەخۆشی دەرزیەکی خەستەخانە لە خۆی بدات یان ددانێکی

هەڵبکێشێت، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو ڕاستیە دەزانێت کە ئەو کارانە ئاساین و چ مەترسیەکیان لەدواوە نیە.

لێرەدا من نامەوێت باس لە چەمکی ترس بکەم و بگەڕێمەوە سەر تێۆرەو بۆچوونە جیاوازەکانی ئەو زاناو پسپۆڕە دەروونناس و کۆمەڵ ناسانەی لەم بوارەدا کاریان بەئەنجام داوە بەزۆر مەبەست گەیشتوون، چونکە مەبەستی من تەنیا ترسە لە پرۆسەی نووسین کە دەشێت بارێکی پێچەوانەی لەوانی تر هەڵگرتبێت، بۆیە دەڵێم پێچەوانە چونکە ئەمیان تەنیا پەیوەندی بەتوێژێکی تایبەتیەوەیە کەنووسەرانن، نەك هەموو کۆمەڵ و ترسەکەیش بەرئەنجامی هۆشیاریەو فاکتەرەکانی دیارن نەك ئاڵۆزو نادیار. چ پەیوەندیەکی ڕاستەو خۆیشی نەبە پەروەردەو منداڵی و دەوروبەرەوە هەیە نە بە بۆماوەوە. ڕەنگە گرنگترین جیاوازی ئەوە بێت کە یەکەمیان ترسێك بێت تەنیا بۆ تاقە کەسێك و کاریگەریشی هەر لەسەر ئاستی تاکە کەسدا بمێنێتەوە، بەڵام ترسی دووەم لە پرۆسەیەکە کە کاریگەری لەسەر خودی نووسەرەکە وەك تاك و کۆمەڵ و ئایندەش هەیە، چونکە پرۆژەیەکی ڕەخنەگرتنە لەسەر ئاستی پەیوەندیە هەمە جۆرەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری و ئەخلاقی و بەرەنگاربوونەوەیەکی سەختیشە لەگەڵ دیاردە دزێوو باوەکاندا. بۆیە نووسین حاڵەتی تەحەدای هەر سەردەم و لەگەڕخستنی هەر پرۆژەو سیستمێکی ناجۆرەو بەرگرتنە لەنەریتە پیرۆزەکان لەسەر هەموو ئاستێکدا، لێرەوە کارەکە سیمای دەستەجەمعی وەردەگرێت و مەترسیەکە قەبەتر دەبێت، لەگەڵ گرانی کارەکەدا ترسەکە بۆ —هەندێك- دەداتە ڕەگ و ڕیشەو پەلی بزاوتنی یان سست دەکات یان بەیەکجاری لەگەڕ دەخات. چونکە هەڵوێست وەرگرتنی دیدو ڕوانینی نووسەرە لەسەر سەرجەمی ژیان و خۆ دۆزینەوەیە لەو کایە مەعریفیانەدا

کە هەمیشە بەگومانەوە لە دیاردەو ڕووداوەکان دەڕوانێت، ڕەخنە دەگرێ و بەخۆ بەدەستەوەدان قایل نیە، بۆیە نە هەموو کەس دەتوانێت بنووسێت و نە هەر نووسەرێکی ئاسایی توانای داماڵینی ئەو سام و مەترسییانەی لە خۆی هەیە. بۆیە زۆر نووسەر دەبینین لە هەموو سەردەمێکدا لەگەڵ ڕژێمەکانی دەسەڵاتدا — بەهەموو جیاوازیەکی ئایدۆلۆژی و شێوازی فەرمان ڕەواییانەوە- تەبان و ناتوانن لەدەرەوەی ئەو جوغزەدا بنوسن کە ئەو ڕژێمانە ڕەنگی بۆ ڕشتوون، بەکورتی کارمەندی نووسینن نەك نووسەری داهێنەربن، مەترسی ئەمانە لەوەیشدایە کە ئابڕووی نووسین لەبەرپێی کەسانی دەسەڵاتداردا دەتکێنن و پیاهەڵدان و کڕنووشی وشەکانیان ئەتکی هەڵوێستە جوانەکانی نووسین دەکەن.

ڕوویەکی تری ترس لە نووسین لایەنە خولقاندنەکەی دەگرێتەوە، بەو مانایەی کەنووسەر، چ شاعیر و چ پەخشان نووس ترسی ئەوەی هەیە کارەکە نەگاتە پلەی داهێنان و یەکسان بێت بەڕابوردووی نووسینەکانی خۆی و ئەوانەی لە دەوروبەریدان، واتا ناتوانێت لەوەی هەیە تێپەڕێنێت، بۆیە خۆی ناچاری وەستان دەکات، ئەمە حاڵەتێکی هۆشیارانەی نووسەرە کە نایەوێت تەنیا بۆ ئامادەگیەکی ڕووکەش بنوسێت، چونکە دەزانێت نووسین بەرپرسیاریەتیە لە خود و لە ئایندەو خەڵکی، چ لەسەر ئاستی داهێنان و تازەگەریەتی و بەرجەستەیی کارەکەی لە گیانێکی زیندودا یان وەك شایەتێکی ڕاستگۆی سەردەمەکەی، ئەمە ئەو بارە تەندروستە، یان ئەو ترسە ڕەوایەیە کە پێویستە لە هەر نووسەرێکی ڕەسەندا بژی و کاریگەریی بەردەوامی هەبێت، لێرەوەیە کە گرانی کاری داهێنان خۆی بەرجەستە دەکات و، هەندێك نووسەر یان بەتەواوی واز لە نووسین دێنێت و دان بەڕاستی بیَ

توانایی خۆیدا دەنێت، یان هەمیشە لـە چاودێری کردنـی خـۆی و دەوروبەریدایـەو، ئاگای لەکارە ناوازەکانی دنیایەو ئەمەش وای لێدەکات کە کەم بنووسێت.
لە خوێندنـەوەی ژیاننامـەو دیمانـەو یاداشـت نامـەی گـەورە نووسـەر و داهێنـەرانی دنیادا بەردەوام ئەم دان پیانانە هەیە کە ترسی نووسین بـەم ئاقـارە هەنـدێك جـار وا لەنووسەر دەکات کاغەز و قەڵەمیش سامی لەبەر بنێن، بۆیە هەمیـشە ئـەم جـۆرە نووسەرانە پرۆسەی نووسین لایان کارێکی خـۆش و بـەتام و چـێژ نیـە ئەوەنـدەی کـە زەحمەت و ئازاراویـە، بێگومـان لای هەنـدێك نووسـەری تـر پێـچەوانەکەی ڕاسـتەو پرۆسـەی نوسـینیان لا خـۆش و چـێژی تایبـەتی خـۆی هەیـە. لێـرەدا نابێـت ئـەو نووسەرانەی کە بیریـان چـکی کـردووەو لەبەرهـەم هێنـانی داهێنەرانـە کـەوتوون دڵ بەوە خۆش بکەن یان خۆیان بـەوە تەفرەبـدەن کـە ئـەم جـۆرە ترسـەیە لـە نووسـینی خستوون. چـونکە ئـەمیان بەرئـەنجامی بـێ توانـایی و نـەمانی خـەیاڵ و قـەیرانی بیرکردنەوەیە. لە کاتێکدا کە ئەویان ترسێکی هۆشیارانەیەو بەرئـەنجامی تێڕامـان و هەستی بەرپرسیاریەتی و بەمەزن گرتنی پرۆسەکەیە.

# (فروغ فروخزاد) و گوناهی شیعر

شیعری نوێی فارسی ئێران ڕەگاژووی چەند دەنگێکی داهێنەری نیوەی یەکەمی ئـەم سەدەیەیە، بێگومان لەسایەو کـارتێکردنی شیعری ڕۆژاواوە کەنـەك تـەنیا شـیعری فارسـی بـەڵکو کـاری بەسـەر هـەموو بەشـەکانی تـری ئـەدەبی دنیـاوە هـەبووە و ئێستاش لەگەشەو پەرەسەندندایە، ئەو دەنگە بـەتواناو داهێنەرانـە توانیـان شـیعری فارسی لە کۆتی ڕەوش و شێوەی کلاسیکی سەدان ساڵەی دەرباز بکـەن و ئـازادی و کەسایەتیەکی نویێ بەرۆحی ببەخشن. دیارە ئەمە بەو مانایە نییـە شـیعری فارسـی کە بەشـێکی هەرەگەورەیـە لـە پێکهاتـەی ئـەدەبی ئێرانـی کـۆن و نـویێ و، گـەلێك قۆناغی مێژوویی بۆ گەلەکـەی دەسـت نیـشان دەکـات بووبێتـە بەشـێك لـە ڕۆحـی شیعریی ڕۆژئاوایی و فەرهەنگ و شناسنامەی نەتەوایـەتی خـۆی لەدەسـت دابێـت. بەڵکو بەمانای بەدەسـت هێنـانی جیهـان بینـی سیاسـی، کلتـوری، کۆمەڵایـەتی و هونەری لەسەر ئاستی دنیاو بەئامانجی ئەفراندنی فەرهەنگی ناوچـەیی و میللیانـە. دیارە ئەم خەسڵەتە نەك بۆ ئەدەبی ئێرانی بەتەنیا بـەڵکو پێویـستییەکی چـارەنووس سازە بۆ گشت ئەدەبی ئـەو گەلـە دواکەوتووانـەی کـە بـە ناچـاری بـەدوای کـاروانی شارستانیەت و پێشکەوتوویی ئـەوروپاوەن و تائێـستاش لـە بەهرەمەنـدی وکلتـوری فیکرییان سەرچاوە دەگرن، بەڵام نەك وەك چاولێکردن و بوون بـە ڕۆژاوایـی، چـونکە ئەگەر هەر گەلێك لەم گەلە ڕۆژهەلاتیانەی بەر ئەو تەوژمی تازەبوونەوەیە کـەوتوون ئاگادار و هۆشیار نەبن لە ئەنجامدا (شناسنامەی کلتوری) خۆیان لەدەسـت دەدەن و

یادەوەریە نە تەوایەتیە کەیشیان بزردەکەن. لێرەدا نامانەوێت ئەم باسە ببێتە تەوەرێکی تایبەتی، بەڵکو مەبەستمانە لە ڕێگای دەنگێکی ڕەسەنی شیعرییەوە کە لەگەڵ ئەوەیشدا دەربەستی شیعری ڕۆژاوایی بووەو هەرلەوێوە بەردەوام لە تازەکردنەوەی خۆی و پەروەردەی بەهرەی شیعرییدا بووە، توانیویەتی خولیاو ئازارەکانی خۆی وەك مرۆڤێك، باری ژیانی کۆمەڵگاو دیاردە هەرە سەرەکیەکانی ناوچەکەی بەرجەستە بکات و بەهەمان ڕۆح و هەناسەوە بئاخفێت.

فروغی فراوخزاد لەو دەنگە شکۆمەندە شیعریانەی ئەم سەردەمەی ئێرانە کە لەسەرەتای پەنجاکانەوە، چ وەك ژن چ وەك شاعیر پلەو پایەی خۆی سەپاند، لە سەرەتاوەو لە ژێر کاریگەری ڕابەری شیعری نوێی ئێران —نیما یوشیج- بانگەشەی بۆ شیعری خۆی کرد.

ئەگەرچی وەك خۆی دەڵێت:"هەر لە یەکەم دیوانیەوە شاعیرە گەورەکانی وەك بیتس و کیتسی ناسیوە. سەرەتا بەشیعری ڕۆمانسی دەستی پێکرد و لەماوەی حەوتساڵدا سێ دیوانی بلاوکردەوە کەرەگەزە شیعریەکانی ئەم قوتابخانە ئەدەبیەی تیا دەدرەوشێتەوە، "تەنیایی، خەمە تەم لێ نیشتووەکانی ڕۆح، ئارەزووەکانی دڵ، پەنابردنە بەر سروشت، گەڵا زەردەکانی پایز و هەوڵی ئازادبوون لە گێژەنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان و مامەڵەکردنی بەردەوام لەگەڵ هەست"..

تۆم دەوێت و ئەیشزانم کە هەرگیز
بەکامی دڵم لە ئامێزت ناگرم
تۆ ئاسمانێکی بێگەردی ڕووناك و
منیش لەکونجی قەفەزێکدا مەلێکی بەندکراوم.

---

لەبیری ئەوەدام کتوپڕ
لەم زیندانە کرەدا باڵ بگرم
بەچاوی زیندانەوان پێ بکەنم و
لە کەناری تۆدا بژیم.

فروغ ساڵی ۱۹۵۱ لە تەمەنی شانزەساڵیدا حەزی لە پەروێزشاپوور کرد و بووە هاوسەری، دوای سێ ساڵ لە تارانەوە لەگەڵیدا چوو بۆ ئەهواز.

بەڵام خۆشەویستی ئەو دوانە زوو بوو بەخۆڵەمێش، فروغ شاعیر و هەست ناسك و نائارام، شاپوور پیاوێکی پارێزکار و بەئەتکێت.

بۆیە دوای پێنج ساڵ لە یەکدی جیابوونەوە، جیابوونەوەیەك فروغی تەواو بریندار و دڵ ڕەنجاو کرد، چونکە حەزی لێ نەدەکرد و شاپووری خۆشدەویست. یاسایش (کامیار)ی تاقە کوڕی دایە شاپوور کەدوای ئەوە بۆ ماوەی شازدە ساڵی تر، تا فروغ مرد تەنانەت بۆ جارێکیش کوڕەکەی خۆی نەبینی. کارەساتی جیابوونەوە لە مێردو زوڵمی یاسا کە کوڕەکەی لێ دابڕی بوونەتە گەلێك لە بەرهەمی شیعری ئەو، چ ڕاستەوخۆ، یان بە ئاماژە هەست بە ئازاری دەروونی و خەمە سەختەکانی دەکرێت. پێش جیابوونەوەیان بەساڵێك گەلێك شیعری بۆ مێردەکەیەتی و لەڕێگەی شیعرەکانی فروغەوە کە ئازادانە باس لە ئیرۆسیەت و ئارەزووی ژنان دەکرد، گومانی خستبووە سەر ژیانی تایبەتی فروغ بەتایبەتی لای خێزانی شاپوورەوە، فروغ لە وەڵامی نامەیەکی مێردەکەیدا پێی دەڵێت:

لەو نامەیەی کەپێت دام و لەو هەراسە تاڵانە
تا بەیانی بەیادی تۆ خەو نەچووە چاوم
ئەی مایەی ئومێدم، ئەی پەناگەی دوورم

هەرگیز لەوە زویر مەبە کە لە شیعرەکانمدا
ڕازی شاراوە هەیە.
دوای جیابوونەوەشیان لە ئاگری خۆشەویستی شاپووردا هەر دەسووتێت و بڵێسەی عەشقەکە زمانە کێشە، چونکە ئەوە یەکەم خۆشەویستییەو هەگیز لەیادناکرێت.
جامی بادە سەرنگونە و پێخەفم خاڵی
سەرم خستۆتە سەر نامەکانی
سەرم داناوە تا لە نێوان دێڕەکانیدا
نیشانەیەك لە وەفای بدۆزمەوە
ڕۆشتوەو خۆشەویستیەکەشم لە دڵ دەرناچێت
ئەستێرەکان بۆچی ئەو منی نەویست!
لە دووەم دیوانە شیعریدا —دیوار- دیسان هەست و سۆزی خۆی و تاڵی ئەو ژیانە تەنیایەی کەتێی کەوتووە بەرجەستە دەبن، بۆیە پەنا بۆ ئەفسانە دەبات و خەونەکانی لەوێدا بەدی دێنێت، لەشیعری (خەون)دا خەیاڵ بۆ لای سوارێکی ئەفسانەیی پەلکێشی دەکات کە دێت و لەو گێژەنە سەخت و خەمە قوڵانە ڕزگاری دەکات.
بێگومان ڕۆژێك لە ڕێگای دوورەوە
شازادەیەکی سەرکێش دەگات
فەرشی بەرد ڕێژی کۆڵانەکانی شار
دەکەونە بەرزەبری سمی ئەسپەکەیەوە
ئەم شازادە دەگمەنە دێتە ناو شار
هەموو کچانی شار لەپشت پەنجەرەوە لێی دەڕوانن و

چاوەڕێی خۆشەویستی ئەون
کەچی کوڕە شازادە (فروغ) هەڵدەبژێرێت.
کاڵاکانم هەڵدەگرم و لەم شارە خەمگینەوە
لەگەڵیا دەڕۆم
پیاوان سەراسیمە لێم دەڕوانن
لە ژێر لێوەوە بە هێوری دەڵێن: کچی خۆشبەخت.
بەلام ئومێدو ئارەزووەکانی فروغ تەنیا خەیاڵن و نایانـەدی، لـە ژیانیـدا بێجگـە لـە ساردی و خیانەت چی تر نابینیێ:
دوای ئەوە رووم لە هەرچی کرد
بینیم سەرابێك بوو
ئەوەی بەدوایدا دەگەڕام
هاوار لە خۆم، نەخشی خەوێك بوو
گەلێك خۆرم بینی
لە خۆرنشیندا زوو پووکایەوە
خۆری بێ ئاوابوونی مـن
ئەی داخ لە باشووردا نەما
دوای ئەو ئیتر بەدوای چیدا بگەڕێم؟
دوای ئەو ئیتر چیم بەدەست دێت؟
بێجگە لە فرمێسکی گەرم بۆڕشتن
گۆڕێکی گەرمیش بۆ حەسانەوە

فـروغ زۆر بەگـەرمی گونـاهی شـیعر هەڵـدەگرێت و بـە قـووڵی لێـی دەڕوانێـت، تاقیکردنـەوە تایبەتییـەکانی ژیـانی خـۆی گـەرمی و ڕاسـت گـویی بـە شـیعری دەبەخـشن، ئـەو ئەوسـزیفەیە کـە بـەردەوام تاشـەبەردی نـەفرەت لێ کـراوی خـۆی بەکۆڵەوەیە و پێشی خۆشە، نایەوێت دووربەدوور باس لـە ئارەقـەی ناوچـاو وخـەمی سەرکەوتن بکات، وەك خۆی دەڵێت:"... من لەو کەسـانە نـیم کـە ببیـنن یـەکێك سەری بەر بەردکەوتووەو شکاوە ئـیتر بـەو ئەنجامـە بگـەم کـە نابێـت لەبـەرد نزیـك بکەومەوە، من تاسەری خۆم نەشکێنێت لە مانای بەرد تێناگەم...".

کە شیعر بۆ (کامیاری) کوڕی دەڵێت چ مانایـەکی گـەورە بـە دایکایـەتی خـۆی و دنیای تێك شکاوی ئومێدی دەدات، کامیار بـۆ فـروغ جگـەر گۆشـەیەکی ئاسـایی نییە، ئەوەندەی شـیعرێکە تـەنیا لـە داهێنانیـدا جـوانی دەردەکـەوێت، ئایندەیەکـە خەوی ڕۆمانسیانەی پێوە دەبینێت.

ئەم شیعرە بۆ تۆ دەڵێم
لە خۆرنشینێکی تینوی هاویندا
لە نیوەڕێگای قەدەم شوما
لە کۆنە کۆڕێکی ئەم خەمە بێکۆتاییەدا
ئەمە دوا لای لایەی منە
لەپەنا بێشکەی خەوی تۆدا
دەشێ دەنگ و زریکەی ئەم هاوارە
بێتە ناو ئاسمانی لاویتەوە
لە دوا کۆپلەدا دەڵێ:
ڕۆژێك هەردێت.. چاوی حەسرەتی تۆ.

بکەوێتە سەر ئەم گۆرانیە خەماویانە
لەنێو پەیڤەکانمدا ئەمدۆزیتەوە
بەخۆت دەڵێیت ئەوە دایکی من بوو

فروغ بۆ شیعر دەستی لەمێرد و کوڕ و تەواوی خۆشی ژیـان هـەڵگرت، ئەگـەر چـی شیعر گوناهێك بـوو هـیچ تۆبەیـەکی بـەدوادا نـەهات و بـووە ئەلتـەرناتیڤی هـەراو بەستەیەکی دی، لە هەمان کاتدا لەو جمکەیـشدا نـەبڕا کـە خـودی شـیعر ژیانێکـە هەموو دەرگاکانی لەسەر پشتەو عاشقەکانی دەتوانن بەو زمانە بگەنە بـاڵاترین بـێ دەنگی و دەگمەنترین هاوار، چونکە پەیوەندی کـردن لەگـەڵ شـیعردا پەیوەنـدی دوو لەش و دوو دیـدی ئایـدۆلۆژی نییـە بەقـەدەر ئـەوەی کـە تێکـەڵ بـوونی ئـاوی دوو ڕووبارە بەیەك دی.

(پەیوەنـدی نێـوان دوو کـەس هـیچ کـات ناتوانێـت کامـڵ بێـت، بەتایبـەت لـەم سـەردەمەدا، بـەڵام شـیعر بـۆ مـن وەك دۆسـتێك وایـە کـە پێـی دەگـەم بـەئارامی دەردەدڵی خۆمی لەگەڵدا دەکەم، جوتێکە مـن تـەواو دەکـات، هەنـدێك لـە ژیانـدا بچووکی خۆیان بەوە قەرەبوو دەکەن کە پەنا بۆ خەڵکی تر دەبەن، بـەڵام هـیچ کـات ئەوە قەرەبوو ناکرێت، ئەگەر بکرایە ئایا ئەو پەیوەندییە خۆی نـەدەبووە گـەورەترین شیعری دونیاو بوون؟)

(شیعر بۆ من پەنجەرەیەکە هەر کاتێك بڕۆم بـۆ لای لەخۆیـەوە دەکرێتـەوە، مـن لـەوێ دادەنیشم، سەیرئەکەم، گۆرانی دەڵێم، دادئەکەم، دەگریم، لەگـەڵ وێنـەی درەختەکانـدا تێکەڵ دەبم، ئەیشزانم لـەولای پەنجەرەکـەوە فەزایـەك هەیـە و یـەکێك گـوێ دەگرێـت، یەکێك دەشێ دوو سەدسـاڵ لەمـەودوا یـان سـێ سـەد سـاڵ لەمـەو پـێش بووبێـت — جیـاوازی نییـە- شـیعر هۆیـەکی پەیوەندییـە بەبوونـەوە، بـە وجـود-ەوە بـەمانا

فراوانەکەی، باشیەکەی لەوەدایە مرۆڤ کە شیعر دەڵێت دەتوانێ بڵێ: من هەم، یان بووم، ئەگەر شیعر نەبێت چۆن دەتوانیت بڵێی:منیش هەم، یان بووم، من لەشیعری خۆمداهیچم وەدەستنایەت، بەڵکو لە شیعری خۆمدا، تازە - خۆم - ئەدۆزمەوە.)
خۆدۆزینەوە تەنیا لە شیعردا دەست بەرداربوونە لەگەڵێك پەیوەندی کۆمەڵایەتی تر، بەتایبەت لە کۆمەڵگایەکدا کە ئەو پەیوەندییانە مۆرکی پیرۆزیان پێوەیەو واز لێ هێنانیان ئاسان نییە، کاری هەر مرۆڤێکی ئاسایی نییە، ئەگەر شیعر نەبووبێتە مەسەلەیەك لەوێوە پەی بەڕازەکانی بوون و نەبوون، تاریکی و ڕووناکی، پرسیارە ئەزەلیەکان و ئاینده بەگرێ و گۆڵکەکان ببرێت:
(شیعر بۆ من مەسەلەیەکی جیدیە، لێپرسینەوەیە بەرانبەر بەبوونی خۆم، جۆرە وەڵامێکە بۆ پرسیارەکانی ژیانم ، من ئەوەندە ڕێز لە شیعر دەگرم بەئەندازەی مرۆڤێکی مەزهەبی لە مەزهەبەکەی خۆی)

من ئەو باڵندەیەم کە دەمێکە
بیری فڕینم لەسەردایە
سروودەکانم لەسنگی تەنگما بوونەتە ناڵە
ڕۆژگاریشم بەحەسرەت کۆتاییان هات
وەرە دەرگام بۆ واکە تابفڕم
بەرەو ئاسمانی ڕووناکی شیعر
گەر فڕین لێمگەڕێ
دەبمە گوڵێك لە باخچەی شیعر
ئیتر لە ڕووی نەزانینەوە
غروری خۆم ناکەم بە قوربانی عیشقی ئەو

ڕەنگە کەلەو تێپەڕم بیدۆزمەوە

ون بووەکەی شادی و دڵخۆشیم

منی لەش ماندووی پەرێشان

ئارەزووەکانم دەدەمەدەست ڕێگا

(یاری) من شیعر و (دڵدار)ی من شیعر

دەڕۆم تا ئەو بەدەست دێنم

ئەگەر چی شیعر بۆ فروغ خوایەکی دەست بەخوێنە، بەڵام بە تاسەی ئەو خوێنەوەیەو هەموو سروود و درودێکی بۆ ئەو خوایەیە.

ئەمشەو لەبەردەرکی شکۆمەندی تۆدا

پەرێشانم لەوەسوەسەی ئیلهام

گیانم لەو رەنجە بەتەنگ هات

ئەی شیعر، ئەی خوای خوێن ڕێژ

دەمێکە سرووده خواییه خۆشەکان

بەگوێمدا ناخوێنیت

ئەزانم هەر تینووی خوێنیت

بەڵام بابەس بێت ئەم هەموو قوربانیە.

مارتی ١٩٩٨

**سەرنج:**

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١ـ گزینەی اشعار فروغ فرخزاد

٢ـ گۆڤاری —ادبیات معاصر- ژمارە١٩-٢٠ ساڵ ١٣٧٦.

# خۆر و ڕەشەبا

لای نیشتەجێکانی جەنگەڵو لە دووتوێی شەریعەتەکەیاندا بێجگە لە زمانی پەلامارو زۆرو ستەمو یەکتر کوژی زمانی تر نایەتە گۆ، ئەمە دیاردەیەکی غەریزی سروشت کردەو، عەقڵی ئەو جەنگەڵیانەش نە لە گۆڕاندایەو نە زەمانو مێژووی هەزارانساڵەی تەمەنیان توانیویەتی لەو دڕندەکاریو جانەوەریە دایان ساکێنێت، تیورەکانی (بافلۆف)یش ئەمەندە ئیقلیم گیر نیە تا مرۆڤ بە ئاسانی ببێتە گەورەی هەموو جەنگەڵستانەکان، فەرمان بەسەر چنگ تیژو کەڵبە درێژو کەوڵ پۆشەکاندا بداتو بیانکاتە هاوڕێو هاوبیرو هەڤاڵ. بەڵام مرۆڤ لەو کاتەوە کە پەتکەکەی دواوەی لە دەستداوەو (داروین) وتەنی گەشەی کردوەو شکۆمەند بووە، ئیتر زمانی گۆڕاو هەوڵی پێکەوەژیانی داو گیانی لێککگەیشتنو خۆنەخۆریی تیا دروستبوو. زمانی دڕندایەتی کۆنی (تا ئەندازەیەکی زۆر) کەلا خستو گوێی بۆ عەقڵو هۆشیاری شل کرد. ئەم دوو زمانە (زمانی زۆرو ستەمو گومڕاییو زمانی ئارامو ئاشتی) لە ئەزموونەکانی ژیانی مرۆڤدا بوونە دوو جەمسەری پەندو، لە چوارچێوەی گفتوگۆو ڕووداوو داستانەکاندا کرانە ڕەمزی ڕەفتارو دیالۆگی نێوان دیاردەکانی سروشتو ئاژەڵە گەورەو بچووکو بەهێزو بێتواناکان، ئەمەیش تەنیا وانەیەکە لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤ.. با بزانین چۆن؟

جارێکیان لە نێوان خۆرو ڕەشەبادا بوو بە دەماقاڵەو قسەی بەرزو نزم، رەشەبا وتی: من ئارەزووی هەرچی بکەم دەتوانم بە زۆر بە دەستی بێنم. خۆر وتی:

هەموو ئارەزوویەك بە زۆرو ستەم بەدەست نایەت، گەلێك شت هەن پێویستیان بە زمانی شیرینو ئارامگیریو لێبوردن هەیە. لەم بگرەو بەردەی چەندو چوونەدا ڕێبوارێکی چیاییان بینی کە لە سەرماندا پاڵتاوێکی لە خۆی ئاڵاندبوو. ڕەشەبا وتی: هەر ئێستا بە زۆر ئەو ساقۆیەی لەبەر دائەکەنم. خۆر ڕێگای پێدا، ڕەشەبا تووند هەڵی کردو لە هەرچوار لاوە پەلاماری کابرای دا، کونو کەلەبەرو درزو داوێنو لامل نەما خۆی پیانەکات، تەنیا بۆ ئەوەی ساقۆکەی لەبەر دابکەنێت، بەڵام کابرا وای دەست پێوەگرتو بە خۆیەوە قرساند کە ڕەشەباکەی شەکەت کردو نەیهێشت کۆڵی پێبدات. خۆر پێی وت: تۆ خۆت تاقی کردەوە، ئێستا لێگەڕێ بۆ من. ڕەشەبا خستیو کەوتە تەماشا، خۆر هێدی هێدی تیشکی نایە سەر کابرای ڕێبوار، هەتاو خۆی خزاندە نێو لەشیو گەرمایی کەوتە نێو گیانی ساردیەوە، ئەوسا ناچار هەر بە دەستی خۆی پاڵتاوەکەی داکەند بۆ ئەوەی ئارەقەی هیشك بێتو فێنکی ببێتەوە، خۆر بە ڕەشەبای وت: ئەوەی تۆ بە زۆر نەتتوانی بیکەیت من بە نەرمیو لەسەرخۆیی بەجێمهێنا.

ئەمە تەنیا چیرۆکێکی ڕووتە، ڕەنگە بۆ منداڵیش بشێت. بەڵام من بێگومانم ئەوانەی خۆیان دەکەنە ڕەشەباو دەیانەوێت بە زۆر بەرگی بەری خەڵك داماڵنو لە سەرماندا ڕەقی بکەنەوە، هەر خودی ئەو کەسانە دەتوانن ببن بەخۆریش، تیشك بهاوێژنو لەشی ساردو سڕ گەرم دابهێنن. جا لەم دوانە کامیان باشترە ئەگەر هێشتا پەتکە درێژەکەی (داروین)تان بەدواوە نییە؟!!

* دواستوونی ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"، ژمارە (٨٧٩)، ١٩٩٥/١/٤

# نامەیەکی کراوە بۆ کاک "نەبەز گۆران"

هاوڕێی ئازیزم، چەند ڕۆژێك بوو کابووسی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان، مانگرتن و داواکاری و ناڕەزاویی دەربڕین و گەردەلوولی نائارامی دەروونی خەڵك، تا خوێن ساردی و شەرم پێ نەهاتنی دەسەڵات و پینەو پەڕۆو درۆکانی سیاسەت، بەجۆرێك ئەوکیان گرتبووم تەنانەت حەوسەڵەی سڵاو لێکردنی کتێب و ئەدەبیشم نەمابوو، ئاخر خۆ هەندێك لەم وەردیانانەی ئێستای کوردستان کە بەدیار وشەی دەستەمۆنەکراوەوە سەری سیخوڕ ئاسایان ناچێتە بان سەرین و چاوی کون پشکنیان ناتروکێت، ڕۆژێك لە ڕۆژان ستایشی باڵای زرافی چیرۆکی بەرگری و پرشنگی چاوی گەشی شیعری ڕاپەڕیویان دەکرد، یان ئێمەیان پێ دەخەڵەتاند، پێ دەچێت ئێمە شایانی فریوخواردن بین، فریوی دوژمن نا کە لەوەگەندەترن هەناسەی خۆش نوودی لەسایەی قەڵەمی ئێمەدا بدەن، بەڵکوو تەفرەی ئەو دۆستانەی فێڵی خۆنمایشکردنیان هێند لە تاریکیدا بوو کە بە ئاسانی توانیان شانۆی ئومێدو ئایندەمان بکەنە بەهاری سەروەری و ئازادی، جا بڵێین چی؟ قەدەری ئێمە خۆش باوەڕی و ئامێزکردنەوە بۆ دۆستەو، قەدەری ئەوانیش خۆخەڵەتاندن و فەرامۆش کردنی بەهای ئەوگیانە پیرۆزانەیە کە بێ باکانە گۆڕ غەریب بوون و ئێستا پەشیمانن لەگەڕانەوە. دیارە ئەوان پەیڕەوی لەو قسەناجۆرە دەکەن کە دەڵێت. هەرکەس بتوانێت خۆی لە خەڵکی دی باشتر بخەڵەتێنێت لە هەموو کەسەکانی دی چاکتر دەژی، ئێستا ئەوان لە هەموومان باشتر دەژین، بەڵام لەسەر شانسی تەفرەدانی خەڵك و خەڵەتاندنی خۆیان. من ئەم

کۆتاییەم زۆرپێ ناخۆشە. وەلێ تاوانی کێیە؟ کازانتزاکیس بەدەم زۆرباوە دەڵێت خودا بەقەدەر بالای خۆتت دەداتێ. بێگومان کورتی و درێژی ئەو جۆرە بالایەیش لە دەستی مرۆڤ خۆیدایە. ئێمە ئەگەر بەم دیمەنە سیاسیەی ئێستای فەرمان ڕەوایی کوردیشەوە بگەڕێننەوە بۆ ئەو سەردەمە، کەڕۆژانە بە دووکەڵی ئەنفال و کیمیاباران لووت و سەرمان پڕبکرێت لە بێزاری و، چاومان فرمێسکی خۆ خواردنەوەو ڕقی پیرۆز بەدیار تەرمی منداڵ و لاوە چەلەنگەکانەوە بەخوڕبڕێژێت، هەر دەبینەوە بەو سای خۆمان، ژووره چکۆڵەو ساردەکانمان دەکەینەوە بە سەنگەری درەنگی شەوانی نووسینی بەرگری و ئەوگیانانە شکۆمەند ڕادەگرین کە دژی زوڵم دەجەنگن و ستەم لێکراوەکان دەکەنە سەروەر، قەڵەمی بێ باك و ڕەسەن هەمیشە ئاگری لەو شوێنانە بەردەدات کە ناعەدالەتی فەرشی دڵنیایی تیادا دەخات و دیلیەتی بە تەمای حەسانەوەیە. قەناعەتی من لەڕابوردووی هەندێك لەوانەی کەئێستا لێپرساوو جێی قەرارن ئەوەندە لەرزیوە کە ناتوانم پەنایەك بۆ گۆمانەکانم بدۆزمەوە تا حەشاریان بدەم، یان لە پێشی ئەورابوردوەیاندا شەرم دام بگرێت و زمانی گومانم تەتەڵەبکات. هەڵوێستی ئەمان لەدابینکردنی ژیانی ئاسایی بۆ خەڵك، مافی دڵنیایی بوون لە پاراستنی ئازادی ڕادەربڕین، پەیڕەوی کردنی یاساو ئازادی کۆڕو کۆبوونەوەو دان نان بە مافی خەڵکانی دەرەوەی خۆیاندا، ڕێزگرتن لە ڕەنج و ماندووبوونی ئەو کەسانەی لە زۆریان زیاتر زیانی لێکەوتوو ماندووترە، درۆی بێ ئەژمارده و بەڵێنی نەزۆکیان، هەڵوێستێکە بۆ خەڵکانی ئابڕومەند ئارەقە دەخاتە سەر تەوێڵ و ئەژنۆشکێنە. تێناگەم کەسانێك ڕۆژانێك گۆش کراوی بەستێنی شۆڕشگێڕایەتی بووبن، چۆن لەناکاوێکدا تا ئەم ڕادەیە لە کردارو ئاکاریاندا هێند بچووك دەبنەوە کە سووکایەتی پێکردنی خەڵکیی بەخۆیان ڕەوا ببینن! ئاخر زەمانە بۆ دەمامك هەڵماڵین گەورەترین

بەخشندەیە. گومانیش هەندێك جار لەسەدیا ڕاستیەکی لێناکەوێتەوە، بەلاَم جاری وایش هەیە تاقە گومانێك ڕاستیەکی تەواوە بۆ خۆی.

منیش لگەلٚ تۆدا کاکە نەبەز حەزم دەکرد بەردێك بم بەدەست مانگرێك و یاخیەکەوە کە بەرگری لەسەرەتاییترین مافی مرۆڤانەی خۆی دەکات، سەری یەکێك لەوانەم بشکاندایە کە ناوی شۆڕش و پێشمەرگەیان سووککردو پیرۆزیی شەهادەتیان خستە زبلٚدانی نابووتی و گەندەلٚیی خۆیانەوە، بەلٚکوو شەرمی لەخوێنەکەی سەری بهاتایەو وەك فروغی فەرۆخزاد دەلٚێت ئەویش بیوتایە: بەڕاست خۆ ئەمە خوێنە!

لەڕاستیدا ویستم بەم نامە بچکۆلەیە سوپاست بکەم، سوپاسی نووسینەکەی ٨/١٥ی ڕۆژنامەی میدیا (کوڕەکانی گەرمیان بە تەنیا جێم مەهێلٚن) لەدوای خوێندنەوەی ئەو هەستە شەفاف و پڕ لە خەمەت ئازار و خەمۆکی ئەورۆژانەم بوون بە گریان، ئەو نووسەرەی لەشوێنی خۆیدا فرمێسك نەکەوێتە نێوچاوی شمشێری بەدەستە، ئازار و گریان بەشێکی گرنگی ژیانن. بۆیە هەندێك ئاسوودەیم تێگەڕا، سوپاست دەکەم، من خۆم دلٚم پڕبوو، کەیلی حەماسەتی خەلٚك و چاوە پڕ لە هیواکانی ئایندەی گەلەکەم بووم، تەنیا بالٚی ناسکی پەپوولەیەکم دەویست بۆ بەرگە نەگرتن و لێ ڕژان. تۆ ئەوەت کرد، بەوەیش تەواو دلٚخۆش بووم کە هێشتا ئەو قەلٚەمە دلٚسۆزانە هەن بە تەواوی ویژدانیانەوە دەنووسن و چ ڕۆژێکیش ویژادنیان لەکەدار نەبووە. ڕاست گۆترین زمان زمانی ئەو قەلٚەمانەیە کە بەرۆح عاشقی بەختەوەری خەلٚك و مانەوەی بەهاجوانەکانی مرۆڤایەتین. نە لە خەمی تایبەتی خۆیاندان و نەسەری ترسنۆکی دادەنەوێنن. جارێکی تریش سوپاس بۆ وشەخەماوی و دلێرانەکانت، هاوڕێ.

١٧ /٢٠٠٦/٨

# (فاتیمە)ی ئەویٚ و.. باوکەکانی ئێرە

کە (فاتیمە) لە وڵاتێکی ئەوروپایی وەك سویدا بە دەستی باوکێکی کورد تیرۆر دەکرێت، شوناسی ڕاستەقینەی ئێمە، دوور لە ڕتووش و دەمامکی سیاسەت و بیٚ باك لە هەراوزەنای دەم هەڵبەستی مێژوو، جارێکی تر خۆی بەرجەستە دەکاتەوە، شوناسێك پڕ لە دێڕی کوژاوەو ئایەتی حەرام و خەتای گەورە. شوناسی سیستمی باوکسالارییەك کە تا ئەمڕۆ چ لەسەر ئاستی پەیوەندی تاك و چ کۆمەڵگاکەیش تا ئەوپەڕی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی نادیاری خۆی سانسۆری جوانترین پەیوەندی و پاکترین فۆڕمی خۆشەویستی دەکات. گرەوێکە لە ناشتنی بەلەزترین بەهرەو کوشتنی ڕۆحە یاخییەکاندا کارایە، ئەمە ڕێکەوتێك نیە کە چاوی گومان و سەرسوڕمانمان ئەبڵەق بکات و کۆسپی ئەنگێزە گیریمان لێبکاتە قەڵا، نا.. ئەمە دەقی زیندووی دیاردەیەکە بە درێژایی مێژووی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیمان کە دەستی سپی هیچ بیرێك، ئاوەزێك، ئاینێك نەیتوانیوە درزێك لە دیواری ئەستووری چالاکییەکانی بکات و بەردەوام لە نوێکردنەوەی خۆیشدایە.

باوکێکی خۆرهەڵاتی، کە بە مانا باوەکانی لای ئێمە لێوان لێوە لە سۆزو خۆشەویستی بۆ ئەندامانی خێزانەکەی و وابەستەی کۆمەڵێك پەیوەندی کلتورییە کە لاوازی یان کەمی ئەو پەیوەندیانە تاوانێکەو بە تەوێڵی خۆرئاواییەکەوەیی دەنێت، بیٚ لەمانەیش باوکێکە لە ئەمڕۆی خۆیدا کلتورو سیستمێکی هەڵبژاردووە کە پڕە لە ماناکانی خۆشەویستی و جوانی، مرۆڤدۆستی و لیٚ بوردن، خۆنەویستی

و قبوولکردنی بەرانبەر، کەچی ئەم باوکە لەبەردەم هەڵچوونێکی ئارەزووکردیدا بە چۆکا دێت، پێ لە بەهاکانی ئەو کۆمەڵگایە دەنێت، دەگەڕێتەوە نێو جەنگەڵستانی ئەو بیرە نەزۆك و دزێوانە کە تەنیا بە خوێن تینویەتی چنگ و گەدەی دەشکێنێت و مانای تاکایەتی و کەسایەتی خۆی لە ڕاوی بەچکەکانیدا دەدۆزێتەوە. بە بیانووی بەرگریکردن لەو بەها ئەخلاقییەی کە ئەو ناوی شەرەفی لێدەنێت، نازانێت بەمە ئابڕووی خۆی و نەتەوەکەی لەکەدار دەکات، لەوە ناگات کە ئەو مانایە بەو پێکهاتە ئەخلاقییە باوەی لای ئەوەوە زەمان و سەردەم دەمێکە شەرمەزاری کردووەو لە فەرهەنگی ئەمڕۆی دنیادا چ پیرۆزییەکی بۆ نەماوەتەوە. نازانم چۆن ڕێز لە شەرەفێك دەگیرێت کە دەمی شمشێرەکەی تەنیا بەسەر ملی ژنەوەیەو خاڵێکی ڕەش لەسەر دەفتەری بێ ئابڕوویی پیاوێك دانانێت؟ وڵاتێك پڕە لە پیاوی ناپاك و مرۆڤکوژ، دوژمن دۆست و سیخوڕ، سیاسەتبازو درۆزن، ڕیاکارو ماستاوچی، ئەنفالچی و داوێنپیس، کەچی یاسای بەرگریکردن لە شەرەف و پاراستنی نامووس یەکێك لەمانە ناگرێتەوەو زۆریان ئەگەر بە جوامێر ناوزەد نەکرێن پیاوی ناو پیاوانن، کارای مەیدانی پارێزگاری کردنن لە شەرەفی ژن. بێ باکانە لووت دەبڕن، دەسوتێنن، بەردیان لێ دەبەستن و لە ڕووباریان دەهاون، بە بەرچاوی یاسای ڕەسمی و شەریعەت و ویژدانی سیاسەتەوە دەیانکوژن ، لەسەر شەقام و ڕێگای چۆڵو تەریکدا فڕێیان دەدەن، لەسەر خۆشەویستییەکی چارەنووسساز مۆری خۆفرۆشیان پێوە دەنێن، دەکوژن و باڵی جوامێری و خۆ بەنێر زانیان فش دەکەنەوەو کەسێکیش سەرکۆنەیان ناکات. دەبێت مێژووی بەزێر نوسراوی ئەم وڵاتە لەدواییدا ببێتە مێژووی مرۆڤکوژەکان نەك کوژراوەکان. مێژووی جەلادەکان نەك قوربانیەکان! ئەو بکوژە بەهێزی چەمکێك کاردەکات کە

بەمانای تەواوی وشەی ناو فەرهەنگەکەی ژنی مەحکووم بە خیانەت کردووە، لەو ڕۆژەوە کە سەرپێچی کردو بۆ مانا بەخشین بە وجودی خۆی سێوێکی خوارد، شورای قەدەغەیەکی شکاند، تا ئەوکاتەی هەموو سیفەتێکی کۆیلایەتی پێ ڕەوا بینراو دوانیان بە شایەتێك قبوڵ کرا. کەواتە نزیکترین کەس بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیان و چارەنووسی ئەو بەندە زەلیلە، هاوڕەگەزە بەناو ئینسانیەکەیەتی کە بە ناڕەوا تواناو گەورەیی زیاتری پێدراوە، بڕیاری کوشتنی فاتیمە لەو عەقڵەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە ناڕەوا پەڕیوەتە سویدو جوانترین وڵات و شارەکانی دنیا، لەو سەرە پڕ لە باوبژانەوە کە حەرام تەنیا لە جەستەدا دەبینێت و ئەویش جەستەی ژنە. ئەمە کاریگەری ئەو کلتوورەیە کە هەینی بە پیرۆزترین ڕۆژی هەفتەو پەنجەی دۆشاومژە بە ئافەریدەترین پەنجەو ژن لە پلەدووی پۆلبەندیکردنی مرۆڤ دادەنێت. ئەمەیە مێژووی کلتوریمانی شلوێ کردووە تا سنووری ڕەش بوون، هەر لێرەیشەوەیە سەرپێچی و تۆران دەست پێدەکات، نەك تۆران بەڵکو تووڕەدان، تووڕدانی ئەو سیستم و دەسەڵاتانەیش کە لە پشت پەرەپێدانی ئەم ڕەوشانەوە کاردەکەن و هێزی مانەوەیان لە چوارچێوەی سیستمێکی وادا نەبێت ژەنگ دەگرێت و وردە وردە دەمرێت.

(شاهیندااڵ)ەکانی ئەم وڵاتە تەنیا باوکی فاتیمەکان نین، هەندێکیان کراس و پانتۆڵی وتو دراویان لەبەردایەو هەیانە جبەو مێزەر دەپۆشێت، هەیانە مامۆستای زانکۆیەو هەیشە بە چوارپەل سەما بۆ دیموکراتیەت دەکات. هەیانە نووسەرەو لە ڕۆژی ژناندا قەتارەی نووسراوەکانی گەلێك ستوون و گۆشە دادەگرێت، هەیشە گۆشەگیرێکی خەڵوەتکێش یان سیاسەتبازێکی بە فێڵ و پاساوە. ئیتر شاهینداڵ باوکی هەموومانەو بە خۆمان نازانین، ئەگەر هەست بەو باوکە شاراوەیە بکەین

یاخی دەبین، ڕەخنە دەگرین، شەڕ دەکەین و ئارام ناگرین. کەچی زۆربەمان یان لە بەردەم دەسەڵاتی ئەو باوکەدا زەلیل و بێ ئیرادەین، بێ دەنگ و ملکەچین، یان هەستی ئەو زانینە لە خۆماندا دەکوژین و ئیرادەی کۆیلەگەرایەتیمان تامی حەرامان لاخۆش دەکات. بۆیە ئێمەش لە ئەنجامدا دەبینەوە بەو باوکەو مانا جوانەکان دەدۆڕێنین، تەنیا گیانی فاتیمەو هاوڕێ و هاوڕەگەزەکانی ئەوە کە لە بەرزاییدا دەبنەچراو بەو خۆ قوربانیکردنە حاشا لە هەموو ئەو باوکانە دەکەن کە شایەتی سیستمێکی گەندەڵ و کلتورێکی نابووتن.

**ڕۆمان**

# رۆمانی: بارۆنی درەخت نشین

(ئیتالو کالڤینۆ) رۆماننووسێکی دیارو هاوچەرخی ئیتالیاییە، لەو رووە هەرە دەرکەوتوانەی ئەدەبە کە لە سەدەی پێشوودا ئاماژەی گەورە داهێنەری بۆ کراوەو لەنێو رۆماننووسە دیارەکانی ئەوروپاو دنیادا پێگەیەکی بەرجەستەی بووە. شێوازی نووسینی کالڤینو زۆر تایبەتی و تارادەیەکیش دەگمەنەو لە دەنگی نووسەری دی ناچێت، چونکە هەمیشە لەناو خەیاڵێکی پڕی شاعیرانەدایەو بەرهەمی ئەدەبی، بەتایبەتی لە بواری رۆماندا لێوان لێوە لە ئەفسانەو خەیاڵ و ئەو فانتازیا سەیرو بلیمەت کارانەی لە پێچ و کەناری پەروازکردندا روو لە ئاسمان دەکات. ئەگەرچی رووی دەرەوەی هەندێك لە رووداوەکانی مۆرکی مێژوویی یان واقیعیان دەداتێ و باس لە نەژادو رەچەڵەکی میرو بنەماڵەو دەستەڵاتدارانی ئەوروپا دەکات و ناوی راستەقینە دەهێنێت، بەڵام تارادەیەکی زۆر ئەوانە دروستکراوی خەیاڵی خۆین و هەر لەوێوە دەکەوێتە شیکردنەوەو توێکاریی ناوەوەی گەلێك لەو میرو دەسەڵاتدارو کەسایەتیانە.

کالڤینۆ لە سێ رۆمانی ناوداریدا (ڤیسگونتی دووکەرتکراو) و (سوارچاکی نەبوو)و (بارونی درەخت نشین) کە دەشێت بە سیانەیەك بدرێنە قەڵەم لەسەر هەمان رێبازو شێوازی نووسینی بەردەوامە، ئەگەرچی هەریەکێك لەو رۆمانانە سەربەخۆن و پەیوەندیان پێکەوە نییە، بەڵام خۆی بە قەواڵەی نەژادی مرۆڤی ئەوروپایی ناودێری کردوون و زۆرجار فەزایەکی مەسخەرەئامێزیان بۆ دەرەخسێنێت. لە رۆمانی

(بـارونی درەخـت نـشین)دا کـە وەك خـۆی لـە سـەرەتاوە نووسـیویەتی ڕووداوەکـانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی( ١٧٦٧) کالڤینۆ کارەساتی کەسایەتییەك دەگێڕێتەوە بـەناوی (کوزیمـۆ لاڤـێرس درونـدو) گێرانەوەکـە لەسـەر زمـانی بـرای کوزیمـوی پاڵـەوانی سەرەکیە. کوزیمو لە تەمەنی دوانزە ساڵییەوە بەسـەر درەختـەوە دەژی تـا تەمـەنی شەست و پێنج ساڵی کە هەر بەسەر درەختەوەو بە نەخۆشی، باڵۆنێك هەڵی دەگـرێ و ئیدی لەسەر دەریاو دوورگەکاندا بەیەکجاری ون دەبێت، واتا لـە مردنیـشدا بـەوە قایل نییە پێی بکەوێتە سەرزەوی و هەر بە ئاسمانەوەیە.

کوزیمۆ بەدرێژایی ئەو پەنجاو سێ سـاڵەی بەسـەر درەختەوەیـە هـەموو دەرهاویـشتە فیزیایی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی بە ڕێکوپێکی پیادە دەکـات، بەشـداریی لـە کێشەکانی ناو خەڵك و ڕووداوە هەمـە جۆرەکانـدا دەکـات، لەشـتی تایبەتیـەوە تـا گشتییەکان.

کوزیمـۆ لـە خێزانێکـی کۆنـە پـارێزەو لـە ناوچـەی (ئـومبروزا)دا دەژی، خێزانەکـەی وابەسـتەی دابونـەریتی کۆنینـەن و ئـەو پاشمـاوە سـونەتیانە جێبـەجێ دەکـەن کـە بەمیراتی لە بنەماڵەو خێزانەوە بۆیان ماوەتەوە. باوکی کوزیمـو (بـارون ئـارمینیوس لاورس) بەدوای ناوو ناوبانگ و ڕەگەزو نەژادەوەیەو تەنیا ئـاواتی ئەوەیـە بـە دۆقـی ئومبروزا نـاودێر بکرێـت و منداڵەکانیـشی ببنـە هاوسـەری بنەماڵـە خانەدانـەکان. دایکـی (ژنـراڵ کـونرادین دولاورس) ڕەوشـتی سـەربازانەیەو بـەردەوام لـە فـەرمان دەرکردن و جڵەوگیریی منداڵەکانیدایـەو ئـاواتی ئەوەیـە کوڕەکـانی ببنـە ئەفـسەری سوپا.

هەر لەناو خێزانەکەدا (فوشلافور)ی قەشە هەیە کە فێرکـەری منداڵەکانـەو هـەموو ئازادییـەکی لێـزەوت کـردوون، بـەردەوام بـە بـیرە کۆنەپەرسـتییەکەی کـۆنترۆڵی

هەڵسوکەوتیان دەکات (وابخەون، وابخۆن، وادابنیشن، دەنگتان وابێت، بە دەست مەخۆن و ... هتد) خوشکەکەشیان (باتێستا) لە ئەنجامی بارێکی ئاڵۆزی ناو خێزانەکەوە کە پەیوەندیی بە خۆشەویستییەکەی ئەوەوە هەیە بەتایبەتی باوکی دەبێتە ڕێگری، ئیدی بڕیاری بە ڕاهیبەیی خۆی دەدات و هەمیشە لە چێشتخانەی ماڵەوەدا دەژی، بەڵام کارەستاکە کاریگەریی دەروونی لەسەر زۆرە، هەر خواردنێکی خۆش کە دروستی دەکات دووبارەی ناکاتەوە، خۆ ئەگەر ناچاری بکەن ئەوەندە ناخۆش لێی دەنێت کە داوای نەکەنەوە، واتا لەناو گرێیەکی تۆڵەکاریدا دەژی کە تەنانەت بڕوای بە ڕاهیبیەتەکەی خۆیشی نییەو ئەمەیش کاریگەریی لەسەر لایەنی دەروونی هەردوو براکەی داناوە. بۆیە کوزیمو دەکەوێتە سەر کێشیکردن و یاخیبوون لەو سیستمە خێزانییەی گەمارۆیان داوە. یەکەم هەوڵی یاخیبوونی لە ڕەتکردنەوەی هەندێك خواردنەوەیە کە دایك و باوکی حەزی پێ دەکەن، بەتایبەتی خواردنی هێلکەشەیتانۆکە کە کوڕەکان بەزەییان بەو گیاندارەدا دێتەوەو کاتێك بۆ خواردن ڕایان دەگرن و بەخێویان دەکەن کوزیمۆو براکەی بە دزییەوە بەریان دەدەن و ڕزگاریان دەکەن.

کە کۆزیمۆ بڕیاری ژیانی سەر درەخت دەدات و بەیەکجاری لە هاتنە خوارەوەو پێخستنەسەر زەوی ڕوو وەردەگێڕێت، ئیتر ئەوە ئەو کاتەیە کە دەیەوێت لە خەڵکی دوور بکەوێتەوەو واز لە ژیانی سەرزەوی بهێنێت و هەموو ژیانی لەسەر درەخت بەسەر بەرێت، ئەمە خۆدزینەوە نییە لە کێشەو خەمی خەڵکی و ڕاکردن لەبەرپرسیاریەتی، بەڵکو وەك براکەی لەسەر زمانی کوزیمو دەڵێت:"بۆ ئەوەی کە چاکتر زەوی ببینێت، پێویستە کەمێك میانەی لێبگرێت. ل١٧٤"

کوزیمۆ لەسەر درەختەکانی بەڕوو، توو، نارەوەن، شاتوو، ماگنولیاو گوێز، وەك هەر باڵندەیەك دەژی و ئەمسەرو ئەوسەریان لەسەر دەکات، چاودێری ڕووداوەکانەو بەشداریی لەو گرفت و کێشانەدا دەکات کە ڕووبەڕووی دانیشتوان دەبنەوە، ئەو دەیەوێت ژیانێکی نوێ بۆ خەڵکەکە بسازێنێت دوور لەو دەقە کۆنینەیەی پێی ڕاهاتوون، بۆیە بە گژ نەیاری و دیاردە دزێوەکاندا دەچێتەوە. بۆ کوژاندنەوەی ئاگرێك کە لە دارستان بەردەبێت خۆی هاوکاری دەکات و خەڵکی لێ دەوروژێنێت، کە ڕەوەگورگ لەتاو برسیەتی هێرش دەکەنە سەر ناوچەکە بە تفەنگەکەی و هەر بەسەر دارەوە پەلامارەکەیان تێك دەشکێنێت. کە شەڕی نێوان (بۆناپارت و تزاری ڕووسی) ڕوودەدات و ناوچەکەیان دەبێتە سەرە ڕێگای شەڕکەران بەزمانی مرۆڤ دۆستانەی خۆی لەگەڵ سەربازەکاندا دەدوێت و لەشەڕ پەشیمانیان دەکاتەوەو پێیان دەڵێت:"هێزی سوپا، هەر بیرێکی تازەیشی هەبێت، بێجگە لە وێرانکردن چی تر ناخاتەوە ل ٢٥٥". هەروا (بە حوکمی ئەوەی هەمیشە بەسەر درەختەوەیەو دەتوانێت چاودێری هەموو لایەك بکات) درۆو ساختەچێتی ئەو قەشانە بۆ خەڵکی دەردەخات کە بە ڕواڵەت چاکەخوازن و لەڕاستیدا ناپاك و شەریکی دزەکانی دەریان.
کوزیمۆ لە سەردەمی شۆڕشی فەڕەنساو ڕۆشنگەریدا دەژی و دەبێت لەو بزاوتە نوێخوازییەدا بەشداری بکات کە دەبێتە وەرچەرخانێکی فیکری بۆ ئایندە. بۆیە عاشقی خوێندنەوەی کتێبی فەلسەفی و ڕۆمان و ئەفسانە دێرینەکانە، هاودەمی (جان جاك ڕۆسۆ و فلوبێر)ە، تەنانەت ئەو ڕێگرو جەردانەیش فێری خوێندنەوە دەکات کە خەڵکیان بە تەنگ هێناوەو وەك ئەنجام بە چاکەخوازو ڕاستیپەرست دەشکێنەوەو قوربانیشی بۆ دەدەن.

کوزیمۆ هەر بەسەر درەختەکانەوە عاشقی (فیولتا ڤیولانتـە)ی شـۆخ دەبێـت کـە کـچە خانەدانێکی ناوچەکەیەو ئەویش خۆشی دەوێت، هەر بەسـەر درەختەکانیـشتەوە مـاڵی بۆ دروست دەکات، بەڵام فیولێتا تـەنیا بـە ژیـانی سـەر درەخـت داناکـەوێت، چـونکە عاشـقی گـەڕان و گەشـت و دەریـاو شـار بینینـە، بـۆ دواجـار لێـی جیادەبێتـەوەو لـە ئینگلتـەرە دەگیرسـێتەوەو هـەر لـەوێیش شـوو بـە دەوڵەمەنـدێك دەکـات، بـەڵام خۆشەویستییەکەی لە دڵی کوزیمۆ دەرناچێت و هەمیشە لە یادیایەتی.

کالڤینو لـەم ڕۆمانـەدا بـەناو دەیـان چـغوردو ناوچـەو چـیاو کـەناری دەریـاو دەشـت و دوورگـەو دارسـتانی جیاجیـادا دەمـان گێـڕێ، نـەریت و ڕەوشـتی تایبـەتی هـەر شـوێنێکمان وەك خـۆی پیـشان دەدات، ڕۆمانەکـە ئەنـسکلوپیدیای ئـەو داسـتان و ئەفسانەو کەس و ڕووداوانەیە کە هەن یان بە خەیاڵی کالڤینۆ خۆی بەرجەستە کراون.

ماوەتەوە بڵێین ئیتالۆ کالڤینو ساڵی( ١٩٢٣ )لە (سـانتیاگۆ دلاس) و کاسـی (کوبـا) لە باوك و دایکێکـی ئیتـاڵی لـەدایك بـووەو سـاڵی(١٩٢٥) بەتـەواوی گەڕاونەوتـەوە زێـدی خۆیـان. بـاوك و دایکـی پـسپۆڕی زانـستی سروشـت و گیاناسـی بـوون، ئەمـە کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر نووسینی ئەم ڕۆمانە هەیە.

کالڤینو بێجگە لە ڕۆمان گەلێك کورتەچیرۆکی دانسقەی هەیـە، هەنـدێکیان چـیرۆکی ڕیالیزمین و لە سەرەتای لاوێتیدا کاتێك لەگەڵ پارتیزانەکاندا شەڕی بـەرگریی کـردووە نووسیونی و هەمان مۆرکی پێوەیە. لە کارە هەر دیارەکانی تـری (شـارە نادیارەکـان)ە کە باسی چەند شارێکی بەخەیاڵ دروستکراوی خۆی دەکـات. ئـەم نووسـەرە داهێنـەرە ساڵی( ١٩٨٥) هەر لە ئیتاڵیا کۆچی دوایی کرد.

ڕۆمانەکە بەناوی (بارونی درەخت نشین)ەوەیەو (مەهدی سـەحابی) وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانی فارسی.

# (شاری مۆسیقارە سپیەکان )

شاری مۆسیقارە سپیەکان بەپێی ئەو ڕەهەندە خەیاڵیانەی بنیاتی کەس و ڕووداوەکانی لەسەر کراوە ستراکتۆرێکی (یۆتۆپی) هەیە، بەو مانایەی کە خەون ڕووبەری هەرە فراوانی داگرتووەو چالاکی و بزاوت و یاسا گشتییەکەشی بە هەمان مەبەست داڕێژراون، چونکە ناتوانیت لە واقیعدا وێنای جێگایەك و کۆمەڵگایەکی وابکەیت کە توانای لە خۆگرتنی سیستمی ئاکارو یاساو ڕەهەندو چالاکییە گشتیەکانی کۆمەڵگای ئێستای مرۆڤایەتی تیایدا بەو جۆرە بێت، واتا لۆژیکە باوەکان توانای شرۆڤەکردن و پیادەکردنی چ یاسایەکی تایبەتی بە خۆی نییە بۆ دۆزینەوەی دیاردەو ڕەهەندە جیاوازەکانی ناو ئەو دنیایە، بۆیە هەموو ڕووداوەکانی ناو ئەو جێگا- ناجێگایە وابەستەی خەیاڵی هونەرمەندێکن کە توانیویەتی لە ناو پەراگەندەبوون و گەندەڵی واقیعەکەدا ئەڵتەرناتیڤێك بدۆزێتەوە کە خەونی سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، بۆ نموونەو سەلماندن ئەم شارە- ناشارە وەك لە دەقەکەدا باسی لێوەکراوە: شارێکە وەك خەون، شارێکە هەرگیز خۆر تیایدا ئاوا نابێت، شەوی کووچەکانی کۆتاییان نیە، بەردەوام لە بەهارێکی جاویدانیدایە، هەموو مرۆڤێك لەم شارەدا بە ویستی خۆی ناوی شەقام و شوێن و باخ دەنێت، مرۆڤ ئازادە بە چ زمانێك قسە بکات و چ ناوێك بۆ خۆی و شتەکانی هەڵبژێرێت.

لەم شارەدا شەقامێك هەیە ناوی شەقامی (فرمێسکی کەمانچەیە) دەیان کەمانچەژەن بە جلی سپییەوە لە بالکۆنەکاندا کەمانچە دەژەنن، دەتوانن بفڕن و

بنیشنەوە، کەس سەیری کەس ناکات. لەو شارەدا مردوو زیندوو دەبێـتەوە. مـرۆڤ بـە مۆسـیقا دەژی. شـارێکە کـەس توانـای ئـەوەی نیـە ئەمـسەرو ئەوسـەری تـەی بکات.

لـە هەمانکاتـدا ئـەم شـارە پەیامێکـە بـۆ دانیـشتوانی سـەر زەوی، ئـەم پەیامـە هەقیقەتێکی لەخۆگرتووە دەبێت بەو مرۆڤانە بگات کە تۆزو گـەردی ژیـانی ڕۆژانـە ڕاسـتیی لـێ شـاردونەتەوە. ئـەو کەسـەی پەیامبـەری ئـەم پەیامەیـە (جـەلادەتی کۆتر)ە، جەلادەت تێکەڵەیەکە لەنێوان مرۆڤ و فریشتەدا، مۆسیقارەو لەناو خـەڵکی و لە جێگایەکدا دەتوانێت بژی و قسەی وەك ئەوان بکـات، بـەڵام هەمیـشە پۆلێـك باڵنـدەی سـپی لەگەڵدایـە، بـۆ هـەر جێگایـەك بـچێت بـە دوا یـەوەن. ئـەو بـە ئەسپێکەوە بەناو شەڕو ئاگردا لـە باشـوری عێراقـەوە دەگاتـە کوردسـتان. لـە هـەر جێگایەکیشدا لێی بقەومێت و ڕێگای سەخت و دووری لەبەر بێت ئەسپەکە دەگاتـە لای و دنیای دەگێڕێت. پەیامەکەی جەلادەت لە تابلۆیەکدا بەرجەسـتەکراوە کـە بـە کۆڵیەوەیـەو هـەموو کوچـەو گـوزەرو شـەقامێکی تـاریکی دەگێڕێـت. لـە دەرگـای جیاواز دەدات، بەڵام تابلۆکە بە هەموو کەسێك نادات، ئەو خوازیـاری ئـەو جـۆرە کەسانەیە کە لەم ژیانە بێزارن و خەون بە ژیانێکی ترەوە دەبینن، بەڵام ڕاسـتییەکە ئەوەیە کە بوونی شارێکی وا لە سەرەتای دروسـتبوونەوە تـا هۆشـیاری پەیـداکردنی مرۆڤ بە گەردوون و سروشت و دیاردەکـانیش تـەنیا لـە چوارچـێوەی خـەیاڵی مـرۆڤ خۆیدا ماوەتەوەو نەکەوتۆتە سـەر زەمینـەی واقیـع. ئـەوە کۆمارەکـەی ئـەفلاتون و کۆمیـدیا خواییەکـەی دانتـی وشـارە پاکیزەکـەی فـارابی وبەهەشـتە بەرینـەکانی پەیامبەری ئاین و کۆمەڵگا بێ چینەکەی مارکسن.

بەڵام ئایا ئەم خەونە هەموو ئاستەکانی تری ڕۆمانەکەی گرتۆتەوە؟ چونکە ئێمە لە گەلێك برگەی ناو ڕۆمانەکەدا ڕووبەڕووی واقیعێك دەبینەوە کە خۆمان تیایدا ژیاوین. یان لە یادەوەریماندایە!

پرۆسەی کردنی واقیع بە خەیاڵ و پێچەوانەکەی بە گشتی نهێنی نووسینە، یان فێڵی داهێنانێکە کەمتر مرۆڤی ئاسایی پەی پێ دەبات، هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی لە دنیادا نیە، بەوانەیشەوە کە لافی ئەدەبی ڕوت و پاکژ لێدەدەن، تۆوی واقیع لە منداڵدانی کارەکەیاندا نەبێت. مارکیز کە لە بنیاتنەرانی ڕیالیزمی ئەفسوناویە کارەکانی بە واقیعی ڕووت دادەنێت و لە لێکدانەوەی هەر حاڵەت و ڕووداوێکی سەیردا شرۆڤەیەکی زۆر ڕیالیزمانە دەکات کە نەتوانیت گوێ بۆ ڕاستیەکەی ڕانەدێریت.

لەم ڕۆمانەدا بەختیار لەسەر هەردوو ئاستەکە کاری کردووە، تەنانەت لەسەر ئاستی کاراکتەرەکانیش هەروایە. ئەو کەسانە وەك لە دەقی نێو ڕۆمانەکەدا هاتووە نیوەیان لە ئاسمانەو نیوەکەی تریان بە زەویەوە نووساوە، جارێك باڵندە هاوڕێ و دۆستیانەو جاری دی مرۆڤ. دەشێت بەناو تەم و خەرەندو چیای سەخت و لەشکرگای دوژمندا بڕۆن و تۆ نەتوانیت پرسیاری خەوو خواردن و چۆنیەتی تێپەڕبوون و حەسانەوەیان لێ بکەیت، مەبەستم لەو پرسیارانەیە کە واقیع دەیانسەپێنێت، دەشێت جەلادەت و سەرهەنگ دوو فلووتژەنی چاك بن و تۆ نەتوانیت پرسیاری ئەوەیان لێبکەیت ئەمە لە کوێ فێربوون و مامۆستاکەیان کێیە! گەلێك لە کاراکتەرەکان بە ڕواڵەت مرۆڤن، بەڵام دەفڕن، دوو باڵیان پێوەیەو هەموو دنیا دەگەڕێن (بڕوانە وێنەی سەرەتاو کۆتایی بەرگەکە کە تێکەڵەیەکی نێوان فریشتەو مرۆڤە) ئەوانە لە هەندێك مەیل و ئارەزووی ڕۆژانەدا مرۆڤی

ئاساییین، کەچی لە بڕگەی تردا پەپوولەو فریشتەو هەواو گوڵن. بۆیە مرۆڤ لەم ڕۆمانەدا هەقیقەتێکی جێگیری نیە ئەوەندەی لەنێو یارییەکی خەیاڵیدا دەجوولێت و کاردەکات. حەزدەکەم لێرەدا ئەم ڕایەی من وا وەرنەگیرێت کە مرۆڤەکان وابەستەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و حەتمیەتی هەستەکانی چرکەساتی خۆین، بۆ نموونە وەك کاراکتەرەکانی (دۆستۆیفسکی). تەنانەت چ بزواتێکی سایکۆلۆژیش لەدوای کارەکانەوە نیە یا من هەستم پێ نەکردووە. لەپشت گۆڕانەکانەوە ئەنگێزەیەکی فەنتازی هەیە، یان با بڵێم لای (بەختیارعەلی) مرۆڤ چەندە ئۆدیبە ئەوەندەیش دۆنکیشۆتە .

تا ئێستا پۆلێنکردنی ڕۆمان لەسەر ئەو بنەما تەقلیدیەیە کە ڕەخنەگرو باسکاران دایان ناوەو بەپێی بابەت ناوزەدیان کردووە، وەك ڕۆمانی مێژوویی، سایکۆلۆژی، خەبات و بەرگریی، کۆمەڵایەتی، خۆشەویستی، پۆلیسی... هتدمن ناوێکی تازەم بۆ ئەم ڕۆمانە هەیەکە دەچێتە خانەی (ڕۆمانی کەرنەڤاڵی) بیەوەو بەو مانایەی ناتوانین وەك بابەت ناوێکی دیاریکراوی لێبنێین، یان لەسەر پنتێك چەقی پێ ببەستین و ڕەگەزێکی زاڵی لەو بابەتانەی بۆ دروست بکەین. ئەم ڕۆمانە درەوشاوەترین چەمکی جوانی، لێبوردەیی، خۆشەویستی، مەرگ، نەمریی، بیر، ئەفسانەو خەیاڵی تیایە، لێوان لێوە لە مۆسیقا، چ مۆسیقای ڕۆحی کەسەکان و چ مۆسیقای ماددی. پڕە لە بۆکرۆزی ئەنفال و زایەڵەی ڕاپەڕین و مەرگی بە کۆمەڵ و ئاوارەیی و تراژیدیا ئینسانیەکانی ناوجەرگەی شەڕ، بۆنی خۆش و نیگاری دەگمەن. نارەزایی و تووڕەبوونی جوان، حیکایەت و چیرۆکی جیاجیا. ئەمانە هەمیشە لەنێو کارەسات و جوڵەی کاراکتەرەکاندا زاوزێ دەکەن و بێدەگەن، عاشقەکان عەشقی ئاساییان نییە، بەڵکو هەموویان دەبنە قوربانی

خۆشەویستەکەیان. (دالیا سیراجەدین) لەپێناوی خۆشەویستی یەکێکدا دنیا بە کۆڵا دەدات و تەنانەت بە بەهاترین شتی خۆی دەفرۆشێت کە جەستەیەتی. (سامیری بابلی) لەپێناوی پاکبوونەوەدا ئامادەی خۆکوژییە. مرۆڤ لەم ڕۆمانەدا هەڵسەنگاندنی کۆنکرێتی بۆ ناکرێت و بڕیار لەسەر بزاوتەکانی نادرێت. ئەوان بەمانای تەواوی وشە مومارەسەی مرۆڤایەتی خۆیان دەکەن، بەدەر لە کاریگەرییەکانی دەرەوە کە ڕەنگە ڕەوتی ژیانی هەندێکی گۆڕی بێت، بۆ نموونە سامیری بابلی ئەفسەرێکی دری ڕژێمی بەعسەو بەشداری کاولکردنی کوردستانی کردووەو جەستەی گەلێکی شێواندووە. لەوانە (حەلیم شێواز) کە سامیر پێستی نیوەی دەموچاوی لێکردۆتەوەو بە مشار چەناگەی بڕیوە، ئەمەندە سەروچاوی شێواوە کە تەواو دزێو بووەو ماوەی شەش ساڵە لە ژوورێکدایەو بێجگە لە هاوڕێیەکی و خوشکەکانی کەسی تر نایبینێت، چونکە ئەو دەزانێت لەم کۆمەڵگایەدا ئەوەندە ڕووکەش گرنگە بەو ئەندازەیە ڕۆح و جوانیەکانی ناوەوە بایەخیان نیە، وەك خۆی دەڵێت:" گەمژەیەکی جوان لە هزرمەندێکی ناشیرین گرنگترە" کەچی ئەم مرۆڤە لە سامیری بابلی خۆش دەبێت و نایەوێت تۆڵەی لێبکاتەوە. هەروەها چەند کەسێکی تریان کە هەر بە هەمان شێواز بە دەستی سامیر لووتیان بڕاوەو بە قەپاڵ گونیان لێکراوەتەوەو چاویان دەرهاتووەو مەمکیان بڕاوە.

ئەمانە گیانی لێبووردەییان ئەوەندە گەشاوەیە کە لەو تاوانبارە خۆش دەبن و دەیدەنە دەست ئازارەکانی ویژدانی خۆی، چونکە بۆ دواجار لەوە گەیشتوون کە کوشتنی سامیر چ برینێکی ئەوان سارێژ ناکات و لێبوردنیش لە کاتی دەسەڵاتدا مەزنترە وەك لە کاتی تردا. یەکێك لە مەبەستە هەرە سەرەکیەکانی ئەدەب

دۆزینەوەی جوانییە لە ناشیرینترین بوونەوەردا یان بە پێچەوانەوە، بەها باوەکانی ناو کۆمەڵگاو ئەو پێوانە ئیستاتیکی و ئاکاریانەی بۆ ئەو دوو چەمکە دانراون نابنە هەمان پێوانە بۆ دۆزینەوەو دەستنیشانکردن لە ئەدەبدا، بۆیە گەلێك جار ئەدەب و مێژوو دەبنە دوو سەری جیاواز بۆ فەرمانە ئاکاریەکانیان. لەم ڕۆمانەدا ئەو ڕاستیانە دیارن، بۆ نموونە سامیری بابلی بەپێی بەهای کۆمەڵایەتی و سیاسی مرۆڤێکی دزێوەو شیاوی نەفرەت لێکردنە، چونکە دەیان تاوانی بەرانبەر بە مرۆڤی ترو کەسانی بێ تاوان کردووە، بەڵام کە دەبێتە کاراکتەر لە دەقێکی هونەریدا مامەڵەی ڕووتی مرۆڤانەی لەگەڵدا دەکەیت لە هەلومەرجی تایبەتی خۆیداو ئەوسا دەشێت بەرانبەری سۆزدار بیت. (دالیا سیراجەدین) بەپێی نەریتی باوو چاوی ئاسایی ژیان ژنێکی بێ ڕەوشتی لەشفرۆشە، وەلێ خۆشەویستی و تێکۆشان و قوربانیەکانی بە پاکیزەیی دەیهێڵنەوەو خۆشەویستییەکی گەورەی پێ دەبەخشن. هەروەها ڕێز بۆ ئەو ڕقە دادەنێیت کە شاناز سەلیم بەرانبەر جەلادەتی هەیەو بە گرتی دەدات و ئازاری پێ دەچێژێت، چونکە بەرگریکردنە لە خۆشەویستییەك کە جوانترین بەهای لای ئەو داناوەو ناتوانێت ناپاکی لەگەڵدا بکات. لێرەدا تەنیا ئەوە دەمێنێتەوە کە ئایا نووسەر ئەوەندە هونەرمەندە بتوانێت قەناعەتە نیگەتیڤەکەی واقیع بکاتە پۆزەتیڤی ناو دنیای هونەر؟ ئەمەیان ڕاستگۆییەکە کە زۆرجار واقیع خۆڵی بەسەردا کردووەو مێژووی پێ شێواندووەو دواجار ئەدەب ڕاستی کردۆتەوە.

٢٢ /٢٠٠٦/٢

# ڕۆمانی.. وەك ئاو بۆ چوکلێت

خوێندنەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی گرنگ وکورتکردنەوەی بۆ چەند پەیڤێك کارێکی ئاسان نییەو بەڵکو دژواریشە، لە کاتێکدا ئەو ڕاستیە بزانیت کە بەرهەمێکی وەك ڕۆمان جەمسەری لێکدانی گەلێك ڕەگەزی جۆراوجۆری هونەری و لێکدانەوەی فیکرییەو لە کورتکردنەوەی ئەو مەبەست و ئاماژانەدا زۆر لەو جەوهەرانە لە دەست دەچن، ئەمەیش، چەندە مەبەستەکە بە بایەخ و کەڵکی تری لەخۆ گرتبێت ڕوانینێکە هەر لە دیدی خوێندنەوەی بەرهەمە فیکری و تیۆری و ڕووناکبیرییەکانەوە هاتووە کە ئەمیان ئاسانترو پاساوی قەناعەتپێکەری خۆی هەیە، بەڵام خوێندنەوەی کارێکی هونەری وەك ڕۆمان و وەستاندنی لە چەند وێستگەیەکی گێڕانەوەدا لە دەستدانی گەلێك ڕەگەزی ئیستاتیکی ناوازەیە، چونکە بەشێکی هەرە گرنگی ساختمانی کارەکەیە کە دەشێت نووسەر لە هەر ڕەگەزێکی تر زیاتر ماندووی کردبێت و داهێنانێکیش بێت لەو دنیایەدا، لەبەرئەوەی کارەکە هونەرەو لەوە دەچێت بە پارچە مۆسیقایەك یان قەسیدەیەك بڵێیت باسی چی دەکات، لە کاتێکدا کارەکان وەك (هونەر) خۆیان ئامانج و مەبەستن و دەشێت ئەو جوانکاریانە قابیلی گوێزانەوە نەبن لە ڕێگای وشەوە.

لە نێوەندی ڕووناکبیری و ژورنالیستی ئەمڕۆدا خوێندنەوەی کتێب بۆتە کارێکی باو، کەسانی پسپۆڕ لەو بوارانەدا مەبەستەکان پوخت دەکەنەوە بۆ ڕادەربڕین و بۆچوونی خۆیان، بەتایبەت بەرهەمە فیکری و ڕووناکبیرییەکان کە زیاتر بۆ

گفتوگۆو چەندو چوون لەسەرکردن دەست دەدەن. دیارە هەندێك ناچاری هەن کە دەستت بۆ کاری هونەری و ئەدەبیش پێ درێژ دەکەن، چونکە یان بەرهەمەکە لە زمانێکەوە وەردەگیرێت و بۆ خوێنەری زمانەکەی خۆت کورت دەکەیتەوە کە زۆربەیان بەو زمانە ئاشنا نین، یان کارەکە زادەی بیرێکی دەگمەن و داهێنەرانەی بوارەکەیەو خودی خۆت کارەکە هێند سەرنجی ڕاکێشاویت کە لە حەزی خۆتەوە دەتەوێت پێناسەیەکی بۆ خوێنەر بکەیت و چەند بتوانیت چێژی بەرهەمەکەی پێ بگەیەنیت، کە بێ گومان ناتوانیت وەك خوێندنەوەی خودی دەقەکە هەرگیز ئەو پرۆسەیە بە ئەنجام بگەیەنیت.

ژنە نووسەری مەکسیکی (لورا ئسکوڤیل) ڕۆمانێکی بەناوی وەك ئاو بۆ شوکلات (متل اب برای شکلات) نووسیوەو خاتوو (مریەمی بەیات) لە زمانی ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە فارسی کە ناونیشانە ئینگلیزییەکەی ( LIKE WATER FOR CHOCLATE)ە.

ڕۆمانەکە دوانزە بەشەو هەر بەشەی بەناوی یەکێك لە مانگەکانی ساڵەوەیە. واتا لە مانگی ژانیوەریەوە دەست پێدەکات و لە دیسەمبەردا کۆتایی دێت. سەرەتای هەموو بەشێکیشی بەو کەرەسانە دەست پێدەکات کە بۆ ئامادەکردنی خۆراکێك (لە چێشتەوە بیگرە تا کێك و سوسیس و شیرینی تر) پێویستن و ژنەکانی ئەو ماڵە دروستی دەکەن، بۆ نموونە لە مانگی (مەی)دا ئەو کەرەسانەی پێویستن بۆ دروستکردنی (سوسیس بەشێوەی باکور) ئەمانەن:

١ـ هەشت کیلۆ گۆشتی گردە.

٢ـ دووکیلۆ گۆشتی سەر یان مۆخ و پەناگوێ.

٣ـ یەك کیلۆ بیبەری سوری وشك.

٤ـ شەست گرام زیرە.

٥ـ شەست گرام جاترە.

٦ـ سی گرام بیبەر.

٧ـ شەش گرام مێخەك.

٨ـ دوو فنجان سیر.

٩ـ دوو لیتر سرکەی سێو.

١٠ـ یەك چارەکە کیلۆ خوێ.

پاشان دێتە سەر شێوەی تێکەڵکردن و پوختەکردنی ئەو ماددانەو ئامادەکردنیان بۆ دروستکردنی سوسیس. هەروەها هەموو ئەوانەی کە لەم کارەدا بەشدارن ژنن و لە چێشتخانەی ماڵی دایکە (ئیلنا)دا دەکرێن، بێجگە لە دۆخی چێشتخانەو کاراکتەری ژن هەموو ڕووداوی ناو ڕۆمانەکە بەسەرهاتی ژنن، لە خۆشەویستی، شووکردن، منداڵبوون، پەیوەندیی سێکس و کۆمەڵایەتی، دایکسالاری، هەڵچوونە دەروونی و سایکۆلۆژییەکانی تایبەت بە ژن. بۆیە دەتوانین بەم بەرهەمە بڵێین (ڕۆمانی ژن)، لەبەر ئەوەیش کە نووسەرەکەی ژنە ئیدی زیاتر هەست بە ئازارو خەم و خۆشی و فرمێسك و پێکەنین و تەنانەت دیاردە هەرە شاراوەکانی فسیۆلۆژی ژن دەکەیت.

شوێنی ڕوودانی کارەساتەکان لە ماڵی (ماما ئیلنا)وەیە کە دوای مردنی مێردەکەی بۆتە خاوەنی مەزرەعەکەو بەتەواوی مانا ڕژێمی دایکسالاری پیادە دەکات. بەرانبەر بە کچەکانی (تیتاو ڕوسوراو گرترودیس) زۆر دڵڕەقە، ڕێگا لە خۆشەویستییان دەگرێت و بێجگە لە فەرمانی خۆی گوێ لە هیچ ڕایەکی تر ناگرێت. بۆیە گرترودیس لە دەستی ڕادەکات و لە شوێنێکی تر شوو دەکات.

ڕوسوراو شوو بە (پیدرۆ) دەکات کە تیتای خوشکی خۆش دەوێت و تیتایش بـەپێی ڕێوڕەسمی خۆیان نابێت شوو بکات تا دایکی دەمرێت، واتە دەبێت لە ماڵدا دەوری کەنیزەك ببینێت. لە خۆشەویستی نێوان تیتاو پیدرۆو قایل نەبوونی دایکە ئیلنا بـە بەشودانی تیتاو لە باتی ئەو مارەکردنی ڕوسورای خوشکی تیتا بە پیدرۆ تراژیـدیای ڕووداوەکە دەست پێدەکات، چونکە پیدرۆ هەر بۆ ئەوە ڕوسورا دێنێت کـە لـە تیتـا دوور نەکەوێتەوەو هەمیشە لەبەرچاوی بێت، لەبەرئـەوەی کـە زۆری خـۆش دەوێـت، بەڵام تیتا لە بەردەم بڕیاری دایکیا ناتوانێت چ بەرهەڵستیەك بکات و سەری بـەزۆر قایلبوونی دادەنـەوێنێت. تیتـا لـە ماڵیـدا بێجگـە لـە چێـشتلێنان و خزمـەتکردنی دایکی چیتر ناکات و بەردەوام دەیەوێت خۆشەویستییەکەی پیدرۆ لەخۆیدا بمرێنێـت، کەچی هەموو ڕێکەوتەکان لە نزیکخستنەوەی ئـەم دوانـەدان، بـۆ نموونـە کـە پیـدرۆ کوڕێکی لە ڕوسورا دەبێت دایکەکە شیری نیە بیـداتێ، بۆیـە منداڵەکـە دەکەوێتـە ژارو ژەنگ و هیچ شتێك ناگرێت بێجگە لە مەمکی تیتـای پـوری کـە کـچەو بـۆی دێتە شیر، هەروەها نەخۆشی زۆرو ناجۆری ڕوسورا وا دەکات کە پیـدرۆ تـەواو لێـی ببێزرێت و زیاتر خووبداتەوە بە تیتـا. لـە کاتێکدا کـە ئیلنـای دایـك بـەردەوام لـە سووسـەکردن و چـاودێری هەردووکیاندایـەو ناهێڵێـت دەرفـەتی ئـەوەیان دەسـت بکەوێت بەیەکتری بگـەن، ئەگەرچـی لـەدوای نەخۆشـکەوتنی تیتـاو حـەزکردنی لـە دکتۆر (جان) باری ڕووداوەکان بەرەو ئارامی و کرژی حاڵەتی دەروونی کەسـەکانیش ڕوو لە نیشتنەوەن، بەڵام نووسەر جارێکی تـر خوێنـەر ئابڵوقـە دەدات و سـەرەداوی تری بۆ دەهۆنێتەوەو حاڵەتە دەروونییەکەی کرژ دەکاتەوە. بـەوەی کـە دایکـە ئیلنـا لـە شـەڕی یاخییەکانـدا خەسـت برینـدار دەبێـت و لـە ماڵـدا دەکـەوێت و پاشـان دەمرێت، بۆیە بە ناچاری پیـدرۆو ژنەکـەی دێنـەوە سـەرماڵ و پیـدرۆ دەبێتـە تاقـە

پیاوی خێزانەکەو پەیوەندیەکە لەگەڵ تیتادا زیاتر دەکاتەوە. تا ئەو کاتەی کە ڕوسورایش دەمرێت و پیدرۆ تیتا دەخوازێت و لە پڕا ئەویش دەمرێت، ئەوسا تیتا تەنیا دەکەوێت و دەکەوێتە گەڕان بەناو نهێنییەکانی دایکی و ژوورەکانداو ئەم ئەنجامانەی دەست دەکەوێت:

کاتی خۆی دایکی تیتا (ماما ئیلنا) حەزی لە پیاوێکی ڕەشپێست کردوە بەناوی (خوزێ تیرونیوی) و دایك و باوکی نەیانداوەتێ، کە بە ناچاری شووی بە باوکی تیتا کردوە ئەو پەیوەندییەی هەر ماوەو یەکێك لەم کچانە (گرترودیس) لەو پیاوە ڕەشپێستەیە. دیارە هەر ئەمەیش بۆتە گرێی دەروونی ئیلنا کە لە پێوەندی لەگەڵ کچەکانیدا ڕەنگی داوەتەوەو بە هەموو خۆشەویستییەك دڕدۆنگ و ناجۆربووەو نەیویستوە کچەکانی بەخۆشەویستی شوو بکەن. (ئەم ڕاستیانە لەو نامانەدا دەردەکەون کە تیتا لەناو شتومەکی نهێنی دایکیا دەیدۆزێتەوەو دەیەوێت لەناویان بەرێت و پاشان وەك خۆیان دەیان هێڵێتەوە).

ڕۆمانەکە چەندی واقیعە ئەوەندەیش بە خەیاڵ و فەنتازیایە، بەردەوام گیانی دایکە ئیلنا (دوای مردنی) لە ناوماڵەکەدا دەگەڕێت و چاودێری هەڵسوکەوتی تیتا دەکات و سەرکۆنەو تووشی ئازاری ویژدانی دەکات.

مردنە بەردەوام و کوتوپڕەکانی -ڕوسولا، ئیلنا، ناچا، پیدرۆ، تیتا- تەعبیرن لە ڕۆحی پڕ لە ئەفسونی خەیاڵئامێزانەی نووسەرو ئەو شوێنەی ڕۆحیانەتەکان خۆیان تیا حەشارداوە.

تارمایی (ناچا) کە دوای مردنی لەژێر زەمینەکەدایەو لە شەوی زەماوەندی تیتاو پیدرۆدا دوو سەدو پەنجا مۆم دادەگیرسێنێت. هەڵاتنی بەرازو گاو کوڕکوڕو کۆترو مریشکەکانی کێڵگەکەو فرمێسکەکانی تیتا کە دەبنە لافاوو مەرگە

ئەفسانەییەکەی، هەموو ئەمانە خەیاڵی ناوازەی نووسەرن کە وەك سیمایەکی ئەدەبی ئەمریکای لاتین ناواقیعەکان دەگۆڕنە سەر واقیع و قەناعەتی هونەریانە بە خوێنەر دێنن، بەتایبەتی مردنی پیدرۆ لە شەوی زاوایەتی و لە باوەشی تیتادا، پاشان هەر لەو شەوەدا مردنی تیتاو گەیشتنی ڕۆحی هەردووکیان لە ڕێگای بەرەو بەهەشت چوونیاندا.

ماوەتەوە بڵێین ئەم ڕۆمانە دووجار لە ئێران چاپ کراوە( ١٣٧٦ و ١٣٧٨) لە بڵاوکراوەی (انتشارات روشنگران و **مطالعات** زنان)ە

رەوەن بێگەرد

# ڕۆمانی... هەواڵی فڕاندن

بە پێچەوانەی زۆربەی ڕۆمانەکانی تری (گابریل گارسیا مارکیز)ەوە، کە لەسەر زەمینەی خەیاڵ و فانتازیا بنیات نراون و، ریالیزمی ئەفسوناوی — بە مانا فۆرمیەکەی مارکیز — پاوانی سەرجەم ڕووداوو بزاوتی کەسەکانی دەکات، ڕۆمانی (هەواڵی فڕاندن) بنەمایەکی واقیعی و ئاسایی هەیە، ڕووداوی نێو ئەم ڕۆمانە لەو کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەوە سەرچاوەی گرتوە کە لە کۆلۆمبیا بە تایبەتی و ئەمریکای لاتیندا بە گشتی زەمینەیەکی شیاویان بۆ ڕەخساوە و ڕژێمەکان تەنیا دەستی بێ توانابییان لە بەرانبەردا هەڵدەبڕن. ئەمەیش وەك ئەنجام هەر بەشێکە لەو بابەتانەی کە بەردەوام مارکیز کاریان لەسەر دەکات، کە ئەویش ڕووت کردنەوەی ڕووی ڕاستەقینەی ئەو ڕژێمانەیە لە سایەی سەرەکیترین فاکتەری بزۆزەوە کە دیکتاتۆرەکانی ئەو ناوچەیەن، بێگومان هەریەك بە شێوازی خۆی، کە باشترین نموونەی ئەمیان لە ڕۆمانەکانی سەد ساڵ تەنیایی و پایزی باوك سالاردا دەردەکەون.

پوختەی ڕووداوی نێو ڕۆمانی (هەواڵی فڕاندن) بەم جۆرەیە:

شوێن: کۆماری کۆلۆمبیای وڵاتی خودی مارکیزە.

کات: سەرەتای ساڵەکانی نەوەدی سەدەی ڕابوردوە.

قاچاخـچیەکانی تلیـاك و مـادە سـڕکەرەکانی دی لەوپـەڕی چـالاکیدان، بنکـە و بارەگایان دیارە و سەرۆکیان ناسراوی هەموو لایەکە. هەر تـەواو وەك دەوڵـەت کـار ئەنجام دەدەن و بە هەندێك کارگوزاری بەسـوود رووی دانیـشتوانیان لـە خـۆ کـردوە، تەنانەت بە پارێزەری خۆیانیان دەزانن و لە رژێمە سیاسیەکەیان لاباشـترە. سـەرۆکی قاچاخچیەکان (پابلو ئیسکوبار)ە کـە شـاری (میـدلین)ی کردۆتـە بارەگـای خـۆی و بنکـەی دەسـتووردان و بـە ئـەنجام گەیانـدنی چـالاکیەکانیان. دەوڵـەتیش بـە سـەرۆکایەتی سـەرکۆمار (گابریـا) بڕیـاری ئـەوەی داوە ئـەو رێکخـراوە ترسـناکە پاکۆبدات و ئەندامەکانی بداتە دەست ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا بۆ لێپێـچانەوە و دادگـایی کردنیـان. بەرانبـەر بـەم هـەنگاوەی دەوڵـەت بزاوتـی قاچاخـچیەکان زیاددەکات و مەرج و بەڵێن و دانوستان لەگەڵ رژێمدا دەهێننە گۆڕێ. (ئیـسکوبار) هەموو رێگایەکی ترساندن و کوشـتن و فڕانـدن لـە دژی ئەوانـە دەکـات کـە سـەربە دەوڵەتن، یان لە دەزگـا گرنگەکانیانـدا کاردەکـەن، لەسـەرو ئـەو داواکاریانـەوە کـە هەیانـە پەشـیمان بوونـەوەی دەوڵەتـە لـە بڕیـاری بەدەسـتەوەدانیان بـە ولاتـە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و نەهێشتنی چالاکیەکانی پۆلیسە کە ئەوان بـەبێ یاسـایی و زۆرداری لـە قەڵـەمی دەدەن. یـەکێك لـەو شـێوازی فـشارەی کـە دەیانـەوێت لـە دەولەتی بکەن فڕانـدنی چـەند کەسـێکی نـاوداری دەزگاکـانی راگەیاندنـە، لـە ژن و پیـاو، لەوانـە: ماروخـا باتـشونی ژنـی ببیامیـساری نـاودارە. ماروخـا ژنێکـی رۆژنامەنووسـە، یەکێکـە لـە هـەرە چـالاکەکانی کـەناڵی تەلـەفزیۆن و رادیـۆ، لـە خێزانێکی بەناوبانگە، بەرێوەبەری دەزگایەکی بەرهەمهێنەری سینەمای دەولەتیـە. (مارینا مونتیا) کچی یەکێکە لە کۆنە سەرکۆمارەکان و دوای ماوەیەك لـە گرتنـی

و بـۆ هەڕەشـەکردن لـە دەوڵـەت و بەدەنگـەوە نـەهاتنی مەرجـەکانیان دەیکـوژن.

(باتشوسانتوس) ڕۆژنامەنووسێکی ڕووناکبیرە.

(بیاتریس) دشی ماروخایە.

(دیان تەریبە) ئەمیش لەو ڕفێنراوانەیە کە قاچاخچیەکان دەیکوژن.

لەو سەردەمەدا گرتنی پۆلێك لە ڕۆژنامەنووس و ئەنـدامی دەزگاکـانی ڕاگەیانـدنی دەوڵـەتی زەبرێـك بـوو لـە دەسـتەڵاتی فـەرمانڕەواکان و لـە دەرەوەیـش کـارێکی بەناووسەنگ بـوو، بۆیـە هـەر لـەو سـەردەمەدا گـەلێك لـەو ژورنالیـستانە بوونەتـە قوربانی توندوتیـژی و ئـەو کێـشە هەراشـانەی لـە نێـوان ڕێکخـراوە ترسـناکەکان و ڕژێمەکاندا بەرپابووە.

بارەگای نهێنی قاچاخچیەکان و، ئەو خانوانەی کردوویانەتە زیندان بـۆ گیراوەکانیـان جەنگەی هەڵگیرسانی هەموو ڕووداوو بزاوتی ناو ڕۆمانەکەن. مـارکیز زۆر بـە وردی وێنەی ئەو شوێنانەی کێـشاوە و کەسـەکانی بەرجەسـتە کـردوون، پەیوەنـدی نێـوان خودی پاسـەوانەکان، یـان پەیوەنـدی پاسـەوان و گیراوەکـان، هـەروەها ئـەو حاڵەتـە دەرونیە هەڵچوەی کە بەردەوام کاری لەسەر ژنـە گیراوەکـان بـووە و کاردانەوەیـەکی نائاسایی خولقاندوە. دیارە مارکیز چەند ڕەگەزێکی تری بەکارهێناوە بۆ وروژانـدنی ئەو حاڵەتە دەرونیانە و دەوڵەمەنـدکردنی فـەزای کارەکـەی و بەزینـدو هێـشتنەوەی کاراکتەرەکانی. لەو ڕەگەزە گرنگانە تەلەفزیۆنی ناو ژوری گیراوەکانە کـە هەمیـشە و بە حـوکمی ئـەوەیش کـە خـودی گیراوەکـان ئەنـدامی چـالاکی بـەڕێوەبردنی ئـەو کاناڵەن فاکتەری سەرەکی ئەو هەڵچوون و داچـوونە دەرونیانەیـە و، دەیانـەوێت لـەو

ڕێگایەوە، پەرلەیەك یان رازێكی نهێنیان بۆ برەخسێت یان دەنگی ئەمانیان بگاتێ.

هەر لە ڕێگای وردەكاریەكانی ماركیزەوە — چ لە وێنەگرتنی جێگا و ساختومان و گەڕەك و، چ لە خودی كەسەكانەوە — خوێنەر دەتوانێت باری ژیانی كۆمەلآیەتی كۆلۆمبیا و رژێمەكەی و ئەو پەیوەندیە پارێزكارانەی لەناو خێزانەكانیاندا پیادە دەكرێن بەرجەستە بكات.

كۆتایی رۆمانەكە خۆ بەدەستەوەدانی سەرۆكی قاچاخچیەكان (پابلوئیسكوبار) و بەردانی گیراوەكانە كە سەرەكیترینیان ماروخا باتشونە.

ماركیز لە بارەی چۆنیەتی نووسینی رۆمانەكەوە دەڵێت:

"لە تشرینی یەكەمی ۱۹۹۳دا ماروخا باتشون و ئەلبیرتو پیامیسای مێردی پێشنیازی ئەوەیان بۆ كردم كتێبێك لە بارەی فڕاندنی ماروخاوە بنووسم كە شەش مانگ دەستگیركرابوو. باس لەو ئەزموونە بكەم كە لەو ماوەی شەش مانگەدا پیایدا تێپەڕیبوون و، ئەو هەوڵ و رەنجە سەختەی ئەلبیرتو دابووی تا رزگاری كردبوو. من هەنگاوێكی باشم لە ڕەشنووسی بەراییدا نابوو كاتێك لەوە بەئاگا هاتم كە ئەم كاری فڕاندنە ئەڵقەیەكە لە زنجیرەی نۆكاری فڕاندنی تر كە بۆیەك مەبەست و لەیەك كاتدا لە ولآتدا ئەنجام دراون، هەرگیز ئەوەیش نەدەكرا كە ئەم كارانە لە یەكدی جیا بكرێنەوە، لە راستیدا پرۆسەی هەر دەفڕاندنەكە لەیەكتر جیاواز نەبوون — وەك لە سەرەتادا ئێمە وایتێگەیشتبووین — بەڵكو فڕاندنی دەستەیەكی دە كەسی بوو كە بەوردی دەستنیشان كرابوون، كاتێك هەستمان بەم پەیدۆزەكرد من

ناچار بووم بە هەناسەیەکی ترەوە دەست بە بینای ڕۆمانەکە بکەمەوە. لەبەرئەوەی کەسایەتیەکان شوناسنامەی تەواو دیار و دۆخی تایبەتی خۆیان هەبێت. ئەوەی کردمان چارەسەرێکی هونەری (تەکنیکی) ڕۆمانێکی تێکچرژاو بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا کە بەو شێوەیە دەبوو کارەکە لە ساڵێکدا تەواو بێت کەچی نزیکەی سێ ساڵی خایاند، ماروخا و ئەلبیرتو هەمیشە لە هاوکاریەکی ورد و شیاوی مندابوون، تا ئەنجامەکە وا شکایەوە کە بەسەرهاتی شەخسی ئەو دوانە بوو بە تەوەری سەرەکی و هێڵی پێکەوە گرێدراوی کارەکە"

بۆ نووسینی ڕۆمانەکە مارکیز پەیوەندی بە هەموو ئەو کەسانەوە کردوە کە بەشداری تراژیدیاکە بوون و تا ڕادەیەکی زۆر ئازاریان تیا چەشتوە، تاقە مەبەستی مارکیزیش لە نووسینی –وەك خۆی دەڵێت- لەبیرنەکردنی ئەم کارەساتە دڕندانەیەیە کە ئەڵقەیەکە لە هولوکوستی تەوراتی و ماوەی بیست ساڵ زیاترە بەردەوام لە کۆڵۆمبیادا دووبارە دەبێتەوە.

دەمەوێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە کارکردنی مارکیز لەسەر ڕووبەری ژورنالیستی و دەزگای ڕاگەیاندن و گوزارشت لێکردنیان بەکاری داهێنانی وەك ڕۆمانەوە، لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە خودی مارکیز بە ڕۆژنامەنووسی دەستی پێ کردوە و هاتۆتە ناودنیای ئەدەبەوە، لە نووسین و تۆماری یاداشتەکانیدا زۆر ئاماژە بۆ ئەم لایەنەی ژیانی ڕوناکبیری خۆی دەکات. هەر لەبەر ئەمەیە کە هەندێك لە کەرەسەی سەرەکی ڕۆمانی مارکیز لە ڕۆژنامە و گوزارشتەکانیەوە سەرچاوەیان گرتوە. لەوانە هەواڵی فڕاندن، خۆشەویستی و شەیتانەکانی تر. کارەساتی ناو

رۆمانی "چیرۆکی مەرگێکی راگەیانراو"یش هەر لە هەواڵێکی رۆژنامەی ئالدیا بوگوتاوە وەرگرتوەو بەکارێکی داهێنانی گەیاندوە.

رۆمانی (هەواڵی فڕاندن) ساڵی **١٩٩٣** مارکیز دەستی بە نووسینی کردوە و دوای سێ ساڵ تەواو بووە. رۆمانەکە **٣٣٣** لاپەڕەی قەبارە مام ناوەندیە، صالح عیلمانی لە ئیسپانیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، ساڵی **١٩٩٧** لە دار المدی چاپکراوە.

# ڕۆمانی بەفر

ئورهان پاموکی نووسەری تورک، لەڕۆمانی بـەفردا کـە لـە نێـوان سـالآنی(١٩٩٩-٢٠٠١) نووسیویەتی، باسی لـە شـارێکی تورکیـا (قـارس) دەکـات کـەوەك شـوێن چەقی مل ملانێـی سیاسـیە. کێشەی نێـوان دەسـەلآتدارانە لەگـەڵ ئیـسلامگەراو ناسیونالیستەکانی نا توركدا. شەڕی عەلمانیەکان (کەبەشـێکی دەزگاکـانی دەوڵـەت و خـەلکانی رووناکبیر) نوێنەرایـەتی دەکـەن، لەگـەڵ بزوتنـەوەی تونـد ڕەوە ئیـسلامیەکاندا. دەزگـا سـەرکوت کـەرەکان بـەدوای ڕێکخراووچـالاکیەکانیاندا دەگـەڕێن، نایانـەوێت کـچان بەحیجابـەوە لەزانـستگاو پەیمانگاکانـدا بخـوێنن. ئیسلامیەکان بەتونـدی بـەرەنگاری ئـەم سیاسـەتە دەبنـەوە. یـەکێك لـە شـێوازی بـەرگری کـردن لـە بـاوەڕی خـودا پۆشـین و ئـازادی و پیـادەکردنی ڕێ ورەسمـە ئاینیەکەیان (خۆکوشتنی کچانە) ئـەم دیاردەیـە جێـی سـەرنجدان و بایـەخێکی زۆرە کە ڕووبەرێکی فراوانی لە ڕۆمانەکە داگیرکردوە. کچان بـێ دەربەسـت لـەو وتەیـەی دەڵێت: (مرۆڤ داهێنـانی خودایـە و خۆکـوژی کـوفرە) بـەوکارەیان تـەعبیر لـە ڕق و بێـزاری خۆیـان دەکـەن بەرانبـەر بـە ڕەفتـاری دەوڵـەت. لەکاتێکـدا کـەزۆر بـەیان (قەدیفە) وەك نموونە،ئەوراستیە دەزانن کـەخۆکوژی حەرامـە و ئیـسلام نکـوڵی لـێ دەکات.

بەدرێژایی کات و رووداوی ناو ڕۆمانەکـە بـەفر لـەم شـارەو دەورو بەریـدا دەبارێـت، هەموو ڕێگاکان بەفر گرتوویـەتی، تەنانـەت هێزەکـانی سـوپای تـورك ناتوانێـت بـۆ

سەرکوت کردنی یاخی بوەکان و ئەوانەی لەناو شاردا ڕاپەڕیون دژی دەزگا کانی دەوڵەت کاردەکەن، بێتە ناوشارەکەوە.

پاموك بۆ پیشاندانی کارەسات و ڕووداوەکانی ناو شار هونەری نواندنی بەکارهێناوە، واتاتێکەڵ کردن و گوێزانەوەی بەسەرهاتەکانی ناو واقیع، بۆ سەرشانۆیەك کەلە شارداهەیەو هەموو ڕەگەزی شانۆی تیایە، وەك ئەکتەر، دەق، دەرهێنان، بینەر، دیکۆر، نواندن. هەر لەرێگای نواندنەوە کەهەمووخەڵك دەبینێت بانگەوازی ڕاپەڕین ویاخی بوون دەکرێت، ژنە ئیسلامیەکان بەنواندن لەچك فڕێ دەدەن، ئەو تەقانەی لە سەرشانۆ دەکرێن تەقەی ڕاستین و خەڵکانی ئەکتەر و بینەری تیا دەکوژرێت.

شاری (قارس) لەم رۆمانەدا نموونەیەکی بچووك کراوەی هەموو تورکیایە، بەسیستمی حوکمڕانی وسیاسەت و ئاراستە فیکریە جیاوازەکانەوە. کێشەی کورد کەلە P.K.K داخۆی دەنوێنێت لە لایەك و، هەڵوێست وسیاسەتی دەوڵەت کە بە ڕەنگاریان دەکات و ئەندام ولایەنگرو پێشمەرگەکانی دەگرن ودەکوژن لەلاکەی ترەوە، کێشەی کۆمۆنیست، کەمالیەکان، لیبراڵەکان، ئەرمەن، بانگەشەی بە ئەوروپایی کردنی تورکیا لەلایەن عەلمانیەکانەوە، دژایەتی کردنیان لەلایەن ئیسلامی وکەمالیەکانەوە.

کاراکتەری سەرەکیی ناو ڕۆمانەکە ناوی (کەریم ئەلاقوشی ئوغڵو)یە، ناوەکە کورت کراوەتەوە بۆ دووپیت (کا)، بەدرێژایی ڕۆمانەکە هەروا ناو دەبرێت و خۆیشی هەربەوناوەوە دەنووسێت و مۆردەکات،(کا) رۆژنامە نووس و شاعیرە. لەئەستەنبووڵ لەدایك بوەو هەشتساڵە لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا دەژی، هاتوە بۆ (قارس)تا لەنزیکەوە وبەچاوی خۆی دیاردەو ڕووداوەسیاسیە وروژاوەکانی

ناو شارەکە ببێنێت و بیکاتە گوزارشتی ڕۆژنامە نووسی. لەگەڵ هەموو گروپە جیاوازەکان و دەزگاکانی دەوڵەتدا وەك یەك پەیوەندی بەیدادەکات و شارەزای بیروکاریان دەبێت. ڕابەری ئیسلامیەکاندەناسێت و تەنانەت دەتوانێت دانوستانێکی کورت خایەن لەنێوان ئەوان و دەزگا دەوڵەتیەکاندا دروست بکات. هەرئەوییش دەبێت بەهۆی کوشتنی یەکێك لەو ڕابەرانە کەناوی(کحلی)یە، پاشانیش هەر ئەو ڕووداوە دەبێتە هۆی کوشتنی خۆیشی لە فرانکفۆرت. ئەگەرچی (کا) کەسێکی عەلمانیەو لەخۆراوا دەژی، بەلاّم هاوکاری کردنی لەگەڵ دەزگا کانی دەوڵەتدا بۆ دۆزینەوەی شوێنی نهێنی (کحلی) لە بەر ئەوەنیە کەدژی بیروباوەرەکەی بێت، بەڵکوو فاکتەرێکی تایبەتی و شەخسی لە دواوەیە کەمەسەلەی خۆشەویستی ژنێکە بەناوی (ئیبیك) ئەم ژنە کەئێستا لەوشارەدا لەگەڵ باوك وخوشکە کانیدا دەژی، جوانەوکۆنە هاوڕێی زانکۆی (کا)یە، ئێستا بێوەژنە، لەگەڵ (کا)دا حەز لەیەك دەکەن وبڕیاردەدات ببێتە هاوسەری ولەگەڵیدا بڕوات بۆ فرانکفۆرت، بەلاّم ئیبیك پیشتر (کحلی) خۆشی ویستوەو پەیوەندیان هەبوە، ئیستایش ماکی خۆشە ویستیەکەی هەر تیا ماوە، (هەرچەندە لای کا دانی پیدانانێت)، کاتێك (کحلی ) دەکوژرێت ئیبیك ئەمە بەدەسیسەی کا دەزانێت، بۆیە لەبە لێنەکەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە و واز لە(کا) دەهێنێت و لە گەڵیدا بۆ ئەلمانیا ناچێت.

لەم ڕۆمانەدا خودی (ئورهان پاموك) گێڕە ڕەوەی ڕووداوەکانە، بۆ ئەوەیش هاتۆتە شارەکە و بەدوای دیکومێنت و بەڵگە و بەسەرهاتە کانەوەیە کەبیانکات بەکەرەسەی ڕۆمانە تازەکەی (لەدەقەکەدا ناوی خۆی دەهێنیت و باس لەم ڕۆمانە دەکات) پاموك هەموو ڕۆمانەکەی بۆ کێشە سیاسیەکان تەرخان کردوە، بەلاّم وەك

نووسەرو گێڕەرەوە بەرگری لە هیچ لایەن وگروپێك ناكات، پاساوی هەر دەستەو تاقمێك لە بۆچوون وهەڵویستیاندا وەك خۆیان دەخاتە ڕوو، چ ئوپۆزسیون بن یان فەرمان ڕەواودەسەڵتدارانی دەوڵەت. ئەگەرچی بەفر بارینەكە سروشتی و ئاسایی دێتە بەر چاو، بەڵام لە بن دێڕدا دەلالەتی رەمزیی هەیە كە لەگەڵ پەرەسەندن یان خاوبوونەوەی كارەساتەكاندا بەتەریبی دەكشێت. لێرەدا رۆمانێكی (ئیلیا ئەهرنبورگ)م دێتەوە یاد كە ساڵی ١٩٥٤ نووسیویەتی، لەوێدا دنیا بێدەنگەكەی نێوان مەرگی ستالین و كۆنگرەی بیستی سۆڤیەتی شڵەقاندوە، بەڵگەیەكی بەهێزیشە بۆ تۆمەت باركردنی سەردەمی ستالین. ناوی ڕۆمانەكە یش (توانەوەی بەفر)ە.

# ڕۆمانی ١٩٨٤

ڕۆمانی ١٩٨٤ کە جۆرج ئۆروێل (ئارسەر ئۆیل بلیر) ساڵی ١٩٤٨ نووسیویەتی، یەکێکە لەو شاکارە ئەدەبیانەی کە تا ئێستاش لە بواری هەڵسەنگاندنو نرخاندندا جێگایەکی گەورەی لە ئەدەبیاتی ڕۆمانی جیهانیدا بۆ خۆی کردۆتەوە، چونکە لەو بەرهەمە ئاساییانە نیە کە ڕووداوەکانی ڕابردوو بکاتە کەرەسەو، کەسە ئامادەبووەکانی ناو یادەوەری نووسەر ببنە پاڵەوان، ئەم بەرهەمە خەیاڵێکی ژیاریانەی ئۆروێلە کە دوای ٣٦ ساڵ زۆربەی بینینەکانی دێنەدی.

ئەگەر چاو لە نەخشەی جوگرافیو بەشێك لە سیستەمە ڕەنگڕێژییەکەی بپۆشین، نووسەر پێشبینی ئەوە دەکاتکە ساڵی ١٩٨٤ سیستمێکی نوێی جیهانی دێتەگۆڕێ کە تەواو لە ڕژێمەکەی ئەو کاتە ١٩٤٨ جیاوازە، نەخشەیەکی نوێی جوگرافیو سیاسی دەبێتە باڵادەستی سەر ئەم ئەستێرەیە، لەو جیهانە خەیاڵ کردەی ئۆروێلدا سێ کیشوەر هەیە: ١-کیشوەری ئۆروسیە، ٢-کیشوەری ئۆقیانوسیە ٣-کیشوەری شرق سیە، کیشوەری یەکەمیان (ئۆروسیە) زۆربەی بەشەکانی باکووری ئاسیاو ئەورووپا دەگرێتەوە، کیشوەری ئۆقیانووسیە، بریتیە لە ئەمەریکا، بەریتانیا، ئوستورالیاو خوارووی ئەفەریقیا، شەرقاسیەیش وڵاتی چینو دوورگەکانی ژاپۆنو دەوڵەتەکانی باشووری چین دەگرێتەوە.

بە پێی بۆچوونی نووسەر لە بەریتانیادا پارتێکی ئینگلیزی دەستبەکارە پێی دەوترێت (انجسبوك) واتا (سۆشیالیستی ئینگلیزی) تاقە مەبەستی ئەم پارتە لەوەدا کۆتایی

دێت کە دەسەڵات لەدەست بگرێت، با لەسەر حسابی چەوساندنەوەو تۆقاندنو کوشتنی خەڵکی تر بێت، بۆیە ئازادی ڕادەربڕین نییەو بە دەیان شێوازی ئازاردانو ئەشکەنجەکردن دەنگی خەڵکی کپ دەکەن، لە دروشمە هەرە دیارەکانی ئەم پارتە هەقیقەت نەهێشتنە لای مرۆڤ، بۆ نموونە کە نەیارێکیان پەیدەست کرد دەبێت بە زۆر بیگەیەننە ئەوەی کە بە گوێرەی دڵی خۆیان بڵێت: (٢+٢=٥) دەبێت ئەم ئەنجامە بە ڕاست بزانێتو دانی پێدابنێت، چونکە هەرکەسێك گەیشتە ئەوەی درۆ لەگەڵ قەناعەتی خودی خۆیو هەقیقەتدا بکات ئەوسا دەبێتە ئەندامێکی کارامەی حیزب، ئەگەر نەیشبێتە ئەندامیان ناتوانێت بەرەنگاریان بکات، (ئۆبرین) کە سەرۆکی دەزگای جاسووسی حیزبەو دەمڕاستی بیرو بەرنامەیانە دەڵێت: "حزب دەیەوێت هەرچۆنێکە بگاتە دەسەڵات، لای ئێمە بەرژەوەندی خەڵکی بایەخی نییە، تەنیا مەبەستی ئێمە دەسەڵات لەدەست گرتنە، ئێمە بە دوای سامانو خۆشیو تەمەنی درێژو بەختیاریدا ناگەڕێین، بەڵکو وێڵی دوای هێزین، هێزێکی تەواو ڕەها، جیاوازی ئێمە لەگەڵ فەرمانڕەواکانی پێش خۆماندا ئەوەیە کە ئێمە بە ڕاستیی دەزانین چی دەکەین، بەڵام ئەوان ترسنۆكو ڕیاباز بوون".

لە فەرهەنگی ئەم پارتەدا سۆزو خۆشەویستی نییە، تەنانەت پەیوەندی ژنو مێردایەتیش نادروستە، ئەوان نایانەوێت هیچ خۆشەویستییەکی تر بەسەر سۆزو خۆشەویستی حیزبەکەیاندا زاڵ بێت، واتا مانەوەی حیزب لە پێش مانەوەی خەڵکیدایە. منداڵ کە دەبێت لە دایکی دەسێنرێتو لە شوێنی تایبەتی خۆیانداو بە پێی ئارەزوویان پەروەردە دەکرێت، ئەوان ڕێگا بە عاتیفەی نێوان دایكو منداڵیش نادەن.

لە ڕژێمی فەرمانڕەوانی ئەم حیزبەدا چوار وەزارەت هەیە کە ناوەکانیان پێچەوانەی ناوەرۆکەکەیانە، وەزارەتی (خۆشەویستی) بۆ ئازاردانی خەڵکیە، وەزراەتی (ئاشتی)

لێپرسراوی شەڕە لەگەڵ دراوسێدا، وەزارەتی (ڕاستی) پەیوەندی ناوەوە دەپارێزێتو بە دوای هەواڵدا وێڵە، وەزارەتی (ئازووقە) بە پێی بەرنامەی تایبەتی خۆی خواردن بە دانیشتوان دەدات.

سەرۆکی حیزب بە (برای گەورە) ناودەبرێت، پیرۆزترین کەسەو سمبولی حیزبەو هیچ دەسەڵاتێك لە سەروویەوە نییە. بۆ سانسۆر کردنی فیکروکپکردنی دەنگی نەیارەکانیان لە هەموو ماڵو دەزگاو جێگایەکی وڵاتدا ئامێرێکی بیستن هەیە کە کاری سیخوری دەکات. هەرکەس قسەیەکی دژ بە حیزب یان بە برای گەورە بکات ئەو ئامێرە دەیگەیەنێت.

ئەم حیزبەو برا گەورەیە کە نزیکەی نیو سەدە لەمەوبەر ئۆرۆیل پێشبینی کردووە، ئێستا لە دەیان وڵاتی ئەم سەر زەمینەدا فەرمانڕەوایە، بە هەمان بیروکردەوە سیاسەتیان پیادە دەکەن، زمان تەنیا زمانی ئەوانەو میللەتەکانیان لە نێوان مەرگو کڕنووش برددا هیچ ئیرادەیەکی تریان نییە، یەکێك لە بەرجەستەترینیان ڕژێمی ئێستای عێراقە.

جۆرج ئۆرویل ساڵی ١٩٠٣ لە ناوچەی (موتیهاری) هیندی کە ئەوسا لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانی بەریتانیادا بوو لەدایك بووە، خاوەن بیری شۆڕشگێڕانەو بڕوای بە سۆشیالیست بووە، ساڵی ١٩٣٧ چووە بۆ ئیسپانیاو شانبەشانی کۆماریخوازەکان دژی فرانکۆو پیاوانی سەر بە ڕژێمی پاشایەتی شەڕی کردووە، ئۆرۆیل بێجگە لەم ڕۆمانە ناوازەیەی خاوەنی ڕۆمانی (قەڵای ئاژەڵان)یشە کە یەکێکە لە بەرهەمە ناودارەکانی. ساڵی ١٩٥٠ بە نەخۆشی سیل گیانی لەدەست داوە.

**ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" ژمارە (٩٢٠)، ١٩٩٥/٢/٢١**

# ڕۆمانی... ناوم سووره

یەکێك لەکارە هەرە دیارەکانی ئۆرهان پامۆکی نوسەر ی تورکی خاوەن خەلاتی نۆبڵی ئەدەبی /٢٠٠٦ لەبواری ڕۆمان نوسیندا، ڕۆمانی (ناوم سورە) یە، پامۆك لە ڕۆمانەکەیدا باس لەسەردەمێك ( سەدەی دەیەمی کۆچی) شاری ئەستەنبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی بەگشتی دەکات، بەتایبەتییش باسی بزوتنەوەی هونەری نەخش و نیگارو وێنە کێشان لە ئەستەنبوڵدا، کەلەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوساوە بایەخی زۆری پێدراوە، بۆئەوەی ئەو هونەرە سیماو مۆرکی تایبەتی خۆی وەر بگرێت و، دوور بێت لەهونەری چاولێکردنی ئەرپا گەلانی تروە، بۆ ئەم مەبەستە عوسمانیەکان هونەرمەندە داهێنەرە کانیان لە ئەستەنبوڵدا کۆ کردۆتەوە، تواناو کەرەسەیان بۆ ڕەخساندوون، نەخش خانەیەکی گەورەیان بۆ تەرخان کردوون، هەروەها جێگایەکی تایبەتی بۆ ئەرشیف کردنی کارەکان کەسەدان کتێب و کاری هونەری وڵاتانی ئیسلامی تێدایە کەتەنیا سوڵتان کارو بارەکانی دەبات بەڕێوە، دیارە مەبەستیان بوە لە ڕێگای ئەم هونەرەوەمیدیایەك بۆ خۆیان وفەرمان ڕەواییەکەیان ئەنجام بدەن وەك هەمووەدەستەڵاتێکی تری سیاسی،

هونەرمەندەکانی ئەوسەردەمە زیاتر چاو لێکەریی هونەری ئێرانیان کردوە، بەتایبەتی شارەکانی تەورێز و شیراز و هەرات و هەروەها بەغدا و بوخارا.

گرنترین هونەرمەندی ئەو سای ئەستەنبوڵ بریتی بوون لە (زەریف ئەفەنی، ئوستادعوسمان، پەپولە، لەقلەق، زەیتون) ئەم سێ ناوەی دواییان نازناوی ئەو

هونەرمەندە بەتوانایانەیە کە هەریەکەیان بەپێی بەهرەو شێوازەکەیان ئوستاد عوسمان ناوی لێ ناون و هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە لە هونەرەکەد. زۆربەی ئەو وێنەو نەخشانەی کە دەیکێشن بریتییە لە وێنەی ئەسپ، وێنەی شاکانی ئێران و سوڵتانەکانی عوسمانی، شیرین و خەسرەو، شەڕەکانی لەشکری ئینکشاری لەگەڵ سەفەویەکان و وڵاتانی تردا، بێجگە لە وێنەی کەشتی و شەیتان و دیمەنە سروشتیەکان.

ڕۆمانەکە فرەدەنگە و هەرکەسایەتیەك لەوانە باس لە ژیان و کارنامەی خۆی دەکات و هەندێك لە نهێنیە شاراوەکان دەخاتە ڕوو. بۆ نموونە لە بەشی یەکەمدا کە ناونیشانەکەی (منی مردوو)ە، یەکێك لە هونەرمەندە داهێنەرەکان کە مامۆستای نەخشخانەکەیە (زەریف ئەفەندی) چیرۆکی کوژرانی خۆی بە دەستی زەیتونی هونەرمەند و شاگردی خۆی دەگێڕێتەوە، کە چۆن زەیتون فڕێیداوەتە بیرێکەوەو تا ئێستایش منداڵەکانی چاوەڕێی هاتنەوەین و نازانن مردووە. بەشی دووەم بە ناوی (منی قەرە)وەیە، قەرە کاراکتەری سەرەکی ناو ڕۆمانەکەو تەوەری ئەو کێشە کۆمەڵایەتیو خێزانیانەیە کە تیایدا ڕوودەدات، وەك خۆی باسی دەکات تەمەنی سیو شەشساڵەو هەر لە منداڵییەوە هۆگری شەکورەی پورزای بووە، شەکورە کچێکی زۆر جوانەو کچی هونەرمەندێکی نەقاشە کە لە ڕۆمانەکەدا بە ناوی (زاوا) ناودەبرێت، بەڵام ئەو شوو بە پیاوێکی تر دەکات کە لە شەڕی ئێراندا دەکوژرێتو لاشەکەی نادۆزرێتەوە، باوكو براو ژنو منداڵەکانی هەر چاوەڕێی گەڕانەوەین، قەرە دوای شوکردنی خۆشەویستەکەی سەری خۆی هەڵدەگرێو تا دوانزە ساڵ ناگەڕێتەوە بۆ ئەستەنبوڵ بەڵام دوای کوژرانی مێردی شەکورە دێتەوەو بە دوو منداڵەوە کۆنە

دەستگیرانەکەی دەخوازێت، هەروەها لەبەردەستی باوکی شەکورەدا دەکەوێتە کاری نەخش‌و نیگار کردن و هاوکاری خەزووری دەکات.

بەشەکانی تری رۆمانەکە ئەم ناونیشانانەیان هەیە: (منی سەگ) و (پێم دەڵێن پیاو کوژ) و (منی زاواتان) و (من ئۆرهانم) و (منی ئەسپ) و (ناوم سورە) و (پێم دەڵێن زەیتون) و (پێم دەڵێن پەپولە) و (ناوم شەکورەیە) و (ناوم ئەستێر) و(ناوم قەرە)یە. ئەم کاراکتەرانە بێجگە لە باسی تایبەتی خۆیان بزوێنەری کارەساتە گشتییەکەی تری ناو رۆمانەکەن‌و هەموویان دەکەونە نێو گەرداوی بەسەرهات‌و رووداوەکانەوە.

دیارترین رووداوی ناو رۆمانەکە کوژرانی هەردوو هونەرمەندی بە توانا و مامۆستا زەریف ئەفەنی و زاوایە بەدەست زەیتونی نیگارکێش و زۆر بە نهێنی. بەو بیانوەی کە وێنەو نیگارەکانی ئەو دوو هونەرمەندە دەرچوونە لە رێ و رەسمی ئاینی ئیسلام، جوانکردنی شەیتان لەبەرچاوی خەڵك، لاسایی کردنەوەی هونەری ئەوروپایە، سووکایەتی کردنە بەو کەسانەی هاتوچۆی مزگەوت دەکەن. زەیتون بڵاوبوونەوەی هونەری پۆرتریت بە کۆتایی هاتنی نەخش‌و نیگاری ئیسلام دەزانێت. بە کورتی هەر لە رێگای دیدو بۆچونی دەسەڵاتدارانەوە ئەو هەست بە مەترسیی هونەری ئەوروپا دەکات و نایەوێت لەوڵاتانی ئیسلامدا ئەو هونەرە تەشەنە بکات. بۆ نمونە یەکێك لە شاکانی ئینگلتەرا بە دیاری سەعاتێکی گەورە بۆ سولتانێکی عوسمانی دەنێرێت. سەعاتەکە زۆر سەرسوورهێنەر و تا ئەو کاتە کەس لە وڵاتەکەدا سەعاتی وای نەدیوە. ئامێری موسیقای تیایەو بەوێنەو پەیکەری جوان رازاوەتەوە. هەر لە باخە گەورەکەی سوڵتاندا و لە شوێنێکی گەلێك بەرزیدا دادەنرێت، خەڵکیی لە هەموو لایەکەوە بۆ تەماشاکردنی دێن و زەنگەکەیش هەموو دانیشتوانی ئەستەنبوڵ لە کات ئاگادار دەکات. بەڵام لای کەسانێك سەعاتەکە بەدەستکردی کافر و توانای هێزی

ئەوان ناودێر دەکرا، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ترس و دوودڵی سوڵتان، بۆیە ڕۆژێك بە تەورێکەوە دەکەوێتە وێزەی سەعاتەکەو دەیشکێنێت. لەناو خەڵکیشدا دەکرێتە قاو کە سوڵتان لە خەونیدا پێغەمبەری ئیسلامی دیوەو ئەو پێی وتوە کە نابێت ئەو پەیکەرانەی بە سەعاتەکەوەن بمێنێت، چونکە لە شێوەی مرۆڤدان و ئەمەش ڕکەبەرایەتیکردنی کاری خودایە، ئەم بۆچوونە کارێکی زۆر دەکاتە سەر دواکەوتنی هونەری نەخش و نیگار لە ئەستەنبوڵدا کە نزیکەی سەدساڵە ئیلهام لە ئێرانەوە وەردەگرن، چونکە هونەرمەندەکان نە دەتوانن سوود لە هونەری ئەوروپا وەربگرن و نە توانای داهێنانی تازەیان دەمێنێت.

ڕۆمانەکە بێجگە لە باسی هونەری ئەو سەردەمە کە سەرەکییە، گەلێك باسی تری لاوەکی تێدایە کە پێویستیی پێکەوەبەستنی ڕووداوەکان و دەوڵەمەندکردنی کارەکەو تایبەتمەندییەتی کارەکتەرەکانە لە ژیان و ڕەفتاری ڕۆژانەو بیروبۆچوونەکانیان. لەوانە باسی خۆشەویستی نێوان شەکورە و قەرە لە لایەك و خۆشەویستی حەسەنی شووبرای شەکورە دوای مردنی براکەی لە لایەکی ترەوە، ئەمە کۆمەڵێك کێشەی لێدەکەوێتەوە کە دەبێتە هۆی شەڕی نێوان هەردوو بنەماڵەکە. هەروەها باسی لایەنە هەرە تایبەتییەکانی هونەرمەندان و هونەری وێنەکێشان، ململانیی نێوان شارستانیەتی خۆرهەڵات و خۆرئاوا و کاریگەری ئایین لەسەر ئەو چەمکە مەعریفی و فیکرییانەی کە هەبوون و جیاوازی بۆچوونەکان لەسەر مەسەلەی سێکس و خۆشەویستی و دابونەریتی ئەو سەردەمەو باری کۆمەڵایەتی و ژیانی ئابووری خەڵك و توێژو چینەکانی کۆمەڵگای ئەوسای دەوڵەتی عوسمانی.

دوابەشی ڕۆمانەکە کە دانپێدانان و نهێنیی دەرخستنی شەکورەیە و هەر بەناوی ئەویشەوە ناودێر کراوە. کردنەوەی هەندێك لەو قفڵە شاراوانەیە کە گەلێك نووسەر

وەك لایەنێکی هونەری  کۆتایی کارەکەیانی پێدەهێنن. لەوانە کوژرانی زەیتون کە زەریف ئەفەندی و باوکی شەکورەی کوشتوە ، دوای ئاشکرا بوونی لە لایەن قەرە و هونەرمەندەکانی ترەوە زەیتون دەیەوێت هەڵبێت بۆ هیندستان، بەلاّم بە رێکەوت لەناو بازاڕی ئەستەنبولّدا تووشی حەسەنی شووبرای شەکورە دێت کە شەڕی لەگەڵ قەرەدا کردوە، حەسەن کە چاوی لەسەر شەکورەی براژنیەتی و حەزی لێدەکات، وادەزانێت زەیتوون یەکێکە لەوانەی هاوکاری قەرەی مێردی شەکورەی کردوە لە شەڕەکەدا بەشدار بوە، چونکە خەنجەرێکی پێ دەبینێت کە خەنجەری ئەمە. بۆیە ڕێی پێ دەگرێت و بە شمشێرەکەی سەری زەیتوون لێك دەکاتەوە.

هەر لەم دوابەشەدا دیمەنێکی سێکسی نێوان شەکورەو قەرە هەیە کە لە تەواوی ڕۆمانەکەدا دیمەنی وا ورووژێنەر بەر چاو ناکەوێت . ئەوە لە کاتێکدایە کە قەرە لە شەڕدا بریندار بوەو گیانی شەلاّلّی خوێنەو هەمویان چاوەڕێی مردنی دەکەن، کەچی شەکورە بە پێچەوانەی هەڵوێستە سێکسیەکانی پێشوویەوە د

ەست بە هەموو لەشی قەرەدا دەهێنێت، تەنانەت چوکی دەمژێت کە پێشتر هەرگیز ئەوەی نەکردوە، هەرچەندە قەرە لەسەرەتای پەیوەندییاندا داوای ئەو کارەی لێدەکات بەلاّم شەکورە نایکات و ئەو هەستەی لا دروست دەبێت کە قەرەی مێردی ئەو جۆرە بە ئۆرگازم گەیاندنە لە ژنانی ئەوروپاوە فێر بوە. ئەم مومارەسە سێکسیە لە مانا مەجازییەکەیدا سەرپێچیە لەو سیستم و ترادسیۆنەی کە تا ئەو کاتە ڕەگی لە کلتووری کۆمەڵگاکەدا داکوتاوە، ئیدی کاتی ئەوە هاتوە کە لێی یاخی بیت و بیبەزێنیت، بەتایبەتی لەلایەن یەکێکی وەك شەکورەی پارێزکارەوە.

# ڕۆمانی فڕینێك بەسەر هێلانەی واقواقدا

(کین کیسی) ڕۆماننووسێکی ئەمریکاییە. ساڵی (١٩٣٥) لە ویلایەتی (کولۆرادۆ) لەدایك بووە. زۆربەی تەمەنی لە بەشی خۆراوای ئەمریکادا بەسەربردووە. لە ساڵانی شەستا ڕۆمانی (فرینێك بەسەر هێلانەی واقواقدا)ی نووسیووە کە وەرگێڕە عەرەبیەکەی (سوبحی حەدیدی) بەم ناونیشانە کردوویەتی بە عەرەبی و لە ئینگلیزییەکەیدا (فڕینی یەکێك بەسەر هێلانەی واقواق)دایە. شوێنی ڕووداوەکان خەستەخانەیەکی ئەقڵ نەخۆشەکانە لە ئەمەریکا، کە بەپێی تایبەتمەندی و جۆرە جیاوازەکانی نەخۆشییەکە نیشتەجێکانی جیاکراونەتەوەو ناویان لێنراوە. هەموو پێویستیەکانی نەخۆشەکان لە خۆراك و دەرمان و کەرەسەو پزیشك و کارمەندو خزمەتکردنیان بۆ ڕەخساندوون، واتا ڕووی دەرەوەی ڕۆمانەکە لە چوارچێوەی نەخۆشخانەیەکی ئاسایی و فەرمی دەرناچێت، بەلام ئەم واقیعە ڕووپۆشی کۆمەڵێك ڕەمزو ڕەهەندی فیکرییە کە لە بونیادی کەسەکان و خودی کێشەکانەوە هەستیان پێدەکرێت و بڕیاریان لەسەر دەدرێت، بەو مانایەی کە وەك ئەنجام تۆ دەست دەخەیتە سەر کۆمەڵێك ئاماژەو هێما کە لەواقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمریکای ئەوسادا سەرچاوە دەگرن. یان گێڕانەوەی مێژوویەکی ئەو وڵاتەیە لە سەردەم و قۆناغی جیاوازداو بەو پێکهاتە چینایەتی و ڕەگەزایەتییەوە کە لە مێژووی ئەمریکادا دیارو ئاشکران, بەتایبەتی ئەو سیستمە سیاسیەی لە ساڵانی شەستی سەدەی ڕابووردوودا لە فشاری ئایدۆلۆژی و چەوساندنەوەی چینایەتی و

ڕەنگی پێست و سانسۆرکردنی بیردا خۆی دۆزیوەتەوە. کاتێك کە ڕەشپێستەکانی ئەو وڵاتە مافی یەکسانیبوونیان لەگەڵ سپیپێستا نەبووەو دانیشتوە ڕەسەنەکانی —هندیەسوورەکان- لەناوبراون و موڵك و مەزرایان لێ سەندوون و تەنیا وەك نۆکەر تەماشاکراون.

ئەم ئاماژانە لە ڕێی کەسایەتیە بەتواناو پتەو داڕێژراوەکانی ناو ڕۆمانەکەوە بەرجەستە دەبن، لەکاتێکدا خودی ڕۆمانەکەیش چ لەسەر ئاستی زمان و ڕەهەندە ئاماژەییەکانی و چ لەسەر ئاستی تەکنیك و خەستی ڕووداوەکان وەك کارێکی ناوازە خۆی دەسەلمێنێت. هونەری نووسینی ڕۆمانەکە لە گونجاندنی هەردوو ئاقارەکەدایە، واتا واقیعی خەستەخانە وەك خۆی و فانتازیای ڕەمزو ئاماژەکانی وەك دوو هێڵی تەریب و پاشان یەکلایی کردنەوەیان بەشێوەیەکی گونجاوتر.

کاراکتەرە سەرەکیەکانی ڕۆمانەکە کە بەرجەستەی حاڵەتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەکەن و تەوەری ململانێ و پێکهەڵپژانەکانن بریتین لە: کچە پەرستارو سەرۆك و بەڕێوەبەری خەستەخانەکە خاتوو (ڕاچدت) ئەم کچە دوور لە هەست و سۆزی ژنانەی —کە دەبوو هەیبێت- دەسەڵاتێکی ڕەهاو دەستێکی پۆڵایینە لە بەڕێوەبردنی کاروباری خەستەخانەکەداو پاراستنی یاساو سیستمەکەی و بەرەنگاری کردنی هەرکارێکی نامۆو کێشەیەکی نادروست کە لە نەخۆشەکانەدا ئەنجام بدرێت, ئەمەیش بەرێگای لیژنەیەکدا کە (سبایف)ی پزیشك سەرپەرشتی دەکات و بەردەوام لە سووسەکردن و بەدواداچوونی ڕووداوەکاندایە، خاتوو ڕاچدت هێمای ئاشکرای دەسەڵاتی سیاسی ئەمریکایە کە تەنیا لە ڕێگای زەبروزەنگ نواندنەوە بەر لە دیاردەو ڕەخنەو ڕاپەڕینەکان دەگرێت و ناهێڵێت دەنگی نارازیبوون بگاتە ئەودیو سنوری خەستەخانە- ئەمریکاوە. خودی خەستەخانەکە هێمایە بۆ

ئەمریکای وڵات و ئـەقڵ تێکـچوەکانیش کۆمـەڵگای ئـەمریکین کـە هەلومـەرجی نادروست ناوی شـێتی لێنـاون, ئـەگینا هـەموو تەندروسـت و تەنانـەت هەنـدێکیان گەلێك بە ئاوەزن. بۆ نموونە (هاردنگ) کە بەدرێـژایی ئامادەگیـەکانی نـەك قسەی ئاسایی بەڵکو لە بیرکردنەوەی قووڵەوە گفتوگۆی بیرمەندانە دەکات و ڕاکـانی جێـی ڕەزامەندی ئەوانی ترو قبوولکردنیانە.

کاراکتەری (برومدن) کـە بـە ڕەچـەڵەك لـە هندییەسـوورەکانی ئەمریکایـەو بـاوکی پێشەوایەکی دیاریان بووە، لەو کەسایەتیە گرنگانەیە کە بەردەوام ئامادەگی هەیـەو بــە وردی کــون پــشکنی ڕووداوەکانــە، تەنانــەت گێــڕەرەوەی بەســەرهاتی نــاو ڕۆمانەکەیـەو لـەیادەوەری خۆیـدا ڕووداوەکـان دەنووسـێتەوە. ئـەم وەك هندییـەکی سوور کە خاوەنی ڕاستەقینەی وڵاتەکەن و ڕەگی مێژووییان لە قووڵیدایە، چـاودێری وردو درشتی دیاردەو حاڵەتـە جیاوازەکـانی نـاو خەسـتەخانەکەیە. (برومـدن) وەك مێژووە شێوێنراوەکەی خۆی لەوێدا کەڕولاڵە، بەڵام لـە ڕاسـتیدا بـەهۆش و گۆشـەو هەموو شـتەکان دەبینێت و دەبیسـتێت. سپیپێستەکان وڵاتەکـەیان داگیرکـردووەو کەسوکارو هۆزەکەی ئاوارەو دەربـەدەرن، ئـەم هەسـتەی هەمیـشە بزۆکـەو بـیر لـەو مێژووە دەکاتەوە، بەڵام لـە خەسـتەخانەکەدا گسك دەداو هـەر ناویـشیان لـێ نـاوە گسك. دەتوانین بڵێین برومدن کەسایەتی ڕەسەن و مێـژوو یـادەوەری ئەمریکایـە کـە لـەژێر سـێبەری تەکنـەلۆژیاو سیـستمی بـەناو دیموکراتی و گیـانی ڕەگەزپەرسـتیدا دەیانەوێت بیسڕنەوە.

کەسـایەتێکی تـری هـەرە گـرنگ کـە تـەوەری بـەرپاکردنی کارەسـاتەو نموونـەی سەرکێشی و یاخی بوونە لـە سیـستمی نـاو خەستەخانە (مـاکمورفی)یـە. ئـەم بـە هـــەردوو ئاراســـتەی واقیعـــی و ڕەمزییەکـــەی بـــزۆکترین کاراکتـــەرەو دەیـــەوێت

بۆچوونەکانی لە گفتوگۆی وشکەوە بخاتە سەر زەمینەی واقیع. ماکمورفی نەخۆش نیەو زۆر تەندروستە، بەڵام لەناو سەرچڵی و یاسا بەزاندنەکانی دەرەوەو ترسی زیندان خۆی خزاندۆتە نەخۆشخانەکەوە، بەومانایەی ئەویٚ بۆ ئەو سەلامەتترەو لە کێشەی دەسەڵات بەدوورە. وەلیٚ لەوێیش هەر تووشی دەبێت بە بڕیاری سەرکوتکەرانەی دوور لە هەستی ئینسانی و یاسا بە ئازارەکانی خەستەخانەوە. لەسەرەتادا گرەو لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەکات کە کچە پەرستارەکە دەستەمۆ بکات، دەستی لەگەڵدا تێکەڵاو بکات و بەمەیش لە ئاستی فیزو بڕیارە ستەمکارییەکانی کەم بکاتەوە، یان بابڵێین ئەو دەیەوێت لە ڕێگای سێکسەوە تۆڵە لە دەستەڵاتێك بکاتەوە کە مایەی چەوساندنەوەو زەلیلی خەڵکە، بەڵام سەرناکەوێت و خاتوو ڕاچدت لەوە سەنگین و بەپایەترە کە سەر بۆ ئەو ئارەزووانە دابنەوێنێت. کەچی ماکمورفی بەردەوامە لە بەزاندنی یاساو سنووری دەسەڵاتی بەڕێوەبەرەکە. ئەویش بە هاندانی هاوڕێکانی لەسەر سەرپێچی کردن و دامەزراندنی تیپی یاری و چوونە دەرەوە بۆ سەر دەریا بۆ ڕاوەماسی و هێنانی ئافرەت بۆ ناو خەستەخانەکە، دوا هەڵوێستیشی ئەو پەلامارە دڕندانەیەیە کە دەیکاتە سەر ڕاچدتی پەرستارو دەیەوێت بیخنکێنێت. ئەمەیش لە ئەنجامی ئەو ئاهەنگەوە ڕوودەدات کە ماکمورفی لەناو خەستەخانەکەدا سازی دەکات، ئاهەنگی خواردنەوەو مەستی و شکاندنی دەرگاو کەرەسەی ناو خەستەخانەکە، پاشان نووستن لەگەڵ (ساندی)دا کە کچێکی کۆنە دۆستیەتی و ئەو شەوە هێناویەتە خەستەخانەکەوە. کە بەیانی ڕاچدت دێتە سەریان و بەوحاڵەوە دەیان بینێت دەکەوێتە سەرکۆنەکردن و شکاندنیان، چونکە ئەوە دژی یاسای خەستەخانەکەیە، بەتایبەتی (بیلی) کە لاوێکی ناسیاوی سەرپەرستارەو هاوڕێی دایکیەتی و ئەویش لەگەڵ (کاندی)دا

نووستوه. ڕەنگە لای کیسی نووسەر ئەو پرۆسە سێکسیە هێمای ڕزگاربوون بێت لەو مۆتەکەی دەسەلات و زولم و زۆرەی بەسەریاندا سەپێنراوە. ئیتر بە خۆکوژی بێت وەك (بیلی)کە لەسەر خۆی ئەنجامی دەدات، یان ئەو پەلامارە کتوپڕەی کە ماکمورفی دەیکاتە سەر ڕاچدتی بەڕیوەبەرو گەورەی پەرستاران، سەرتاپا جلەکانی لەبەر دا دەدڕێت و بۆ خنکاندنی دەست دەخاتە بینی. ئەگەرچی پاسەوانە ڕەشەکان و پزیشك و کارمەندەکانی دی لەژێردەستی دەردەهێنن، بەلام لە چەندلایەکەوە برینداری دەکات، بەمەیش بەبۆ چوونی خۆی لە شکۆمەندی و دەسەلاتەکەی دێنێتەخوارێ و لەبەرچاوی ئەوانی تردا دەیشکێنێت, تەنانەت یەکێك لە کاراکتەرە دیارەکانی دی (هاردنگ) دوای ئەو ڕووداوە کە دەچێتە ئۆفیسەکەی راچدت و دەفتەری یاداشتەکەی لەسەر مێزەکەی دەبینێت، قسەی ڕەقی لەگەلدا دەکات و دەفتەرەکەی دەدڕێنێت و دەیدا بە سەروچاویدا و پێی دەلێت: "خانمی بەڕێز تۆ شیاکەیەکی بۆخۆت".

دیارە راچدت بەو سووکایەتیە قایل نیە کە ماکمورفی پێی کردووە، بۆیە هەر بەناوی شێتیی و نەخۆشیەوە نەشتەرگەریەکی مێشکی بۆ سازدەکات. دوای نەشتەرگەریەکە کە ماکمورفی لەنێوان مەرگ و ژیاندایەو لاشەکەی لەسەر ئەرەبانەیەك دانراوە. بە دیمەنێکی زۆر تراژیدی برومدنی هاوڕێی خۆی بەسەردا دەدات و تا هەناسەی لێ نەبڕێت وازی لێناهێنێت. بەم کارەیش ماکمورفی مانایەکی ڕەمزی لەخۆ دەگرێت کە ڕۆحی نەمریە، یان بەنەمر ڕاگرتنی ئەو کەسانەیە کە دژی دەسەلاتەکەن و بەرگری لەئازادی و بیروباوەڕی خۆدەکەن.

لای من بێجگە لەم نۆرمانەی کە سەرەکیترین پێکهاتەی ڕۆمانەکەن، لایەنێکی دیکەی گرنگ هەیە کە لە کاراکتەری برومدنی هندیدا بەرجەستە دەبێت. ئەویش

گەڕانەوەیە بەرەو سروشت و نۆستالۆژیای زادگاو ڕەگەز. دووركەوتنەوە لەم ژیانە جەنجاڵەی ئێستاو ڕووكردنە سادەیی و بێ گوناهیە منداڵیەكەی جاران. ئەمە لەدوادیمەنی ڕۆمانەكەدا دەر دەكەوێت كە برومدن لە خەستەخانەكە هەڵدێت، بەرەو لای ئەو هندیەسوورانەی دەمێكە لێیان دابڕاوەو لە ناوچە دوورە دەستەكاندا دەژین، ئەو لە شەوێكی پڕ لە تریفەدا پەنجەرەیەكی خەستەخانەكە دەشكێنێت و ڕادەكات. لەكاتی ڕاكردنەكەیدا وەك خۆی دەڵێت: "هەست دەكەم بوومەتە باڵندەو دەفڕم، ئازادم و كەسم بەدواوە نیە". چەند میلێك دەڕوات، دەیەوێت لە ڕێگایدا سەر لە (كۆلۆمبیاو بورتلاندو ڕووباری هودو دالاس) بدات. دەیەوێت بزانێت ئەو هندیانە ماون كە دەوڵەت باجی بە هندیانەوەیان لێدەستێنێت! دەیەوێت بچێتەوە لای هۆزەكەی كە گەڕاونەتەوە ناو كوختەدارینەكانیان و ئێستا ڕاوەماسی دەكەن. بەتایبەتی بینینی ئەو گوندانەی لە دەوروبەری ڕووبارەكەدان، بۆئەوەی هەندێك لە بیرەوەریە فەرامۆش كراوەكانی بێنێتەوە یاد, چونكە وەك خۆی دەڵێت: "زۆر دەمێكە لێیان دابڕاوم".

# گوڵی شۆڕان

(خوێندنەوەیەکی خێرا)

گوڵی شۆڕان یەکەم بەرهەمی ڕۆمان نووسینی چیرۆکنووسی بانەیی کاك (عەتای نەهایی)ە، کە دوای دووکۆمەڵە چیرۆکی کورت (زریکەو تەنگانە) بەرهەمی هێناوەو لە ( ١٨٣ ) لاپەڕەی مامناوەندیدا بە چاپی گەیاندوە.

ڕووداوی نێوگوڵی شۆڕان تێکەڵەیەکە لەنێوان تۆماری قۆناغێکی مێژوویی لە بزوتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا، کە دوای شەڕی دووەمی جیهانی و دروستبوونی کۆماری مەهاباد دەست پێدەکات، لەگەڵ هەرەسهێنانی کۆمارەکەو چەند کارەساتێکی وابەستە بەو ڕووداوەوە (سوتانی بانە، ڕاکردنی کوردەکانی ناو شۆڕشەکە بۆ ڕوسیاو گەڕانەوەی هەندێکیان بۆ عێراق) و لەوانەیش گرنگتر مەسەلەیەکی ویژدانی و عاتیفییە کە لەسەر بناغە سیاسیەکەوە سەری هەڵداوە، ئەویش بەسەرهاتی (لاس)ی شۆڕشگێڕە کە دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد و هەڵاتنی بۆ عێراق و گیرانی لەلایەن ڕژێمی ئەوسای وڵاتەوە دەبنە هۆی دوورکەوتنەوەی لە خێزانەکەی (باوکی، دایکی، خانزادی ژنی، فەرخەی برای و یادگاری کوڕی) و، گەڕانەوەی دوای پانزە ساڵی بەندییەکەی بۆ شارەکەی (بانە) و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو واقیعە تاڵەی کە سەری مەرگی پێ ئەنێتەوە، ئەویش شووکردنەوەی ژنەکەیەتی بە فەرخەی برای.

کاکڵەی کارەساتەکە لە هەشت بەشی ڕۆمانەکـەدا، هـەر لەسـەرەتاوە بـە دووهێڵـی تەریبی نێوان جەرەیانە سیاسیەکەو خۆشەویستی نێـوان خـانزادو لاس و پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکەی نێوان خـودی هـەردوو خێزانەکـە کـە لـە بونیاتـدا خێـزانێکن زۆر بەهێوری دەڕوات. نووسەر هـەردوو مەسـەکەی وەك کـارێکی هونـەری کەپـشت بـە چەند لایەنێکی تەکنیکی ورد دەبەسـتێت لەنگـەرگیرکردووە و هەسـت بـە نـاجۆری ڕیتمەکە ناکرێت، چونکە تێکەڵکردنی هەموو ئەو پەیوەندییـە عاتیفییـە تونـدە بـۆ ئەو سەردەمەو لەناو تراژیدیای مەرگ و سـوتان و ئـاوارەیی خەڵکیـدا کـارێکی زۆر ئاسان نیە کە هەر نووسەرێك بتوانێت پرۆسە هونەرییەکـەی تیـا پیـادە بکـات، بـە تایبەت کە ئەو ڕاستیە بـزانین بـەردەوام حەقیقـەتی ئـەدەب دارشـتنەوەی ژیانـە لـە بەرگێکی تری پڕ لە خەیاڵ و فەنتازیادا، ئەمەیش بەوە دەبێت کـە خـەیاڵی نووسـەر لەوە فراوان و کارامەتر بێت کە لەسەر چەقی تەنیا بوارێك یاری بکـات و نـەتوانێت لە دەرگای لایەنەکانی تر بدات. وتنی ئەم ڕاسـتییە بـۆ ئەوەیـە بڵـێم چـۆن دەتـوانین لەناوجەرگەی تراژیـدیادا کۆمیدیایـەك دروسـت بکـەین یـان پێـچەوانەکەی! (تـەنیا مەبەستم گوڵی شۆڕان نییە) یان چۆن دەتوانین خۆشەویستی بەمەرگەوە گـرێ بـدەین و واقیع ڕەخنەمان لێ نەگرێت!

عەتا لە گوڵی شۆڕاندا وەك مێژووی سەردەمێکی سیاسـی بـاس دەکـات. مێـژووی سـەردەمێکی بنەماڵەیـەکیش دەگێڕێتـەوە (بنەماڵـەیی و سـوئاغا) کـە پاڵەوانـە سەرەکییەکانی بریتین لە (باوك و دایك و کوڕو بووك) و قارەمانێکی لاوەکـیش کـە ناوی (نایەر)ە و بۆ ماوەیەك دەبێتە ( عـەرافی ) خێزانەکـە. ئـەم خێزانـە لەوپـەڕی ژیـانی خـۆش و دەسترۆیـشتویی و پێگـەی کۆمەڵایـەتی دیاریانـەوە دەبنـە تـەوەری کارەساتەکانی شەڕو جێ ڕەخنەی خەڵکی و شیرازەتێکچوونی بنـەماکانی. نووسـەر

دەیەوێت بڵێت هەموو بەها جوانەکانی ژیان لەبەردەم حاڵەتی شەڕو نەمانی سیستمە یاساییەکاندا بەچۆکدا دێن. ڕەوشتە جوانەکانی مرۆڤ دەگۆڕێن و برا ناپاکی لەبرا دەکات. حاڵەتی شەڕ لەبیربردنەوەی خۆشەویستی گەورەیە (وەك خۆشەویستی نێوان لاس و خانزاد) و لەیادکردنی پەیوەندییە ئینسانییەکانیشە (کاتێك کە یادگار دوای ئەوەی باوکی لە زیندان دەگەڕێتەوەو پانزە ساڵی پێچووە، ئەگەرچی ماڵیان بەتەنیشت یەکەوەیە کەچی سەر لە باوکی نادات) یان زیندووکردنەوەی ئەو گیانە شەڕەنگێزەیە کە لە مرۆڤدا دەیخولقێنێت و بۆ هەندێك دەستکەوتی تایبەتی خوێنی هاوولاتی خۆی پێ دەڕێژێ و شارەکەیان دەسوتێنێت (وەك سوتاندنی شاری بانە لەلایەن خان و پیاوەکانیەوە).

عەتای نەهایی لە کورتەچیرۆکەکانیدا بایەخی زۆر بە تەکنیك دەدات چ لە شێوەی گێڕانەوەو زمانی ئەدەبی و وێنەدا، یان لە تێکەڵکردنی شوێن و کات وخۆنەبەستنەوە بەگێڕانەوەی بێزارکەرەوە. لە گوڵی شۆڕانیشدا زاڵە بەسەر ئەو لایەنانەدا، وەك نمونە سەرەتای ڕۆمانەکە کۆتایی ڕووداوەکانە، واتا یەکەم بەش و یەکەمین پەرەگرافی وێنەی دواحاڵەتی پاڵەوانەکەیە کە هەر کۆتایی ڕۆمانەکەیشە:

(لاس کوڕە گەورەی وسوئاغا، دوای پانزە ساڵ و لە ساڵڕۆژی مەرگی خۆیدا گەڕایەوە) واتا زنجیرەی ڕووداوی ناو ڕۆمانەکە هەمان سرواڵی واقیع نییە کە تیایدا ڕوویداوە.

هەر لەم بەشەداو لەڕێگای تۆبۆگرافیای ناوچەکەیەوە دەیەوێت دەلالەتێکی تر بداتە مەسەلەکەو ئەو ڕووداوە ڤیزەونە تایبەتییە بکاتە دیاردەیەکی گشتی و لەڕێگای هەستی بۆنکردنەوە ڕاستییەکەمان پێبڵێت، دەیەوێت بڵێت هەموو شتەکانی ئەم دەڤەرە بۆگەنیان کردووە، چونکە حاڵەتێکی گەندەڵ لەناو خێزانەکەی مندا

ڕوویداوه، بەڵام ئەو دیاردەیە هەر لە چوارچێوەیەکی تەسکا دەمێنێتەوەو ناتوانێت پەرەی پێبدات، (سەری بۆ حەوشەکە کێشا، مێردمنداڵێکی قەڵەویچکە لەپشت تادەروازەکە بێ دەنگ وەستابوو، بۆنێکی ناخۆش وەك بۆگەنی پیسایی لە دەماخی گەڕا.. بێ فەرمووکردن چووە ژووری، بۆگەنەکە لەبۆکڕوزو بۆدووکەڵدا توایەوە (ل٨-٩) (لاس دیسان هەستی بە بۆگەنی پیسایی کرد، دەبوو بە بێزەوە تف بکاتەوە (ل١٢) نووسەر لە ئالوودەکردنی شوێن و کەسەکاندا تەقلیدیانە بیر لە بۆن دەکاتەوە کە هەندێکجار بوەتە ڕەگەزی تەعبیری لە ئەدەبی کلاسیکیدا، ئەگینا دەشێت لەو شوێنەدا کە بۆنی ناخۆش هەیە جوانترین کاری ئینسانی بکرێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە، بە تایبەت کە مانای بۆنکردن یان خودی بۆن کە دەکرێتە ڕەگەزێکی ئەدەبی زۆر لەو بۆنە واقیعییە جیادەبێتەوەو دەشێت تەواو دژی بێت.

لەڕۆمانی (عەتر)ی ڕۆماننووسی گەورەی ئەڵمانی (باتریك زوسکیند)ا پاڵەوانە سەرەکیەکە لە پیسترین شت بۆنی خۆش دروست دەکات، گەورەترین تاوانباریش کە زیاد لە بیست کچی زۆرجوانی کوشتوە هەر بە بۆن خۆی لەبەر سێدارە ڕزگار دەکات، لە کاتێکدا کە هەزاران کەس داوای مەرگی دەکەن. مەبەستم ئەوەیە بڵێم گەورەیی و توانای نووسەر لەوەدایە چۆن ئەوشتانەی ئێمە لەواقیعدا لەگەڵیا ڕاهاتووین و هەستەکانمان پێی چەشەبوون لە ئەدەبدا دەتوانین بیانگۆڕین، یان تەواو مانەیەکی پێچەوانەی پێ ببەخشین؟ چەمك و ماناکانی ناو ژیانی ڕۆژانە نەبنە کۆتی ناو دەلالەتەکانی ئەدەب، ئەگەر وابێت ئەدەب دەبێتە چێژێکی کاتی بۆ ڕاهێنانی چاوو خۆراکی غەریزەکانی ڕووتی جەستە. گێڕانەوەی چیرۆکەکە لەسەر زمانی کەسی سێیەمە، تائێستا ئەمە باوترین ڕەوشە لە نووسینی چیرۆك و ڕۆماندا، بەڵام هەندێکجار ڕاناوەکە دەگۆڕێت دەبێتە سەرزمانی کەسی یەکەم،

ئەمــە هونــەرێکی گونجــاوە بــۆ خەســتکردنەوەی ڕووداوو جێگــۆڕکێ و بەســتنەوەی خوێنەریش بەتەواوی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکەوە.

(حەوت شەوو ڕۆژ بوو باوکم گەڕابۆوەو من هێشتا نەمـدیبوو، ئـەوەی ڕاسـتی بێـت لـەو مـاوەدا بـەبێ هـۆ خـۆم لـە بیـنین و ناسـینەوەی دزی بـوەوە (ل ١٦١) زمـانی ڕۆمانەکە ناسك و ئاسانە، بێجگە لەدەقی گێڕانەوە گفتوگۆکانیش کورت و پـوختن، هەست دەکەیت کەسەکان وەك خۆیـان قسە دەکـەن و نووسـەر زیـادەڕۆیی بـە بـیرو فیکریان نەداوە. هەرئەمـەیش وایکردووە کە کەسەکان لە زۆر دیمەنـدا مامەڵەیـەکی فوتۆگرافیانەی واقیعیان لەگەڵدا کرابێت، چ وەك باگراوندی ڕوونـاکبیری، سیاسـی و ئایـدۆلۆژی، یـان لـە هەڵـسوکەوتی ڕۆژانەیانـدا. مـن لێـرەدا تـەنیا لەسـەر (لاس) دەوەستم کە بەهەموو بۆ چونێك نموونەی لاوێکی خەباتکەرە، دەڕواتە نـاو جەنگـەی کارەسـاتە چارەنووســسازەکانەوە تـاگوڵی شـۆڕانی ئەفسانە بەدەسـت بێنێـت، واتـا بەدەستهێنانی مەبەستێك کە تائێستایش لای عەتا وایە هەرگیز بەدەست نایـەت و زۆرکەسـی وەك لاس سـەری بـۆ دەنێتـەوە. لاس لەگـەڵ ئـەو گیـانی یاخیگـەریی و گەڕان و پانزەساڵ زیندانیەدا کە دەگەڕێتـەوە ناتوانێـت تەنانـەت کاریگـەری لەسـەر ژیانی تایبەتی خۆی و خێزانەکەی هەبێت، لاس حەقیقەتی ئـەو شۆڕشـگێڕانەیە کـە تـەنیا لەفیـشەکدا زەردن و چـەکیان لەشـاندایە، بـەڵام لـە بـواری فیکـرو تیۆریـدا هیچیان بۆ خۆیان نەکردووە، ئەگینا مـەرگی لاس بانگەشـەی بـۆکراوە، پرسـەی بـۆ دانراوە، پانزەساڵە دەنگی نیەو هەمووکەس بە مـردووی دانـاوە، بۆیـە ژنەکـەی کـە هەرەتی گەنجی و جوانیـەتی شـوو بەفەرخـەی بـرای دەکـات و بەمـە پارێزگـاری لـە دابونەریتی بنەماڵەکەی و دەوروبەریش دەکات، هەروەها یادگاری کوڕیشی کـە لـە لاسە باشترو ناوازەتر پێدەگەیەنێ، ئەم دیاردەیە لەناو خێڵ و تیرەو گوندنـشینەکانی

کورداو لەسەرانسەری کوردستاندا تا ئێستایش شوێنەواری هەیە، کەچی کەلاس دەگەڕێتەوەو ئەو واقیعە دەبینێت وەك خەباتگێڕێك کەماوەیەکی باش لەگەڵ ڕووناکبیرو ئازادی خواو خەڵکی پێشکەوتودا ژیابێت دەبێت هەڵویستێکی جوامێرانەو لێبوردوانەی هەبێت و ئازایانە ڕووبەڕووی واقیعەکەیش ببێتەوە، کەچی خۆی دەداتە دەست نائومێدییەکی زۆرکوشندەو سۆزی مرۆڤێکی هەرە ئاسایی کەدوای چەند ڕۆژێك دەبێتە هۆی کوشتنی و لە دیمەنێکی دراماتیکیدا تابووتەکەی بەسەر شانی خەڵکی گوندێکی ترەوەیە، یادگاری کوڕیشی لەسەر ڕێگای بردنی مەیتەکەدا بۆ گۆڕستان ئامادەیەو دەکەوێتە شوێنی.

گوڵی شۆران ڕۆمانێکە خوێندنەوەیەکی قووڵ و جیدی تری گەرەکە، چونکە لەم پاشاگەردانیەی ئێستای نووسینی ڕۆماندا لەوکارە درەوشاوانەیە کەسیمای کە سەکانی ئاشکران، زمانی نووسینی پوخت و چڕەو چ درێژدادڕیەکی تیابەدی ناکرێت، بێجگە لەوەیکەهەر لەسەرەتاوەخوێنەر بەکارەساتەکانەوە دەبەسرێتەوەو بەپەرۆشەوە دوای ڕووداوی دەکەوێت. وەك کۆتاییش لات دەمێنتەوەو چ تەمێکی تێنەگەیشتن ڕوویان داناپۆشێت.

١٩٩٩/٥

**چراوگ**

# جەلیل قەیسی .. مرۆڤێك لە ئاوریشم

نازانم کەی ڕوو بەڕوو ئەم مرۆڤەم ناسی — هەرچەندە خۆی لە نامەیەکیدا باسی سێ دەیە دەکات- نە یەکەم دانیشتنم لە یادەو نە دواسەفەر. لەبەرئەوەی هەندێك ناسینو پەیوەندیو ڕووداو هەن لە حاڵەتی مەستی دەچن، مەستی بە مانای دابڕان لە زەمانو پەیوەندییە ئاساییەکانی ناو ژیان، مانەوە لەو چرکە ساتانەدا کە تەنیا خۆتیتو ئەوانەی دەوروپشتیشت بوون بەتۆ، ئەم بەیەکتربوونو توانەوەیە هەموو مەوداکانی زەمانو زەمین دەسڕێتەوە، عەشقێکە توانای ئەوەی هەیە ببێت بە پێکێك لە شەرابی ئاگر بۆ سەرخوانی مەستان، یان بە بڵێسەی نوورێك بۆ خەڵوەتی خواپەرستان. لەو مەستیو سووتانەدا ڕوخسارە جوانو ڕۆحە بەلەنگێزەکان دەبنە دڵۆپ دڵۆپی شەرابو دەتکێنە ناو گیانی پەژموردەو نائارامی یەکدیەوە، پاشان بە تەمێکی زۆر سپیو لەبەر چاوە ئاساییەکان ون دەبن. نە ئەوانە دەیانبینن کە چاوی کون پشکنینیان دیوار دەبڕێ، نە بۆنی ئەوانەیش دەگرن کە بە بۆنی عەترە هەرە خۆشو جوانەکانی پاریس نامۆن، ئیتر ئەوە ئەو زەمەنە ونو سەرگەردانەیە کە بەرقەراری دەداتە ڕۆحی کلۆڵو تینووتو لەگەڵ خۆتدا بۆ چەند چرکەساتێك ئاشتت دەکاتەوە، جانەوەرە کێویەکەی ناوەوەت دەمرێنێتو ئارامیت پێدەبەخشێت. ئەمە چرکەساتی تەژی بوونی ڕۆحە بە ئومێدێك کە نایەتەدی, بە ئاواتێك تراویلکەیەکە بۆ خۆی، تەواو وەك ئاوی حەیاتەکەی گلگامیشو خەونە بەدی نەهاتووەکانی کازانتزاکیس.

جەلیل لە وەڵامی نامەیەکمدا کەلە ١٠/٧/ ٢٠٠٣ دا بۆی نوسیوم دەڵێت: (( ... ببورە نامەکەم کورتە، چونکە خەمبارمو نازانم بۆ؟ چ قەدەرێکی سەختو دژوارە ببیت بە نووسەر ... باشە، لە نێو ئەم هەموو پیشانەدا بۆچی ئێمە تەنیا تل پێدانی بەردەکەی سیزیفمان هەڵبژارد ؟ تاکەی لەگەڵ ئەم بەردەدا بین!؟ خەڵکی دی لەهەر جێگایەك بنو لە دنیای پیشەکەی خۆیاندا بەراست یان بە گاڵتە لەخۆیان دەپرسن : ئەستێرەی بەختمان کەی هەڵدێت؟ ئایا چەند پلەیەکی دی لە دەوڵەمەند بوونو پیشەکەمدا سەردەکەوم. تەنیا ئێمە نەبین کە وەك کازانتزاکیس سواڵ دەکەین وەك تۆ لە نامەکەتدا نووسیبوت. هەر بۆئەوەی بنووسینو بخوێنینەوە... لە نێو ئەم نەدارییو هەژاریەماندا . وەك شێت ڕادەبین کاتێك کتێبێکی جوانمان دەست دەکەوێت، یان شتێك دەنووسینو بەلای خۆمانەوە داهێنانە. ئەلیوت دەڵێت : (( چ بەخشندەییەك دوای ئەم هەموو زانیاریە!)) بەخشندەیی چی؟ ئێمە لە ناوەڕاستی دەریادا بەلەمەکانی خۆمانمان سووتاند، چونکە ئێمە وەك راجوی مەزن دەڵێت: (( خۆبەخشین بۆ ئەوەی رووناکایی خودا بدۆزینەوە)).

ئەمە ئەو سووتانەیە کە لەگەڵ گشت نائومێدیو سامناکیەکەیدا هەموومان خۆشمان دەوێت. لەزەت لە ئازاری دەکەینو لەخەمو دەردەسەریەکانی ناپرنگێینەوە. ئێمە هەر لەسەرەتاوە بەلەمەکانمان سووتاندوەو لە ڕێگای گەڕانەوەدا تەنیا مەرگ لە کەمیندایە. لە نێو ئەو سووتانو نائومێدیو بەرد بەشان هەڵگرتنەدا تامێك هەیە تەنیا عاشقەکان هەستی پێدەکەنو کەسی تر نا. ئەمە مەرجی سووتانی عەنقایی دەوێت و بوون بەو خۆڵەمێشەی لێی دەکەوێتەوە و پاشان دەبێتەوە بە پشکۆ. من لەنامەکەمدا دەربارەی کازانتزاکیس ئەم پەرەگرافەم نووسیبوو : ....

جەلیل گیان، کازانتزاکیس دەڵێت کات بۆ من بوەتە نموونەیەکی بالاّ ، کە خەڵکی دەبینم پیاسەدەکەن ، وێڵ وێڵ دەگەڕێن، لەچەند و چوونی وشکدا کاتی خۆیان بە فیڕۆ دەدەن، تەواو حەزم بەوەیە وەك دەروزەکەر، لە شەقامەکاندا دەستیان لیَ پان بکەمەوەو بڵێم: - لەرێی خودادا پیاو چاکینە، خێری کەمەکێك لەو کاتەم پیَ بکەن کە بە فیڕۆی دەدەن، سەعاتێك, دوو سەعات، چەند خۆتان دەتانەوێت.

جەلیل لە نامەیەکی تریدا کە لە ٢٥/ ٢٠٠٣/١٠ دا نووسیویەتی دەڵێت: ((.. خۆشەویستم، وا جارێکی تر نامەت بۆ دەنووسم، زریانی خۆشەویستیتان لە پڕێکدا پێچامیەوە، بە تایبەتی بۆ تۆ.. دەڵێن گەلێك لە خۆشەویستی نائومێدییە, ئەی مرۆڤی تەنیا چی بکات. ئەو کەسەی لەگەڵ تەنیایدا ڕاهاتووە، رەووف من لەو کاتەوە تەنیام کە هاتمە ناو دنیای ئەدەبەوە، تەنیایم کرد بە هاوسەرم، وەلیَ ئەمە بەو مانایە نیە کە من هەندێك جار تووشی نائومێدیەکی وانەبم کە خەمێکی ماتەمین ئاسای هەیە، بیَ ئەوەی بە خۆم بزانم هەست دەکەم هێڵی تەلەفوونەکانی سەرم لە کارکەوتوون، بێجگە لە هەندێك شتی دەگمەن هیچی ترم لە یاد نامێنێت، رۆژانی وا هەیە چەند جارێك یادت دەکەم، یادی هەمووتان دەکەم، لە بیرمدا چەند پارچە تابلۆیەکی درەوشاوە هەن کە لە نەستمدا هەڵکەنراون، پڕم دەکەن لە ئازارو شادیەکی مەزن. هەندێك جار گوێم لە دەنگە خۆشەکەت دەبێت کە وەك زەنگێکی ناسك زیاد لە جارێك ناوم دەهێنیت .. جەلیل.. جەلیل.. چۆنی.. ئەحواڵت. شێرکۆی داهێنەر راست ئەکات کە لە قەسیدەکەیدا دەڵێت: هەربەرەنگ دەزانم تۆنی ئەو دەنگە خەمبارە یان بەختەوەرە.

بێگەردی ئازیزم ، چۆن باڵندە هەر بە غەریزە هێلانە دروست دەکات، ئێمەی نووسەریش تێکەڵەیەکی غەریبو ئاڵۆزین لە ئارەزوو، نەك تەنیا بۆ نووسینو

خوێندنەوە، بەڵكوو بۆ سۆزەگەرمەكان، بۆ هەستی درەوشاوە، بۆ بێهوودەییەكی شەكەتی دوای بیرە فەوزەویەكان، بۆ گەڕان بە دوای لەزەتە خەمگینو كارەساتی بارەكاندا، بۆ گێڕانەوەی یادەوەریەكان، گەڕانەوە بۆ لای ڕۆحە كلۆڵەكان كەلە تاریكاییەكی خەستدان. رەووفی ئازیزم.. بمبوورە كە هەستم بێسەرەو بەرەو ئاڵۆزە، ئایا تۆیش هەندێكجار وەك من نیت؟ بێگومان وایت، ئێمە گرێیەكمان تێدایە لە گرێی زمانی باروكی دەچێت...))

جەلیل قەیسی وەك هەر نووسەرێكی ڕەسەنو بەوەفا بۆ كارەكەی، ژیانیشی وێنەیەكی بێ ڕتووشی ئەدەبەكەی بوو، خۆی لە قەسیدەیەكی ناوازە دەچوو، ناسك، رەند، لێوان لێو لە خۆشەویستی مرۆڤ، عاشق، خاكی، تەنیا بۆ ئەو چركەساتە دەژیا كە تێیدا هەستی بەبوونی خۆی دەكرد، رۆحێكی پڕ لە مەراقو حەسرەتی ئیرۆسی. بەڵام لە بۆتەی خەیاڵاتی بەدی هاتنی دنیایەكی تردا كە خۆیشی دەیزانی چەندانی وەك ئەوی نائومێدو بێهوودە كردوە. لەبەردەم شۆخێكدا دەموچاوی دەبوە پشكۆ، لە مەستیدا هەستی بلێسەی دەسەندو لەبەرخۆیەوە دەكەوتە وڕینگەورینگی گۆرانی، بە تایبەتی گۆرانی توركی، حەزی شەوانی سووری هەمیشە پشكۆیەكی گەشاوەبوو، بە تایبەتی لەگەڵ ئەوانەدا كە خۆی هەڵی دەبژاردنو تاسەی بینینیان سەری بۆ هەر كەندو لەندێك پێهەڵدەگرت. دانیشتن لەگەڵ جەلیلدا لە خوێندنەوەی كتێب دەچوو، پاڵەوانی رۆمانێك نەبوو نەیناسێتو نووسەرێكی شانۆو ئەكتەرێكی بەهرەمەند نەبوو نەتوانێت قسەیان لەسەر بكات، بەدڵ عاشقی موزارتو بیتهۆڤن بوو، وشەی رستەو دەستەواژە جوانەكانی بە زمڕووت ناودەبرد. لە خوێندنەوەدا زۆر خێرا بوو، لەم ساڵانەی دواییدا كە كتێبی باش ئاسان دەست نەدەكەوتو بە تایبەتی نەدەگەیشتە كەركوك، جارنەبوو لە

هاتنی سلێمانیدا کۆمەڵێك لە کتێبی ناو کتێبخانەکەم هەڵنەبژێرێت، لە ماوەیەکی کەمدا بۆم نەنێریتەوەو داوای زیاترم لێنەکات. جەلیل لە هەڵسو کەوتو ژیانی ڕۆژانەیدا لەو پەپوولەیە دەچوو کە نەت دەوێرا پەنجەی بۆ بەریت نەك باڵی هەڵوەرێت، من هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان هەستم بەوەنەکردوە جەلیل رقی لەیەکێك بێت. هەرگیز گەردی ناهەقی نەدەخستە سەرناوێك، بەلام نووسەرە قەڵەم فرۆشەکانی سەردەمی بەعسی خۆش نەدەویستو خەلاتی رژێمی بەردەوام رەت دەکردەوە، لەو سەردەمانەدا کە باری ژیانو دەرامەتی زۆر لاسەنگبوو، بە مووچەیەکی کەمی خانەنشینی دەژیا، چەند جارێك وەزارەتی روناکبیری بەغدا دەرگای خەلاتکردنو چاپکردنەوەی هەموو بەرهەمەکانیو کارو مووچەی تازەیان بۆ کردەوە، بەلام جەلیل وەك چیرۆكو شانۆگەریەکانی ، لەو ئەسپە سەرکێشە دەچوو کە ڕا نەدەهاتو سەری بەرزی دانەدەنەواند، ئەو لەسەر ئاستی عیراقو ولاتانی تری عەرەبدا ناوێکی دیاری بواری ئەدەبیو روناکبیری بوو، بۆیە گرەوی زۆری لەسەر دەکراو رژێم گەلێکی مەبەست بوو دەستەمۆبێت. دوای کەوتنی سەدامیش، لە کەرکووکدا  کە گەلێك کەسی روناکبیری وەك جەلیل جێی مەترسی پەلاماری نەیاران بوو، ئەو هەرمایەوەو لە میهرەجانو فیستڤاڵو بۆنە ئەدەبیەکانی هەولێرو سلێمانیدا بەشداری دەکرد. لە نامەیەکیدا کەلە ٢٠٠٥/١٢/٢٠ دا بۆی ناردووم دەڵێت: ((بە هۆی بارودۆخی ترسناکی شارەکەمەوە کە بەربەریەکانی ئەلقاعیدەو هەتیوەکانی سەدام دروستیان کردوە. بە ناچاری تەریکیم بۆ خۆم هەڵبژاردوە. تووشی خەمۆکیەکی لینجو خەمێکی ئاگرین بووم، بەلام کە دێم بۆ لاتان خەمۆکیەکەم وەك تەمی بەردەم خۆر دەتوێتەوە)).

جەلیل شارەکەی وەك تاقە کوڕەکەی خۆش دەویست ، لە گۆرانیدا ناوی قەلآو گەڕەکەکانی دەهێناو، هەندێك لە چیرۆکەکانیشی مێژوووی دێرینی ئەو شارەن.
چاوی بیرکردنەوەی جەلیل لە بێدەنگیدا خوێندنەوەیەکی تایبەتی دەویست، هەندێك جار لە ڕەنگی چاوەکاڵەکانیدا خەونو خەمە تۆخەکان دەبریسکانەوە، لە کاتی هەڵوێست وەرگرتنیشدا چاوی هەڵۆیەکی بەرزە فڕ بوو.
مەرگ لەگەڵ ڕوە دزێوەکەیدا زۆرجار شانازیەك بۆخۆی بەجێدەهێڵێت. لەو کاتەدا مرۆڤێکی مەزن بەسەردەکاتەوە کە جوانیەکانی ئەو کەسە تەواو کامڵ بوونو خەریکە سەر ڕێژ دەبنو لەوە زیاتر رەنگە هاوکێشەی خۆشەویستیەکە تێك بچێتو پێوانەکان لاسەنگ بن. ئیتر ئەویش بەشەرمەوە، هەر لە چاوتروکانێکدا دەستی دەهێنێتو بە ئەسپایی و بێ هەرا کارەکەی خۆی دەکات. ئەوە نەمری بەخشینە بەو کەسەی کە هێشتا زۆری مابوو وەك مرۆڤێکی ئاسایی بمرێت، بۆیە بە هەندێك دەڵێین (باشتر کە مرد)و بە هی تریش دەڵێین (بەداخەوە هێشتا زۆری مابوو)، بەلآم ئەمەی دواییان رۆحێکی ئەمەندە زیندوە کە لەجاران زیاتر ئامادەگیی لە هەستو خەونەکانماندا دەبێتو، هەمیشە خۆری یادەوەریەکانی لە تافەتافی بریسکەو درەوشانەوەدانو هەتاوبارانی ئێمە دەکەن.

٢٠٠٦/٧/٢٩

# چالاك... چراوگێکی تری هونەر

نیوەی دووەمی ساڵانی پەنجای سەدەی ڕابردوو دەرگای تیرۆژێکی ڕووناکبیری و هۆشیاریی سیاسی و ئەدەبی لەسەر نەوەی ئێمە کردەوە. ئێمەیەکی مێردمنداڵی تازە بەگڕوگاڵ کەوتووی دنیای شیعرو ئەدەب و سیاسەت. گۆڤاری( هیواو شەفەق و هەتاو)و ڕۆژنامەی( ژین )لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی تاك و تەرای نووسەری بەتوانادا چاویان بۆ دوورتر ڕوانین گەشاندینەوە. لەنێو دەست و دڵی گەورەو سۆزی پڕ لە پەرۆشی ئەواندا ئێمەیش یەکەم بەرهەمی سادەو ساکاری خۆمان نووسی، ئەو بەرهەمەو بۆ ئەو تەمەنە لە یەکەمین کۆرپەی دوای پانزە بیست ساڵی هاوسەری و بەکارهێنانی دەیان داوو دەرمانی پزیشك و نوشتەی مەلاو دوعای شێخ بەتامتربوو. ئەوە یەکەم مانیفێستی شوناسی خۆت و بەرنامەی ئایندەو ورشەی داهێنانت بوو. بەداخەوە ئەو یەکەم بەیانەی ئێمە، ئێمەی سادەی تەژی بە سۆزێکی بیرخەڵەتێن و دوور لە کلتوری دەوڵەمەندو زەمینەی فیکری تابلێی بەرهەمێکی کاڵ و کرچ و لارەملی نێو شاکار بوو، کە ئێستا لێی دەڕوانیت ساکاریەکەی تاڕادەیەکە ناشێت لەو مێژووە ئەدەبییەی خۆت شەرم نەتگرێت. کەلەئێستادا ژیاننامەی نووسەرانی وەك (ڕامبۆو دۆستۆیفسکی و بورخیس و چیخەف و لیرمەنتۆف و پوشکین ودەیانی تر) دەخوێنێتەوەو بەراوردی ئەو دوو تەمەنە دەکەیت، دەزانیت دیوارەکان چەندە ئەستورو بەربەستەکان چەند بە ئەوق و زەمینەکان چەندەنا یەکسانن. تۆ لە بیابانێکی قاقڕی فەرهەنگ و شارستانی و

نابوودیەکی سەختی سەرچاوەکانی ڕووناکبیری و زانستیدا نوقمی وەهمێکی بێ بنەمای مێژوو هاتبوویت. کتێبخانەیەکی هەتیوی ماندوو بەچەند دیوانە شیعرێکی کلاسیکی، تازە بەتازە بەیازە دەستاودەست پێکراوە پەڕپووتەکانی ناو حوجرەو مزگەوت ڕابەری مەعریفەو شارستانیەتی نوێی دەکردیت! لە بیرو ئەندێشەی پێشکەوتووی گەلان و بزاوتی ئەدەبی و ڕۆشنگەری ئەوروپا کە چەند سەدە بوو دەیان زانکۆو سەدان بنکەی ڕووناکبیری و چاپەمەنی تیا دامەزرابوو، تۆ هێشتا گوێیەکی کەڕو گەروویەکی بێ سەدا بوویت. بۆیە درەوشانەوەی بەهرەیەکی دەگمەن و هەڵکەوتنی داهێنەرێك سەرسامکەر بوو. لەو دۆخە مێژووکردەدا ئێمە نەوەیەکی بەدبەخت و سەر لێ شێواوو مەزڵووم بووین، لەبەردەم کلتورێکی دڵڕەق و ناهاوسەنگدا تۆیش لەرزۆك و بێ ئیرادەیت، بەڵام بۆ هەندێکمان ژیلەمۆی عەشقێك دەستێکی سپی بوو بۆ دنەیەکی ملەقوتێ و پزیسکێکی سووسەکردن ماکی وەستان و ڕامان بوو. لەو عاشقە ڕووتانە دەچووین دوور بە دوور حەزمان لە نۆشینی ژەهری دڵداری بێت و دەستمان نەکەوێت. وەك بزانین لەودیو ئێمەوە شۆخێك هەیە تاك و باخێك هەیە پاك و دنیایەك هەیە لاجیوەردی. ئێمەی کزۆڵەکەوتووی بیابانە قاقڕەکە نەزمانی ئەو دنیایەمان دەزانی و نەبەشاکاریان ئاشنابووین، تەنانەت دەستکورتی زمانی نەتەوەکانی دەوروبەریشمان بووین، بۆیە سەری عەشقەکەمان بە کۆشی ئەو تاکوتەرایانەدا کردبوو کە سروەیەکی مانش و سین و چیا سەختەکانی پیرنەو ڤۆڵگایان بۆ دەهێنایین. چاکترین ڕێگای ئەو پەیوەندیەش وەرگێڕان بوو لە زمانی بێگانەوە بۆ کوردی، کە بۆ ئەو کاتە لە زمانی عەرەبیەوەدەکرا، بەتایبەتی لە وڵاتی ئەهرامەکانەوە کە کانگای داهێنانی هونەری

و ئەدەبی ئەوسـاو ڕوانگـەی سـەرەکی ئێمـە بـوو، چ وەك فیلمـەکانی سـینەما یـان بەرهەمی کتێب و چاپەمەنی.

یەکێك لەو بەهرە ناوازانەی ئەم پەیامـەی بـە ئێمـە گەیانـد مامۆسـتاو هونەرمەنـد (ڕەفیق چالاك) بوو. سـەرەتا لـە ڕادیـۆی کـوردی بەغـداوە کـە هـەموو هەفتەیـەك چیرۆکێکی تەمسیلی بلاودەکردەوە، پاشان بەو شانۆگەریانەی وەری دەگێـڕان وخـۆی دەوری سەرەکی تیادەبینین. ئەو کارانە یـەکێك بـوون لـەو سەرچـاوانەی گوێیـان بـە چیرۆك و بە بەیتی خۆماڵی و بەرهـەمی بێگانـە ڕاهێنـام، هەسـتم کـرد دەنگێکـی نائاسـایی هەیـە ڕچەشـکێنەو سـیمای سـەردەمی نـوێی پێوەیـە. بەسـیناریۆکردنی حیکایەتی خۆماڵی و نواندنی، فۆرمێکی تازەی دوور لە گێڕانەوەی ئاسایی بوو کـە تا ئەو سەردەمە ئامادەگیەکی ناجۆری لامـان هـەبوو. ئـەو کارانـە دوورنـەبوون لـە دەقێکی ئامادەکراوی نوێ کەڕەگەزی تری وەك گۆرانی و شـیعریان لـە خـۆدەگرت و چێژی تایبەتیان بە گوێگرو بینەر دەبەخشی، لە بواری شـانۆدا کـە سـاڵی (١٩٥٧) بۆ یەکەمجار شانۆگەری (پیسکەی تەرپیر) ی (مۆلیێر)ی فەرەنسیم لە سـلێمانی بینـی کە مامۆستا چالاك دەری هێنابوو، نەك تەنیا شانۆم وەك بینەرێکی ئاسـایی و کـەم تەمەن خۆشویست، بەڵکو شەوانێك بە خەیاڵیەوە دەنووستم، دیمەنەکانم دەهێنایـەوە بەرچـاوم و بیرۆکـە کۆمەڵایەتییەکـەی زۆری کـار لێکردبـووم. ئەکتـەرە هـەرە دەرکەوتوەکەیشی، مامۆستا چالاك، توانی بۆ یەکەمجار پێم بڵێ نوانـدن مانـای چـی وچۆن ئەکتەر دەتوانێت واز لە حەقیقەتی خـۆی بێنێـت و ببێتـە مرۆڤێکـی تـری دژ بەو هەقیقەتە. تائێستاش ئەو چێژو سەرسـامییە لەیادناکـەم کـە دەشـێت تـۆوێکی عاشـقانەی هونـەریی تیـا وەشـاندبم، وەك چـۆن هەمیـشە لەبـەردەم گـڕی یەکـەم خۆشەویستیمدا سەرمای تەمـەنم گـەرم دەکەمـەوە. پیـسکەی تـەرپیر داهێنـانێکی

دەگمەنی ئەو سەردەمەی شانۆی کوردی بوو کە پێشتر نەکرابوو. هەر لەو ماوەیەدا شانۆگەری (گڵکۆی تازەی لەیلی) ئەحمەد بەگی کۆماسی) یان (حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە) نمایش کرا، کە خودی چالاك ئامادەکارو دەرهێنەری بوو. مامۆستا ( ڕەفیق چالاك) بەو کارانەی ئەوەی لای ئێمە سەلماند کە چراوگێکی نوێی وزەو توانای گەورەی ئەو بوارەو بەخشندەیەکی کەم وێنەیە. ئەوسا من تەنیا لەڕێگەی شانۆگەری و تەمسیل و هەندێك نووسینیەوە دەمناسی نەك پەیوەندی تایبەتی، بەلاّم یەکەم ناسینی نزیکم ساڵی ( ١٩٦٣ ) بوو، دوای گەردشە خوێناویەکەی بەعس بە پێنج مانگ، لە نۆی حوزەیراندا ( زەعیم سدیق) ڕەشبگیرییەکی دژی خەڵکی سلێمانی ئەنجامدا، هەزاران کەسی خزاندە زیندان و هۆڵ و تەویلەکانی حامیەی ئەوساوە کە قێزەونترین کاری شۆڤینیانەی دژ بە هەموو توێژو چین و کۆمەڵانی خەڵکی شارەکە ئەنجام دا. ڕژێمی بەعس دامودەزگای ئەمنی و هێزەکانی سوپای ئەوسای عێراقی ڕژاندە کوردستانەوەو بەتایبەتی کەوتە تۆڵەسەندن لە سلێمانی و دەوروبەری، لەناو گیراوەکاندا دەیان ڕووناکبیرو دادوەرو پزیشك و مامۆستاو قوتابی و کرێکارو خەڵکی تر هەبوون، زۆریان سەر بە پارتە سیاسییەکانی ئەوسەردەمەو ڕێکخراوە پیشەییەکانی کوردستان بوون وتێکڕای ئەوانیش هەواداری شۆڕشی کوردستان ودژی دەسەڵاتی بەغدابوون، ئەگەرچی گیرانی ئەو هەموو خەڵکەو هێشتنەوەو شەهیدکردنی هەندێکیان تراژیدیای حوزەیرانی لێکەوتەوە، بەلاّم بەلای گیراوو دانیشتوانی شارەوە کەرنەڤاڵی خۆبەدەستەوەنەدان وبەرگریی و گاڵتەپێهاتن بوو بە ڕژێم و سوپاکەی، چونکە نە لە ورەی خەڵکی هێنایە خوارێ و نەتوانی دەستکەوتی سەربازی و ئەمنی بەدەست بێنێت.

مامۆستا چالاك یەكێك بوو لـە گیراوەكـان كـە وەك پیـاوێكی بـە ئـەزموون قـسەی دەكرد. ئێمەی لاوانی كۆدەكردەوەو شیعری بۆ دەخوێندینەوە، بە دەنگە خۆشـەكەی شیعری مـەحوی و مـەولەوی و نالی بە گۆرانی دەوت. دۆخی زیندانی بـۆ كردبووینـە گەشتی هونەرو لەنزیكەوە بەهرەدارەكانمانی ناسی و زیـاتر لەسـەر ئـەدەب و هونـەر قسەی دەكرد. لە جارێكی بردنیدا بۆ لێكۆڵینەوە لەگەڵ كردن زۆر درەنگ گەڕایـەوە كـە بـوو بـەهۆی نیگـەرانیمان، كـە هاتــەوە هێنــدە بــە فانتازییــەوە وردەكـاری ڕووداوەكەی گێڕایەوە كە چۆن چاڵیان بۆ هەڵكەندوەو هەڕەشەی ناشتنیان لێكـردووە دەتوت لە شـانۆگەرییەكی تـراژ كۆمیدیـدا دەوری یەكـەم ئەكتـەر دەبینێت،چـونكە دوورلــە خۆهەڵكێــشان وپاڕانــەوە دیمەنیــدیالۆگێكی مەســخەرەئامێزی وای بــۆ ڕەخساندبوون كە نەخۆی دابوەدەستەوەو نەئەوانی لە گوماندا هێشتبوەوە.

لەدوای ساڵی حەفتاوە كە بووبە لێپرسراوی گۆڤاری (برایی) چەند جارێك لـە بەغـدا چومەوە لای. جارێكیان وتـارێكم بـۆ بـرد كـە لـە فارسـییەوە وەرمگێڕابـوو لەسـەر (سمكۆی شكاك) نووسەرەكەی یەكێك بوو لەو ئەفسەرە عەجەمانەی خۆی بەشـداری لـە كوشـتنی سمـكۆدا كردبـوو. نووسـەرەكە دەڵێت:"دوای ئـەوەی هـەواڵی هـاتنی سمكۆمـان بیـست بـۆ شـاری شـنۆ كـە لەلایـەن حكومەتـەوە بـەڵێنی قـسەكردنی پێدرابوو، ئێمە لەژێر بندارو هەندێ شوێنی تری سـەر ڕێگـای هاتنەكـەی بۆسـەمان بۆنایەوەو خۆمـان بـۆ كوشتنی ئامـادە كـرد. ئـەو بـێ دەربەسـتانە هـات، چـونكە بـەڵێنیی وەرگرتبـوو كـەگیانی پـارێزراوە، كـە كەوتـە بـەر جاسووسـی تفـەنگ و لەپێشەوە تەقەمان لێكرد لەسەر ئەسپەكەی سـووڕا، دەسـتی بەسـنگییەوە گـرت و (جوێنێكی بە عەجـەم دا) وكـەوت." كـە وتارەكـە لـە براییـدا بڵاوبـووەوە ڕسـتەی (جـوێنی بەعەجەمـدا) گۆڕابووبـە (جـوێنێكی بەعەجەمیـدا) دیـارە ئەمـە مانـای

ڕستەکەی گۆڕیبوو کە من زۆرم لاناخۆشبوو، لەبەرئەوە چوومەلای مامۆستا چالاك و گلەیی ئەوەم لێکرد کە هەڵەی چاپ مانای وتەکەی سمکۆی گۆڕیوە. بە شێوازە خۆشەکەی و پێکەنینە دانسقەکەی پێی وتم:" کوڕی باوکم ئەوە هەڵەی چاپ نیە، ئەوە خۆم گۆڕیومە خۆم. ئەمەیان سیاسەتەو جارێ ئێوە باڕن، ئێمە (مەبەستی شۆڕشی ئەوسای کورد بوو) هێشتا لەگەڵ مامە ئێراندا نان و ئاوێکمان لە بەیناماوە و نامانەوێت لەبەرخاتری بەعس ئەویان ببڕین، چۆن دەهێڵم هەروا بەئاسانی جوێن بە عەجەم بدرێت." لەسەفەرێکی ترمدا باسی شانۆگەرییەکی تازەی خۆی کرد بە ناوی (دکتۆری دێم) هەموو دیمەن و بیرۆکەو ئەکتەرەکانی بۆ باسکردم و داوای مانەوەی کردم بۆ بینینی، بەداخەوە ماوەی نواندنەکە چەند ڕۆژێکی مابوو منیش دەبوو بگەڕێمەوە سلێمانی و بەبینینی بەرهەمەکەی شادنەبووم... . سڵاو لە یادو دیدارەکانی.

# ٧٥٥٦٢٣٧

ئێوارەت باش هاوڕێ.. تەنیا چرکەیەکی ئەو ئێوارەیە بەس بوو بۆ نەنووشتانەوەو دواجاری کەوتنت، بڕوا ناکەم تۆ وادەی جێژوانی بەر سەهۆڵەکەت بە مەرگ دابێت. نا، هێشتا زۆر زووبوو، سەروەت، زوو، زووتر لە کێشانی وێنەی پەڵە هەورێکی سوور بەسەر تابلۆی ئاسۆیەکی خۆراواوە، یان ڕاچەنینی کتوپڕی فڵچەیەك لە ڕەنگێکی نامۆو نێوان کەوتن و کوژانەوەی ئەستێرەیەك. هێشتا تریقانەوەو ماچە پڕ لە تاسەکانت گەرم و بەکوڵبوون و نەدەبوو هەتیوی ناو کۆڵانی ساردبوونەوەیان بکەیت. تۆ ئەو بەیانیە یەکەمجارت بوو دوای چەند وەرزێکی تەنیایی بەهار گوێت لە دەنگی پەرەسێلکە بێت، تا ئێوارە لە خەیاڵی وێنەکێشانی سەفەری ئەو باڵندە سترانبێژەدا بوویت، سەفەرێك بەرەو وەرزێکی نوێ و هێلانەیەکی دڵنیاتر. دەتویست وەك خۆت خۆشەویستی هەموو دنیا بخەیتە دڵی بچووکی ئەو مەلەوەو گۆرانی تازەی خۆرو بەفری پێ بڵێیت، گۆرانیە کوێستانیەکانی سەرو ڕیش و هێشووی پەنجە سەوزەکانی خۆت.

کە لە هەفتەی پێشوتری ئەو ئێوارە شوومەدا چیرۆکێکی خۆتت بۆگێڕامەوە، نەمتوانی خۆشەویستییەکەم تەنیا لە چوارچێوەی هونەرو هاوڕێیەتیدا قەتیس بکەم و هەڵوێست و بڕیارە قورسەکانیشتم خۆش نەوێ، پێشتر گومانێکم لە کەمێك نا ئومێدبوون دەکردو دەموت ڕەنگە بۆ لەمەودوا ڕەنگی تابلۆکانی ڕوو لە ڕەشی بن و خۆیشی لەو سووتانە گەورەیە بکەوێت، بەڵام لەڕووە گەش و دەنگە پڕ لە

خرۆشـەکەتا هەسـتم بـە توانـای زۆری بەرگـەگرتن و قوربانیـدان کـرد، تـۆ لـەو کەسانەبوویت کۆڵی بڕیاری گران هەڵدەگرن و بەدەم ڕێگایشەوە هەر پێدەکەنن.

سەروەت گیان.. بۆ دواجار داوای لێبوردنت لێدەکەم، زۆریش پەشیمانم، ساڵ زیـاترە وادەیـەکم دایتـێ و بـەجێم نـەهێنا. هـەموو هەفتەیـەکی یـەکتربینینمان دووبـارەت دەکـردەوەو چـەندجارێکیش ژمـارەی موبایلەکـەی خۆتـت دامـێ، دەتـوت هـەموو ئێوارەیەك چاوەڕێی تەلەفونت دەکەم کـە بـێم بـۆلات، حەزدەکـەم بـۆ ماوەیـەك لـە جێگایەکدا سـەری گـەرمان پێکـەوە بنـێین و خەمـەکانمان بدەینـە دەم چۆمێکەوە. بەداخەوەم ئەمە یەکەمجارمە ژمارەی موبایلەکەت بەبێ دەنگ بەکار بێنم، جـا مـن چوزانم سەروەت گیان تـۆ دەبیتـە پەرەسـیلکەو ئـەمجارەیان گـۆرانی نەگەڕانـەوەو دوا سەفەری خۆت دەڵێیت! جا چۆن بزانم لەناو ئـەو هـەموو گەشـبینی و ژیانـدۆستی و خۆشەویـستیە پـڕو درەوشـاوەیەدا، مـەرگێکی ناوەخـت ئیرەیـت پێـدەبات و لـە چاوتروکانێکا، تەنانەت بێ ماڵئـاوایش، پەپولـەی ماچـە ڕەنگاڵەییـەکانت لەسـەر ڕوومـەتمان هەڵدەفڕێنێت! جاکێ چووزانێ برا، بوومەلەرزە کەی دێـت و گڕکـان کـەی دەتەقێتەوە! بەداخەوەم، ئەگەر ئـەو ئێوارەیـە زەنگـێکم بـۆ بکردیتایـە بـێ گومـانم وادەی بەر سەهۆڵەکەت هەڵدەوەشاندەوە، ببوورە سەوزەگیان.

٢٠٠٤/٣/٣٠

* بۆ هاوڕێی جوانەمەرگو خۆشەویستم (سەروەت سەوز)ی هونەرمەند نووسراوە.